بەختیار عەلی

# ناشوێن



چاپی دووەم

Scanned with CamScanner

كتێبی PDF

Ktebi_PDF

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 كتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF





Scanned with CamScanner

## بەختیار عەلی

# ناشوێن

### دەربارەی دونیای ناوەوەی کۆچبەران

Scanned with CamScanner

## پرۆژەی کۆکردنەوەی کۆی بەرهەمە تیۆرییەکان «بەرگی ٨»

ناوی کتێب: ناشوێن
«دەربارەی دونیای ناوەوەی کۆچبەران»
ناوی نووسەر: بەختیار عەلی
بابەت: فیکری
دیزاین: دانا حەسەن
نۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠١٩
چاپخانە: کارۆ
نرخ: (٨٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٠٩٧)ـی ساڵی (٢٠١٩)ـی پێ دراوە.

ئەم کتێبە لەلایەن (ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند)ەوە دابەش دەکرێت.

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە©

بەبێ ڕەزامەندیی نووسەر، هیچ کەس و کتێبخانە و چاپخانەیەک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، مافی کۆپیکردن یان لەچاپدانەوەی ئەم کتێبەی نییە. هەروەها کەس مافی ئەوەی نییە بەبێ ڕەزامەندی نووسەر ئەم بەرهەمە یان بەشێکی بخاتە سەر تۆڕی ئینتەرنێت، یان لەشێوەی CD و کتێبی دەنگی بۆ مەبەستی بازرگانی تۆمار بکات. بەپێچەوانەشەوە ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی یاسایی دەبێتەوە.

Scanned with CamScanner

# پێڕست

ناشوێن

خوێندنەوەیەک لە وێنە و ئەفسانەکانی سەفەر و تاراوگەبووندا ............ ٧

دەرکراوێک... بەرەو ناوەوە هەڵدێت

سەرنجێک لە دۆخی پەنابەران لە نێوان ئێمە و خۆرئاوادا ............ ٢١٥

گەر نەتەوێت غەریبێک بیت وەک نالی ................................ ٢٤٧



Scanned with CamScanner

# ناشوێن

خوێندنەوەیەك لە وێنە و ئەفسانەكانی سەفەر و تاراوگەبووندا

Scanned with CamScanner

چۆن لە ترسەکانمان ئازاد بین، چۆن دووبارە ڕێگای باغەکانی عەدەن بدۆزینەوە؟
ئەوە گرنگترین پرسیارێکە کە لە چەقی کۆی دیانەتە گەورەکانی دونیادا ڕاوەستاوە

**دریوەرمان**

ڕۆژێک دێت، مرۆڤ دەیەوێت ڕووبکاتە غوربەت، لەو جێگایەی لێی دەژی، شتەکان هەموو بچوک دیارن، ئەو ڕۆژە دێت ، مرۆڤ بەرەو غوربەت کۆچدەکات، ئیدی ناپرسێت، لە پاشەڕۆژدا چی دەبێت، ئەوەتا کەشتییەکی سپی بۆ هۆنگ کۆنگ دەریا تەیدەکات، من دڵم بۆ دووری لێدەدات، کەچی لەو سەرزەمینە دوورانەوە، شەیدای ماڵ دەبمەوە، لەوێ بە هەور و با دەڵێم، هەڵمگرن لەگەڵ خۆتان، من هەموو وڵاتانی غوربەت، دەگۆڕمەوە بە تەنیا سەفەرێکی نیشتیمان

**فریدی کوین**

که هەنگاو لێی نزیکدەبێتەوە، هەنگاوەکانی خێرادەکات،
ئێواران ناچێت خۆبەخۆ پیاڵەیەک فرکات
چونکە تائێستا غەریبی هەر لە سیمایدایەتی
من پێیدەڵێم لەیادیکە ... لەیادیکە، تۆ بۆ ئێمە غەریب نیت
ئەو دەڵێت؛ گەلەک زۆر و گرانە، ئەوەی تۆ داوایدەکەیت

**گۆرانی ناو فلیمێکی دۆکۆمێنت**



Scanned with CamScanner

## وێنەکانی شوێن، خەونەکانی کۆمەڵگان

زیگفرید کراکاوەر

**پێویستیم بە دۆست نییە، دوژمنانم پێ چاکترن**

**دیلان تۆماس «پزیشك و ئەهریمەن»**

غوربەتی باوکم بوو بە نیشتیمانی من، نیشتیمانی باوکم بوو بە غوربەتی من

**نامەی گەنجێکی پازدەساڵی تورك**

کارل شتات: ئەی ئەگەر غەریبەیەک داوای زانیارییەکی لە غەریبان کرد، چی دەبێت؟

ڤالەنتین: زۆر ئاسانە، غەریبەیەک لە شارێکی غەریبدا، شتێک لە غەریبێک دەپرسێت، کە بەلایەوە غەریبە، ئەوسا غەریبەکە بە غەریبەکە دەڵێت، بەداخەوە ئەوا لای من غەریبە، چونکە منیش غەریبیم.

**کارل ڤالەنتین**

شوناس خاڵی یەکدی برینە، لە نێوان خواستی مرۆڤ و ئەوەی دونیا دەرفەتی پێدەدا

**ئیریك . ە . ئیرکسن**



Scanned with CamScanner

سـەدەی نـۆزدە سـەدەی دۆزینـەوەی مێـژوو بـوو، ئـەم قۆناغـەی ئێسـتا قۆناغـی دۆزینـەوەی شـوێنە.

میشێل فۆکۆ

ئازارەکانم هێندە سەیرن
هێندە لە چەشنی خۆیان تەراکەوتە و ناوازەن
بڕوای بەتینم هەیە. لە هیچ ژانێکی دی ناچن
غەمگین بە هەموو ئەوەی هەستی پێدەکەم
غەمگین بە هەموو ئەوەی هەستی پێناکەم...

م. ویلاند «ئەفسانەکانی زستان»



Scanned with CamScanner

ئەم باسەی بەردەستتان باسێکە دەربارەی ماناکانی کۆچ و ئەگەرە ناوەکییەکانی ناو ئەم داستانە تازەیەی دونیای ئێمە، هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو خیانەتە گەورانەی کۆچبەری ئێمە لە نامۆبوونی خۆی دەکات. ئیشکردنە بە ئاراستەیەکی دیکە لەسەر غوربەت. غوربەتێک کە دەشێت تەنیا هەڵگری ڕەهەندی تراژیدی نەبێت، بەڵکو دۆخێکی پۆزەتیڤیش بێت. ئەم باسە بانگەوازێک نییە بۆ کۆچ، بەڵکو بانگەوازێکە بۆ بەکارهێنانی نامۆبوون وەک چەکێکی گرنگ بۆ دەوڵەمەندکردنی کاراکتەری کەسی کۆچبەر.

## سەرەتا

بێدەنگییەکی گەورە ئەزموونی سەفەری ئێمەی داپۆشیوە، زۆرجار کە تەماشای مێژووی نوسراو و ئەرشیفی یادەوەرییەکانی خۆمان دەکەین، واهەستدەکەین ئێمە میللەتێکی بێ «گەڕاڵ»ین و گەڕیدەمان نییە. ئەدەبیاتی سەفەری ئێمە بێ بەرهەم و بێ تێکستە. مێژوی ئێمە مێژووی داخرانی خۆمانە.. لە قووڵایی کولتوری ئێمەدا بێدەنگییەکی قووڵ دەرهەق بە سەفەر هەیە، زمانی قسەکردنمان لەسەر سەفەر ناڕاستەوخۆ و مەجازییە، سنووری ئەو سەفەرانەی ئێمە وەک سەفەر تەماشامانکردون گەشتی بچوک و کورتن. ئەزموونی سەفەر لای ئێمە هاوشانی چەند هەستێکی نەگۆڕ بووە دەرهەق بە غوربەت و دووری



Scanned with CamScanner

لە «وەتەن». بە هەرحال هەوڵی ئێمە لێرەدا گەشتێکە بە دۆخی ئەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە تازەیەدا کە مێژوویەکی دێرینی نییە، کاراکتەرێکی نوێیە، تازە هاتۆتە سەر شانۆی مێژوومان: ئەویش مرۆڤی «کۆچبەر» یان «تاراوگەنشین»ـە. لەگەڵ ئەودا دیاردەیەکی نوێ دێتە دونیای ئێمەوە کە دیاردەی «تاراوگە»یە.

بەراوردی مێژووی کۆچی ئێمە بە کۆچی گەلانی دەوروبەرمان تا ئەندازەیەک ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کاروانی سەفەر و تاراوگەبوونی ئێمە زۆر لە دواوە بووە، عەرەب و فارسەکان لە سەدەی نۆزدەوە بە شەپۆلی گەورە بە زۆر شوێنی دونیادا بڵاوبوونەتەوە، ئەدەبیاتی مەهجەر لای عەرەب تەمەنێکی درێژی هەیە، بەڵام کۆچی ئێمە لە نەوەدەکانەوە بە شەپۆلی گەورە دەست پێدەکات... دیارە لە پەنجاکانەوە کوردانی باکوور و لە حەفتاکانەوە کوردانی باشوور تاک تاک و دەستە دەستە سەفەری خۆرئاوایان کردوە، بەڵام تەنیا لەدوای ڕاپەڕین کۆچ شێوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت و دەبێتە دەرکەوتەیەکی سیاسی و مێژوویی. لە دوای ڕاپەڕینەوە پرسیاری کۆچ لەوە دەکەوێت پرسیاری هەندێک کەس بێت لە چارەنووسی خۆیان و دەبێتە پرسیاری کۆمەڵگا لە چارەنووسی خۆی. لەوە دەکەوێت پرسیاری هەندێک تاکی کۆمەڵگا بێت لە ژینگەیەکی سیاسی و کولتووری و دەبێتە گومانی خودی کۆمەڵگا لە خۆی. کۆچ چیدی لەوە دەکەوێت هەوا و ئارەزوویەکی تایبەتی خەڵکانێکی پەرتەوازە بێت، بەڵکو دەبێتە ئاوێنەیەک کە دەتوانین پێکهاتی کۆمەڵگا و بونیادی خەیاڵی کۆمەڵایەتی لە ڕێگاوە بخوێنینەوە.

سەفەر بە هەردوو ئاستەکەیدا گرنگە... لەو ئاستەدا کە پرسیاری فەردە لە چارەنوسی خۆی و لەو ئاستەشدا کە پرسیاری کۆمەڵگایە لە چییەتی و چۆنێتی خۆی. لە بنەڕەتدا ئەم دوو ئاستە، یاخود ئەم دوو پرسە گرێدراوی یەکن. پرسیاری یەکەمیان پرسیاری مرۆڤەکانە، کاتێک دەپرسن بۆ دەبێت ئێمە لێرە بژین؟ پرسیاری دووەمیشیان پرسیاری کۆمەڵگایە کە دەپرسێت بۆ کوڕەکانم لێرە ناژین، بۆ منداڵەکانم جێمدەهێڵن؟. پرسیاری دووەمیان کە پرسیاری کۆمەڵگایە



Scanned with CamScanner

لە خۆی، لە دوای ڕاپەڕینەوە گرنگ و قورساییەکی گەورە وەردەگرێت. هۆکانی هەڵهاتن لە فاشییەتی بەعس ئاشکرا و بینراو بوو، بەلام هۆکانی هەڵهاتن لە دونیای دوای ڕاپەڕین پێویستی بە تێرامان و تێفکرینی زۆرترە.

پرسیاری تاراوگە لە دوای ڕاپەڕینەوە دەبێتە پرسیارێکی سیاسی، دەرونی، کۆمەلایەتی، دەبێتە ئەو پرسیارەی کە کۆمەڵگای ئێمە بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆ لە خۆی دەکات. کۆچ دوای ڕاپەڕین، نیشانەی تۆرانی نێوان تاکی کورد و خاکێکی داگیرکراو نییە، بەڵکو نیشانەی تۆرانی مرۆڤی ئێمەیە لە یەکەمین ئازادیی خۆی. هەڵهاتن نییە لە زوڵمی نەتەوەیی، بەڵکو هەڵهاتنە لە قەیرانێکی ناوەکی کە تێکچوونی پەیوەندی لە نێوان تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردیدا دروستیکردوە. لێرەوە قسەکردن لەسەر کۆچ لەدوای ڕاپەڕینەوە تەواو جیاوازە لە قسەکردن لە کۆچ لە پێش ڕاپەڕین.

کۆچ لەدیویێکدا وازهێنانێکی کاتییە لە خەونی گۆڕینی کۆمەڵگا و گۆڕینەوەیەتی بە خەونی دەستبەرداربوون لە کۆمەڵگا.

بۆئەوەی قسە لە کۆچ بکەین دەبێت لە سەرەتاوە دوو ئاست جیابکەینەوە، دوو چەمک دابڕێژین کە یارمەتیماندەدەن لە خوێندنەوەی دیاردەکەدا. چەمکی یەکەمیان ناودەنێین «کۆچ لە شوێن» و ئەوی دیان ناودەنێین «کۆچ بەرەو شوێن».

## کۆچ لە شوێن

بریتییە لەوەی کە هۆکاری کۆچ لە بنەڕەتدا هەوڵدانە بۆ دەربازبوون لە شوێنێک نەوەکو بۆ گەیشتن بە شوێنێکی دی. کۆچ لێرەدا لەسەر بنەمای خۆڕزگارکردن لە جێگایەکی دیاریکراو ئەنجامدەدرێت، بێئەوەی لە جەوهەردا چییەتی و چۆنێتی ئەو جێگایەی دیکە لە بەرچاو بگرێت کە بەرەو ڕووی دەڕوات.



Scanned with CamScanner

لێرەدا کەسی کۆچبەر کەسێکە زۆر لە سروشتی ئەو جێگایە دەکۆڵێتەوە کە خۆی تیادەژی، توران و نامۆبوونی لەو خاکەیە کە خۆی لەسەری دەژی. واتە چەقی کۆی پرۆسەکە دەکەوێتە سەر سروشتی ئەو جێگایەی کە کۆچبەر دەیەوێت لێی هەڵبێت، ئیدی ماهییەتی جێگای دووەم «واتە ئەو جێگایەی کۆچی بۆ دەکات» ئەو بایەخە قووڵەی نییە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە جێگای یەکەم دەرچین. لێرەدا دەربازبوون لە نیشتیمان گرنگترە لە چییەتی مەنفا. چییەتی نیشتیمان دینەمۆی ئەو گەشتەیە بەرەو دەرەوە، ناشیرینی ڕووی نیشتیمان و هەڵنەکردن تیایدا و نەگونجان لەگەڵیدا وامان لێدەکات سەفەربکەین. ئەمجۆرە کۆچبەرە لە شوناسی ئەو خاک و ئاو و کۆمەڵگایانە ناپرسێتەوە کە بەرەو ڕوویان کۆچدەکات، بەڵکو پرۆژەی گەورەی ژیانی حاشاکردن یان پشتکردن یان هەڵهاتنە لە زەمینێکی جەهەنەمی و لە ژینگەیەک تیا ئۆقرە ناگرێت کە نیشتیمانە. کۆچبەری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دوای تێکچوونێکی قووڵ لەگەڵ دونیای خۆیدا دێتەدەرێ، لەم جۆرە کۆچەدا کۆچبەر سەفەر ناکات بۆ خۆرئاوا لەبەرئەوەی خۆرئاوا جوانە، یان لە بنەڕەتدا هەر بۆی گرنگ نییە خۆرئاوا چۆنە، بەڵکو هەڵدێت چونکە نیشتیمان و دەوروبەری نیشتیمان سەرتاپا دۆزەخن.

## کۆچ بەرەو شوێن

جۆری دووەم لە کۆچبەریی، شێوە کۆچێکە تیایدا بایەخی زەمینی دووەم مۆتیڤ و بزوێنەر و دروستکەری کۆی پرۆسەی سەفەرە. لێرەدا چییەتی خاکی یەکەم و چۆنێتی نیشتیمان بەو ئەندازەیە گرنگ نییە، هێندەی چۆنێتی و چییەتی خاکی دووەم گرنگە. لێرەدا کۆچبەر لە نیشتیمان هەڵنایەت، بەڵکو بەرەو جێگایەکی دی کۆچدەکات. ئەمەیان کۆچ نییە لە نیشتیمان، دابڕان و جیابوونەوە و تێکچوونی پەیوەندییە ڕۆحییەکان نییە بە خاکەوە، بەڵکو



Scanned with CamScanner

بە پێچەوانەوە کۆچە بەرەو جێگایەکی تر. لێرەدا شوێنی دووەم بایەخێکی ئۆرگانی و ژیانبەخشی بۆ کۆچبەر هەیە، بێئەوەی شوێنی یەکەم هیچ لە مانا و بایەخ و گرنگی و مەرجەعییەتی خۆی بدۆڕێنێت. ئەمەیان کۆچ نییە «لـە» نیشتیمان، بەڵکو کۆچە «بـۆ» دەرەوە. ئەمجۆرە لە کۆچبەر کەمبایەختر و سادەتر و ژیانیشی ناتراژیدیترە. زیندەگی کۆچبەر کاتێک شێوازێکی تراژیدی وەردەگرێت کە بە هۆشمەندییەکی بریندارەوە بێتە دەرێ، هەر کاتێک کۆچ تۆران نەبوو لە شوێنی یەکەم، دابڕان نەبوو لەسەر زەمینی یەکەم، سیفەتی «هوشیاریی غەمگین» لە دەست دەدات.

کۆچی کوردی و کۆچی زۆر لە کۆچبەرانی خۆرهەڵاتیش بە گشتی، تەواو گیرۆدەی ئەو دوو هاوکێشەیەیە. هەردوو ئەمجۆرە موسافیرە لە دونیای ئێمەدا و لە پرۆسەی کۆچی ئێمەدا ئامادەن. ئامادەگی ئەم دوو جۆرە کۆچبەرە لە بنەڕەتدا دوو جۆر دونیای جیاوازیشیان دروستکردوە، جۆرێک لەکەرتبوونی ناوەکی دونیای پەنابەری کوردیش نیشاندەدەنەوە. یەکێکیان «کۆچبەرێکی تراژیدییە» کە هوشیارییەکی قووڵی بە قەیرانی خۆی هەیە، جۆرە مرۆڤێکە گرفتی قووڵی لەگەڵ دونیای خۆی و ڕیشەی خۆی و شوناسی کولتووری خۆیدا هەیە، کۆچ دەرەنجامی جۆرێکە لە «هوشیاریی نائاسوودە» لەگەڵ دونیای خۆیدا. بینینی قووڵایی ڕۆحی و ویژدانی ئەمجۆرە لە کۆچبەر بایەخێکی بێوێنەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە کۆی سەربوردی ناوەکی دونیای ئێمە. بەڵام بەودیودا کۆچبەری چەشنی دووەم کۆچبەرێکی تراژیدی نییە، کۆچبەرێکە لە ئاسوودەیی زۆرتر دەگەڕێت، لە جەهەنەم ڕاناکات، بەڵکو عەودالی بەهەشتێکی بەرینترە. ئەفسانە و بینین و خەون و دونیای ئەم دوو جۆرە کۆچبەرە تەواو جیاوازن. هەر یەکەیان بە جۆرێک سەفەردەکەن و بە جۆرێک بیردەکەنەوە و بە جۆرێک ئەفسانە دروستدەکەن و بە جۆرێکی جیاوازیش دەژین.

ئەم جیاوازییە نیشانەی ناکۆکی و هەمەڕەنگی ناو دونیای کۆچ خۆیەتی، دونیای کۆچ دونیایەکە لە قووڵاییدا کەرتبۆتە سەر دوو زەمینی جیاواز.



Scanned with CamScanner

یەکێکیان زەمینی کەسێکە کە کۆچکردنی بەرەنجامی دیدێکی تراژیدییە بۆ ژیان و دەوروبەر، ئەویدییان کۆچی یەکێکە بەرەو ژیانێکی ئاسوودەتر و دینیزیۆسی تر کە کۆمەڵگای مۆدێرن لە مرۆڤەکاندا سەوزیدەکات. کۆچبەری دووەم کوڕی کولتووری لەزەت و پشوو و ئاسوودەگی زیاترە کە کۆمەڵگای مۆدێرن وەک پەیمانێکی درۆ دەیدات بە هەموو مرۆڤەکان.

بەر لەوەی بە قووڵی بێمەوەسەر قسەکردن لەسەر کاراکتەری کۆچبەر، دەبێت لەسەر کۆچ خۆی قسەبکەم، لەسەر نیگای کۆمەڵگایەکی وەک ئێمە بۆ سەفەر، لەسەر سەیرکردنمان وەک مرۆڤ بۆ سەفەر، دەبێت ئاوڕێک لە ناخی خۆمان بدەینەوە تا ببینین، ئەو وێنە و خەیاڵ و فەنتازیا و ترسانە چین کە لە ناوماندا دەرهەق بە سەفەرکردن خەوتوون. ئەو نیگارە خورافیانە چین کە لەسەر کەسی کۆچبەر هەمانە.

## سەفەر و ترس

لێرەدا قسە لەسەر چەمکێکی تەقلیدی ترس ناکەم کە گەلەک زۆر لە ئەدەبیاتی تایبەت بە تاراوگەبوون و کۆچ و غوربەتدا دەردەکەوێت کە چەمکی «کسینۆفۆبیا - ترس لە بێگانە»یە. لەبەرئەوە نا کە ئەم چەمکە لە کۆمەڵگای ئێمەدا چالاک نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە «ترس لە بێگانە» لە کۆمەڵگای کوردیدا ترسێکی گەورە و بەرجەستەیە کە ساڵ بە ساڵ ڕەهەندی ڕوونتر وەردەگرێت. لە دوای ڕاپەڕینەوە ترسی ناوەکی لە غەریب چەندین جار بەهێزتر بووە. لێرەدا قسە لە ترسێکی تر دەکەم کە تایبەتە بە دۆخێکی پێچەوانە. باس لە ترس ناکەم لە کەسانی غەریب و نەناسراو، بەڵکو باس لە کۆمەڵگایەک دەکەم وەک کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی غوربەت کاردەکات، کۆمەڵگایەک خۆی منداڵانی نامۆ بە خۆی و بە جیهان بەرهەمدەهێنێت. باس لە ترسی خودی ئەو کۆمەڵگایە دەکەم



Scanned with CamScanner

له کۆچی خۆی و له لەیەکترازانی خۆی. واته قسه له ترسی کۆمەڵگایەک ناکەم که کۆچبەران رووی تێدەکەن، بەڵکو قسه له ترسی کۆمەڵگایەک دەکەم که جێدەهێڵرێت. کۆمەڵگایەک منداڵەکانی دەبنە نامۆ و گەشتەوان.

قسەکردن لەسەر سەفەر له قسەکردن له ئەفسانه جیانابێتەوە، سەفەر چۆن له جیهانی کۆندا هاوڕێ و هاوشانی ئەفسانه بوو، له دونیای نوێشدا ئەو ڕەهەندە ئەفسانەیی و خورافیانەیەی وننەکردوە. بەئەندازەیەک دەکرێت بڵێین هەمیشه ئەفسانەکان بڕێکی زۆری بابەت و هەوێن و کەرەستەی خۆیان له سەفەرەوە وەرگرتووە. ئەو ئەفسانانەی که شانۆی ڕوداو و کارەسات و سەربوردەکانیان تەنیا چوار دیواری ماڵە، کەم و دەگمەنن، بۆئەوەی شتێکی گرنگ ڕوبدات دەبێت مرۆڤەکان له ژوورەکانی خۆیان بەدەرکەون و له دەرەوە ئەرکێک له ئەستۆ نێن و بەرەو ڕووی شتێکی دیاریکراو بجوڵێن. کولتووری هەر میللەتێک هەڵدەینەوە پڕە له ئەفسانەکانی سەفەر، پڕە له دێو و درنج و گیانلەبەری ترسناک، له ئەژدیهای گڕلەزار و دەعجانی یەکچاو که دێنه سەر ڕێی ڕێبواران. ئەفسانەی میللەتێک نییه خاڵی له درنج و جنۆکه و شەوتۆقێنە که ڕێگا به پاڵەوانەکان و کاروان و ڕێبواری تاقکەوتوو دەگرن.

ئەفسانەکانی سەفەر و چیرۆکی ئەو سەربوردە سەیر و ترسناکانەی که هاوڕێن به سەفەر، کاراکتەری مرۆڤی کۆچبەر به کاراکتەری کەسی سەرکێش و قارەمانەوە گرێدەدەنەوە، کەسانی ڕێبوار و بەڕێوەبوو، قارەمانگەلێکی لەجۆری ئۆدیسۆس که لەسەفەری گەڕانەوەدا له تەروادەوە بای خوداوەندان کەشتییەکەی دەبەن و له گەشتێکەوە بۆ گەشتێک و له زەمینێکی ترسناکەوە بۆ زەمینێکی پڕتالوکه تر هەڵیدەگرن. کەسانی وەک سندبادی بازرگانن که گەشتەکانی پڕن له سەربوردی زەمینگەلی سەیرسەیر و جانەوەری نەبینراو و دەریای پڕ له نهێنی و دوورگەی به مارئاوا و مورغی فرەسەر. پاڵەوانی له شێوەی گلڤەرن که له هەرێمێکدا گەورەن وەک دێو و له هەرێمێکی دیکەدا بچوکن وەک مێروو.



Scanned with CamScanner

بەگشتی ئەوەی لە ئەدەبیاتدا دەربارەی سەفەر دەیخوێنینەوە، نیشانەی نیگەرانی و ترسی قووڵی مرۆڤە لە سەفەر. بیرکردنەوە لە سەفەری دوور هاوڕێیە بە ترسێکی ناوەکی قووڵ لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانێکی نائاسایی.
دەتوانین بڵێین کۆچ و کۆچبەریی لە ئەفسانە و ترس جیانابێتەوە و هەر کات ناوی سەفەر هات، هەم خەیاڵی ئەفسانەیی دەجوڵێت و هەم ترسە دەروونییە قووڵەکانمان دەبزوێن.

دەبێت لە خۆمان بپرسین بۆ سەفەر ترسناکە؟ ئەو ڕەگەزانە چیین کە ئەم ترسە دروستدەکەن و بەهێزیدەکەن، چی وادەکات کۆچ لە وێنە ئەفسانەیی و دێرینەکەیدا کۆچێکی سامناک بێت و وەرگەڕێتە سەر ئەزموونێکی پڕ ئێش.

کاتێک پاڵەوان لە حیکایەتە دێرینەکاندا لە ماڵ دێتەدەر، زۆربەی جار ئەرکێکی لەسەر شانە کە ئەستەم دەنوێنێت، ئەرکێکە قورس و نەکردە دێتە بەرچاو، بەڵام هەستی عاتیفی و ئەخلاقی پاڵەوان هێندە بەهێزە وا دەکات گوێ بە مەترسییەکان نەدات و مل بنێت بە هەر سەرکێشییەکەوە. پاڵەوان یان کەسێکی بیمارە و دەبێت بەدوای گیایەک یان هەتوانێکی سیحراویدا بگەڕێت، یان گیرۆدەی کچێکە و مەرجی مارەیی گەوهەرێک، مەرجانێک یان کاڵایەکی دەگمەن و نەزانراوە، یاخود لە خەونیدا عاشقی کچی پاشای چین و ماچین یان کیژی قەڕاڵی فەرەنگ بووە و دەبێت لەوسەری زەمین بۆی بگەڕێت، هەندێ جاریش فەرمانێکی پێیە لە خاک و مەملەکەتێکی دووردا دیلێک یان سیحرلێکراوێک یان بەندییەک لە سیحری دێو و ئەجەندان ئازادبکات. کێشەی ئەم حیکایەتانەش ئەوەیە کە پاڵەوان ناتوانێت بەبێ جەنگ لەگەڵ کۆمەڵێک هێزی دەیان جار لە خۆی گەورەتر و بەهێزتردا ئامانجەکەی بهێنێتەدی. یەکەم مەرج لە ئەفسانەی سەفەردا ئەو ناکۆکییە قووڵەیە کە لە نێوان هێزی مرۆڤ و هێزی دوژمنە نەناسراو و گەورەکاندا هەیە. هەموو ئەم هێزانە زۆربەی کات، لە دەرەوەی ژینگەی پاڵەوانن... پاڵەوان گەر کەڵکەڵەی گەڕان و سەفەر نەکەوێتە سەری، تووشی ئەو مەترسیانە نابێتەوە.



Scanned with CamScanner

ئەم ترساندنە لە سەفەر، دروستکردنی ئەم دیوارە لە نێوان مرۆڤ و جیهانی گەورەدا، لە کۆنەوە تا ئێستا بەردەوامە. لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا کە کۆمەڵگای دیسپلین و چاوەدێرییە، کۆمەڵگای دەرکردنی توندی کەسانی غەریبە، ترس و تۆقاندن لە سەفەر لە شوێنی خۆی ماوەتەوە و ڕێگای تر و شێوازی ترسناکتری گرتۆتە بەر. ئەم ترسە ئاوێنەی تێکچوونێکی ڕیشەییە لە پەیوەندی مرۆڤ و شوێندا.

چەمکی شوێن چەمکێکی ناوەندی و گرنگە لە تێگەیشتنی کۆچدا، هەروەک چۆن «گرێچەمک»ێکیشە کە بابەتی کۆچ بە کۆمەڵێک بابەتی دیکەوە گرێدەدات. واتە چەمکێکە دەتوانێت بابەتی کۆچ بە هەندێک تەوەری فەلسەفیی گرنگەوە ببەستێتەوە و لە ژمارەیەک چەمک و زاراوەی گرنگی نزیکبکاتەوە کە لە دەرەوەی باسی کۆچیش، جێگایەکی ناوەندیی و گرنگیان لە هەموو دیالۆگێکی فیکری و فەلسەفی نوێدا هەیە. بە کورتی قسەکردن لە سەر کۆچ، بەشێکە لە باسێکی گەورەتر و فراوانتر، کە بابەتی قەیرانی مرۆڤە بە شوێنەوە.

تێکچوونی پەیوەندی بە شوێنەوە دیاردەیەکی دوو دیوە، یا ئەوەیە کۆچبەر ناتوانێت لە شوێنی خۆیدا بژی، یان ئەوەیە کاتێک پاڵەوانی کۆچ بۆ جارێک لە ماڵ دێتەدەرێ، ئیدی ناتوانێت بگەڕێتەوە. هەموو ئەو ئەفسانە و چیرۆک و خەون و خەیاڵ و ختوورانەی دەیانەوێت وێنەیەکی جوان بۆ نیشتیمان بکێشن، ئەو ترسە لە کۆچبەردا سەوزدەکەن کە سەفەرەکەی کۆچی هات و نەهات دەبێت. زاراوەگەلی «سەفەری هات و نەهات» پێکهێنێکی قووڵی دید و ڕوانینی نائاگای ئێمەیە بۆ سەفەر. پاڵەوانی زۆربەی خورافەتە کوردییەکان کە لەماڵەوە دێنەدەرێ، لە بەردەم سەفەرێکی هات و نەهاتدا دەوەستن. ئەم وێنە ترسناکەی سەفەر کە گرێدراوی مەرگە، گرێدراوی کۆتایی و نەگەڕانەوە و ونبوونی هەمیشەییە، لە جەوهەردا نیشانە و سیفەتی گەشتی ئەمڕۆی کوردیشە بۆ دەرەوەی نیشتیمان کە جۆرە سەفەرێکی هات و نەهاتە. کۆچی ئەمڕۆی کورد هەڵگری ئەزموونێکی ئەوتۆ تاڵە کۆی ئەو ڕەهەندە ئەفسانەیی و خەوتووانە



Scanned with CamScanner

لە نائاگاماندا زیندوودەکاتەوە کە مێژووییەکی دێرینیان هەیە. کۆچی کورد سەفەرێکی ئەفسانەییە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا. کۆچێکە هەموو ڕەگەزە سەرەتاییەکانی سەفەری تیایە کە دەریدەخەن مرۆڤی کۆچبەر تەنیا بە ڕێگا هەرە سەرەتایی و دێرینەکان دەتوانێت سەفەربکات، شێوەی سەفەری زۆر لە شێوەی سەفەرەکانی ئۆدیسۆس و سندبادەوە دوور نییە، بەڵام لە دونیایەکی نوێدا... کۆچی ئێمە هەموو ڕەگەزەکانی سەرهەڵدانی جۆرە میتۆلۆگیایەکی مۆدێرنی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە.

ترساندنی کۆچبەر تا ئەمڕۆ بەشێکی کولتووری مامەڵەکردنی ئێمەیە لەگەڵ سەفەردا، لەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەدا جیهان دەکرێتە دوو کەرتەوە، دونیا دابەشدەبێتە سەر دوو بەش، بەشێکیان جیهانی ماڵەوەیە، ئەوی دیکەیان جیهانی دەرەوەی ماڵە. لەو دوو کەرتبوونەدا «جیهانی ماڵ» دونیای گەرمی و ئاسوودەیی و ئاسایشە، جیهانی پەیوەندی نەگۆڕ و سیمای دۆستەکانە، بەڵام «جیهانی دەرەوەی ماڵ» جیهانی کۆچکردن و غوربەتە، جیهانی مەترسییە گەورەکانە، ئەو دونیایە کە تیایدا کۆچبەر تووشی دێو و درنجەکان دەبێت، تووشی سیحربازان دێت، ڕووبەڕووی ئەو تەلیسمانە دەبێتەوە کە بۆی ناکرێنەوە، ئەو مەتەڵانەی دەخەنە بەردەم کە بۆی حەلناکرێت. گەشتی کۆچبەر لەم دونیا ترسناکەدا، گەشتێکە لەو شەپۆلانەدا کە قووتیدەدەن، بۆ لای ئەو دێوانەی کە دەیخۆن، بە ناو ئەو دارستانانەدا کە دەیخەنە سەر ڕێگای مەرگ. کردنەوەی دەرگا لە سەفەر لەهەمانکاتدا کردنەوەی دەرگایە لەسەر ترس لە بۆسەی پێشهاتەکان، لە نادیار و چاوەڕواننەکراو، لە مەخلوقاتی نەبینراو و نەناسراو.

ئەم وێنانە بە کۆ نیگارێکی ترسناک دەبەخشنە سەفەر، کۆچبەر لێرەدا دەبێت کەسێکی سەرکێش و چاونەترس و قارەمانێکی ئەفسانەیی بێت، تا بتوانێت دەرەقەتی گرفتەکانی سەفەر بێت.

کاتێک لە ئەفسانە کۆنەکاندا کۆچبەر لە وێنەی قارەمانێکی نائاساییدا



Scanned with CamScanner

وێنادەکرێت، خودی ئەو وێناکردنە کاری ترساندنی هەموو مرۆڤە ئاساییەکانە کە نە قارەمانن و نە دێوبەزێن، بەڵکو مرۆڤی سادە و ئاسایین. کۆی ئەم جۆرە وێناکردنە بۆ سەفەر و دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان وەزیفەی ئایدۆلۆژی و کۆمەڵایەتییان هەیە. بە مانایەکی تر، بەردەوام مەبەستێکی کۆمەڵایەتی لە پشت وێناکردنی سەفەرەوەیە وەک ئەزموونێکی ڕەش و تاریک. ناشیرینکردنی ڕووی سەفەر و گرێدانەوەی بە هات و نەهاتەوە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ مەبەستی پاراستنی یەکێتی ناوەکی کۆمەڵگا ئیشدەکات، بۆ پاراستنی خێزان و پەرتنەبوونەوەی، بۆ دەرنەخستنی لایەنە تاریک و دژوارەکانی سیستمی کۆمەڵایەتی.

## ترس لە سەفەر لە نێوان ئێستا و جاراندا

ترسی جاران لە کۆچ، ترسێک بووە تێکەڵاو بە ترس لە سروشت و لەو خاکە تاریک و نادیار و غەریبانەی پێشتر مرۆڤ پێی تێنەناون، ترس بووە لەو هەرێمانەی نازانین کێیان تێدا دەژین و چ جۆرە مەخلوقێکیان پەروەردەکردوە. دونیای کۆن دونیای پەیوەندییە دوور و کەم و سنوردارەکان بوو، لێرەوە ترسەکانی سروشتێکی سەیرئامێز «غرائبی»یان هەبوو، ترس لەو شوێنانەی لە شوێنی ئاسایی ناچن و لەو گیاندارانەی لە گیانداری ئاسایی ناچن و لەو مرۆڤانەی لە مرۆڤی ئاسایی ناچن. تا جیهانەکان لەیەکتر دووربن و کەمتر یەکتر بناسن ترسیان لەیەکدی زیاتر دەبێت. دونیای کۆن، دونیای کۆمەڵێک کۆمەڵگا و نەتەوە و ئیمپراتۆرییەتی لەیەکدی دوورن، نیگاری هەر جیهانێک لەم جیهانانە بۆ ئەویدی پڕە لە وێنەی خورافی و نادروست، تا جیهانەکان پتر بەسەر یەکدا دەکرێنەوە و زیاتر یەکدی دەناسن، ترس کەمتر دەبێتەوە و بنەماکانی خۆی زیاتر لە دەستدەدات. دیارە لە سەردەمی دێرینیشدا کۆمەڵگای



Scanned with CamScanner

ئێمە یەکێک بووە لە داخراوترین کۆمەڵگاکانی ئەو زەمانە، داخران ئێرسێکی کۆنە و لە سەردەمەکانی ترەوە بۆمان ماوەتەوە... خوێندنەوەی مێژووی داخران و گۆشەگیری و کاریگەری لەسەر عەقلییەتی مرۆڤی کورد یەکێکە لەو بابەتانەی دەبێت پتر خۆمانی پێوە خەریک بکەین، چونکە بەشێکی کاراکتەری ئێمە لە ژێر فشاری گۆشەگیریدا دروستبووە. تا زیاتر لە زەمەندا بچینە پێشێ سیستمی هاتوچۆ و پەیوەندی گەورەتر و فراوانتر و بەهێزتر دەبێت. هەموو کرانەوەیەک دەبێتە مایەی شکاندنی ترسێک و سڕینەوەی خورافەتێک دەربارەی ئەویدی، بەلام ترس لە سەفەر هەر دەمێنێت و شێوە و فۆرمی تر وەردەگرێت.

ترسی ئێمە لە دەرەوە (ئیدی گەورەبێت یان بچوک، بەردەوام بێت یان تاوناتاو) هەمان ئەو ترسەیە کە هەموو کۆمەڵگاکانی دونیای دێرین دەرهەق بە دەرەوەی خۆیان هەیانبووە، ترسێکی سایکۆلۆژییە، ئایین و ئەفسانە و سیاسەت بەرهەمیانهێناوە. ترس لە ئەویدی نە تایبەتمەندیی کۆمەڵگا خۆرهەلاتییەکانە بە تەنیا، نە تایبەتە بە سەردەمی دێرین و ڕۆژگارە کلاسیکییەکان، بەڵکو ترسێکی گەردونییە و لە هەموو کۆمەڵگا و سەردەمێکدا دەبینرێت. ئارەزووی کۆمەڵگا بۆ داخران، ئارەزوویەکی زیندوو و بەهێزە و ئێستاش لە هەموو جێگایەکی دونیادا چالاک و پڕ کاریگەرە. خواستی داخران، خواستێک نییە یەک جار لە ناو بچێت و ئیدی نەگەڕێتەوە، بەڵکو ماکێکی قووڵی لە سایکۆلۆژییەتی مرۆڤەکان و لە سیستمی کۆمەلایەتیدا هەیە، لاوازدەکرێت، بەلام لە ناونابرێت.

کۆمەڵگای داخراو واتە کۆمەڵگایەک ڕۆڵەکانی ئارەزووی ناسین و دۆزینەوە و بینینی ڕووی ڕاستەقینەی دەرەوەی خۆیان نەبێت. شتێکی ئاساییە کۆمەڵگای داخراو لە هەموو ئاستێکدا ئیش بۆ ناشیرینکردنی کۆچ و کرانەوە بکات، بنەمای سەرەکی ئەم کۆمەڵگایە لەسەر تێکەڵ نەبوون بە دونیا و خۆدزینەوە لە ئەویدی دامەزراوە. دیارە هاتنی مۆدێرنە و کورتبوونەوەی مەوداکان و کشانی ئیمپریالیستیانەی خۆرئاوا بۆ دەرەوەی خۆی، هێزی شکێنەر بوون بۆ گۆشەگیریی بەشە داخراوەکانی دونیا. هاتنی مۆدێرنە، هاوڕێی شێواندنێکی



Scanned with CamScanner

قووڵی پەیوەندی مرۆڤە بە شوێنەوە. لەگەڵ هاتنی مۆدێرنەدا ڕوانینی مرۆڤ بۆ «شوێن» گۆڕانکارییەکی قووڵی بەسەردا دێت. مۆدێرنە لەگەڵ هەرەسی وێنەی کۆنی دونیادا دەستپێدەکات کە شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی لەتەک خۆیدا دەیهێنێت. شۆڕشی کۆپەرنیکۆسی، گێڕانەوەی شوێنی زەوییە بۆ جێگا ڕاستەقینەکەی خۆی لە ناو گەردوندا. بەڵام جگە لەم هەرەسە کۆسمۆلۆژییەی نیگای دێرین بۆ گەردون، تەکنیک گۆڕانکاری قووڵ لە پەیوەندی نێوان شوێن و کات و مرۆڤدا دروستدەکات. سەرهەڵدانی پیشەسازیی هاوشانە بە گەورەبوونی شارەکان و پوکانەوەی نیشتەجێ بچوکەکانی سەردەمی فیودالیزم، ئەمە جگە لەوەی شۆڕشی پیشەسازیی شۆڕشێکی بنچینەیی لە هۆکانی گواستنەوەدا بەرپاکرد، فەزای نوێی سازاند، کە تەواو لە شوێنگە و فەزای سەردەمانی دی جیاوازبوون. بەڵام گرنگترین گۆڕانێک مۆدێرنە هێنابێتی تێکەڵبوونی خۆرئاوابوو بە دونیای دەرەوەی خۆی، پێکدادانی توندی چەند شارستانییەتێکی جیاواز بوو لەگەڵ یەکدیدا. مۆدێرنە بزوێنی شەپۆلێکی گەورەی کۆچ و ئاڵوگۆڕ و دونیاناسین و یەکتر پشکنین بوو کە بە جۆرێکی ڕادیکاڵ ژیانی لەسەر زەوی گۆڕی و ململانێگەلێکی خستەوە کە تا ئەمڕۆ بە توندترین و کوشندەترین شێوە بەردەوامن.

ئەو ترسەی کرانەوە دروستیدەکات کەمتر نییە لەو ترسە کلاسیکییەی لە جیهانی کۆندا دەربارەی سەفەر هەبوو. ئەم توانایەی تەکنیکی مۆدێرن بۆ گەیشتن بە جیهانەکانی تر دەیخولقێنێت، ئەم ئارەزووە قووڵە بۆ پەلکێشان ڕووەو دەرەوە، هاوڕێی سەرهەڵدانی وێنەیەکی ترسناکی ئەو دونیایەش بوو، خۆرئاواییەکان بە شێوەیەکی شێتانە دەکەونە گەڕان و دۆزینەوەی دونیای دەرەوەی خۆیان، بەڵام تا زیاتر دەگەڕێن کێشەیان لەگەڵ ئەویدی زیاتر دەبێت. جیهانی دەرەوەی خۆرئاوا تەنیا کانگایەکی کانزا و میتاڵ و کاڵای خاو نییە، بەڵکو جیهانێکی گەورەیە لە وێنە و خەیاڵات و فەنتازیا. وێناکردنی گەلێک هەرێمی گەورەی دونیا وەک زەمینی مرۆڤی مرۆڤخۆر و ئادەمی جانەوەرئاسا، سەرەتای سەرهەڵدانی وێنەیەکی دیکەبوو بۆ سەفەر. ئەدەبیاتی خۆرئاوا لای دانیال دییفۆ،



Scanned with CamScanner

کارل مای، هیرمان میلڤیل، کیپلینغ، جۆزیف کۆنراد... ئەدەبیاتێکە کە لەسەر وێناکردنی دەرەوەی خۆرئاوا، وەک زەمینێکی پڕ مەترسی کاردەکات. بەهەرحاڵ دیارە ئەوە بابەتی ئێمە نییە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی بچوکمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئەویش تێکەڵبوونی وێنەی «سەفەری ترسناکە» بە وێنەی «میللەتانی ترسناک». واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان ترس لە سەفەر لە جەوهەردا هاوشانی جۆرە ترسێکی کولتوورییە بەرابەر سروشتی مرۆڤ لە کولتوورەکانی تردا. دیارە بە پێچەوانەی ئەو نیگا کلاسیکییەوە بۆ غوربەت ئێستا بۆچوونێک هەیە پێیوایە بەهۆی گەشەی شێوەکانی سەفەرکردن و فراوانبوونی ڕێگاکانی هاتوچۆ و تێکەڵبوونی بەردەوامی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر و سەفەرکردنی بەردەوام، کەم کەم شتێک نامێنێت ناوی «نامۆیی» بێت، هەموو شتەکان سیفەتی سەیری و نامۆیی خۆیان وندەکەن و دەبنە دیاردەی ئاسایی. لێرەوە بە کاوەخۆ چەمکی غەریب ڕوەو پاشەکشێ و نەمان دەچێت. ئەوەی شوێنی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم بۆچوونە هەمیشە تەنیا لە سنورێکدا ڕاستە و ئەو ترس و توندوتیژییە بەردەوامەی لە دژی بێگانان هەیە و لە هەموو جێگایەک دەبینرێت، سنوورێکی ڕاستەقینە بۆ ئەم جۆرە دیدە دادەنێن... ئەمە جگە لەوەی خودی ئەم نیگایە بۆ غەریب لەسەر تاک ڕەهەندییەکی گەورە دروستبووە، چونکە گۆڕانی هەندێ مەرجی غەریبیی، مانای نەمانی تەواوەتی غوربەت ناگەیێنێت.

هەرچی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، جگە لە حیکایەتە خورافییەکانی خۆمان سەرچاوەیەکی گرنگی دیکەمان لەبەردەستدا نییە، تا نیگا و دیدی مرۆڤی کۆنی خۆمان دەرهەق بە کۆچبەریی و سەفەر بپشکنین. لەگەڵ سەرهەڵدانی سەدەی بیستیشدا کەم تا زۆر کۆمەڵگای ئێمەش کەوتە بەردەم ڕەشەباکانی مۆدێرنەوە. بە جۆرێک لە جۆرەکان دەرفەتەکانی سەفەر و کۆچ ئاسانتر و خێراتر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی ئێمە ئارەزوویەکی قووڵ و بەرچاو بۆ سەفەر نیشاننادات‌ەوە، کۆچی بە کۆمەڵ و سەفەری گەورە تەنیا لەگەڵ قووڵبوونەوەی کێشە کۆمەلایەتی و سیاسییەکاندا لە دونیای ئێمەدا دەبێتە دیاردە. بەشی زۆری



Scanned with CamScanner

مێژووی سەفەرکردنی ئێمە، مێژووی هەڵهاتن و دوورکەوتنەوەیە لە کۆمەڵگا، نەوەک مێژووی سەفەر بێت بە مانای هەوڵی گەشت و تێگەیشتن لە دونیا.

ئەمڕۆ لەگەڵ گەورەبوونی شەپۆلی کۆچبەرانی کورددا بۆ خۆرئاوا و گۆڕانی بۆ دیاردەیەک کە کۆمەڵگای کوردیی و خۆرئاواش بەدەستییەوە دەناڵێنن، بە جۆرێک لە جۆرەکان شێوە ترسێکی نوێ دەرهەق بە سەفەر دروستبووە، گومان نییە کە سەفەری کوردی سەفەرێکی هاوچەرخانە نییە بە کەرەستەی مۆدێرن. سەفەرێکە بە کەرەستە زۆر سەرەتاییەکانی مرۆڤ، بەپێ و بە بەلەمی کۆن و شکاو، بە پەڕینەوەی قاچاغ لە سنوورەکان، هاوڕێ بە ترسی مەرگ لە هەموو وێستگەیەکدا. سەفەرێک کە هەموو هێزە تەکنیکییەکانی مۆدێرنە ڕێگای پێدەگرن. ئەم گەشتە جەنگێکە لە نێوان توانا سروشتییەکانی مرۆڤ و توانای سیستمە مۆدێرنەکان لە چاودێری و نیگادارییی سنوورەکانی خۆیاندا، بریتییە لە شەڕی مرۆڤی سادە دژ بە هەموو بەربەستە سروشتی و سیاسی و تەکنیکییەکان.

کۆچبەری نوێی کورد لەگەڵ خۆیدا جۆرێک لە داستانی تازەی پێیە، ئەو ئۆدیسیۆسێکی نوێیە، بەڵام بە پێچەوانەی ئۆدیسیۆسەوە ناگەڕێتەوە، بەڵکو هەڵدێت. لەگەڵ کۆمەڵێک هێزی مەزنتر و دیسپلینکراوتردا لەو هێزانەی ئۆدیسیۆس بەرابەریان جەنگیوە شەڕدەکات، لێرەوە زیادەڕەویی نییە گەر بڵێن، سەفەری ئەمڕۆی ئێمە لە سەفەری «کوڕەکەچەڵە»ی ناو چیرۆکە دێرینەکانمان ترسناکترە... ئەگەر دێوی حیکایەتە کۆنەکان دێوی خەیاڵی بن، ئەوا دێوەکانی مۆدێرنە، دێوی ڕاستەقینەن. ئەگەر گەیشتن بە شانشینی «قەڕاڵی فەرەنگ» لە دونیای جاراندا خەونی عاشقی ناو حیکایەتێک بێت، ئەوا خەونی گەیشتن بە خۆرئاوا لەمڕۆدا خەونێکی ڕاستەقینەیە و بگرە خەونی ملیۆنەها مرۆڤیشە کە هەندێ جار ئامادەن ژیانی خۆیانی لە پێناودا بەختبکەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ترسەی کە کۆچی ئێمەی گەمارۆداوە، تەنیا ترس نییە لە ڕێگاوبانەکان، ترس نییە لە ئامێرە تازەکانی چاودێریی و لە سەگی پۆلیسی و لە پاسەوانی سنوورەکانی خۆرئاوا، بەڵکو ترسی هەرە گەورە لە



Scanned with CamScanner

سەفەر هێشتا هەر ترسی کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان خۆیان لە کۆچ و لێکترازان و پارچەپارچە بوون. تۆقاندنی کۆچبەری کورد، تەنیا تۆقاندنی نییە لە پێشهاتەکانی ڕێگا، بەڵکو تۆقاندنیشیێتی لەوەی کە دوای خۆی بەجێی دەهێڵێت و ترساندنیشیێتی لەوەی کە بۆی دەچێت. ئەم ترسە ترسێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کۆچبەری کورد زۆرجار بە ویژدانێکی نارەحەتەوە دێتە دەری... گەر وەک هەڵهاتوویەک کە ژیانی خۆی دەربازکردوە حیساب بۆ خۆی نەکات، ناچارە وەک ڕاکردویەک کە بێوەفایی دەرهەق بە نیشتیمان کردوە خۆی وێنابکات.

بە کورتی ترس لە سەفەر، ترسێکی فرە دیوە، زیاد لە دەموچاوێکی هەیە. ترسە دەروونییە دێرینەکانمان نوێدەکاتەوە و ترسیشمان بەرابەر جیهانی مۆدێرن و تەکنیک و کەرەستە نوێکانی زیاددەکات، پرسیاری ئەخلاقی و فیکری گەورە دەخاتە بەردەم کەسی کۆچبەر کە دەبێت وەڵامیانبداتەوە. کۆچبەری خۆرهەڵاتی لە یەککاتدا دژ بە سروشت و دژ بە تەکنۆلۆژیای مۆدێرنیش دەجەنگن، ئەوەش سەفەر ترسناکتر دەکات و کۆچبەر لە دواجاردا بە کۆمەڵێک ترس و گرێی دەرونی قووڵەوە لەو ئەزموونە دێتەدەرێ.

لێرەدا ڕاستییەک کە لە بەردەستماندایە سێ شتە: ١. کۆچ خۆی پرۆسەیەکی ترسناکە. ٢. کۆچ پرۆسەیەکە زۆر ترسناک دەکرێت و ترسناک وێنادەکرێت ٣. هەموو هێزە گەورەکان چ لە ناوەوەی ئەو کۆمەڵگایەی کە کۆچبەر لێوەی دێتەدەرێ و چ لە ناوەوەی ئەو کۆمەڵگایانەدا کە کۆچبەر سەفەریان بۆ دەکات دژی کۆچن، واتە بەردەوام و لە هەموو ئاستەکاندا هەوڵ هەیە، بۆ هەڵوەشاندنەوە و بێماناکردنی کۆچ.

بۆ کۆمەڵگاکان و جیهانی نوێ بە گشتی، زۆر دژی کۆچن؟ لەم بەشانەی خوارەوەدا کۆمەڵێک تەوەر دەخەینە بەر باس و سەرنج کە هۆکارەکانی ترسی دونیای نوێمان لە سەفەر بۆ دەردەخەن.



Scanned with CamScanner

# کۆچ و ئەخلاق

یەکێ لە ترسە گەورەکان لە سەفەر ترسە لە ئەخلاقی کەسی کۆچبەر و ئەخلاقی ئەو کۆمەڵگایەش کە کورەکانی دەبنە کۆچبەر. تێکچوونی پەیوەندی بە شوێنەوە هەمیشە سەرەتای تێکچوونێکی ئەخلاقیشە. کەسی کۆچبەر یەکێکە لە جوگرافیای کۆمەڵایەتیی خۆی دەچێتە دەرەوە، هەموو ئەو تۆڕە دووردرێژەی سانسۆریش کە کۆمەڵگا لە دەوری چنیویەتی ناکارا دەبێت. کۆچبەر دەڕوات و کۆمەڵگا پێیوایە بەدوورکەوتنەوەی لە ئامێزی کۆمەڵگا، دەبێتە کەسێکی بێجڵەو و بێشیرازە. دەرچوون لە کۆمەڵگا، دەرچوونە لە هەموو جەبرە ئەخلاقییەکانیشی، کەسی پەنابەر کەسێکە دەچێتە دەرەوەی ئەو سانسۆرە ئەخلاقییە کە کۆمەڵگا مێژوویەکی درێژ سەرقاڵی دروستکردن و رواندن و سەقامگیرکردنی بووە. لێرەوە هەمیشە ترسێکی قووڵ هەیە بەرابەر ئەخلاقی کەسێک کە سەفەردەکات و لەو تۆڕی سانسۆرە دووردەکەوێتەوە، بە ئەندازەیەک کۆمەڵگا ڕەنجێکی زۆر دەدات کەسانی کۆچبەر لەگەڵ هاوغوربەتییانی خۆیدا لە دەرەوە هەمان تۆڕ و سیستمی سانسۆری ئەخلاقی دروستبکەنەوە... هیچ کۆمەڵگایەک و هیچ گرووپێکیش چەندە بچوک بن نایانەوێت سانسۆری ئەخلاقی سەر فەردەکانی خۆیان هەڵبگرن. کۆچ هۆیەکە لە هۆکانی بەرپابوونی شەڕێکی ئەخلاقی لە کۆمەڵگادا.

سەفەر و گوناهـ دووری و بەرەڵابوونی ویستە چەپێنراوەکان هەمیشە هاوشانی یەکبوون.

گوناهی کۆچبەر تەنیا لەوەدا نییە کە خۆی لە هەموو سانسۆرە ئەخلاقییەکان دەدزێتەوە، بەڵکو کەسی کۆچبەر پیاو بێت یان ژن، کچ بێت یان کوڕ، لەدوای خۆی کەسانێک بەجێدەهێڵێت کە بوونی ئەو هەمیشە نرخێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی



Scanned with CamScanner

هەبووە لایان، خۆی بەشێک بووە لە سیستمی چاوەدێری و دیسپلینی ئەخلاقی لە خێزاندا، بە ڕۆیشتنی ئەو، ئەو سیستمە درزێکی گەورەی تێدەکەوێت. کۆچی باوک هەمیشە کزبوونی ئەو سانسۆرە ئەخلاقییەشە کە لەسەر کوڕ و کچانی خۆی دایناوە، کۆچی برا گەورە ونبوونی ئەو چاوی سانسۆرەیە کە پێویستە بۆ کۆنترۆلی برا و خوشکانی بچوکتر... لە دید و عورفی ئەم کۆمەڵگایەوە ئەوەی کۆچدەکات سیستمی چاوەدێری ئەخلاقی دەخاتە مەترسییەوە و دوور نییە لە دوای خۆی شیرازەی ئەخلاق بپچڕێت. لێرەوە تۆمەتی ئەوەی کە کۆچبەر «خۆی ڕۆیشتووە و خێزانەکەی بەرەڵاکردوە»، ترسناکترین تۆمەتێکە بۆ کۆچبەر هەڵدەبەسترێت. لێرەدا کۆچبەر، وەک کەسێک وێنادەکرێت کە ئەخلاق شتێکی سەرەکی و بنەمایی نییە لەلای.

بەستنەوەی سەفەر و دوورکەوتنەوە لە ماڵ بە کێشە ئەخلاقییە قورسەکانەوە لە ئەفسانە کۆنەکانەوە دەبینرێت.

لە «هەزار شەو و یەک شەو»دا شەهرەیار لە ماڵ دەڕواتە دەرێ بۆ ڕاوشکار کە دەگەڕێتەوە ژنەکەی لە ئامێزی عەبدێکی ڕەشدا دەبینێتەوە. بەناوبانگترین کتێبی ئەفسانەیی خۆرهەڵات بەو شێوەیە دەستپێدەکات. بەپێی ئەم سەرەتایە، نادیاریی و دووری پیاو مایەی دەرکەوتنی ویستە پیسەکانی ئافرەتە. شەهرەیار دەبێت لە ماڵ بچێتە دەرێ، دەبێت بۆ ماوەیەک دووربکەوێتەوە تا ئەو درزە کۆیلەیەکدا ئاشکرابکات. ئەوەی لەم چیرۆکەدا گرنگە ئەم بەشە نییە، بەڵکو ئەو لۆژیکەیە کە لەپشت بونیادنانەوەی بڕوای پیاوە بە ژن. شەهرەزاد لەزەتی چیرۆک گرێدەداتەوە بە لەزەتی ڕاگرتنی پیاوەوە. لەزەتی چیرۆکەکانی شەهرەزاد، شەهرەیار دەبەستێتەوە بە ماڵەوە، مانەوە لە ماڵی چیرۆکدا وێنەیەکی مەجازی مانەوەیە لە ناو ماڵ خۆیدا کە خۆشەویستی و بڕوا دروستدەکاتەوە. چیرۆک ئەو هێزەیە کە شەهرەیار بە شەوەکانی شەهرەزادەوە گرێدەدات، شەهرەیار دەبێت نەڕوات و بمێنێتەوە، دەبێت هێزێک ڕایبگرێت، هەر ئەم مانەوەیەش



Scanned with CamScanner

وادەکات دیوە پاک و جوانەکەی ئافرەت ببینێتەوە. تەنیا مانەوە و لە نزیکەوە پێکەوە ژیان زامنی پاراستنی ئەخلاقن، نەوەک سەفەر و کۆچ و گەڕانی ناو تاراوگەکان. مەرجی شەرەفی قایم و پارێزراو دروستبوونی حیکایەتێکە پیاو بە ماڵەوە گرێبدات. ئەوە یەکێکە لە مانا گەورەکانی گرنگترین تێکستی ئەفسانەیی ناو کولتووری خۆرهەڵات.

ئەم چیرۆکە پێماندەڵێت ئەوەی ماڵ ونبکات ئەخلاقیش وندەکات.

لە «ئۆدیبی پاشا» دا هەمان شێوە، ئۆدیب پیاوێکە ماڵ وندەکات، ونکردنی ئۆدیب بۆ ماڵ لە دەرەوەی ویست و زانین و دەسەڵاتی خۆیەتی. ئۆدیب لە سەرەتای لەدایکبوونییەوە پەیوەندی بە شوێنەوە تێکچووە، ئەم تێکچوونە وەک نەفرەتێکی ڕەش بەدوایەوەیەتی، نەفرەتی گەورەی ژیانی ئۆدیب ئەوە نییە کە فاڵگرەوەکانی دێلفی پێشبینی ئەوە دەکەن کە دەبێتە بکوژی باوکی، بەڵکو ئەوەیە لە دەرەوەی ماڵی خۆی گەورەدەبێت. هەر منداڵێک لە دەرەوەی ئامێزی خانەوادە گەورەبوو، دەبێتە مایەی هەڕەشەیەکی گەورە لە ئاکار و ڕەوشت. ئۆدیب کەسێکە بە یەک جار و بۆ هەتاهەتایە ماڵی خۆی ونکردوە. ئەو کەسێکە کە قەدەر لە ناوچاوانی نوسیوە هەمیشە غەریب بێت، ئۆدیسیۆسێکە، لە غوربەتدا لەدایکبووە. گەشتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ وەک گەشتی ئۆدیسیۆس درێژە، بەڵام ئەو نەدەزانێت لە غوربەتدا ژیاوە، نەدەشزانێت گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ. ئۆدیب کۆچبەرێکە بە یادەوەرییەکی سڕدراوەوە. ئەو کۆچبەرێکە هەموو ڕابوردووی خۆی لەیادکردوە. بە مانایەک لە ماناکان هەموو دوورکەوتنەوەیەک لە ماڵ تەنیا دوورکەوتنەوە نییە لە چاوەدێری، بەڵکو لەتەک خۆیدا ئەگەری سڕینەوەی یادەوەرییەکانیشی هەڵگرتووە، دوورکەوتنەوە لە ماڵ دوورکەوتنەوەیە لە شوناسی مرۆڤانەمان، لە گرنگترین بنەماکانی مۆراڵ کە زینا نەکردنە بە مەحرەم. بێماڵی، ئۆدیب بەرەو گەورەترین گوناهی مێژوو دەبات، ئەویش خەوتن و سەرجێیکردنە لەگەڵ دایکدا. ئەوەی ماڵ ونبکات دەشێت هەموو شەرەف و شەریعەت و یاسایەکی زەمین و ئاسمان ونبکات.



Scanned with CamScanner

سڕینەوەی ڕابوردوو، بێئاگایی لێی، هەوێنی کارەساتی گەورەیە. شانۆگەری «بەدحاڵیبوونی» کامۆش هەمان تێزە دووبارەدەکاتەوە.

دۆخی کەسی کۆچبەر نزیکە لە دۆخی ئۆدیبەوە، ونکردنی ماڵ لای ئۆدیب ئەگەرێکی هەمیشەیی پێشدەمی کەسی کۆچبەرە، سڕینەوەی یادەوەری و بێخەبەریی ئەگەرێکی کراوەیە بۆ هەموو کۆچبەرێک... ونکردنی ڕابوردوو و یادەوەری لە هەمانکاتدا ونکردنی ئەخلاقیشە.

کۆچبەری کورد دوور نییە لەم مەترسیانە، ئەو کە لەماڵ دێتە دەرێ نازانێت ئایا دەتوانێت بگەڕێتەوە؟ نازانێت کەی دەگەڕێتەوە؟ نازانێت ئایا دەسەڵاتی بەسەر ئارەزووەکانیدا دەشکێت، یان ئەوانەی کە جێیاندەهێڵێت لە چ حاڵێکدا دەیانبینێتەوە؟. کۆچی کورد کۆچێکە بە پچڕانێکی زۆرجار قووڵ و زۆرجار درێژەوە لەگەڵ ڕابوردووی خۆیدا، کۆچێکە پڕە لە مەترسی لەدەستدان.

کۆچی ئێمە زنجیرەیەک حیکایەتی یەک لە دوای یەکی لەدەستدانە، لەدەستدانی یادەوەرییەوە بیگرە تا لەدەستدانی ڕیشە و لەدەستدانی کاراکتەر. هەموو ئەم لەدەستدانانەش وەک جۆرە سام و ترسێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و دینی وێنادەکرێن. لێرەوە نیشاندانی دزێوترین وێنەی ئەخلاقی بۆ کەسی کۆچبەر بەشێکە لەو پەیامە ئایدۆلۆژییەی کە کۆمەڵگا دەیداتە ئەو کەسانە.

کۆمەڵگای ئێمە پڕە لەو ترسانەی ژنان لە ئەخلاقی نێرەکان و نێرەکان لە ئەخلاقی ژنەکانیان هەیانە. کۆمەڵگا ئەم ترسە بە جۆرێکی دڕندانە دژ بە کۆچبەر بەکاردەهێنێت. کۆچی ئێمە لەژێر فشارێکی ئەخلاقی گەورەدا بەرقەرار دەبێت. کۆچبەر پرۆژەی ئەوەیە ببێتە کەسێکی نەناس، ببێتە کەسێکی گۆڕدراو کە هاوڕێ و دۆستەکانی نایناسنەوە، کەسێکە زوو زوو پێیدەگووترێت «زۆر گۆڕاوە» «هەر نایناسیتەوە». گۆڕینی کەسی کۆچبەر بۆ کەسێکی غەریب و نەناسراو لەزەتێکی کۆنزەرەڤاتیڤانەی قووڵ دەبزوێنێت. بەشە داخراوەکەی کۆمەڵ لەزەت لەوە دەبینێت کۆچبەران بە جۆرێک وێنابکات وەک ئێدی



Scanned with CamScanner

لەدەستچووبن و کاراکتەر و یادەوەرییان سڕدرابێتەوە. گاڵتەکردن بە کەسی کۆچبەر کە بووە بە کەسێکی دی و چیدی لەوانی دی ناچێت، دەبێتە بەشێک لەو تەنزە کۆمەڵایەتییە کۆنەپەرستەی کە دەیەوێت کۆچ وەک سەرەتای وێرانبوونی کاراکتەر و ئەخلاق دەربخات.

چاندنی ترسی ئەخلاقی لە سەفەر یەکێکە لە کاراترین میکانیزمەکانی پەکخستن و پەشیمانکردنەوە و تیرۆرکردنی کەسی کۆچبەر. کەسی کۆچبەر لەم وێنە باوەدا ئەو کەسەیە کە ناتوانێت ڕەوشتی خۆی و ڕەوشتی کەسانی نزیکی خۆی زامنبکات. لەم دیدەوە کۆچ یارییەکی ترسناکە بە ئاگرێکی کوشندە کە ئاگری ئەخلاقە. ئەوەی لە ماڵ دێتەدەرێ و ڕوو لە زەمینە تاریک و دوورەکان دەکات، ڕوو لە خۆرئاوا دەکات بە هەموو نیگارە هەوەسبزوێنەکەی خۆیەوە. دەبێتە کەسێکی ئازاد کە چیتر یاسا ئەخلاقی و جنسییەکانی کۆمەڵگای بۆ گرنگ نییە، ئەو یەکجار و بۆ هەتاهەتایە لە دەست کۆمەڵگا دەردەچێت و گێڕانەوەشی ئەگەر ئەستەم نەبێت ئاسان نییە.

## کۆچ و کینە

لە ڕاستیدا کۆچبەری کورد کە لەماڵ دێتە دەرێ، نازانێت بۆ کوێ دەچێت. ئەو وێنەیەی کە لە خەیاڵیایەتی خەیاڵییە، وێنەی کۆمەڵێک سەربورد و حیکایەتی هەندێک لە کەسانی پێش خۆیەتی. سەفەری ئەو سەفەرێکە بەرەو نادیار، بەرەو شوێنێک خۆی پێشتر تاقی نەکردۆتەوە، ترس لە سەفەر تەنیا ترسێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو ترسیشە بەرابەر بە پێوانەکان، بەرابەر سروشتی ئەو دونیایانەی کە تێیدەکەوێت.

کۆچ لە حەقیقەتێکی سادەوە دەستپێدەکات. حەقیقەتی ئەوەی کۆچبەر چیتر لەگەڵ کەسانی نزیکی خۆیدا ناژی، بەڵام زمانحاڵی ئەم مرۆڤە «وەک دکتۆر



Scanned with CamScanner

ڕۆک لە شانۆگەرییەکەی «دیلان تۆماس»دا دەڵێت «پێویستیم بە دۆست نییە، دوژمنانم پێ چاکترن».

کۆچکردن شکان و کۆتاییهێنانە بە جۆرێک لە پێکەوەژیان. ئەو کەسەی کۆچدەکات پێیوایە کە چەشنێک لە پێکەوەژیان هەیە ئیدی مانای نییە. پێوەری یەکەم کە لە ژیانی کۆچبەردا دەشکێت، پێوەری هاوژیانییەتی لەگەڵ دەوروبەرە دێرینەکەیدا.

کۆچ گومانێکی قووڵە دەربارەی ئەوانەی لە چواردەورمانن، هەوڵدانیشە بۆ جورێک لە تاکبوونەوە. لەگەڵ کۆچدا شتەکان وادێنە بەرچاو وەک ئەوەی لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا ڕقێکی قووڵ هەبێت دەرهەق بەو کۆمەڵگایە، ڕقێک شەرمدەکات تەعبیر لە خۆی بکات و کۆچ دەبێتە تاکە دەروازەی تەعبیرکردن لەو کینەیە.

مەرج نییە ئەو کینەیە ئاگاو هەستنشین بێت، کینەیەک بێت بگاتە ئاستی تەعبیری ڕاستەوخۆ لە خۆی. کەم کەس جورئەتی ئەوە دەکات، ڕقی خۆی لە نیشتیمان نیشانبداتەوە، ڕقی لە هاو نیشتیمانییەکانی خۆی بخاتە سەر کاغەز. بەڵام کەسی کۆچبەر، خاڵی نییە لە تورەییەکی گەورە. هیچ کۆچبەرێکی کورد بە خەیاڵێکی هێمن و لە دۆخێکی ڕەزامەندیی تەواوەتیدا لە هەموو شتێک نایەتە دەرێ، بە پێچەوانەوە کۆچبەر کەسێکە زۆرجار لە کاتی کۆچ و هاتنەدەرەوەدا لە ناشیرینکردنی وێنەی کۆمەڵگا و مێژوو و کولتووری خۆیدا زیادەڕەویی و سەرپەڕیی دەکات و شتەکان بەرەو ڕێگای باریک و تەنگ دەبات. زۆربەی کۆچبەران کەسانی تورەن، کە دواتر خودی ئەو تورەییە بەرەو پەشیمانییان دەبات. «دواتر دێمە سەر ڕۆڵی پەشیمانیی لای کۆچبەر». هەندێ کۆچبەر کە دێنە دەرێ باس لە هەوڵی دۆزینەوەی خاکێک دەکەن کە چیتر هاووەتەن و هاونەتەوەکانی خۆیان نەبینن، باس لە گەڕان دەکەن بۆ شوێنێک ئیتر چاویان بە چاوی هاولاتییەکانی خۆیان نەکەوێتەوە. ئەم خەون و گوزارە پڕ لە کینانە، ئاوێنەی تورەییەکی قووڵن دەرهەق بە هەموو کۆمەڵگا خۆی. گومان نییە کینە



Scanned with CamScanner

دینەمۆیەکی گەورەی کۆچە، هیچ کۆچبەرێک نییە بەبێ جۆرێک لە ڕق بتوانێت بەرەنگاری ئەو هەموو مەترسییە ببێتەوە. کۆچ یاخیبوونێکی ڕەمزیی بێئامانجە، جۆرە شۆڕشێکی ناوەکییە کە تاکی ئێمە بەرپایدەکات، نەوەک بەرابەر چینێک یان توێژێک یان دەسەلاتێک بەلکو بەرابەر هەموو کۆمەلگا. نائومێدیی نییە لە سیاسەت بە تەنیا بەلکو نائومێدییە لە کۆی ژیانی کۆمەلایەتی، نائومێدیی نییە لە ئێستای ژیانی کۆمەلایەتی ئێمە، بەلکو لە داهاتووشی. بەلام نائومێدییەکی بێزمانە، نائومێدییەکە کە لە شێوەی ڕقێکی نەپالێوراو و نەسازێنراودا دێتەدەرێ. کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان تەعبیرە لەو بێزمانییەی مرۆڤی ئێمە، لەو ئاستە نزمەی تەعبیرکردن. مرۆڤی ئێمە بەردەوام لە شتێک تووڕەیە، دەیەوێت خۆی لە شتێک ڕاپسکێنێت، بەلام هەرگیز ناتوانێت ئەو ڕقە بخاتە سەر زمانێکی ڕوونی قسەکردن، ناتوانێت بە ڕوونی پالنەر و مۆتیڤەکانی دیاریبکات... کۆچ تێکستێکە مرۆڤی ئێمە لەبری دەست بە قاچ دەینوسێت.

دیارە ئۆرگانە گرنگەکانی کۆمەل هەستێکی نهێنییان بەو تووڕەییە هەیە، ئەگەر کۆچبەر تووڕەیی خۆی نەکات بە سەفەر، دوور نییە وەک کردەیەکی توندوتیژ ئاراستەی خۆی یان دەرەوەی بکات. ئەگەر بێت و ئەو بێزارییە لە ڕێگا سەختەکانی سەفەردا خالی نەکاتەوە دەبێت یان لە خۆیدا یان لەوانی دیکەدا خالیبکاتەوە. کۆچبەر کەسێکە ئەگەر ڕێگای ڕۆیشتنی لێبگرێت لەوانەیە ببێتە کەسێکی ترسناک، کۆچبەر ئەو کەسەیە کە مانەوەی لە جێگایەکدا بۆنی مەترسی لێدێت، ئەو تەنیا بە ڕۆیشتن دەتوانێت خۆی بپارێزێت... بەڕۆیشتن ڕێگا لەوە دەگرێت تووڕەییەکانی کوێربن و ببێتە کەسێکی هێرشبەر و نابینا پەلاماری دەوروبەر بدات.

زۆرجار کۆمەلگا بەرابەر ئەو تووڕەییە بێدەنگدەبێت، کۆمەلگا نایەوێت خۆی بە ناشیرینی لە ئاوێنەی مندالەکانی خۆیدا ببینێتەوە، بەلام بێدەنگبوونی لەو ڕقە مانای ئەوە نییە بە ڕقەوە تەماشای کۆچبەر ناکات. لێرەوە هەموو دەرفەتێک بەکاردەهێنێت بۆ ئازاردانی کۆچبەران و تاراوگەبووان. لەو ساتەوەی کە



Scanned with CamScanner

کۆچبەر لە نیشتیمان دێتەدەرێ دەبێت بە دیویکدا خۆی ئامادەی کینەیەک بکات و رازیبێت ببێت بە بابەتێکی گاڵتەپێکردن و رق. بەڵام ئەم کینەیە ساف نییە، بەڵکو پڕە لە پێکدادانی ویژدانی قووڵ و ناکۆک، چونکە لەپاڵ رقەوە هەمیشە خۆشەویستییەکی گەورە هەیە، لەپاڵ کینە و بوعزاندنیشەوە کۆمەڵگا هەمیشە ئامێزێکی گەرمی بۆ منداڵەکانی خۆی هەیە.

## کۆچ و غەیب

تا ئەو کاتەی مرۆڤ لە ماڵی خۆیدایە، لە دونیای شتە سادە و ئاساییەکانیشدایە. ماڵ و نیشتیمان دوو وشەن ئاماژەن بۆ فەزایەک کە کەسی کۆچبەر درشت و وردیان دەناسێت، فەزایەکن کەمترین ئەگەری ڕێکەوتیان هەڵگرتووە، کەمجاریش قەدەر و چارەنوس لەناو دیوارەکانی ماڵدا گەمە بە ژیان دەکەن. مرۆڤ بۆئەوەی بکەوێتە سەرزەمینی ڕێکەوت و سودفەکان و ببێت بە یاریچەی قەدەر دەبێت لە ماڵ بێتەدەرێ... قەدەر و ڕێکەوت لە ماڵی خۆماندا دەرەنگ دەماندۆزنەوە، بەڵام کە دەستدەکەین بە داستانی کۆچ ئیدی بە ناو گەردەلوولی ڕێکەوتەکاندا دەڕۆین، ئیدی خۆمان دەدەینە دەست «غەیب».

بەڕێکەوت لە سنوور دەپەڕینەوە و بە ڕێکەوتیش دەمرین، بە ڕێکەوت دەگەینە پایتەختە دوورەکان و بە ڕێکەوتیش دەگیرێین، بە ڕێکەوت پۆلیسەکان نامانناسن و بە ڕێکەوتیش دەستگیرماندەکەن، بە ڕێکەوت دەچینە سەر ڕێگایەک دەمانگەیێنێتە خۆرئاوا، بە ڕێکەوتیش دەگێڕدرێینەوە بۆ ئەو دیو سنوور، بەڕێکەوت لە ڕێگا دەربازدەبین و بە ڕێکەوتیش لە ڕێگادا دەکوژرێین.

جیهانی ئەم جۆرە کۆچبەرە تازەیە داخراوتر و سەیرتر و ترسناکترە لە گەڕاڵ و دەربەدەر و غەریبەکانی جاران، ڕێژەی ڕێکەوت و گەمەکانی قەدەر لە سەفەری تازەدا لە چاو جاراندا گەورەترە. لە جیهانی کۆندا هەمیشە کۆمەڵێک



Scanned with CamScanner

نیشانە هەبوون کە پاڵەوانی چیرۆکەکانیان لە هەندێ شت ئاگادارئەکردەوە، هەندێ ڕێسا هەبوو کە یارمەتی قارەمانەکانی دەدا لە پەڕینەوەدا. لە حیکایەتە کۆنەکاندا پاڵەوان دەچێتە سەر ئاوێک، ئاوێکی زەرد دێت نابێت بڕوات، ئاوێکی سوور دێت نابێت بڕوات، ئاوێکی ڕەش دێت نابێت بڕوات، بەڵام کە ئاوێکی سپی دێت دەڕوات. دەچێتە بەردەم سەگێک و ئەسپێک، ئەسپەکە ئێسکی لە پێشدەمدایە و سەگەکەش ئالیکی وا لە پێشدا، پاڵەوانەکە دەبێت ئێسکەکان بنێتە بەر سەگەکە و ئالیکەکە بنێتە بەر ئەسپەکە، دەچێتە بەردەم «دە» دەرگای کراوە و «دە» دەرگای داخراو، دەرگا داخراوەکان دەکاتەوە و دەرگا کراوەکان دادەخات. لە حیکایەتە کۆنەکاندا، پاڵەوان لە یەکێک لە وێستگەکانی سەفەردا کۆمەکی دێوێک یان پەریزادەیەک دەکات، لە وێستگەکانی دواتردا ئەویش بەرابەر چاکەی کۆن دەگەڕێتەوە و کۆمەکی پاڵەوانەکە دەکات. دێوێک دێت و سێ مووی خۆی دەداتێ تا لە کاتی پێویستدا هەڵیکڕوزێنێت، جنۆکەیەکی چاکەکار دێت و پێیدەڵێت لە کاتی لێقەوماندا بانگمبکە و من دەگەمە فریات. بە گشتی لە گەمەی حیکایەتە کۆنەکاندا کەسێ وێڵەرد کۆمەڵێک فریادرەسی غەیبی هەن، هەندێک یاسا و فێڵ هەن کە زانینیان یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

جیهانی کۆچبەری کورد تا ئەمڕۆ لەم جۆرە حیکایەت و ئەفسانانە پاکنەبۆتەوە، کۆچبەری کورد لەهەموو وێستگەیەکدا پێویستی بە هەمان هێزی غەیبی هەیە تا ڕزگاریبکات. سەفەری مرۆڤی کورد و نیشتنەوەی لە خۆرئاوا گەشتێکە بە ناو دەریایەک ڕێکەوتدا، ئێشکردن لە ناو ڕێکەوتیشدا، ئێشکردنە نزیک بە سنووری خورافەت. کاتێک چارەسەرییەکان بە کۆ لە دەستی ڕێکەوتدابن، کاتێک ژیان یارییەک بێت لە نێوان ئەگەر و نەگەردا، لەم کاتەدا باوەڕهێنان بە غەیب دەبێتە بەشێک لە کۆی ئەزموونی کۆچبەر. خودی ئەم ئەزموونە وا لە خەیاڵی کۆچبەر دەکات تا دوائەندازە هەموو کولتووری خورافیانەی خۆی زیندووبکاتەوە. ئیرادەی سەفەر تەنیا بەشێکی



Scanned with CamScanner

چکۆلەی هێزی کۆچبەرانە، ئەوەی کە کەشتی ئێمە سەردەخات ئیرادە نییە بەڵکو ڕێکەوتە... ئیرادە لێرەدا یەک وەزیفەی هەیە، ئەویش ئەوەیە ئامادەبێت خۆی بخاتە خزمەتی ڕێکەوتەوە. زۆربەی کۆچبەرانی ئێمە پێیانوایە هێزێکی خودایانە، توانایەکی غەیبی کۆمەکیکردون بۆئەوەی بگەنە خۆرئاوا.

سەختی سەفەر و ڕەهەندە غەیبییەکانی، وادەکات جگە لە ڕێگای کۆچ، کەسی کۆچبەریش بارگاوی بێت بە کۆمەڵێک سەمبولی غەیبیانە. کە سەفەر ملنان بێت بۆناو تونی بابا، ملنان بێت بۆ جێگایەکی پڕ مەترسی. لێرەدا کەسی کۆچبەر دەبێت کەسێک بێت سیفەتی قارەمانی ناو چیرۆکەکانی هەبێت، بەشێکی کۆچەکەی هاوئامێزی غەیبیات بێت. زۆرن ئەوانەی بەر لە سەفەر خودانەناسن، لە کاتی سەفەردا دەبنە ئیماندار و کە دەگەنە جێگای مەبەستی خۆیان دووبارە پشتدەکەنەوە خودا. دیارە ئەم پابەندبوونە بە خوداوە پابەندبوونێکی دینی نییە، واتە پەیوەندییەکی بە ئیمانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە گەڕانەوە هەیە بە دوای هیمدادی غەیبیدا. ئەوەی ئەوانە بۆی دەگەڕێن خودا نییە، بەڵکو جۆرە کۆمەکێکی غەیبییە، کۆمەکێکە لە جنۆکە و شەیتان و ئیبلیسەکانیشەوە بێت، قەبوولکراوە، ئەوەی کۆچبەر لە ڕێگای سەفەردا نوێژی بۆ دەکات خودا نییە، بەڵکو ئەو هێزە غەیبیانەن کە لەناو یادەوەریی و نەستیدا خەوتوون. کەسی کۆچبەر خودا لە خۆیدا وەئاگاناهێنێتەوە، بەڵکو ئەو کولتوورە غەیبییە بە ئاگادەهێنێتەوە کە یارمەتیدەدات لە سەختییەکان بپەڕێتەوە. خوداناسی و پاڕانەوە بۆ کۆمەکی غەیبی دوو شتی زۆر جیاوازن.

لەم سیستمی وێناکردنەدا، کەسی خۆرئاوانشین و خۆرئاوا بە گشتی، وێنەی فیگەری غەیبی وەردەگرن کە دەتوانن تێکشکێن یان فریادرەس بن. خۆرئاوا لەم وێناکردنەدا هەمیشە یەکەیەکی بەهێزترە و توانایەکی سیحراوی هەیە، دەتوانێت کێشەکان چارەسەربکات، سامانێکی بێشوماری هەیە، توانای دەرهێنان و ئازادکردنی میللەتانی تری هەیە. ئەو شێوەیەی کە مرۆڤی خۆرئاوایی لەم وێنا غەیبییەدا وەریدەگرێت، وێنەی مرۆڤێک نییە بە دەسەڵاتە ئاساییەکانی

مرۆڤەوە، بەڵکو وێنەی کەسێکی بان - مرۆڤە، وێنەی کاراکتەرێکی ئەفسانەییە کە توانایەکی گەورەی هەیە لە کۆمەککردن یان بڕینیدا، لە یارمەتیدان یان سزاداندا، توانایەک دەتوانێت موعجیزە دروستبکات.

به گشتی کۆچ، دەتوانێت زۆر توند مرۆڤی کۆچبەر بگێڕێتەوە بۆ ئامێزی ئەفسانە و خورافات و هەموو لۆژیکێکی لێبستێنێتەوە.

## کۆچ و سزا

کۆچ یەکسانە بە دابڕان و دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان، تا سەفەر سەختتر و نیشتەجێبوون لە خۆرئاوا پڕ غەمتر بێت، کۆچ پتر سروشتی سزا وەردەگرێت، ئۆدیسیۆس کە ناگاتەوە ماڵ و ئاوارەی دەریا و سەرزەمینە نەناسراوەکان دەبێت لە ژێر جەبری سزای خوداکاندا دەناڵێنێت. لە چیرۆکە خورافییەکانی ئێمەشدا پاڵەوان هەمیشە تووشی زنجیرەیەک ڕوداو دەبێت، جار دوای جار پتر لە نیشتیمانی دووردەخەنەوە. کەم نین ئەو پەنابەرانەی غەریبیی وەک جۆرە سزایەکی خوداییانە تەماشادەکەن. تا کۆچ پتر هاوشانی هەستکردن بێت بە گوناه، پتریش هاوشانی هەستکردن دەبێت بە سزا.

خۆسزادان بەشێکی گرنگی کولتوری ئێمەیە، کۆچ زەمینەیەکی گەورەی سەرهەڵدانەوەی هەستە بە نەفرەت و دەرکردن. ئەو کەسەی لە نیشتیمان دێتەدەری، مۆتیڤەکانی سەفەری هەر چییەک بن، لە پاشخانی سایکۆلۆژیدا وەک یەکێک خۆی وێنادەکات کە هەموو ئاسۆ و دەروازەکان لە پێشدەمیدا داخراون. سەرهەڵدانی هەستکردن بە نەفرەت، بە دەرکراوی، بە نەبوونی جێپێیەکی کۆمەڵایەتی سەرەتای چیرۆکی زۆربەی کۆچەکانە. ڕاستە کۆچ یەک حیکایەتی نییە، کۆچ لە بێشومار چیرۆک و بێشومار سیناریۆ دروستبووە، بەڵام هەموو کۆچبەرێک کاتێک هەموو شتەکانی دەفرۆشێت و ماڵاوایی لە دونیایەک دەکات



Scanned with CamScanner

کە تیا ژیاوە و لە نێویدا گەورەبووە، هەستێکی قووڵی بە دەرکردن و بێجێی و نەفرەت هەیە. هەر کەسێک لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی خۆیدا بە دروستی شوێنی راستەقینە و ئینسانی خۆی نەگرت وەک یەکێک تەماشای خۆی دەکات کە لە شوێنگە و فەزای کۆمەڵایەتی کرابێتە دەرێ.

«زیگمۆند باومان» لە لێکدانەوەیدا بۆ مانای «نامۆ ـ غەریب ـ Fremde» قسە لەو جیاکارییە کلێشەییە دەکات لە نێوان «دۆست» و «دوژمن» دا هەیە، پێشی وایە «نامۆ» کەسێکە نە دۆستە و نە دوژمن، واتە لە یەک کاتدا هەڵگری هەر دوو ئەگەرەکەیە، دەکرێت ببێتە دۆست و دەکرێت ببێتە دوژمنیش«١».

بە بڕوای باومان جیاکردنەوەی «دۆست» و «دوژمن» یەکێکە لە جیاکارییە گەورە و جەوهەرییەکانی هەموو کۆمەڵگایەک، واتە ئەم جیاکارییە یەکێکە لە بەردە بنەڕەتییەکانی بوونی کۆمەڵایەتی. ئەم جیاکارییە پەیوەندی بە زنجیرەیەک جیاکاریی بنەڕەتی دیکەوە هەیە، وەک جیاکاری لە نێوان «باش» و «خراپ»، «ڕاست» و «هەڵە»... هتد. کێشەی کەسی نامۆ ئەوەیە کە ئاسان نە دەکرێت وەک دۆست پۆلێنبکرێت و نە بە دوژمن. پێش ئەوەی کەسی نامۆ بێتە ناو کۆمەڵگاوە، سیستمێک و ڕێکخستنێک هەیە کە شتەکانی دابەشکردوە، بێگومان ئەم دابەشکردنە پرۆسەیەکە پتر پەیوەندی بە خەیاڵی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، هاتنی غەریب بۆ ناو ڕێکخستنێکی سەقامگیر و بڕواپێکراو، بە بڕوای باومان تەواوی سیستمەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەو دۆخەش وادەکات هاتنی کەسی غەریب ڕوداوێکی دڵخۆشکەر نەبێت بۆ ئەوانەی میوانداریدەکەن، ئەو کەسێکە درەنگ گەیشتووە و لە ناکاو هاتووە و دەیەوێت بچێتە ناو ڕێکخستنێکەوە کە پێش ئەو ڕێکخراوە«٢».

غەریب کەسێکە کە شوناسی دیار نییە. لێرەدا باومان قسە لە غەریبێک دەکات کە لە دەرەوەی کۆمەڵگا هاتۆتە ناوەوە، واتە لە ڕوانگەی ئەو ژینگەیەوە کە میوانداریدەکات قسە لە غەریب دەکات، قسەکردن لەسەر غوربەت لە خۆرئاوادا بە گشتی لەسەر ترسی کۆمەڵگای خۆرئاوا لە غوربەت چڕدەبێتەوە، واتە



Scanned with CamScanner

ڕوانگەی تێڕوانینی خۆرئاوایە لە غەریب، نەوەک ڕوانگەی مرۆڤی غەریب خۆی بێت. ئەوەی من سەرنجی دەدەم و بەلامەوە گرنگە پەیوەندی غەریب نییە بە کۆمەلگاکانی غوربەتەوە بە تەنیا، بەلکو پەیوەندیشییەتی بەو کۆمەلگایەی لێی دوورکەوتۆتەوە، لای من ئەوەی بە پلەی یەکەم غەریب ئازاردەدات پەیوەندی نییە بەو کۆمەلگایانەی لە ناویاندا نیشتەجێ بووە، بەلکو زیاتر پەیوەندی بەو کۆمەلگایانەوە هەیە کە جێیهێشتوون. ئەوەی زۆر ئازاری غەریب دەدات ئەو شوێنە نییە کە تیا دەژی، بەلکو ئەو شوێنەیە کە لێی دوورکەوتۆتەوە، دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە کێشەکانی کۆچبەر لەگەل ژیانی مەنفادا گەورە و گرنگ نین، بەلکو بەو مانایەیە مەنفا ئەگەر بەهەشتیش بێت و هەموو هەلومەرجەکانی ژیانێکی مرۆڤانەش بۆ کۆچبەر سازبکات، تراژیدیایەک لە ناو ژیانی کۆچبەردا هەیە کە ناڕەوێتەوە و دەست لە یەخەی ژیانی بەرنادات. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە ئەو دۆخی نە دۆست و نە دوژمنەی باومان باسیدەکات، تەنیا جەوهەری پەیوەندی کۆچبەر نییە بە مەنفاوە، بەلکو جەوهەری پەیوەندی کۆچبەرە بە کۆمەلگای خۆشییەوە، ئەو چیتر نە ئەوەیە دۆستی ئەو کۆمەلگایە بێت، نە ئەوەیە دوژمنیشی بێت، نە ئەوەیە بەشێک بێت لێی و نە ئەوەشە لێی جیابووبێتەوە. کۆچبەر کە لە ولات دووردەکەوێتەوە، دەبێت بە کەسێک کە هەم یەکێکە لە ئێمە و یەکێکیش نییە. ئەم حالەتە ژیانی کۆچبەر دەگۆڕێتە سەر گۆڕەپانی جەنگێکی گەورە، ئەمە ئەو دۆخە دۆزەخئاسایەیە کە کۆچبەر سزاکەی دەچێژێت و دەبێت هەولیشبدات لێی دەرباز بێت. لەم گەمەیەدا وەک «تۆماس هوێنە» لە وتارێکدا ئاماژەی پێداوە، هیچ کات و بۆ هەتاهەتایە مانای وشەی غەریب بە تەواوی دەستنیشان ناکرێت. پەنابەر دەیەوێت لایەنێکەم لە بەرابەر کۆمەلگای یەکەمی خۆیدا غەریب نەکەوێتەوە، دەیەوێت نەبێتە ئەو کەسەی لە بازنەی دۆست و دوژمن دەکرێتە دەرێ و تەنیا وەک تەنێکی نامۆ سەیردەکرێت.

گەورەترین دیاردەی کۆچی ئێمە ئەو ناکۆکییە ویژدانییەیە کە کەسی کۆچبەر لەتەک خۆیدا دەیگێڕێت. چیرۆکی کۆچ بە هەلتەکان و تورەیی و هەستێکی قوول



Scanned with CamScanner

بە بێشوێنی و بێهیوایی و بێئامانجی دەست پێدەکات، کۆچبەر کەسێکە بەبێ ئەو هەستکردنە بە دەرکردن ناتوانێت ئەو مۆتیڤە گەورەیەی هەبێت بیکات بە کڕ چیا و دەریا و تاریکیدا. مۆتیڤی کۆچ سەرەتا ئێجگار بەهێزە، بەو مۆتیڤە بەهێزەوە نەبێت داستانی سەفەر ناگاتە جێگای خۆی، بەڵام بەشی زۆری پەنابەران هێندەی دەگەنە خۆرئاوا، کۆی ئەو هەستە قووڵەیان بە شێوەیەکی سەیر لەلا وەردەگەڕێت و هەستەکانیان سروشتێکی پێچەوانە وەردەگرێت. کۆچبەریی بریتییە لە دوو جۆر سەما لەسەر دوو جۆرە شانۆ، لەسەر دوو ئاوازی جیاواز، جارێکیان سەمای هەڵهاتنە لە نیشتیمان، جارێکی دیش سەمای پەشیمانییە لە غوربەت. کۆچبەریی ئەو ناکۆکییە دروستیدەکات کە کۆچبەر بە نیشتیمانی یەکەمییەوە دەبەستێتەوە، ناکۆکییەکی ئۆدیبی قووڵ کە لەسەر ڕق و پەشیمانی بونیادنراوە.

ئەو ئاوازەی کە کۆچبەر لە نیشتیمانەوە بۆ خۆرئاوا دەبزوێنێت ئاوازێکی تەواو جیاوازە لەو ئاوازەی کە کەسی کۆچبەر لە تاراوگەوە بەرەو نیشتیمان دەبزوێنێت.

گەیشتن بە خاکەکانی مەنفا، هاوڕێیە بە هەڵگەڕانەوەیەک لە هەست و سۆزەکاندا. ئەو هەستەی سەرەتا بە زوڵم و دەرکردن و بێشوێنی و بێچارەنوسی دەست پێدەکات، لە مەنفا دەبێتە هەستێکی جیاواز، ئەوەی لەوێ خۆی وەک قوربانی تەماشادەکات، بەهێزی ئەو کولتوورە دێرینەی لە ناو خۆیدا هەڵیگرتووە «کولتووری هەستکردن بە گوناهـ» دەبێت بە تاوانبار. ئەو پەنابەرەی لێرە دۆخێکی دژوار دەژی لە قووڵایی نەستیدا پێیوایە سەختی کێشەکان و داخستنی دەرگاکان بەڕویدا دەرەنجامی تۆڵەیەکی ئاسمانییە، دەرەنجامی گوناهێکە ئەو دەرهەق بە نیشتیمان و کەس و کار کردویەتی و ئێستا دەبێت سزاکەی بدات. هیچ پەنابەرێک لە خۆرئاوا نییە کۆمەڵێک پاڵهێزی دەرونی شاردراوەی بۆ خۆسزادان هەڵنەگرتبێت. ئەو هەستە قووڵە بە قەرزارباری پاڵ بەکەسی پەنابەرەوە دەنێت بەردەوام لە ڕێگای پارە و دیاری و ئیشی سەخت و وەفا نواندن و کۆمەکی بەردەوامەوە داوای لێبووردن لە خێزان و هاوڕێکانی و لە نیشتیمان بکات، بە فەرامۆشکردنی زیندەگی



Scanned with CamScanner

تایبەتی خۆی، دەیەوێت لێبوردن و پاکبوونەوە بکرێت. لە سالانی سەرەتای شەپۆلی گەورەی کۆچدا، سالانی نەوەدەکان و دەیەی یەکەمی دووهەزارەکاندا، ئەو هەستە بە گوناهـ لە ناو پەنابەراندا بێئەندازە ترسناک و بەهێزبوو.

پەنابەر لە نیشتیمان یەکێکە هەستدەکات کەسێکی بێ مافە و سزا دراوە، لە مەنفاش هەستدەکات دەبێت سزا بدرێت. ئەو لەوێوە لە زولم رادەکات، لە غوربەتیشەوە بە کۆمەکی بەردەوام، بە پێشکەشکردنی خەلات و دیاری و قوربانی دەیەوێت لە گوناهـ پاکبێتەوە.

ئەو لە خۆبووردنە قوولەی زۆربەی زۆری کۆچبەران نیشانیدەدەن، ئەوەی کۆچبەر هەموو ژیانی خۆی فەرامۆشدەکات و هەموو وزەی خۆی دەخاتە کار بۆئەوەی دلی ئەوانە رازیبکات کە لە نیشتیمان چاوەرێیدەکەن و هەموو ژیانی خۆی دەکاتە رەنجێکی بەردەوام بۆ دلخۆشکردنی ئەوانەی بەجێیهێشتوون، ئەم لە خۆبووردنە قوولە، ئەم خۆتەرخانکردنە بێوێنەیە هیچ نییە جگە لە ئاوێنەی هەستێکی قوول لە نائاگای پەنابەردا بە قەرزاریی و گوناهـ.

کۆچبەری کورد کە دەڕوات و کە لە مەنفاش دەکەوێتە خۆسزادان، لە هەردوو دۆخەکەدا لە ژێر فشاری کۆمەلێک هێزی دەروونی و کۆمەلێک وێنەی زهنی بارکراو بە ئەفسانەدا دەجوولێتەوە.

پەنابەری کورد هەرگیز لە دوو ئیدیای زۆر سەخت ڕزگاری نابێت، یەکەمیان ئەوەیە «کە لە نیشتیمان جێگای نابێتەوە و شوێنی نییە»، دووەمیشیان ئەوەیە «قەرزاربارێکی قوولی هەموو ئەوانەیە کە بەجێیهێشتوون». هەردوو ئەم هەستەش شێوەی دوو بیرۆکەی ترسناک و سایکولۆژی وەردەگرن، واتە دوو بیرۆکە نین، بەلکو دوو «دنەسۆز ـ هاجس»ن کە ڕەهەندە دەروونییەکانیان لە زەمینە لۆژیکی و عەقلییەکەیان پتەو و بەهێزترن.

ئەم خواستە بۆ خۆسزادان، مەرج نییە هەمیشە خواستێکی هوشیارانە بێت، زۆرجار ئەم هەستە سەرچاوەکەی لە نەستدایە و پەنابەر بێئەوەی هۆکانی بزانێت، بە شێوەی زۆر جیاواز و بە زەبری نائاگا خۆی سزا دەدات.



Scanned with CamScanner

# کڵێچ و لاوازبوونی وێنەی نیشتیمانی جوان

یەکێک لەو تابۆ گەورانەی ئەدەبی کوردی لەسەری دروستبووە، بەخراپ ناونەهێنانی نیشتیمانە. بە درێژایی سەدەی بیست ئەدەبی ئێمە ئەدەبی نیشاندانی نیشتیمان بووە وەک خاکی جوانی و سەرفرازیی. بەخراپ باسکردنی نیشتیمان یان ڕق لێبوونی بەشێک نییە لە کولتووری ئێمە. ئێمە هەتا خۆفرۆشەکانیشمان خۆیان وەک عاشقی یەکەمی نیشتیمان نیشاندەدەنەوە. وشەی نیشتیمانپەروەر یەکێکە لە جوانترین و باشترین ئەو وەسفانەی لەم جۆرە کۆمەڵگا داخراو و ترساوانەدا بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێت. قەدەغەکردنی هەموو ڕەخنەیەک لە نەتەوە و نیشتیمان پەیوەندی بەو لەرزۆکی و لاوازییەوە هەیە کە نەتەوە و نیشتیمانی ئێمە تێیدا دەژین، نەوەکو پەیوەندی بە هێز و تواناوە هەبێت.

وێنەی نیشتیمانێک کە خاکی گەوهەرە و ئاوی کەوسەرە، نیشتیمانێک زەڕەیەک لە خاکەکەی نادەین بە قەسری قەیسەریی، نیشتیمانێک لە جەننەت خۆشترە و خاکی زێڕ و زیوە، ڕووبەرێکی گەورەی لە کولتووری ئێمە داگیرکردوە. ئەم کولتورە لەگەڵ شاعیرە کلاسیکییەکاندا دەستپێدەکات و بەدرێژایی سەدەی بیست و تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە، هەتا گۆرانی مەزن کە زۆرجار وەک شاعیری تەبیعەت قسەی لەسەر دەکرێت، شاعیری نیشتیمانە، گۆران سروشتی وەک سروشتێکی بێ شوناس خۆشنەویستووە، سروشتی گۆران شوناسێکی لۆکاڵ و ناوچەییە. ئەوەی دواتر شێرکۆ بەشێوەیەکی گەورە پەرەی پێدەدا، لە جەوهەردا کەلەپووری جێماوی گۆرانە... بەخشینی شوناسی ناسیۆنالیستی بە سروشت، گرێدانەوەی سروشت بە ڕۆحی نەتەوەوە کە بەشێکی گرنگی کولتووری شیعری شێرکۆیە، زۆر بە کاڵی

له گۆڕانەوه دەستپێدەکات. لەم کولتوورەدا ناوی نیشتیمان هەیبەت و حورمەت و سیحرێکی هەیە کە دەبێت بۆی بچەمینەوە... لەم کولتوورەدا کە بەرد لەسەر بەرد کاری ئەدەبی سەدان نوسەر و سیاسی دایانڕشتوە، نیشتیمان شوێنێکی موبارەکە کە دەبێت هەموو لە پێناویدا بمرین، ئەوەشی نایەوێت بۆ نیشتیمان بمرێت ترسنۆک و نمەک حەرامەکانن.

کەسی کۆچبەر لە فەزایەکی کولتووری وادا لە نیشتیمان دێتە دەرێ... هاتنەدەرەوە لە نیشتیمان بە درۆ خستنەوەی چەمکی نیشتیمانی پاک و جوانە. کاتێک دەیان هەزار کەس لە نیشتیمان هەڵدێن بێئەوەی بەشی هەرە زۆریان کێشەیەکی سیاسییان هەبێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا ناشیرینکردنی وێنەی نیشتیمانە. ڕۆحی کولتووری ئێمە لەسەر دروستکردنی وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ نیشتیمان دروستبووە و مامەڵەیەکی دینی لەگەڵ نیشتیماندا دەکات. نیشتیمان لەم تێگەیشتنەدا قەوارەیەکی دینی موبارەکە کە هیچ شتێک پیسی ناکات، کۆچبەریش کەسێکە دەبێت بەردەوام وێنەی خورافی و دینی نیشتیمان بەرهەمبهێنێتەوە نەوەک لاوازیبکات. لە قۆناغێکدا هەموو ئەو قودسییەتەی دەدرایە خودا دەدرێتە نیشتیمانیش، بە جۆرێک نیشتیمانپەروەری دەبێتە ئەلتەرناتیڤی دین و نیشتیمان دەبێتە ئەلتەرناتیڤی یەزدان. چەرخی بیست لە ئەدەبی کوردیدا چەرخی بە خودا شوبهاندنی نیشتیمان بوو. تاکە شتێک کە دینییەکان ناتوانن لە ناسیۆنالیستەکانی قەبووڵبکەن، مەسەلەی شوبهاندنی نیشتیمانە بە خودا.

کۆچی کوردی لە نەوەدەکاندا سەرەتای هەرەسی ئەو وێنە ئەفسانەیی و دینییە کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە درێژایی سەدەی بیست کاری لەسەر دەکرد. دیارە کۆچبەر ناتوانێت یەکسەر واز لە وێنەی «نیشتیمانی پاک و جوان» بهێنێت. بۆیە خودی ئەم وێنەیە دەبێتە هەوێنی ململانێیەکی ناوەکی نێوان موقەدەسەکانی ئەم وێنەیە و خیانەت و پێشێلکردنی ئەو موقەدەسانە.



Scanned with CamScanner

کۆچبەر لە هەر جێگایەکی دونیادا بێت لە نێوان دو وێنەدا لەتبووە، وێنەی نیشتیمانی پیرۆز و نیشتیمانی دۆزەخئاسا.

سەفەری کۆچ سەفەرە لە وێنەیەکی دینی و فەنتازییەوە بۆ نیشتیمان بەرەو وێنەیەکی دزێو و ناشیرین. نیشتیمان لە دیدی کۆچبەردا وەک نیشتیمان نییە لە دیدی ئەو گروپە لە شاعیرانی سەرەتای سەدەی بیست کە دەیانگوت خاکی وەتەن گشتی زێڕ و زیوە، بەڵکو نیشتیمانێکی دیکەشە کە گشتی ترس و ناهەقی و مەحرومییە، بەڵام حاشاکردن لە نیشتیمان و بینینیشی وەک قەوارەیەکی دزێو و ناشیرین لە قووڵایدا شوناس و شانازیی کەسی کۆچبەر بریندار دەکات کە بەرابەر بە میللەتان و کولتوورەکانی تر پێویستی بەو جۆرە شانازییە هەیە تا بژی و بمێنێتەوە. کۆچبەر دەزانێت کە وێنەی نیشتیمان وێنەیەکی جوان نییە و دەشزانێت ناتوانێت هەمیشە و لە هەموو جێگایەکدا دان بەو ناشیرینییەدا بنێت، چونکە هەڵگرتنی ئەو وێنەیە و ئیشکردن پێی گورزێکی کوشندەیە لە شوناسی نەتەوەیی و ئینسانی خۆی، گورزێکی کاریگەرە لە خودئەڤینی «نەرجسییەت» خۆی کە بەبێ ئەو خۆویستی و خودئەڤینییە ناتوانێت بەرەنگاری واقعی دەرەکی ببێتەوە. بۆیە کاتێک باس لە کۆچبەر دەکەین، دەبێت بزانین ئەو هەمیشە لە ململانێیەکی گەورەی دەروونیدا دەژی کە چۆن نیشتیمان بۆ خۆی و بۆ ئەوانیدی وێنابکات، ململانێیەک پڕە لە ساتی تراژیدیی و ناخۆش، تێیدا کۆچبەر لە نێوان ڕاستی و درۆکردن لەگەڵ خۆیدا ئازاری گەورە دەچێژێت. ئەم ململانێیە تا مردن لەگەڵ کەسی کۆچبەردا دەمێنێتەوە، هەندێک دەتوانن نەهێڵن کاریگەریی زۆر ترسناک و نەرێکار بەجێبهێڵێت، هەندێکیش کێشەکەیان بۆ چارە نابێت و دەبێت بە مایەی هەرەسهێنان و تێکچوونی تەواوی سیستمی دەرونی.



Scanned with CamScanner

# ڕیشەکانی عیبادەت لە ئەفسانەکانی کۆچدا

لەقوولایی هەموو دونیایەکدا هێزگەلێک هەن دەیانەوێت مرۆڤ بە شوێنی خۆیەوە ببەستنەوە. هیچ کۆمەڵگایەک ئاسان دەستبەرداری ڕۆڵەکانی خۆی نابێت، بەوەی بە دیاری پێشکەش کۆمەڵگایەکی تریان بکات. دیارە کۆمەڵگا داگیرکراو و ژێردەستەکان ئاسانتر ئەندامەکانیان دەدزرێت، دزین و سڕینەوەی شوناسی کەسێکی ژێردەست خێراتر و ئاسانترە لە دزین و سڕینەوەی شوناسی یەکێک کە سەر بە گروپێکی کۆمەڵایەتی بەهێزترە، لێرەوە کۆمەڵگا بندەست و لاوازەکان زۆر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانێکدا دەکەن کە زوو دەکەونە ژێر گوشاری دەرەکی و بۆ شوناسی خۆیان وەفادارنین. لەناو ئەو گروپە ئەتنییانەدا کە لەبەردەم هەڕەشەدان چ خیانەتێک لەوە سەختتر نییە، پشتبکەیتە نیشتیمان و ببینە خزمەتچی بێگانان.

هەموو کۆمەڵگایەک میکانیزمێکی تایبەت گەشەپێدەدات تا بتوانێت تاکەکانی خۆی توند بە خۆیەوە ببەستێتەوە. تا کۆمەڵگا بەهێزتر بێت ئەو میکانیزمانە نەرمتر قەبووڵدەکرێن و فەردەکان خۆویستتر لەگەڵیدا خۆدەسازێنن، واتە کۆمەڵگا پایەدار و بەهێزەکان پێویستیان بە گوشاری زۆر گەورە نییە تا ئەندامانی خۆیان گرێبدەنەوە بە خۆیانەوە، بەڵکو ئەندامەکانیان بەراورد بە کۆمەڵگا لاوازەکان گەلەک ئاسانتر دەلکێن بە جەستەی کۆمەڵگاوە و لە بری ئەوەی شانازیی بە بوونی خۆیانەوە وەک مرۆڤ یان وەک تاک بکەن، شانازیی بە شوناسە دەستەجەمعییەکەیانەوە دەکەن.

بەلام کۆمەڵگا لاوازەکانی لە بابەتی کۆمەڵگای ئێمە، پێویستیان بە گەشەدان بە میکانیزمێکی ئاڵۆز هەیە تا ئەندامەکانیان بە خۆیانەوە ببەستنەوە. وروژاندنی ترسی ئەفسانەیی و غەیبی، ترسی ئەخلاقی، بوغزاندن، بارکردنی



Scanned with CamScanner

ویژدانی کەسی کۆچبەر بە کۆمەڵێک برین و ژانی دەرونی قووڵ، نیشاندانی کۆچبەریی وەک پرۆسەی تاککەوتنەوە و دابڕانێکی ڕەها لە هەموو شتێک، ڕاکێشانی کەسی کۆچبەر بۆ خۆسزادان و نەفرەت لەخۆکردن، هەموو تێکڕا بەشێکن لە میکانیزمی ڕاگرتنی کەسی کۆچبەر و هێشتنەوەی لە فەزای کۆمەڵایەتی یەکەمدا.

ترساندنی فەردەکان بەرابەر بە کۆچ بەشێکە لەو سیستمی تیرۆرەی کۆمەڵگا بۆ بەستنەوەی ئەندامەکانی بەکاریدەهێنێت. زۆربەی وەخت ڕەگەزی پشت ئەم ئەفسانەیەش لەسەر لاقی هەندێ دروشمی نیشتیمانپەروەرانە دەوەستێت... لێرەدا کۆمەڵگا نیشتیمانپەروەریی دەکاتە ئەو دەمامکە سیاسییەی دەینێتە سەر ترساندن و ئازاردانە ڕۆحییەکانی.

پرسیارێکی گرنگ لێرەدا بێتە پێشێ ئەوەیە جیاوازی نێوان ئەمجۆرە گرێدانەوە سایکولۆژی و ئەفسانەییە لەگەڵ چەمکی نیشتیمانپەروەرییدا چییە؟

بەکارهێنانی چەمکی نیشتیمانپەروەریی وەک چەکێکی تیرۆر و چەمکێکی سیاسی بۆ تاوانبارکردن و چاندنی سزا و سەوزکردنی هەست بە گوناهکردن بەشێکە لە کولتووری ناسیۆنالیزم. هەڵگێڕانەوەی نیشتیمانپەروەری بۆ «ئێرەپەرستی»یەکی تەسک، یەکێکە لەو هەڵدێرە دژوارانەی دەشێت هەندێ لە بزاوتە ناسیۆنالیستەکان تێیبکەون. «ئێرەپەرستی» تەسکبوونەوەی چەمکی نیشتیمانپەروەرییە بۆ بچوکترین و تەسکترین ئاست. هەڵگەڕانەوەی چەمکی نیشتیمانپەروەرییە و گۆڕانێتی بۆ کۆسپێک لەبەردەم گەشەی خودی نیشتیماندا. گۆڕانی چەمکی وڵاتە بۆ زیندانی «هاوڵاتی». نیشتیمانپەرستی و ئێرەپەرستی دوو شتی جیاوازن... شوێنپەرستی بریتییە لە دیلکردنی مرۆڤ لە قاڵبی جێگایەکدا، لە کاتێکدا نیشتیمانپەروەری ناشێت دیلبوون بێت، بەڵکو تەکانێکی بێوچانە ڕووەو جولاندنی بەردەوامی نیشتیمان، ڕووەو ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامی ئەو ئەفسانە و خورافاتانەی کە نیشتیمان بۆ خۆی دروستیاندەکات.



Scanned with CamScanner

# «ئێرەپەرستی» چییە؟

ئێرەپەرستی بریتییە لە جۆرە گەمارۆیەکی ڕۆحی و ویژدانی کە جێگایەک دەیخاتە سەر فەردەکان، بە جۆرێک پەیوەندییەکی ئەفسانەیی و نۆستالژی لەگەڵ شوێندا دابمەزرێنن. هەوڵدانە بۆ بەرزڕاگرتن و نرخاندنی شوێن بە جۆرێکی ئەفسانەیی. لە شوێن پەرستیدا دونیا دابەشدەکرێتە سەر دوو هەرێمی جوگرافی «ئێرە» و «نائێرە یاخود دەرەوەی ئێرە». لەم دابەشکردنە جوگرافییەدا هەموو دوورکەوتنەوەیەک لێرە سروشتی گەشتێکی ترسناک وەردەگرێت. دونیا وا وێنادەکرێت وەک ئەوەی تاکە دەرفەتی مانەوە و ژیان تەنیا لێرەدا بێت. ئێرەپەرستی بەستنەوەی نرخ و کەرامەت و مانای ئینسانە بەو شوێنەوەی تێیدا دەژی. ئەم عەقڵییەتە پێی وایە تۆ دەبێت ژیان لێرە بخەیتە سەروو هەموو نرخێکی مرۆڤانەی دیکەوە. لەم ڕوانینەوە جەوهەری مرۆڤ پابەندی ئەو جێگایەیە کە لێوەی هاتووە، کەرامەتی مرۆڤ هاوشانی ئەو شوێنەیە کە تێیدا دەژی. لەم دیدەوە مرۆڤ هێندەی لە ژینگەی خۆی چووەدەرێ نرخ و بەها و مرۆڤایەتی خۆی دەدۆڕێنێت، هێندەی قاچی خستە ئەودیو جوگرافیای نیشتیمانەوە ئیدی دەبێت بە یەکێکی دی، چونکە دواجار نرخی ئەو بە نرخی ئەو زەمینەوە بەستراوە کە لەسەری وەستاوە.

لێرەدا مانەوە لە نیشتیماندا، وەستان و دەستگرتن بە زەوی باووباپیرانەوە گرنگتر دەبێت لە نرخە باڵاکانی ژیان و ئازادی و بەختیاری، بەرزتردەبێت لە نرخی گەڕان و زانین و ناسین و فێربوون. ئێرەپەرستی مرۆڤ کورتدەکاتەوە بۆ بوونەوەرێکی لۆکاڵ و ناوچەیی، بەردەوامیش ئیشدەکات ڕەهەندە گەردوونییەکانی ناو مرۆڤ بکوژێت. دیارە ئێرەپەرستی بە گەلەک زمان قسەدەکات، بە زمانی سیاسەت و بە زمانی ئەفسانە، بە زمانی دین و بە



Scanned with CamScanner

زمانی هونەریش. ئێرەپەرستی بریتییە لە سەپاندنی نرخ و بەهاکانی ئێرە وەک دوا نرخ و بالاترین نرخ و جوانترین نرخ. من زۆرجار هونەرمەند و شاعیری گەورەم بینیوە کە گووتوویانە «ئێمە لێرە نەبێت ناژین» «لێرە نەبێت هیچم بۆ نانوسرێت» «لێرە نەبێت کاری هونەرییم بۆ ناکرێت». ئێرەپەرستی بریتییە لەوەی تا مردن لێرەوە تەماشای دونیا بکەیت، نەوەک لە دەرەوەڕا بڕوانیتە ناوەوە. تامردن لە یەک گۆشەنیگاوە سەیری جیهان بکەیت کە ئەو گۆشەنیگایەیە لە نیشتیمان هەڵتگرتووە و فێری بوویت، لە مەنفاش بەرگرییەکی گەورە و ئەفسانەیی نیشان بدەیت دژی هەموو گۆڕانکارییەک کە پێچەوانەی ئەو سیستمی بیرکردنەوە و ڕوانینە بێت کە لە نیشتیمان هەڵگری بوویت. زمانحاڵی کەسی ئێرەپەرست دەڵێت «من لێرەم، کەواتە هەم». سوبێکتی مرۆڤی ئێرەپەرست تەواو لە ناو ژینگەی خۆیدا تواوەتەوە.

لە ئێرەپەرستیدا خودی مانەوە لە نیشتیمان دەبێتە خەبات، ئەوە بەسە قاچت لەسەر عەردی ولاتەکەت بێت تا هەستێکی بەرزترت هەبێت لەوەی کە لە دەرەوەیە. خودی مانەوە لە نیشتیمان دەبێتە ئەو پێوەرەی بەرز و نزمی، خیانەت و نیشتیمانپەروەریی دیاریدەکات. لەم نیگایەوە کۆچبەر پیاوێکی بێدەروەست و بێلایەنە، کەسێکە نامونتەمی بۆ نیشتیمان. ئەم جۆرە عەقڵییەتە نەخۆشە زۆر جار لەو ساتانەدا زۆر زەقدەبێتەوە کە دەبینیت کەسانێک لە ناوەوە خەڵکانی تاراوگە بە نەبوونی هەستی ئینسانی و نیشتیمانپەروەریی تۆمەتباردەکەن، ڕستەی وەک «وەرەوە بۆ نیشتیمان ئینجا قسەبکە» یەکێکە لەو کلێشانەی کە خەڵکانی بیرتەسک و ئێرەپەرست زۆر بەکاریدەهێنن. بە لۆژیکی مرۆڤی ئێرەپەرست، تەنیا ئەوانە بۆیان هەیە قسە لە نیشتیمان بکەن کە لەوێ دەژین. گەر دووربیت لە نیشتیمان ئیدی بۆت نییە دەربارەی ئەو قسەبکەیت، گەرچی لە ڕووی لۆژیکییەوە باشترین شێوازی بینینی ڕاستەقینە بۆ نیشتیمان و تێگەیشتن لێی، سەیرکردنێتی لە دوورەوە.

ئێرەپەرستی دواتر جۆرە نۆستالژیایەکی ترسناک دروستدەکات، کەسی



Scanned with CamScanner

کۆچبەر پێیوایە بە دوورکەوتنەوەی لە نیشتیمان ئیتر ڕووتبۆتەوە، بە دوورکەوتنەوەی لە نیشتیمان چیتر قاچی لەسەر زەوی نەماوە. ئێرەپەرستی بریتییە لە کورتبوونەوەی نیشتیمان بۆئەو چەترە سایکۆلۆژییەی فەردەکان دەپارێزێت و هاوسەنگییان ڕادەگرێت. دەرچوون لە ژێر ئەو چەترە، دەرچوونە بەرەو ناشوێن و نادیار.

ئێرەپەرستی لاوازییەکی قووڵ لە مرۆڤدا بەرابەر دەرەوە دەچێنێت. ئێرەپەرستان پێیانوایە نیشتیمان ئاوە و مرۆڤەکان ماسیین، ئەم خورافەتەش ناودەنێن نیشتیمانپەروەریی. بە کورتی ئێرەپەرستی جۆرە پەیوەندییەکی نەخۆشانەیە بە نیشتیمانەوە. نیشتیمانپەروەریی ئەوەیە بتوانین خۆمان لە نیشتیمانیش ئازادبکەین، بەو مانایە نا پشتی تێبکەین، بەڵکو بەو مانایەی بتوانین بە نیشتیمان بڵێین «تۆ جوان نیت، تۆ ئازادنیت، تۆ مەزن نیت، تۆ هێشتا ڕێزی مرۆڤەکانی خۆت ناگریت، تۆ لە دواوەیت و سووریت لەسەر ئەوەی لە دواوە بمێنیتەوە، تۆ ناتوانیت دونیای دەرەوەی خۆت ببینیت و تێیبگەیت...» نیشتیمانپەروەری واتە بتوانین ماکیاژی ناشیرینییەکانی نیشتیمان نەکەین، بەڵکو حەقیقەتی خۆی پێبڵێین. بەڵام لە هەمانکاتدا لەوە نەکەوین کاری بۆبکەین، لەوە نەکەوین لە ناویدا دژ بە وەهم و درۆ و خورافەت بجەنگین.

ئێرەپەرستی ماکیاژکردنی نیشتیمانە، جوانکردنێتی بە درۆ. لە کاتێکدا نیشتیمانپەروەریی لابردنی ماکیاژ و دەمامکەکانە.

ئێرەپەرستی خۆبەستنەوەیەکی ئەبەدییە بەیەک جۆرە نیگا و یەکجۆرە شێوازی ژیانەوە. دڵسۆزییەکی هەتاهەتاییە بۆ ئەو نرخانەی ژینگەی یەکەم بۆ مرۆڤی فەراهەمدەکات. شوێنپەرست پیاوێکە شانازی بەوەوە دەکات هەرگیز ناگۆڕێت و هەر وەک خۆیەتی، شانازی بەوەوە دەکات لە هەرکوێیەکی دونیابێت ئەخلاق و بیروڕا و سروشتی هەر ئەو ئەخلاق و بیروڕایەیە کە لە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیەوە وەریگرتوە. لە ڕاستیدا دڵشاد بوون بەم جۆرە کۆیلەیەتییەی کولتوور، بەم جۆرە تاک ڕەهەندییە، هیچ نییە جگە لە دڵشادبوون



Scanned with CamScanner

بە جۆرێک لە نەگۆڕان و کۆنەپەرستی.

شوێن پەرستی دواجار فۆرمێکی کوشندەی گۆشەگیرییە، نزیک دەبێتەوە لە جۆرێک لە ڕاسیزم و فەندەمەنتالیزمی سیاسیی و کولتووریی. جۆرە هەستێکی کینەڕێژە دەرهەق بە هەموو دەربازبوون و کەمتەرخەمییەک، بەرابەر بە نرخ و فەرمان و بەها مادی و مانەوییەکانی کۆمەڵگا. دابڕینی فەردەکانە لە کۆی جیهانی دەرەوە لە ڕێگای تواندنەوەیانەوە لە ژینگەی کۆمەڵایەتییاندا... جۆرە میکانیزمێکی گەورەیە بۆ کوشتنی هەموو فەردانییەتێک، جۆرە میکانیزمێکی تازەیە بۆ ئیفلیجکردنی کۆی ئەو دەرفەتانەی بۆ تاکەکان دەخولقێت تا ئاسۆکانی خۆیان گەورەتر بکەن.

مرۆڤی «ئێرەپەرست» بوونەوەرێکی تەندروست نییە، هەر پێی خستە ئەو دیو نیشتیمانەوە هەست بە غەریبی دەکات، نامۆیە بە هەموو زەوی، نامۆیە بەهەموو کولتوورەکان، لە هەموو شوێنێکدا هەست بە نامۆبوون دەکات. ئەمجۆرە دەردە فەردی داخراو و ترساو و بێئاسۆ دروستدەکات... ئەمجۆرە لە ئالودەبوون بە شوێنەوە هەموو ئەو ڕەهەندە گەردوونییەمان تێدا دەکوژێت کە پێویستمان پێیەتی بۆ دەرچوون لە دیکتاتۆریەتی «تاک کولتوور». لە دیدی ئێرەپەرستەکانەوە شەریک دروستکردن بۆ نیشتیمان وەک شەریک دروستکردن وایە بۆ خودا. وتەی لە بابەتی «من لە خۆم ناگۆڕێم» «ئێمە نەگۆڕاوین»، ئەو ڕستە سواو و ترسناکانەیە کە کۆچبەر زوو زوو دووبارەیاندەکاتەوە، تا بیسەلمێنێت جیهان هیچ کاریگەرییەکی لا بەجێ نەهێشتووە و ئەو هەر ئەو مرۆڤەیە کە کولتووری لۆکاڵ تاشیویتی و دروستیکردوە. لە کاتێکدا کۆمەڵگاکانی ئێمە، پتر لە کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا پێویستیمان بە فرەیی کولتوورد و میلتی کولتوورالیزم هەیە.

لەناو هەر یەکێک لە ئێمەدا دوو ڕەهەند پێکەوە دەژین و پێکەوە گفتوگۆدەکەن و دەجەنگن و ئاشتدەبنەوە، دیوێکیان ئیلتیزامی ئێمەیە بە کۆمەڵگای خۆمان و کێشەکانییەوە، دیوێکیشیان ئەو ڕەهەندە سەراسەری و گەردوونیەیە کە



Scanned with CamScanner

ئێمە گرێدەداتەوە بە کۆی دونیا و مرۆڤایەتییەوە، کوشتنی ئەو ڕەهەندە گەردونییە لە مرۆڤدا، گۆڕینێتی بۆ کەسێک کە سنووری تێگەیشتنی لە دونیا لەو دیو دەرگای ماڵەکەی خۆیەوە تێناپەڕێت، گۆڕینێتی بۆ ناسیۆنالیستێکی گەمژە... کۆیلەکانی «ئێرە» تەنیان ئەوانە نین کە هەموو جۆرێک لە کۆچ وەک خیانەتێک لە نیشتیمان وێنادەکەن، بەڵکو ئەوانەشن کە کۆچیان کردوە و بەڵام لە کولتووری خۆیان زیاتر ناتوانن بەرهەم و بەهای هیچ کولتوورێکی تر مەسرەفبکەن. کۆچبەر گەر نەتوانێت فرەکولتووریی بهێنێتە ناو ژیانییەوە، وەک ئەوەیە هەرگیز کۆچی نەکردبێت.

گەر کۆچ بووە دیاردەیەکی هێند گەورە کە بەری پێنەگیرێت «وەک لە مرۆدا دەبینین» ، ئەو کات مەلا و واعیزەکانی ئەم عیبادەتە تازەیە، عیبادەتی شوێن، لیستێکی درێژ لە سانسۆری ئەخلاقی و سیاسی بۆ کۆچبەران دادەڕێژن تا ئەو پردانە دروستبکەنەوە کە دەیانبەستێتەوە بە سەرەتاییترین و پریمیتیڤترین وێنەی نیشتیمانەوە.

ئایدۆلۆژیستەکانی ئەم عیبادەتە، تەنیا پیاوانی ئایین نین، بەڵکو ئەو ناسیۆنالیستانەن کە لەسەر بە «دینیکردنی» پەیوەندی نێوان «فەرد» و «نەتەوە» دەژین، ئەو چەپانەن کە لەسەر بە دینیکردنی پەیوەندی نێوان «فەرد» و «واقع» دەژین. نیشتیمانپەروەریی تەنیا لەو کاتەدا مانای هەیە کە خەباتی کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ ئازادی و گەشەکردن و فرەکولتووریی بەرجەستەبکات. نیشتیمانپەروەریی لە هەوڵدان بۆ ئازادی سیاسی جیانابێتەوە، هەموو ئەوانەش کە لە دوای ئازادبوونی نەتەوە لەسەر حیسابی نەتەوەکانی تر قسە لە نیشتیمانپەروەریی دەکەن، قسە لە جۆرێک لە نیشتیمانپەروەریی فاشستیانەدەکەن. نیشتیمانپەروەریی دۆخێکی ئەزەلی نییە، بەڵکو لەو حاڵەتانەدا مانای هەیە کە شوناسی تۆ، سنووری ئازادیت و زمانت و کولتوورت لە مەترسیدایە، لەو کاتەدا مانای هەیە کە دەبێتە مایەی دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان دوو قەوارەدا کە هاوسەنگیان تووشی گرفتێکی گەورە بووە، گرفتێک



Scanned with CamScanner

وادەکات یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەویدی گەشەبکات. گومان نییە لەوەی کە نیشتیمانپەروەر جۆرە عاتیفەیەکی قوولیشە بەرابەر بە نیشتیمان و شوێنی لەدایکبوون، بەڵام ئەم عاتیفەیە کە وەرگەڕایە سەر دیلبوون لە ناو یەک سیستمی کولتووری و یەک شێوازی ژیان و یەک ڕێکخستنی ئەخلاقیدا، کە بووە هەستێکی غوربەت بەرابەر بە جیهان، کە بووە هێزێکی ڕێگر لەبەردەم ئەوەی هاولاتییەکی گەردونیش بین، سەر بە هەموو دونیا بین و سەر بە هەموو کولتوورەکان بین، کە بووە ترسێکی سایکۆلۆژی لەهەموو ژینگەیەکی دەرەکی، کە بووە نەفرەت لە هەموو بێگانەیەک، کە بووە دوورکەوتنەوە لە سێبەری هەموو شارستانییەتەکان، لێرەدا نیشتیمانپەروەریی دەبێتە مۆتەکەیەکی گەورە.

نیشتیمانپەروەریی خاڵییە لە ترس لە جیهان، بەڵام «شوێن پەرستی» هەڵچنینی دیوارێکی سایکۆلۆژییە لە نێوان «فەرد» و «دەرەوە»دا... شوێن پەرستی خەبات نییە بۆ ئازادی، بەڵکو خەباتە دژی گۆڕان لە ناو ژینگەیەکی کولتووریدا، لەوانەیە ئەوانەی «شوێن» عیبادەتدەکەن، لەهەمان کاتدا لە ڕووی سیاسییەوە خەباتگێڕبن بۆ دەرکردنی داگیرکەران لەم پارچە یان ئەو پارچەی نیشتیمان، بەڵام خەباتگێڕ نین بۆ شکاندنی کۆتە کولتوورییەکان. لەوانەیە دژی ئەوەبن یەکێک وەک داگیرکەر پێبخاتە دونیای ئێمەوە، بەڵام دژی ئەوەشن پەیوەندیی کولتووریی بە دونیای دەرەوە بگاتە ئەوەی هۆشمەندی و جیهانبینیی مرۆڤەکانی ئێرە بگۆڕێت، لێرەوە ئەم کولتوورە چەند خۆی نیشتیمانپەروەر و شۆڕشگێڕ دەربخات لە ناخدا کۆنزەرڤاتیڤ و دژ بە گۆڕانە.

ئێرەپەرستی جۆرە ڕاسیزمێکی هەڵگەڕاوەیە، ڕاسیستەکان لە خۆرئاوا دژی ئەوەن بێگانە پێبخاتە سەر خاکیان، ڕاسیستەکان لەلای ئێمە دژی ئەوەن ئێمە پێبخەینە سەر خاکی خەڵک، ڕاسیستەکانی خۆرئاوا پێیان وایە بێگانەکان خاکەکەیان پیسدەکەن، ڕاسیستەکانی لەمەڕ ئێمە پێیان وایە خاکی ئەوان ئێمە پیسدەکات، ڕاسیستەکانی خۆرئاوا پێیانوایە هاتنی ئێمە زیان لە ڕەسەنێتی خوێن و کولتووری ئەوان دەدات، ڕاسیستەکانی ئێمەش پێیانوایە خوێن و



Scanned with CamScanner

کولتووری ئێمە نابێت تێکەڵاوی خوێن و کولتووری ئەوان بێت، ئەوان پێیانوایە کچیان نابێت بەر کوڕمان بکەوێت، ئێمەش پێمانوایە کچمان نابێت بەر کوڕیان بکەوێت. ئەوان پێیانوایە دەبێت ئێمە گەمارۆبدرێین و لە کۆمەڵگاکانی ئەواندا بخرێینە پەراوێزەوە، راسیستەکانی ئێمەش پێیانوایە کە دەبێت ئێمە بچینە دواوە و خۆمان گۆشەگیربکەین تا ئەو وێنە ڕەسەنە و ئەو کولتوورەی لەگەڵ خۆماندا هێناومانە گەرد نەگرێت. نیشتیمانپەروەریی لای راسیستەکانی خۆرئاوا پاراستنی نیشتیمانە لە بێگانە، نیشتیمانپەروەریی ئێمەش پاراستنی خۆمانە لە نرخ و بەها و داب و نەریت و کولتووری ئەوان.

ڕەهەندێکی ترسناکی دیکەی ئێرەپەرەستی کوشتنێتی بۆ ئەو بەشە ناوەکییانەی مرۆڤ کە هیچ جۆرە سروشتێکی ناسیۆنالیستیانە یان کولتوورییان نییە، سەیرکردنی مرۆڤ وەک گیانلەبەرێکی کولتووریی یان نەتەوەیی، سادەکردنەوەی ئینسانە بۆ چەند کڵێشەیەکی ترسناک، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی سەرتاپاگیر و فرەڕەهەندە، تا ئەو ئەندازەیەی یۆنگ دەڵێت «لە ناوەوەی مرۆڤدا دەنگێکی نامرۆڤانەش هەیە»«٣».

بەو مانایە چەندەها ڕەهەند کە درێژکراوەی جیهانی ئاژەڵ و ڕووەکە هێشتا لە پێکهاتی دەروونیی ئێمەدا دەژین، لە نەستماندا زیندوون و کاردەکەن. ئەگەر هەستی مرۆڤ شوێنی شتە خێرا و ئامادەکان بێت، ئەوا نەستی ئەم مرۆڤە شوێنی «بەشە یونیڤێرسالەکان»ی ئەم مرۆڤەیە کە «یەکانگیرییە فیزۆلۆجی و دەروونی و ڕۆحییەکەی کە ڕیشەی گەردوونییان هەیە لەوێدا نیشتەجێیە». شوێنپەرستی دابڕینی مرۆڤە لەو هەموو ڕابوردووەی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، ئەو ڕابوردووەی کە نە پەیوەندی بە کولتوورە ئیسلامییەکەیەوە هەیە، نە پەیوەندی بە شوناسی نەتەوەییەوە هەیە. شوێنپەرستی گەمارۆدانی مرۆڤ و خنکاندنی ڕەهەندە گشتییەکانێتی کە شوێنی دونیا بان کولتوور و بان سیاسییەکەی ناومانن.

گەر وردتر تەماشابکەین بەشێک لە ئەفسانە و وێنە خەیاڵییەکانی ئێمە



Scanned with CamScanner

دەرهەق بە دەرەوە هەڵقوڵاوی تارمایی ئەو عیبادەتەیە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان سێبەری بەسەر ڕۆحی هەموومانەوە هەیە «عیبادەتی شوێن». ئەمجۆرە عیبادەتە وادەکات مرۆڤ چۆن بڕوا ئایینییەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموو جێگایەک دەبات، هەمان شێوە شوێنێکی پیرۆزیش لەگەڵ خۆیدا بە دونیادا بگێڕێت... جێگایەک کە هەموو شتێکی شایستەی عیبادەتە. بەسە مرۆڤ هەندێ شیعری پڕ نۆستالژی شاعیرانی کورد لە ئەورووپا بخوێنێتەوە، تا لە وێنەی ئەو جۆرە تەقدیسکردنەی نیشتیمان نزیکببێتەوە کە خەڵکانێکی زۆر لە تاراوگە بە جۆرە چێژ و لەزەتێکی سایکۆپاتانەوە دووبارەیدەکەنەوە.

خۆپاکردنەوە لە ئەفسانەکان و ناسینەوەیان وا پێویستدەکات، کۆی ئەو بارگە خورافی و غەیبییەی لەسەر چەمکگەلی نیشتیمان و غوربەت نیشتووە بتەکێنرێت و کۆی ئەو وێنە ئایدۆلۆژیانەش ئاشکرابکرێت کە لە پشت ئەو وێنانەوەن. بەدرێژایی ئەم باسە هەر قسەکردنێک لە ئەفسانەکانی کۆچ، قسەکردنیشە لەسەر شوێنپەرستیی و ئەو میکانیزمانەی مرۆڤ دەیانخاتەگەڕ بۆ خۆگونجاندن و تەبایی لەگەڵ وێنە و داخوازییەکانیدا. شوێنپەرستی هەوڵێکی بێوچانە بۆ گۆڕینی میعماری ژیان بە شێوەیەک لە هەموو جێگاکاندا شێوەی یەکەم ژیانی هەبێت، کە ژیانی جارانی نیشتیمانە.

ئارمین ناسیحی لە یەکێک لە تێزەکانیدا سەرهەڵدانی تێگەیشتنی مۆدێرن لە کەسی غەریب گرێدەداتەوە بە فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەوە. کەسی غەریب ئەوەیە کە سەر بە نەتەوە نییە، بەوەشدا هەموو مافەکان لە نەتەوەوە هەڵدەقوڵێن و کەسی نامۆش ئەو کەسەیە کە سەر بەگەل و نەتەوە نییە، واتە هاولاتی نییە، هاولاتیش تاکە کەسێکە کە لە دەوڵەتی نەتەوەدا مافە ئینسانییەکانی دەبێت بپارێزرێن، دەستوور بۆ دیاریکردنی مافەکانی ئەو نەوەک غەریبەکان نوسراوە. ناسیحی ڕستەیەکی گرنگ لە جولیا کریستیڤا وەردەگرێت و دەنوسێت «لە نێوان مرۆڤ و هاولاتیدا، برینێک زاری کردۆتەوە کە ناوی غەریبەیە»«٤».

واتە خودی فۆرمی دەوڵەتی نەتەوە بە شێوازە قانونی و حقوقییەکەی



Scanned with CamScanner

سەرچاوەی ئەو ترسەیە لە شوێنی تر. بە مانایەک لە ماناکان و بە ئیلهام لە ڕستە زۆر گرنگەکەی جولیا کریستیڤاوە دەتوانین بڵێین «مرۆڤ بۆئەوەی ببێت بە هاوڵاتی دەبێت غەریب نەبێت». یان بە پێچەوانەوە «هاوڵاتی بۆئەوەی وەک مرۆڤ سەیربکرێت، دەبێت غەریب نەبێت» یان «غەریب بۆئەوەی ببێتە مرۆڤ دەبێت ببێتە هاوڵاتی» ئاشکرایە لێرەدا چەمکی هاوڵاتی وەک چەکێک و وشەیەک و چوارچێوەیەکی قانونی و کولتووری دژ بە وشەی غەریب بەکاردەهێنرێت.

فۆرمی دوڵەتی نەتەوە لە هەناوی خۆیدا دژایەتی غوربەتی هەڵگرتووە.

ماکە بەدەکانی شوێن پەرستی و ئێرەپەرستیی، پەیوەستێکی بەهێزیان بە سیستمی ئایدۆلۆژیی پشت دەوڵەتی نەتەوەوە هەیە.

ترس لە شوێنەکانی تر، ترسە لە دەرکردن لە نەتەوە و فۆرمە حقوقییەکەشی.

*****

جگە لەو مۆتیڤ و پاڵنەرانەی کە دەبنە ڕێگر بۆ کۆچ و ڕستێک وێنەی نێگەتیڤ دەبەخشنە کۆچبەران، کۆمەڵێک پاڵنەر و هێزی دیکە هەن دەرگاکانی کۆچدەکەنەوە و وادەکەن کۆچبەران سنووری هەرێمەکانی خۆیان بشکێنن و ڕوو لە دونیایەکی بەرینتر بکەن. کۆمەڵگا تەنیا هێزی ڕێگر بۆ کۆچ بەرهەمناهێنێت، بەڵکو هەر خۆی و ناکۆک لەگەڵ خۆیدا هێزی بزوێن و هاندەریش بۆ کۆچ بەرهەمدەهێنێت.

کۆچبەر و هەموو ئەو هێزانەی یار و دۆستی کرانەوەی کۆمەڵگان، بەرابەر بە وێنە نێگەتیڤەکانی سەفەر ڕستێک دەرگا و تەوەرەی دیکە دەکەنەوە کە ترس لە سەفەر دەرڕوێننەوە و کۆچ و گەڕان و دوورکەوتنەوە لە کولتوور دەکەنە بەشێک لە خواستی کۆمەڵایەتی. چۆن لەناو هێزە خۆپارێزەکانی کۆمەڵگادا وێنەیەکی ترسناک هەیە بۆ کۆچ، لە خەیاڵی ئەوانەشدا کە کۆچدەکەن وێنەیەکی ترسناک بۆ کۆمەڵگا هەیە... کۆمەڵێک هێزی گەورە هەن کە بەکۆ شەرعییەت دەبەخشنە



Scanned with CamScanner

کۆچ و شەرعییەت دەدەنە بڕیارەکانی کۆچبەر. ئەم هێزانە بەشێکی هەڵقوڵاوی دونیای مۆدێرنن و پەیوەندییان بە میکانیزمەکانی کارکردنی مۆدێرنەوە هەیە لە خۆرهەڵات و کوردستاندا. بەشێکیشیان پابەندی لەدایکبوونی کولتوورێکی لایەنگرە بە کۆچ لە هەناوی کۆمەڵگای ئێمەدا، بریتییە لەو هەوڵدانە گەورەیەی کۆمەڵگا دواتر دەیدا بۆ بەدەستخستنەوە و ڕاکێشانی ڕۆڵە کۆچبەرەکانی. کە کۆچ بوو بە حەقیقەتێکی گەورەی ناو ژیان چیتر سیاسەتی ترساندن و نەفرەت بەکارنایەت، بەڵکو سیاسەتی بانگکردنەوە و دەستەمۆکردنەوە و ڕاکێشانەوە دەستپێدەکات. لەم ستراتیژەشدا کۆچبەر وەک شەیتانێک تەماشاناکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێ جار وەک قارەمانێک تەماشادەکرێت.

چۆن کۆچبەر لەتەک خۆیدا دوو وێنەی سایکۆلۆژی بۆ کۆمەڵگا هەڵگرتووە کە تەواو جودان لە یەکتر. وێنەیەکی نیشتیمان پێش سەفەر کە وێنەیەکی دۆزەخی و تاریکە، دواتریش کە دەگاتە غوربەت ئەو وێنەیە هەڵدەگەڕێتەوە و نیشتیمان دەبێتە بەهەشت و غوربەت دەبێتە دۆزەخ، کۆمەڵگاش هەمان دووفاقی بەرابەر کەسی کۆچبەر وێنادەکاتەوە. هەر کات گووتارەکان ئاڕاستەی ئەوانە کران کە لە نیشتیمانن و دەیانەوێت سەفەربکەن و بڕۆنە دەرێ، لەم جێگایەدا کۆچبەر وێنەیەکی شەیتانئاسای پێدەدرێت تا لە ڕێگای ئەو وێنەیەوە کۆمەڵگا بتوانێت پتر کار لەسەر ئەوانە بکات کە لە قۆناغی بیرکردنەوە و خۆئامادەکردندان بۆ کۆچ و پەشیمانیانبکاتەوە. بەڵام کاتێک قسە هاتە سەر ئەوانەی لە دەرەوە دەژین و کۆچبەرن، ئەو زمانەش دەگۆڕدرێت، لێرەدا کۆچبەران بە شێوە زمانێکی نەرمتر قسەیان لەگەڵ دەکرێت.

خودی ئەم دوو فاقییە لە ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەدا تا دوا ئەندازە ڕەنگیداوەتەوە. دەستگاکانی ڕاگەیاندنی دینی و دەوڵەتی ئێمە باشترین ئاوێنەی ئەو دوو فاقییەن، لەسەرێکەوە وێنەیەکی شێواو دەربارەی کۆچ و کۆچبەران و سەفەرکردن و ژیان و ئەخلاقیاتی خۆرئاوا بڵاودەکەنەوە کە پڕە لە بارگەی ئاینیی و هەوای کۆنزەرڤاتیڤانە، لەسەرێکی دیشەوە خودی ئەم دەزگایانە



Scanned with CamScanner

هەموو کۆلکە خوێندەوار و سیاسییەکی خۆرئاوا دەگۆڕنە سەر قارەمانێک کە لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ نیشتیمان دەبێت ئاهەنگی گەورەی بۆ بگێڕدرێت «ئەم مۆدێلە لە کۆتایی نەوەدەکان و سەرەتای دوو هەزارەکاندا بە جۆرێکی بەربلاو باوبوو». لێرەدا ناکۆکی و دووڕوویی قووڵی میدیا کوردییەکان بەرابەر بە کۆچ تەواو ئاشکرادەبێت، لە دیوێکدا سەرقاڵی دروستکردنی وێنەیەکی شەیتانئاسان بۆ کۆچبەر و لە دیوێکیشدا گەڕانەوە و سەردانی هەموو کۆلکە خوێندەوارێکی تاراوگەنشین وەک گەڕانەوەی ئۆدیسۆس بۆ ئیساکا تەماشادەکەن.

لەسەرەوە تیشکێکی خێرام هاویشتە سەر هەندێ لە ئەفسانە ڕێگرەکان بۆ سەفەر، لە بەشی داهاتوودا تیشکێک دەخەمە سەر ئەو هۆکارانەی وادەکەن کۆچ و سەفەر بەرەو خۆرئاوا ئەو توانای کێشکردن و موگناتیسییەتە زۆرەی هەبێت.

سەرەتا بۆئەوەی لە کۆچ تێبگەین دەبێت سەیرێکی پەیوەندی کۆچ و مۆدێرنە بکەین، چونکە تەماشاکردنی کۆچ وەک بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی نوێ، کەرتێکی گرنگی کولتووری مۆدێرنەیە.

## کۆچ و وێنەکانی خۆرئاوا

هیچ کۆمەڵگایەک نییە تا سەر بتوانێت دژی سەفەر بوەستێتەوە. کۆچ و گەشت و دونیاناسی جەوهەری مۆدێرنەیە. ناوگەلێکی لە بابەت «سەردەمی خێرایی» «سەردەمی کرانەوە» ناوی دیکەن بۆ سەردەمی سەفەر. خێرایی چییە جگە لە توانای مرۆڤ بۆ هاتوچۆ لە نێوان شوێنەکان و نیشتیمانەکان و کیشوەرەکان و کولتوورەکاندا. سەردەمی خێرایی واتە سەردەمی سەرهەڵدانی توانای گەشت و توانای دوورکەوتنەوە، لەم سەردەمانەدا ناسینی دونیای دەرەوە بەشێکی گەورەی هێزی کۆمەڵگاکان پێکدەهێنێت.

کۆمەڵگا چەندە پێویستی بە وێنەی ترسناک و فۆبیایی هەیە بۆ سەفەر،



Scanned with CamScanner

هێندەش پێویستی بە وێنەی ئیجابی و بزوێن هەیە. مرۆڤی مۆدێرن لە نێوان دوو ئەفسوندا دەوەستێت، ئەفسونی ماڵ و ئەفسونی سەفەر. سەفەر و ماڵیش ماناکانیان بە پێی کولتوورەکان دەگۆڕێت. سەفەر لە دیدی خۆرئاواییەکەوە ئەزمونێکی سەد دەر سەد جیاوازە وەک سەفەر لە ئەزموونی ئێمەدا. تاکە خاڵێکی هاوبەش ئەوەیە کە چۆن مۆدێرنەی خۆرئاوا دەرگای کۆمەڵگاکانی خستە سەر پشت و دۆزینەوەی دونیای تازە و داگیرکردنی زەمینی نوێ هەوێنی گەشەی قۆناغەکانی مۆدێرنە بوون. لە دونیای ئێمەشدا کۆچ لە دەلالەتە تازەکانیدا لە مۆدێرنە جیانابێتەوە. ئێمە چەندین سەدەیە تەنیا یەک ئەفسون دەناسین کە ئەفسونی ماڵە، بەڵام لە دوای جەنگی جیهانییەوە، لەو کاتەوەی کە کۆمەڵگای ئێمە ئاشنادەبێت بە بەرهەمەکانی دەرەوە، لەو کاتەوەی کە دەرفەتی کۆچ و سەفەرکردن لەدایکدەبێت، کۆمەڵگای ئێمەش ئاشنای ئەفسونێکی دیکە دەبێت کە ئەفسونی سەفەرە.

بەڵام مۆدێرنە بەر لەوەی هۆکاری لە دایکبوون و گەورەبوونی هەڵی سەفەر بێت، سەردەمی لە دایکبوونی ڕۆحێکی جیاوازە لە ڕۆحی قۆخەڵنشینی سەردەمانی پێشووتر. مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن بەراورد بە مرۆڤی سەردەمەکانی دی ڕەهەندێکی گەردوونی گەورەتر و چالاکتری هەیە، دیارە ئەمە بەو مانایە نییە ئەم مرۆڤە هەڵگری ڕەهەندی ناسیۆنالیستانەی بەهێز نییە. لە ئەزمونی خۆرئاوادا ئیمپریالیزم توانی ناسیۆنالیزمێکی توندڕەو بە ویست و ئارەزووەکانی سەفەرکردن تێکەڵبکات. مرۆڤی خۆرئاوایی بۆ بەهێزکردنی ناسیۆنی خۆی دەبایە لە دەرەوەی سنووری نەتەوە ئیشبکات. پرۆژەی دۆزینەوەی بازاڕ و کردنەوەی ڕێگای نوێ و داگیرکردنی سەرزەمینی تازە پێویستییان بە کۆمەڵێک کەسانی سەرکێش و گیانی گەشتخواز هەبوو، کە ڕازیبن بۆ ماوەی درێژ لە نیشتیمانی خۆیان دووربکەونەوە.

مۆدێرنە گەورەبوونی خواستی سەفەر و داگیرکردن و ناسینی دونیا نەناسراوەکانیش بوو.

دیاره مۆدێرنه لەسەرتاسەری دونیادا جوڵەیەکی ناوەکی خێراتری دروستکرد، هاریکاری گەورەی مۆدێرنە تەنیا هاریکارییەکی تەکنیکی نەبوو، بەڵکو هاریکارییەکی ڕیشەیی تر بوو، کە تایبەت بوو بە ستراکتوری فەلسەفی مۆدێرنە، مۆدێرنە چۆن بەرهەمهێنی ناسیۆنالیزم بوو، لەهەمانکاتدا بەرهەمهێنی ئەنتەرناسیۆنالییەت و کۆسمۆپۆلییەتیش بوو، چۆن لە ڕووی فەلسەفییەوە گیانێکی نەتەوەیی سەرپەڕی خولقاند، لە هەمانکاتدا ئایدیای گەردونگەراشی هێنایە پێشێ. دۆزینەوە و یەکدی ناسینی کولتوورەکان بەشێکی گرنگی کۆی پرۆسەی مۆدێرنەیە. مۆدێرنە کۆی کۆمەڵگاکانی خستە پێشدەم ڕاستییەکی گەورە کە هێزی کۆمەڵگا لە ناسینی خۆیدا نییە بە تەنیا، بەڵکو ناسینی جیهان مەرجی سەرەکی و گەورەی هەموو ژیانێکی داهاتووە. مۆدێرنە جۆرە چێژێکی دیکەی خستە سەر چێژەکانی مرۆڤ، چێژی گەشت و ناسین و تێکەڵاوبوون بە کولتوورەکان و بینینی زەمینە تازەکان. ئەوە زەمینەی بۆ فەلسەفە سەرتاسەرییەکانیش خۆشکرد، تا خەون بە دەوڵەتی جیهانیی و ئاشتی جیهانییەوە ببینن، وەک لای کانت دەیبینین، یان قسە هاتە سەر ڕۆحێکی سەرتاسەریی گەردونی وەک لای هیگڵ دێتە بەردەممان، یاخود قسە لە یاساگەلێکی کۆمەڵایەتی و گەردونی دەکرا وەک مارکس و ئینگلز بانگەشەیان بۆ دەکرد. لەم جۆرە فەلسەفانەدا چارەنوسی مرۆڤایەتیی بەیەک هێڵی گەشەی سەرەکییەوە گرێدەدرا.

کاتێک کۆچبەری کورد بیر لە سەفەر دەکاتەوە، وێنەیەکی تایبەتی دونیا لە خەیاڵیایەتی، گومان لەوەدا نییە ئێمە زەمانێکی دوور و درێژ کۆمەڵگایەکی داخراوبووین، جیهانی دەرەوە بۆ ئێمە وێنەیەکی نادروست و فەنتازیی هەبووە. هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کۆچ و کرانەوە تێیاندا لاوازن، بە فەنتازیا دونیای دەرەوە بۆ خۆیان وێنادەکەنەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی مۆدێرنەدا وێنە فەنتازیاکانی خۆرئاوا بە هەموو سەر زەمیندا بڵاوبووەوە، مرۆڤی کوردیش بەتایبەت ئەو چین و توێژ و تاقمە خوێندەوارانەی کە لە



Scanned with CamScanner

شارەکاندا دەژیان تا ئەندازەیەک کەوتنە بەردەم کاریگەریی ئەو وێنەیەی خۆرئاوا کە سینەما و کتێب و ڕادیۆ و ڕۆژنامە بەرهەمیاندەهێنا. لە ڕاستیدا هێزی ئەم وێنانە لەسەر خەیاڵی مرۆڤی ئێمە درەنگ دەرکەوت، چونکە نەخوێندەواری زاڵ و کێشەی ناوخۆی کۆمەڵایەتی گەورەبوون. ناسینی خۆرئاوا وەک ئەو خاکی تەلیسمەی کە دەبێت کۆچی بۆ بکەین و ببینین و تیا بژین لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا وەک پرۆژەیەکی فەردی شەرمن سەرهەڵدەدا و دواتر لە نەوەدەکاندا وەک پرۆژەیەکی دەستەجەمعی لە خەیاڵی مرۆڤی کورددا گەڵاڵە دەبێت. واتە لە نەوەدەکاندا کۆچ دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە تەنیا پەیوەندی بە سروشت و هەڵبژاردنی فەردەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دروستبوونی نیگایەکی ترەوە هەیە بۆ دونیا. ئەو تین و تاوەی کۆچ لە نەوەدەکاندا بە خۆیەوە دەبینێت، هۆکەی تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی دەرگاکانی کۆچ و شەڕی ناوخۆ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و کولتووری دیکەش.

کۆمەڵگای ئێمە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیست و سالانی دواتریشدا، خۆرئاوای وەک زەمینی ئیمپریالیزم سەیردەکرد، جەنگ لەگەڵ دەوڵەتی پادشاهی و ئینگلیزدا وێنەیەکی ڕەشی بەخشیبووە خۆرئاوا، ئەو وێنەیە بە هۆی باڵادەستی بزاوتە چەپ و مارکسیستەکان بەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا بە توندی خۆی سەپاندبوو. هەرەسی گەورەی وێنەی خۆرئاوای شەیتان لە سالانی نەوەددا دەستپێدەکات دوای ئەوەی هەرەسی کۆمۆنیزم لەتەک خۆیدا وێنەی دژێوی سیستمە ئەلتەرناتیڤەکانی بەسەر دونیادا سەپاند، دوای ئەوەی خۆرئاوا لە دوای کۆڕەوی سالی نەوەدویەک لە شێوەی فریادڕەسێکی غەیبیدا هاتە مەیدان، دوای ئەوەی کە وێنەی «خۆرئاوای شەیتان» لەوە کەوت وێنەیەک بێت میللەتان و خەڵک ئیشی پێبکەن و هەڵگری بن، بەڵکو بووە ئەو وێنەیەی کە حوکمڕانانی ناوچەکە لە عێراق و ئێران و سوریا هەڵیدەگرن. بووە ئەو چەکەی ڕژێمە ستەمکارەکانی

دەوروبەری ئێمە لە بەرابەر مافی خەڵکدا بەرزیدەکەنەوە، لێرەوە وێنەی خۆرئاوای شەیتان ئەو زەمینە جەماوەریی و سیاسییەی خۆی دۆڕاند کە لە سەردەمی حوکمی پادشایەتی و فەرمانڕەوایی شاهەنشاییدا لە ئێران هەیبوو. لەگەڵ باڵادەستی فەندەمەنتالیزم لە ئێران و وەرچەرخانی سەدام حوسەین بۆ دوژمنێکی سەرسەختی خۆرئاوا، خۆرئاوا لە دیدی بڕێکی زۆر لە خەڵکدا لەوە کەوت «شەیتانی گەورە»بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وێنەی «فریشتەی گەورە»ی وەرگرت.

مرۆڤی وڵاتی ئێمە لە ڕۆژگاری خەباتی ڕزگاریخوازدا، خۆرئاوای وەک شەیتان و نیشتیمانی وەک دایک و فریشتە و فریادڕەس تەماشادەکرد، کەم نین ئەو شاعیرانەی ئێمە کە دژی ئینگلیز و ئیمپریالیستە خۆرئاواییەکان شتیان نوسیوە، کەم نین ئەوانەی هاواریان لە دایکی وەتەن دەکرد بە فریای ڕۆڵەکانییەوە بێت، بەڵام دەوڵەتە پۆست کۆلۆنیالییەکان و دیکتاتۆرییەکانی ناوچەکە وێنەکەیان تەواو پێچەوانە کردەوە. ئەو وەحشیەتەی دەوڵەتە تازەکان نیشانیدەدەن خۆرئاوا لە سیفەتە شەیتانییەکانی پاکدەکاتەوە. نەوەدەکان لەگەڵ خۆیدا وێنەیەکی فریشتەئاسای خۆرئاوا بەرهەمدەهێنێت، خودی ئەو وێنەیە سیحرێکی گەورە دەبەخشێتە کۆچ. تا خۆرئاوا زیاتر دژی ڕژێمەکانی ناوچەکە بوەستێتەوە، زیاتر لای خەڵک و لە ویژدانی گشتیدا خۆشەویست دەبێت. گۆڕان لەم وێنەیەدا پاڵهێزێکی گەورەی خێرابوونی ڕەوتی کۆچە. گۆڕانی وێنەکانی خۆرئاوا، هێزێکی گەورەی بەخشییە پرۆسەی سەفەر. من پێموایە هەر لێکۆڵینەوەیەکی جیددی لەسەر کۆچ دەبێت بە قووڵی ئەو گۆڕانکارییانەی وێنەی خۆرئاوا لە کولتووری سیاسی ئێمەدا بخاتە حیسابەوە.

بەڵام پرسیارێکی سەرەکی کە لێرەدا بە هەموو قورسایی خۆیەوە ئامادەیە ئەوەیە: ئایا کۆچ بۆ خۆرئاوا هەڵهاتنە لە خود یان باوەشکردنە بە دونیادا؟



Scanned with CamScanner

# کۆچ و کولتوور

مۆدێرنە لەدیوێکدا یەکدی ناسینی کولتوورەکانە و ئاشنابوونە بە یەکدی، لەدیوێکی دیکەشدا جەنگ و بەریەککەوتنیانە لەگەڵ یەکدا. تێکەڵبوونی میللەتان و دروستبوونی میترۆپۆلە گەورەکان کە زەمینی تێکەڵاوبوونی ژمارە گەلێکی زۆر نەتەوە و کولتوور و شوناسن، وەزیفەی نوێی خستە سەر شانی هەموو نەتەوە و کولتوورەکان. مۆدێرنە لە بنەڕەتدا دروستکەری فەزایەکی دیکەی ژیان و فەزایەکی دیکەیە بۆ کولتوور. لەم فەزایەدا کولتووری خالیس بوونی نییە، هەموو میللەتێک لە کارلێکی بەردەوامدایە لەگەڵ میللەتانی دیکە و هەموو کولتوورێک لە کارلێکی بەردەوامدایە لەگەڵ کولتوورەکانی دیدا. پێکەوەژیان و تێکەڵبوون حەتمییەتێکی بێچەند و چوونە. واتە هیچ سیستمێکی ژیان دابڕاو لە کۆی سیستمەکانی تر تەفسیرناکرێت و ڕەفتاری لێکنادرێتەوە. لە جۆرە هەلومەرجێکی وادا هەموو کولتوور و میللەتێک هەوڵدەدات هێز و تواناکانی خۆی دەربخات. ژیان لەگەڵ کولتوورەکاندا جیهان دەگۆڕێتە سەر شانۆیەکی گەورە کە هەر کولتوورە و دەیەوێت هێزی خۆی و ڕەنگەکانی خۆی نیشانبداتەوە. چ لە دۆخی ململانێ و چ لە دۆخی دیالۆگدا کولتوورە جیاوازەکان جیهان دەگۆڕنە سەر گۆڕەپانی خۆ نیشاندان و خۆ نمایشکردنێکی گەورە.

لە جیهانی نوێدا کولتوورەکان ناچارن بە توندی گەشە بە ڕەهەندە خۆدەرخەرەکانی خۆیان بدەن، جیهانی نوێ جیهانی گەشەی ڕەهەندە خۆنمایشکارەکانی کولتوورە. لە جۆرە جیهانێکی وادا ژیانی کۆچبەر دەبێتە شوێنی هەموو نمایشە کولتوورییەکان، ئەو لەیەککاتدا دەبێتە ئەکتەر و دەبێتە بینەریش، ئەکتەرە چونکە تێکستێکی پێیە کە تێکستی کولتووری خۆیەتی و



Scanned with CamScanner

بینەریشە چونکە لەهەمان ئەو ساتەدا کە ڕۆلی خۆی نمایشدەکات دەبێت چاوی لەسەر کولتوورەکانی تریش بێت.

کۆچ زەمینەی تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە بۆ کولتوورەکان.

ئاشکرایە هیچ کولتوورێک نایەوێت کولتووری کەمایەتی بێت، بەلام هێندەی بووە کولتووری کەمایەتی مانای ئەوە نییە ئیدی بەرەو بێهێزی هەنگاوی ناوە، ئەو کولتوورەش کە کۆچبەر لەگەل خۆیدا دەیباتە دەرەوە وەک خۆی دەبێتە کولتوورێکی ئاوارە، بەلام مەرج نییە ڕەهەندە ویژدانی و دەروونییەکانی لە ژیانی کۆچبەردا لاوازببن. پاراستنی ئەو سیستمە ئەخلاقی و ئاینییەی کە کۆچبەر لەگەل خۆیدا دەیباتەدەرێ، دەبێتە تاقیکردنەوەیەکی ناوەکی بۆ خودی کولتوورەکەشی. کۆچ پتەوی و کالنەبوونەوە و بەردەوامی نرخ و بەها ناوەکییەکانی کولتوورێک نیشاندەداتەوە کە ئەگەرچی دەکەوێتە بەر فشاری دەرەکی و لەسەر زەمینی فەرهەنگێکی دیکەدا نیشتەجێ دەبێت دەتوانێت درێژە بە خۆی بدات و خۆی نوێ بکاتەوە.

لە ململانێی نێوان کولتوورەکاندا هەمان یاسا کاردەکات کە لە ململانێی نێوان تیپە وەرزشییەکاندا دەبینرێت، ئەوەی لەسەر زەمینی تیپی بەرابەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، نرخی سەرکەوتنەکەی گرنگترە لەوەی کە لەسەر زەمینی خۆی سەرکەوتن وەدیدەهێنێت. بەدیهێنانی سەرکەوتن لە دەرەوە ئەفسونێکی تری هەیە، چونکە ڕەسانەیەتی و جاویدانێتی فەرهەنگی کۆچبەر بەرجەستەدەکات.

خۆرئاوا خۆی بەر لە هەموو فەرهەنگەکان وێنەی ئەو قارەمانە خورافیانەی دروستکردوە کە لە دەرەوەی خۆرئاوا دەبنە نمونە و ڕابەر و ڕزگارکەر. کولتوور بۆئەوەی لایەنە موعجیزەئاساکانی خۆی نیشانبداتەوە، دەبێت ئەوە دەربخات کە لە خراپترین هەلومەرجدا دەتوانێت بەهاکانی خۆی و هێزی ئەخلاقیاتی خۆی بەرجەستەبکات. ڕەنگە ڕۆبنسن کرۆسۆ، پالەوانی ڕۆمانە کلاسیکییەکەی دانیال دیفۆ نمونەیەکی کلاسیکی بێت بۆ ئەو پیاوە سپییەی بە



Scanned with CamScanner

کەرەستەیەکی کەم دەتوانێت لە جێگایەکی دابڕاو و دوور لە شارستانییەتدا ژیانێکی تەواو نوێ دروستبکاتەوە. ئەدەبی خۆرهەلات و خۆرئاوا زەمینی فەنتازیایەکی کولتووری گەورەن کە تیایدا هەر فەرهەنگە و لە دیدی خۆیەوە بالادەستیی خۆی نیشاندەداتەوە، هەر لایەنە و توانای عەقلی و هێزی ڕابەریی و سیحری جنسیی تاکەکانی خۆی زیاتر بەرجەستەدەکات. کتێبەکانی ئەدوراد سەعید و جۆرج تەرابیشی سەفەرێکی قوولن بەلام بە دوو ئاڕاستەی جیاواز لە ئەفسانەکانی خۆرهەلات و خۆرئاوادا. ڕەنگە بەراوردێکی سەرپێیش لە نێوان لۆرانسی عەرەب«قارەمانی خۆرئاوا لە خۆرهەلات» و مستەفا سەعیدی «الطیب صالح»ی «قارەمانی خۆرهەلات لە خۆرئاوا» دا جیاوازیی نێوان مەبەست و ستراتیژەکانی وێناکردنمان ڕوونتر بۆ ئاشکرابکات.

کۆچبەر قارەمانی کولتووری خۆیەتی لەسەر زەمینەی کولتوورەکانی تر. لێرەوە نەفرەت لێکردن و دەرکردن و تەرەکردنی هەلەیەکی گەورەیە، بۆیە کاتێک کۆچبەر لە دەرەوە جێگیردەبێت و ماوەیەک دەمێنێتەوە گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر بایەخ و نرخیدا دێت، ئەو چیدی ئەو خائینە نییە کە نیشتیمانی جێهێشتووە، ئەو شەهوەتبازە نییە کە هەوا و هەوەس هەلیفریواندوە، ئەو ئیدی نوێنەری نیشتیمان و کولتووری نەتەوەیە، بۆیە بچوکترین سەرکەوتنی وەک ڕوداوێک و سەرکەوتنێکی گرنگ تەماشادەکرێت. هەلبەت ئێمەی کورد نمونەیەکی باشی ئەو دیاردە سۆسیۆلۆژییەین، ڕۆژنامە و میدیاکانی کورد لە ناوەوە و لە خۆرئاواش زۆرجار دەبنە شانۆی ئەو سەرکەوتنە وەهمیانەی کورد لێرەو لەوێ بەدەستی دەهێنێت. هەر منداڵێکی کورد لە تیپێکی قوتابخانەکەی یان شارۆچکەکەی خۆیدا یارییبکات ڕۆژنامەکانی ئێمە لە ناوەوە وەک قارەمانی گەورە نیشانیدەدەنەوە، هەر کەسێکی کورد تەوقە لەگەل پەرلەمانتارێکی ئەورووپیدا بکات، وێنەکەی دەبێت لەگەل ڕاپۆرتێکدا بلاوبکرێتەوە، هەر شۆفێری تەکسییەک کەسایەتییەک سواربکات، دەبێت بە هەوال. هەر کوردێک لە ماڵەوە دانیشت و لەسەر مێزەکەی خۆی نامەیەکی بۆ کلنتۆن یان بوش



Scanned with CamScanner

یان تۆنی بلێر نوسی ئەمە دواتر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی کوردی داگیردەکات «دیارە ئەم دیاردانە لای ئێمە نەبێت لە هیچ جۆرە ڕۆژنامەگەرییەکی دیکەی دونیادا بوونیان نییە». دواجار لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بەو قارەمانانە هەیە کە لە ئاستی کولتووردا نوێنەرایەتی بکەن و سەرکەوتنی بۆ بەدەستبهێنن. ئەمە نیشاندەرەوەی ئەو ڕاستییەیە کە کەسی کۆچبەر کاتێک دەگاتە ناو کولتوورەکانی دی، وێنەکەی دەگۆڕێت و دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوەیەکی گەورە. لەگەڵ کەسی کۆچبەریشدا هەموو کولتوورەکەی دەکەوێتە بەر ئەو تاقیکردنەوەیەوە. کولتوورەکانی ئەمڕۆی دونیا دەزانن ناتوانن بەبێ ئەو تاقیکردنەوەیە بژین و بەردەوامی بە خۆیان بدەن.

ئەمڕۆ هیچ کولتوورێک ناتوانێت ڕەسەنێتی خۆی لەسەر زەمینی خۆی و لە حەوشی خانەی خۆیدا تاقیبکاتەوە.

## کۆچ و وێنە پۆزەتیڤەکانی

«مارتن بلومنتریت» دەڵێت «نامۆبوون مەسەلەیەکی ڕێژەییە جارێک دەبێتە مایەی ترس و جارێکیش دەبێتە مایەی کامەرانی»«٥». ئەم «ڕێژەیی بوونە» لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆچبەردا دەبینرێت. ژیانی کۆچبەر جوڵەیەکی بەردەوامە بە ناو ناکۆکی و چەند ئاستی دژیەک و پارادۆکسدا.

لە چوارچێوەی ئەو ناکۆکیانەدا کۆچبەر لەپاڵ نیگار و وێنە نێگەتیڤەکانیدا زنجیرەیەک نیگار و ئەفسانەی پۆزەتیڤیشی هەیە کە جەمسەری پێچەوانەی نیگارە سەلبییەکانێتی. ئەو ژمارەیەش لە وێنە و ئەفسانەی پۆزەتیڤ، پێویستیان بە سەرنج و ڕامان هەیە. «دیارە هەریەک لە وشەگەلی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لەم باسەدا لە دیدێکی کۆمەلایەتییەوە تەماشاکراون، واتە مەرج نییە ئەوەی بۆ نیگای باو و بالادەستی کۆمەڵگا



Scanned with CamScanner

نیگەتیف یان پۆزەتیفە، خۆشیان نیگەتیف یان پۆزەتیف بن».

وەک چۆن وێنە و ئەفسانە نەریکارەکان دوو سەرچاوەیان هەیە کە یەکێکیان ژیانی کۆچبەر خۆیەتی و ئەوی دییان کۆمەڵگایە. وێنە ئەریکارەکانیش دوو سەرچاوەیان هەیە کە یەکێکیان کۆچبەران خۆیانن و ئەوی دییان هەر کۆمەڵگایە. دیارە جیاکردنەوەی سنووری ئەم وێنانە لە رووی پراکتیکییەوە زۆر ئەستەمە، لەیەکێک لە بۆچوونە گرنگەکانیدا جۆرج زیمل لە کتێبی «سۆسیۆلۆگی» دا دەڵێت هەر گەردیلەیەکی ناو کۆمەڵگا دوو بوونی هەیە یەکێکیان بوونێکە بۆ کۆمەڵگا و ئەوی دییان بوونێکە بۆ خود«٦».

ئەم دوو جۆرە لە بوون دوو جۆر لە سیستمی ئەفسانەیی هەندێ جار ناکۆک و هەندێ جار تەواوکار دروستدەکەن. بۆ نمونە نیشاندانی کۆچبەر وەک کەسێکی مولتەزیم ویستێکی کۆمەلایەتی و کولتوورییە کە کۆچبەر بێئاگای خۆی تێیدەکەوێت و دووبارەیدەکاتەوە. یان نیشاندانی کۆچبەر وەک میوانێکی کاتی کە لەسەر زەمینێکی دوور دەژی و دوا ئامانجی گەڕانەوەیە بۆ نیشتیمان، وێنەی کۆمەڵگا خۆیەتی بۆ منداڵە ئاوارەکانی. بەلام نیشاندانی کۆچبەر وەک سەمبولێکی سیاسی یان جنسی یان ئاینی لە دروستکراوی جیهانی کۆچبەران خۆیانە. واتە هەندێ لەو وێنانە ئاوێنەی ئەو خەونە دەستە جەمعییەن، ئاوێنەی ئەو بوونەن بۆ کۆمەڵگا کە زیمل ناویدەبات و هەندێکی دیکەیان ئاوێنەی ئەو بوونەن بۆ خود کە نیشاندەرەوەی ویستە فەردیی و خەونە تایبەتی و وێناکردنە تایبەتییەکانی کەسی کۆچبەرە بۆ خۆی.

لێرەدا قسە لە پەیوەندی کۆچ و ئیلتیزام ، کۆچ و ئەفسون، کۆچ و خەبات، کۆچ و پاکی دەکەم وەک کۆمەڵێک تەوەر کە هەریەکەیان سەرچاوەی کۆمەڵێک ئەفسانەو وێنەی ترن بۆ کۆچبەران.



Scanned with CamScanner

# کۆچ و ئیلتیزام

دابەشبوونی وێنەی کۆچبەر لە نێوان وێنەی پاڵەوانێکی نێگەتیڤ و پاڵەوانێکی پۆزەتیڤدا، پاڵەوانێک کە دەشێت بکرێتە نموونەی بێوەفایی و دورکەوتنەوە لەکۆمەڵگا لەگەڵ پاڵەوانێکدا کە نموونەی خۆفیداکارییە و دەکرێت و بکرێتە «نمونەیەکی باڵا». ملکەچی یەک میکانیزمن، میکانیزمی بەرگریکردنی کۆمەڵگا لە یەکێتی ناوەکی خۆی.

تا ئەو شوێنەی کۆچبەران گروپێکی بچوکن دەکرێت وێنەیەکی ناشیرینیان بدرێتی، بەڵام کە دەگەینە ئەو قۆناغەی بەشێکی زۆری کۆمەڵگا دەبنە کۆچبەری ڕاستەقینە و بەشێکی دیکەشی ئەگەری ئەوەیان تێدایە ببنە کۆچبەر، لەم دۆخەدا کۆمەڵگا سەروکاری بە تەنیا لەگەڵ کۆچبەراندا نییە، بەڵکو سەروکاری لەگەڵ سەدان هەزار خێزاندایە کە دابەشبوون، سەروکاری لەگەڵ هەموو ئەوانەشدایە کە لە ناوەوە دەژین و ناتوانن کۆچبەران لە ژیانی خۆیان بکەنە دەرەوە. لەم دۆخەدا کۆمەڵگا دەبێت وێنەی دیکە لەوانە دروستبکات، ڕێگای دیکە بدۆزێتەوە بۆ دواندن و بەستنەوە و بانگهێشتنیان، واتە شێوەی تر لە ئینتیمای کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە کە ئەندامانی ناوەوە و دەرەوە پێکەوە گرێبداتەوە. لێرەوە چۆن کۆمەڵگای میکانیزمی گوناهبارکردن و قورسکردنی ویژدانی کۆچبەر بەکاردەهێنێت بۆ ئازاردانی، لە هەمان کاتدا چیرۆکی وەفاداری و نمونەی پۆزەتیڤ لە منداڵانی خۆی دروستدەکات، تا ئەوە بسەلمێنێت کە غوربەت مانای پچڕانی پەتەکان نییە، تاراوگەبووش کەسێک نییە تەرە بوو بێت، بەڵکو هەمیشە بە چەندان پەیوەستەوە بە کۆمەڵگا بەستراوەتەوە.

هەندێ لە چیرۆکەکانی سەفەر لە کۆن و تازەشدا کۆچبەرمان وەک یەکێک بۆ وێنادەکەن کە بە نیازێکی پیرۆز لە ماڵ دەچێتە دەرێ، لە ئەفسانە



Scanned with CamScanner

کۆنەکاندا پاڵەوان زۆرجار بۆ دەرمانێکی ئەفسوناویی بۆ سێوی ژیان، یان بۆ ئاوی حەیات دەگەڕێت، بۆ هەتوانێک دەگەڕێت بۆ پاشا، یان بۆ گوڵێک کە ئەمیرەیەکی خەوتوو وەئاگابهێنێتەوە یان بیخاتە پێکەنین. لە ئەفسانە هاوچەرخەکانی کۆچیشدا کۆچبەر کەسێکە بۆ ژیانێکی خۆشتر بۆ خێزانەکەی دەگەڕێت، بۆ پاشەڕۆژێکی ڕوناکتر بۆ منداڵەکانی، بۆ کۆمەکی ئەوانەی کە جێیاندەهێڵێت، بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگاکەی لە داهاتوودا.

کۆمەڵگا لە ڕێگای ئەم مۆتیڤانەوە، لە ڕێگای ئەم سیستەمی پاساودانەوە هەوڵدەدات پردێکی عاتیفی لە نێوان کۆچبەر و ناوەوەدا دروستبکات. کۆچبەر ئەو قارەمانەیە کە لە بەر خاتری ئێمە، لەبەر خاتری ئەوانەی جێیهێشتوون چۆتەدەرێ، کۆچی ئەو جۆرێکە لە قوربانیدان.

ئێمە لەهەر کوێ بین کۆمەڵگا دڵسۆزیی و وەفامان تاقیدەکاتەوە، هەموو کۆچبەرێکیش بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە بەردەم ئەو دادگایەدایە دادگایەک ڕیشەکانی لەناو نەستماندایە. لە هەموو دانیشتن و کۆبوونەوەیەکدا تارمایی ئەو دادگایە ئامادەیە. ئەو دادگایەی هەرگیز ناپرسێت نیشتیمان چی بۆ کردوین بەڵکو دەپرسێت چیت بۆ نیشتیمان کردوە؟

لەم تاقیکردنەوەیەدا کۆچبەر ئەو کەسە نییە کە لە غوربەتدا ئەخلاقی تێکدەچێت بەڵکو ئەو کەسەیە کە لە غوربەتدا پارێزگاری ئەخلاقی خۆی دەکات و غوربەت دەبێتە زەمینەی تاقیکردنەوەیەکی مەزن. کۆچبەر ئەو کەسە نییە کە وێنەی نیشتیمانی جوان لەلای لاواز بووە، بەڵکو ئەو کەسەیە کە وێنەی نیشتیمانی جوان لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و لە خۆیدا بەرجەستەیدەکات.

ڕۆژنامەگەریی ئێمە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابوردوودا پڕبووە لە داواکاریی و ئەرک و ئیلتیزامانەی میدیاکان بۆ کۆچبەرانیان دیاریکردوە. کۆچبەر دەبێت بەردەوام ئیلتیزامی خۆی بە نیشتیمان، بە خێزان، بە کولتووری خۆیەوە نوێبکاتەوە. ئەمجۆرە ئیلتیزامە موبارەکە وەک هێزێکی نهێنی لە دوورەوە هەموو ڕووبەرەکانی ئازادی و بیرکردنەوەی سەربەخۆی کۆچبەر داگیردەکاتەوە.



Scanned with CamScanner

کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە کە کۆچبەر نابێت ئیلتیزامی هەبێت، بەڵکو ئەوەیە ئەم جۆرە ئیلتیزامە لەسەر دەستەمۆکردنەوەی فەرد دروستبووە. لەسەر ڕامکردنەوە و گێڕانەوەی بۆ ناو داوە دێرینەکان، بۆ ناو ئەو فەزایانەی کە لێی دوورکەوتۆتەوە.

## کۆچبەر و ئەفسونەکانی

ئەوەی کۆچدەکات بەهەمان وێنەی جارانەوە ناگەڕێتەوە، کۆچبەران کە دەگەڕێنەوە باق و بریق و درەوشانەوەیەکی دیکەیان هەیە. کۆچبەر لە یەکێکی ئاساییەوە بووە بە کەسێک کە بۆنی ئەو خاکانەی لێدێت کە نەمانبینیوە، بۆنی ئەو زەوی و زەریایانەی لێدێت کە ئێمە تەنیا بە خەیاڵ فەنتازیایان دەکەین، بۆنی کیشوەرێکی لێدێت کە کەسانی دی تەنیا خەونی پێوەدەبینن.

کۆچبەر لە بەر دیدی هاوڵاتییەکانی خۆیدا ئەو شەفافییەتە وندەکات کە کەسانی دی هەیانە، ژیاننامەی ئەوانی دی ژیاننامەیەکی ئاشکرایە، ڕووبەری نهێنی لە زیندەگییاندا ڕووبەرێکی بچوکە، لێرەوە هەر شێوە تەلیسمێک لە کەسایەتی و بوونیاندا هەبێت، ئاسانتر و خێراتر ڕووندەکرێتەوە و دەڕەوێتەوە. بەڵام کەسی کۆچبەر وەک کاراکتەرێکی پڕ نهێنی دەگەڕێتەوە، ئێمە نازانین بە کوێدا تێپەڕیوە، نازانین چۆن ژیاوە، بیرۆکەمان دەربارەی ئەو زەمین و وڵات و ژینگە و شوێنانە نییە کە بە ناویاندا گوزەریکردوە. ئەو لەو ساتەوەی کە پێدەخاتە سەر خاکی ئەو وڵات و میللەت و نەتەوانەی لەلای ئێمە نەناسراون، خۆشی دەبێتە جۆرێک لە نهێنی. لە ژیانی ئەودا کۆمەڵێک وێستگە هەیە وەک تەمومژ دەمێنێتەوە، دوورکەوتنەوە و دابڕان و بێئاگاییمان لێی وادەکات لە بری ژیانە ڕاستەقینەکەی خۆی ژیانێکی فەنتازیی بۆ دروستبکەین، چۆن خۆرئاوا خۆی زەمینێکی فەنتازییە کە وێنەکانی پابەندی خەیاڵاتی خۆمانن



Scanned with CamScanner

و پەیوەندییەکیان بە حەقیقەتی خۆرئاوا خۆیەوە نییە، وێنەشمان بۆ کۆچبەر دەکەوێتە ناو هەمان فەزای فەنتازییەوە.

کاتێک کۆچبەر پێدەخاتە سەر زەمینی فەنتازیاکان «خۆرئاوا»، ژیانی ئەویش دەکەوێتە بەر پرۆسەی فەنتازیاکردنەوە. ئیدی لەوە دەردەچێت وەک هەر مرۆڤێک سەیربکرێت، بەڵکو لەسەر ڕۆشنایی خەیاڵ و خورافەتەکانی خۆماندا وێنایدەکەینەوە.

مرۆڤی ئاسایی کەسێکە ڕووبەرێک لە ژیانیدا نەماوەتەوە بۆ خەیاڵاتی ئێمە. ئەو چەندە نائاسایی بێت لەو ژینگە و شوێنگە ئاساییانە جیانابێتەوە کە ئێمە هەموو کونج و کەلەبەرێکیان شارەزاین، چەندە نائاسایی بێت بەشێکە لە سیستمێکی ئاسایی، چەندە خۆی لە شتە ناسراو و سواوەکان دووربخاتەوە، دواجار بەشێکە لە سیستمی ئەو شتە سادە و سواوانە، مرۆڤی خۆماڵی و خانەنشین ناتوانێت بەرزبێتەوە بۆ ئاستی «نهێنی».

لێرەدا وشەی نهێنی بە هەموو چەمکە ستاتیکیەکانییەوە بەکاردەهێنم، نهێنی وەک ئەو ڕەگەزەی هەندێ جار بەرەو شتەکانمان ڕادەکێشێت و هەندێ جار لە شتەکانمان دووردەخاتەوە. هەندێ جار ترسمان تیا دروستدەکات و هەندێ جار خواستێکی قووڵمان تیا دەبزوێنێت بەرەو ڕووی برۆین. ستاتیکای کۆچبەر لەو هێزی ڕاکێشان و دوورخستنەوەدایە کە کۆی فەزای کۆمەڵایەتی دەوروبەری خۆی پێدەجوڵێنێت.

کۆچبەر یەکێکە کە ڕووبەرێک لە ژیانیدا هەیە کە نهێنییە، ماوەیەکی درێژ هەیە نازانین چی کردوە.

نهێنی سەرچاوەیەکی ئیستاتیکی گەورەیە. هیچ جوانییەک نییە بێ نهێنی جوانی مانای نهێنی، شتە سادەکان ناتوانن جوان بن گەر جارێکی دی بە نهێنی بارنەکرێن، لە جوانیدا ئێمە هێندەی بۆ نهێنی دەگەڕێین بۆ مانا ناگەڕێین تابلۆیەکی ئەبستراکت بۆیە سەرنجمان ڕادەکێشێت، لەبەرئەوەی نهێنییەک دەخاتە بەر دەممان، نەوەک لەبەر ئەوەی مانایەکی دیاریکراوی هەیە. ئێمە



Scanned with CamScanner

لە ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا هەمیشە جوانی بە سیحرەوە گرێدەدەینەوە، کاریگەری جوانی لەسەر خۆمان بە سیحرلێکردن ناودەبەین، سیحریش بریتییە لەو دیاردانەی کە تەفسیرمان بۆیان نییە. لە سەرەتاوە خەیاڵی کۆمەلایەتی میللەتێکی داخراوی وەک ئێمە دەرەوەی خۆی وەک نهێنی بینیوە، ئەو کولتوورە دێرینە لە سەردەمی حوکمڕانی بەعسدا برەوێکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت. قەدەغەکردنی سەفەر لە عێراقدا زەمینەیەکی کاریگەربوو بۆ لە دایکبوونەوە و زیندوبوونەوە و گەشەکردنی وێنەی «جیهانی پڕ نهێنی»، کولتووری تەماشاکردنی هەموو شتێکی غەریب وەک شتێکی بەنرخ. لەو جێگایەدا کە سەفەر قەدەغەیە مرۆڤ بە فەنتازیا دەرەوەی خۆی وێنادەکات. وێنەی خۆرئاوا وەک زەمینی جوانی، ئازادی، هەمەڕەنگی، خۆشی بێ سنوور، تاکە وێنەیەکە کە لە ژێر سایەی سیستمە داخراوەکاندا گەورەدەبێت و گەشەدەکات. لە وڵاتێکی وەک عێراقدا، ڕژێمی بەعس ڕۆڵێکی گرنگی لەوەدا بینی، وێنەی خۆرئاوا ببێتە وێنەیەکی ئەفسانەیی، بە جۆرێک لە دوای لاواز بوونی دەسەڵاتی بەعس، بۆ چەند ساڵێک ئەو کۆچبەرانەی لە خۆرئاوا دەگەڕانەوە، وەک کەسانێک لێیان دەڕوانرا لەسەر زەمینی ئەفسونەوە هاتبن، لێرەوە ئەفسونی نهێنی بوو بە بەشێک لە جوانی و ئەفسونی کۆچبەریش.

نهێنی کۆچبەر دەبێتە جۆرێک لە سیحر و وزەی ئیرۆتیکی. کۆچبەر لە ناکاو دەبێتە بوونەوەرێک شایەنی ئیرەییە، ئەو هەموو ئەو شتانەی دیوە کە ئێمە نەمانبینیون، لەو جێگایانەدا ژیاوە کە ئێمە نە ژیاوین، ئەو ئافرەتانەی بۆنکردوە کە ئێمە نەمانکردون، ئەو جل و بەرگانەی پۆشیوە کە ئێمە لەبەرمان نەکردون، جۆرێک بریسکە و ڕەونەق و درەوشانەوەی هەیە کە ئێمە نیمانە. ئەمە دەرگا لەسەر ئەفسانە و خورافەتە جنسییەکانی کۆچبەریش دەکاتەوە. ئیرۆتیکییەتی کۆچبەر کە گەورەترین دیاردەی ناو ژیانی جنسی کۆمەڵگای نەوەدەکانی ئێمەبوو، لەوەوە هاتبوو کە کۆچبەر وەک یەکێک دەردەکەوت کە سەر بە جیهانێکی ترە. ئەم دۆخە خودی کەسی پەنابەر پارچەپارچەدەکات،



Scanned with CamScanner

کلێشە کۆمەڵایەتییانەی

لە نێوان وێنەی ڕاستەقینەی خۆی و ئەو قالب و کلێشە کۆمەڵایەتییانەی لەسەری دروستبوون ناکۆکییەکی قوول دروستدەبێت. زۆرجار کۆچبەر دەچێتە ناو وێنەکان و خودی خۆی جێدەهێڵێت، خۆی لە یاددەکات تا خیانەت لە وێنەکە نەکات. ژیانی پەنابەر ئەوکاتە وێراندەبێت کە لە بری ئەوەی سەیری کاراکتەر و پێویستییە ڕاستەقینەکانی خۆی بکات سەیری ئەو وێنەیە دەکات کە لەسەری بڵاوبۆتەوە. کۆچبەر چەندە کوشتەی ئەفسانە نێگەتیڤەکانە لەسەری، هێندەش قوربانی ئەفسانە پۆزەتیڤەکانە، ئەو دەبێتە دیلی وێنەیەکی ئەفسانەیی بۆ خۆی، دیلی وێنەی کەسی جوان و سیحراویی و بە هێز و بەتوانا... دەزانێت ئیرۆتیکییەت و قورسایی و ئەفسونی لە کاراکتەری خۆیەوە نەهاتوون، بەڵکو لەو وێنەیەوە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەو لەسەر زەمینێکی پڕ نهێنییەوە هاتووە و ستاتیکای هەموو ئەو کۆمەڵگایانەشی لە پشتە کە لە خەیاڵی مرۆڤی ئێمەدا مەڵبەندی هێز و سێکس و جوانین.

بە کورتی لە نێوان کۆچبەر و کۆمەڵگای خۆیدا گەمەی درۆکردن دێتەپێشێ، لەسەرێکەوە کۆمەڵگا خۆی وا وێنادەکات کە شتێک نییە پشتی تێبکرێت، فەرامۆشبکرێت، بەشبکرێت و شەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، لەسەرێکیشەوە ئامادەیە کۆچبەر وەک بەشە دەرەکی و بەهێز و بە ئیرادەکەی خۆی وێنابکات و هەر کاتێک هەر کەسێکی گەڕایەوە وێنەی قارەمانی بداتێ.

کۆچبەریش هەمان گەمە لەگەڵ کۆمەڵگادا دەکات، لەسەرێکەوە خۆی وەک بەشێک لە کۆمەڵگا نیشاندەداتەوە و لەسەرێکی دیشەوە بەو مەرجە دێتە ناو گەمەکانەوە کە حیسابی شتێکی گرنگتر و ئەفسوناویی و نائاسایی بۆ بکرێت. مەرجی سەرەکی کۆچبەر لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیدا ئەوەیە کە ئەو سەرمایە ڕەمزییەی لێنەسێنرێتەوە کە لە خەیاڵی کۆمەڵایەتیدا دروستیکردوە، ئەو فاسیلەیەی لێنەسێنرێتەوە کە لە وێنە ئاساییەکانی مرۆڤی ئاسایی دروستیکردوە، هەر بۆیە لە گەڕانەوەیدا هەمیشە ئەو وەزیفە گرنگ و پۆستە بڵندانە وەردەگرێت کە خودی ئەو فاسیلەیەی بۆ دەپارێزن و بڕێک لەو



Scanned with CamScanner

ئەفسونەی بۆ دەهێنەوە. من سەرنجی ئەوەم داوە، زۆر لە کۆچبەران گەر وەک کەسانی نائاسایی و گرنگ تەماشانەکرێن، زویر و تورە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوروپا و تۆمەتی قەدرنەزانین و زێڕنەناسین دەدەنە پاڵ کۆمەڵگا.

زۆربەی ڕەفتارەکانی کۆچبەر لەکاتی سەردانیدا بۆ ولات، ملکەچی ئەو مۆتیفی خۆنمایشکردنەن کە ئەو وێنەیە دەیسەپێنێت، ئەو دەبێت بیسەلمێنێت بەهێزە، دەسەلاتێکی دارایی باشتری هەیە، کولتووریکی تری پێیە، پاشەڕۆژێکی دیکەی هەیە، زانست و مەعریفەتێکی هەیە کە خەڵکانی نیشتەجێی نیشتیمان نیانە. ئەو دەبێتە دیلی وێنەیەکی خەیاڵی و نیگایەکی خەیاڵی کە خۆی دروستی نەکردوە، بەڵکو کۆمەڵگا سەپاندویتی بەسەریدا. لە سالانی نەوەدەکاندا کە کۆچبەران بە سەردان دەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان، هەمیشە هەولیاندەدا، ڕۆڵی کەسی پارەدار و بەهێز و پڕ قودرەت نمایشبکەن، گەرچی ئەو دۆخە دوور و نزیک لەگەڵ هەقیقەتی ژیانی کۆچبەراندا نەدەگونجا.

ئاشکرایە هەموو کۆچبەرێک کە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان بە هەستێکی تایبەتی غوربەتەوە دەگەڕێتەوە. زمانی دەربڕین لەم غوربەتە لە کەسێکەوە تا کەسێکی دی جیاوازە. کێشەی هەرە سەنترال و وجودییانەی ئەم غوربەتە لە خودی ئەم وێنە جیاوازانەوە دروستدەبێت کە بۆ کۆچبەر دروستدەبن. کاتێک کۆی کۆمەڵگا بەچاوی نهێنی تەماشای کۆچبەربکات، خودی ئەو نیگایانە، خودی ئەو وێنەیە جارێکی تر کۆچبەر دەکاتەوە بە مرۆڤێکی نامۆ، واتە غوربەتی کۆچبەر ئیدی تەنیا لەوەوە نایەت کە دەگەڕێتەوە و دەبینێت هاورێکانی لەوێ نەماون، ژیان گۆڕدراوە، دەسەلاتی کوردی ئەو دونیایەی بە شێوەیەکی هەلگەڕاوە دروستکردۆتەوە، بەلکو لەوەوە دێت کە ئەو لە چاوی کۆمەڵگاوە بووە بە کەسێکی نەناسراو، بەلام نەناسینێک ئەفسون و سیحری پێدەبەخشێت و لە کەسانی تر جیایدەکاتەوە. بە کورتی کۆمەڵگا کۆچبەری گۆڕیوەتە سەر مرۆڤێکی نائاسایی، بەلام لە هەمانکاتدا نامۆ و پڕ نهێنی.

درۆی گەورەی کۆمەڵگا لەگەڵ کۆچبەردا ئەوەیە؛ دەیەوێت لە ئامێزی

بگرێت و بیکاتەوە بە بەشێک لە خۆی ، بێئەوەی غوربەتی لێ بسڕێتەوە.
درۆی گەورەی کۆچبەریش لەگەڵ کۆمەڵگادا ئەوەیە کە دەیەوێت وەک بەشێک لە کۆمەڵگا تەماشابکرێت، بەلام وەک کەسێکی نائاسایی و پڕ ئەفسون بمێنێتەوە. کۆمەڵگا و کۆچبەریش پێکەوە پێویستیان بە دروستکردنی وێنەیەکی ئەفسانەیی و ئەفسوناویی بۆ کۆچبەر هەیە، هەردوکیان سوود لەو وێنەیە دەبینن، بەلام هەردووکیان زیانی کوشندە و قووڵیشیان بەردەکەوێت.

## کۆچبەر و ئەفسانە نوێکانی نێرایەتی

کۆچی ئێمە لە سەرەتاوە پرۆسەیەکی نێرانەیە، ئەمە بەو مانایە نییە کە ژن سەفەرناکات و خەونی کۆچی نییە و نایەوێت کۆچبکات و خۆی ناچێتە ژێر باری سەفەر. تەواو بە پێچەوانەوە کۆچ خەونێکی مێینانە و نێرانەشە. ئەمە ئەگەر نەڵێم ئەو وێنانەی لە خەیاڵی ئێمەدا بەرابەر خۆرئاوا هەن ختوکەیەکی توندتری خەیاڵی بریندار و تاریک و چەپێنراوی ئافرەت دەدات تا پیاو، کە دواجار خۆرئاوا لای ئەو دەبێتە هەڵگری وێنەی ڕزگارییەکی هەمیشەیی بەرابەر چەوسانەوەیەکی هەمیشەیی.

خۆرئاوا لەسەر خەیاڵی ئافرەتی کورد، ئەفسونێکی بێئەندازە گەورەی هەیە، خودی ئەو ئەفسونە وادەکات نێری کورد بڕێک لەو ئەفسونە هەڵگرێت و گەیشتن بە خۆرئاوا وەک چەکێکی نوێی نێرایەتی تەماشابکات.

یەکێک لەو گۆڕانکارییە گەورانەی دوای ڕاپەڕین دێتە مەیدان. ئەو گرفتەیە کە زمانی تەعبیرکردنی پیاوی کورد لە نێرایەتی خۆی تووشی دێت. لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە پیاوسالاریی هێشتا لەسەر هوشیارییەکی تەسک و سەرەتایی بەندە و لە ڕەفتار و دەرکەوتەیدا مۆدێلی پەتریارکییەتی کۆنی تێنەپەڕاندوە، زمانی تەعبیرکردنی نێر لە خۆی تەنیا هێز و سامانە. لە دوای



Scanned with CamScanner

ڕاپەڕین و شکستی سەمبولی ناسیۆنالیزمی کوردیی و پاشەکشەی ترسناکی وێنەی پێشمەرگە، وەک ڕەمزی تەقلیدیی پیاوی ئەفسانەیی و شایەنداری کورد، نێری کورد لە چوارچێوەی هەمان کولتووری پیاوسالاردا هەولدەدات پرۆسەی کۆچ وەک سەرمایەیەکی ڕەمزی بۆ دەرخستنی خورتی و نێریی خۆی بەکاربهێنێت. کۆچ ئەو شارێگایە بوو کۆچبەر لەڕێگایەوە هەولیدەدا ببێتە سەمبولێکی جنسی.

لە دوای ڕاپەڕین و تا دوای ڕوخانی سەدام حوسەینیش بە چەند سالێک، موگناتیسییەتی سێکسی کەسانی کۆچبەر، یەکێک بووە لە دیاردە گەورەکانی ژیانی کۆمەلگای ئێمە. ئەم هێزێراکێشانە جنسییەی کە لە کەسانی کۆچبەردا هەبوو سەدان داستانی عەشقی لە ناوەوە کوشت و سەدان تراژیدیاشی لە پەیوەندی نێر و مێی کورددا دروستکرد. هەزاران ژن و پیاو لە پێناوی سەفەردا دەستبەرداری خۆشەویستیی و عەشقە ڕاستەقینەکانیان بوون.

ئەو هۆیانە زۆرن کەسی کۆچبەر دەکەنە سەمبولێکی سێکسی، لەوانە کۆچبەر کە دەگەڕێتەوە کۆمەلگای خۆی وەک غەریبێک تەماشادەکرێت و لە دونیا داخراوەکانیشدا هەموو غەریبێک هێزێکی کارتێکردنی جنسی بەهێزتری هەیە. کۆچبەر هەلگری هەندێک خەسلەتی نوێیە کە جیاوازە لە شتە ئاسایی و ڕۆژانە و دووبارەکان. وێنەکە تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە ئەو بۆنی زەوی و جێگای دووریی لێدێت، بەلکو ئەو کە دەشکەڕێتەوە بۆ ولات، میوان و ڕاگوزەر و تێپەڕە. ناگەڕێتەوە بۆئەوەی بمێنێتەوە، بەلکو دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خۆی دەربخات و جارێکی تر ونببێتەوە، واتە لای دەوروبەری بێزاری دروستناکات، یان بەزمانی خەلکی سادە کەس تێری لێناخوات. خودی ئەو دەرکەوتنە فلاش ئاسایە، ئەو دەرکەوتن و ونبوونەوە بەردەوامە، ئەو تەمومژ و ناڕوونییەی کە لەدەورێتی، ئەو کۆنترۆل نەکردنە سەیرەی لە لایەن کۆمەلگاوە، هەموو بزوێنێکی گەورەن بۆ خەیالی سێکسوالییانە.

تا ئەمڕۆ هیچ لێکۆلینەوەیەکی جیددی لە سەر خەیالی سێکسوالییانەی

ئافرەتی کورد و فەنتازیاکانی نییە، بەلام ئەو ئەفسونەی لەم چەند ساڵەدا کاراکتەری کەسی کۆچبەر لە فەنتازیاکانی ئافرەتی ئێمەی کردوە، ئەوە دەردەخات خودی ئەم خەیالە سەرشارە بە وێنەی چەپێنراوی نزیکبوونەوە لەگەل کەسانی نامۆ، کەسانێک کە لە ژینگەی ڕۆژانە و ئاساییدا نابینرێن. خەیالێکە زۆر زوو وێنەی دونیا دوورەکان دەیوروژێنێت. بە ئەندازەیەک دەکرێت بلێین ژنی ئێمە کاراکتەرێکی پڕ خەیالی هەیە کە خەون بە دوورکەوتنەوە و دابڕانەوە دەبینێت لەو شوێنەی کە تیادەژی، واتە لە نەست و جیهانی نائاگای زۆرینەی ژنانی ئێمەدا ویستێکی گەورە بۆ پچڕان و دەرچوون و دوورکەوتنەوە لە هەموو پەیوەندییەکانی ئێستایان هەیە. پەیوەندییەکانیان بە شوێن و بە کولتوور و بە ژینگەی کۆمەلایەتییەوە، پەیوەندییەکی گرفتئامێزە. ڕیشەی ئەم ویستە لە ئاستی سێکسوالیدا وەک فۆرمی پەیوەندی لەگەل غەریبەیەکدا و لە زەمینێکی غەریبدا دەردەکەوێت. گومانیش لەوەدا نییە کە ئافرەتی ئێمە دەبێت زۆر توند و سەرپەڕانە هەموو ئەو وێنە نەستییانە بخنکێنێت و بیانباتەوە بۆ ئەو جێگا تاریکانەی بەشی پشتەوەی دەروون تا تەنیا لەڕێگای ڕستێک میکانیزمی «ئالوگۆڕ» و «دەستکاریکردن» ی فرۆیدییەوە بگەڕێنەوە و بەزمانێکی ئالۆزی ڕەمزیی، تەعبیر لە خۆیان بکەن. پرۆسەی ئەم چەپاندنە زۆر جار ڕەهەندێکی پێچەوانە بە خۆی وەردەگرێت و وەک ترس لە هەموو شتێکی غەریب خۆی دەردەخات و فۆرمی ترسێکی سەرپەڕانە بەرابەر هەموو شتێکی نائاشنا و نەناس وەردەگرێت، یان زۆرجار دەبێتە هۆی بێزاریی لە خود و مایەی خۆئازاردان لە هەقی ئەو گوناهانەی کە لە نەستی خۆیدا دەیانکات. لێرەوە دیاردەیەکی سایکۆلۆژی ئاساییە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئافرەتانەی لە کوردستانەوە دێن بۆ ئەوروپا یان شوو بە کەسانێکی غەریب دەکەن لە خۆرئاوا، لێرە دوای ماوەیەکی کورت تووشی نارەحەتی دەروونی سەخت دێن. من لە بازنەی ناسیاو و کەسانی نزیکدا گەلەک خانمم بینیوە کە بەگەیشتنیان بە خۆرئاوا هەموو ویست و

ئارەزوویەکی ژیانیان ونکردوە و تووشی غەمۆکی قووڵ بوون و کەوتوونەتە ناو گێژاوێکی قووڵی دەروونییەوە. دیارە تەفسیرە سادەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە کچەکە یادی کەسوکاری دەکات و غوربەتی بۆ خۆش نییە، بەڵام ئەمە تەفسیرێکی برێک گەمژانەیە. بەبۆچوونی من ڕەگی قووڵی ئەمجۆرە غەمۆکییە توند لە ناو نەستدایە، لەو دۆخەوە هاتووە کە خەون بە هەڵهاتن لەگەڵ غەریبەیەکدا بەشێکی بنچینەیی نەست و نائاگایی مرۆڤی کوردە لەوانە ژنانیش، ئەم ئارەزووە بۆ تێکەڵبوون بە غەریب زۆر دڵڕەقانە دەچەپێنرێت و دەبرێتەوە دواوە. دواتر کە ئافرەتی کورد شوو بە غەریبەیەک دەکات خودی ئەو شووکردنە لە سیستمی دەرونیدا وەک وەدیهێنانی ئەو ویستە حەرامە دەردەکەوێت. لێرەوە «هەست» و «بەرزەمن» پەرچەکردارێکی توند بەرابەر ئەو شووکردنە نیشاندەدەنەوە و وەک تێرکردنی ئارەزوویەکی حەرام سەیریدەکەن، کە دەرەنجامەکەی لە دەرکەوتنی ململانێیەکی دەرونی کوشندە و توند و زیانبەخشدا دەردەکەوێت کە زۆرجار پاڵ بە کچی کوردەوە دەنێت بە خێرایی پەیوەندیی بە مێردە غەریبەکەیەوە بپچڕێنێت یان بە پێچەوانەوە لە غەمۆکییەکی بەردەوامدا بژی. دیارە سایکۆلۆژیستەکانی خۆرئاوا بەهیچ شێوەیەک ناتوانن لەم دیاردەیە نزیکببنەوە، چونکە ڕیشەکانی لەناو کولتووری ئێمەدایە، کوردیش خۆی دەرونشیکارێکی ڕاستەقینەی نییە کە بتوانێت دەست بۆ ئەو قووڵاییە دوورانەی دەروون ببات، لێرەوە ژنی کورد لە ئاستی دەرونیدا بێ کۆمەک و بێ دەرمانساز دەمێنێتەوە«٧».

دیارە پیاوی کورد خۆشی خاڵی نییە لە ئارەزووی دابڕان لە ژینگە و دوورکەوتنەوە لە شوێنی لەدایکبوون و نیشتەجێ، خودی ئەم خەونە لە ئاستی جنسیدا لای پیاویش لە وێنەی خەوبینین بە جنسەوە لەگەڵ ئافرەتانی غەریبدا دەردەکەوێت، بەجیاوازیی ئەوەی کە پیاو زۆر پێویستی بەوە نییە تەواو ئەو خەونانە وەک حەرام سەیربکات یان تەواو سەرکوتی ئەو ئارەزووانە بکات. توندوتیژیی و سزای دەرونی لەم ئاستەدا لەسەر پیاو بەراورد بە ئافرەت

لاوازترە، بەلام مانای ئەوە نییە کە بوونی نییە. بە بڕوای من گەڕانەوەی بەردەوامی پیاوی کورد بۆ لای ئافرەتی کورد «کە دواتر لە بەشێکی تردا بە درێژیی باسیدەکەم» بەجۆرێک لە جۆرەکان دەچێتەوە ناو سیستەمی سزای دەروونی، دیارە ڕیشەکانی ئەم سزایە لای پیاو تەنیا ئەخلاقی نییە، بەلکو هەندێ جار سروشتێکی سیاسیی زەقی هەیە، وەک ئەوەی پشتکردنە ئافرەتی کورد پشتکردنێکی ڕەمزی بێت لە نیشتیمان و دواتریش گەڕانەوە بۆ لای ئەم ئافرەتە هەر جۆرە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی بێت بۆ ئامێزی نیشتیمان.

ئەو وێنەیەی کە ئافرەتی کورد لە ئاگادا دەیەوێت لەگەڵ غەریبەیەکدا ئازادی خۆی بژی و سنووری ژینگەکەی خۆی بشکێنێت، کەم تا زۆر وێنەی پیاوی کۆچبەر دەگۆڕێتە سەر جۆرە سەمبولێکی جنسی. ئەم نیگا جنسییە بۆ کاراکتەری کەسی کۆچبەر تێکەڵ بە کۆمەڵێک هەلومەرجی واقعی و بەرجەستەش دەبێت کە بە کۆ لە خزمەتی بەسێکسیکردنی فیگەری مرۆڤی کۆچبەردان، وەک بوونی پارە، شوێن، پاشەڕۆژ، دڵنیایی... دواتریش ئەفسونی کەم دەرکەوتن و نادیاریی و کاریگەریی سێکسوالیانەی تەمومژ. بۆیە دواجار خودی نێری ئێمە ئەو دەرفەتە بەکاردەهێنێت بۆ زیندووکردنەوە و دامەزراندنی کۆمەڵێک ئەفسانەی نێرانەی نوێ. لە دوای ڕاپەڕین بۆ زیاتر لە پازدە ساڵ و تا سەرهەڵدانی قۆناغی گەشەی ئابووری لە کۆتایی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکدا، کۆچبەرانی کورد پەیتا پەیتا دەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان تا لەوێ بە ئاسانترین شێوە جوانترین کچەکان بڕفێنن، ئەم دۆخە هۆکارێکی گرنگی نوێکردنەوە و بەهێزکردنی دەسەڵاتی پیاو و زیندووبوونەوەی پەتریارکیبوو لە فۆرمێکی نوێدا.

کۆچی ئێمە سەرەتایەکی نێرانەی هەیە. پیاو بزوێن و دەستپێکەرێتی، جڵەوە گرنگەکانی لەدەست نێردایە. زۆربەی کات سەرەتا پیاو کۆچدەکات و دواتر ئافرەت. یان گەر ئافرەت پێشبکەوێت یاخود پێکەوەبن، هەر پیاو ئەندازیاری یەکەم و ئافرەت پاشکۆیە. سەختی سەفەر و دژواریی ڕێگا



Scanned with CamScanner

وادەکەن تەواوکردنی ئەم داستانە پێویستی بە هێزێکی مەزن هەبێت، هێزێک دووبارە وێنەی نێری بەهێز و سنووربەزێن زیندوودەکاتەوە. ئەو توانایەی سەفەر دەیەوێت دەبێتە سەرەتای دروستبوونی ئەفسانەیەکی دیکە بۆ نێری ئێمە. ئەو حەقیقەتە تاڵەی ئافرەت بەبێ کۆمەکی پیاو ناتوانێت سەفەربکات، جارێکی تر بە شێوەیەکی زۆر بێمانا و تراژیدیی ژن دەکاتەوە بە پاشکۆی پیاو.

بەر لە ڕاپەڕین نێری ئێمە لە ڕێگای خۆهەڵواسین بە جاهوجەلالی دەسەلاتدا، یان بە بەرگریکردن و بە دژایەتی دەوڵەت و بە خۆگۆڕین بۆ قارەمانی سیاسی تەعبیریان لە نێرایەتیی «رجولة» خۆیان دەکرد. لەدوای ڕاپەڕینەوە حیزب دەبێتە تاکە نێری کۆمەڵگای ئێمە. پیاوانی پلە یەکی حیزب زۆربەی دیاردە و دەرکەوتەکانی «نێرایەتی» بۆ خۆیان پاواندەکەن. ڕەمزەکانی پیاوی مۆدێرن لە ماشێن و ماڵ و پارە و ئەکسسوارەکانی دەسەلات دەبێتە تاپۆی ئەوان، تاکە گروپێک کە دەتوانێت لە ئاستی ڕەمزیدا شێوەیەکی باڵاتر و سەرنجراکێشتری نێرایەتی پێشکەشبکات ئەو کۆچبەرانەن کە دەگەڕێنەوە. ئەوان دەبنە جۆرێک لە نێری مۆدێرنی کۆمەڵگای ئێمە کە لە پاڵ پارە و ماشێن و دیاردەکانی باڵادەستیی چینایەتییدا، ئاسۆی سەفەر و دونیا بینینیش نێردەکەن، ئەمە جگە لەوەی وێنە شاردراوەکەیان لە خەیاڵگەی ئافرەتی ئێمەدا گرێدراوی وێنەی خۆرئاوایە کە بۆ خۆی وێنەیەکی پڕ لە هێما و ئاماژەی سێکسییە. سەفەر ئەو وەهمە لە کۆچبەراندا سەوزدەکات کە «سوپەرنێر»ی دونیای خۆیانن.

لێرەوە شەڕی نێوان نێرەکانی ناوەوە و دەرەوە دەبێتە جەنگێک لەسەر چەمکی نێرایەتی. ئەوەی بتوانێت گەشتێک بە وێنەی کۆچبەرانی گەڕاوەدا بکات لە سالانی نەوەدەکان و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، بەر ئەو شێواندنە ئەنقەستە دەکەوێت کە لەم وێنانەدا کۆچبەری بێ نیشاندەدرێت. پیاوان لە ناوەوەی وڵات بۆئەوەی زیان لەو وێنە سێکسوالییە بەهێزەی پیاوانی



Scanned with CamScanner

دەرەوە بدەن کە لە بەرابەریدا هیچیان بۆ ناکرێت، بەتوندی ئەو وێنەیە لەسەر «خارجییەکان ـ بە زاراوەی میللی» بڵاودەکەنەوە کە پیاوی نێرەمووک ئاسان و لە نێری راستەقینە ناچن، قژدرێژ و سمێڵ تاشراو و ژنئاسان. لە سکێچە تەلەفزیونییەکان و لە لاپەڕەی گاڵتەوگەپ و لە کاریکاتێرەکاندا کوردانی دەرەوە زۆربەی کات وەک پیاوی خۆلوسکەر و ڕەفتار ژنانە وێنادەکرێن کە خۆیان نازکدەکەنەوە. کەسانێکی درۆزن و دەستبڕن، کە شەهامەت و ڕەسەنایەتی پیاوانی «ڕەسەنی» کوردیان تیانەماوە... ئەم جۆرە نیگایە پەڕیوەتە ناو زنجیرە تەلەفزیونییەکانیشەوە، بەتایبەت لای ئەو دەرهێنەرانەی زۆر لەسەر ختوکەدانی خەیاڵی خەڵکی سەرجادە ئیشدەکەن.

شوبهاندنی پیاوی دەرەوەی وڵات بە ژن کە ڕووبەرێکی زۆری تەنزی ڕۆژنامەگەریی و تەلەفزیونی ئێمەی داگیرکردوە. لەسەر زیانگەیاندن لە پیاوەتی و گومان لە نێرایەتی دروستبووە. خودی ئەم هەڵوێستە لە ئاستی نەستدا تەعبیرە لە وێنە پێچەوانەکەی نێری کۆچبەر کە ئەفسونێکی جنسی بێئەندازە توند دەدرەوشێتەوە. من پێموایە دوای لەدایکبوونی ئەمجۆرە نێرە... کۆمەڵگای ئێمە لە ناوەوە ، لە نەستی تاک و کۆکاندا تووشی ڕاتەکانێکی توند دەبێت، کە ناچارماندەکات بە قووڵی بە ناو ژیان و مانا و ڕەهەندە شاردراوەکانی سێکسوالییەتی کۆمەڵگای خۆماندا بچینە خوارێ. نێری ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی ئەفسانەیەکە جیاواز لە ئەفسانەی جەنگ و شکۆی حیزبی و خێڵەکی... کە شکۆی کۆچە. کۆچ چیتر سەفەرکردنێکی سادە و ئاسایی نییە، بەڵکو زمانێکی ترە لە زمانەکانی نێرایەتی، نوێبوونەوەی دەسەڵاتی نێرە بەشێوەیەکی تر و زیندووبوونەوەی وێنەی «نێری مەزنە» کە ناچارە لەگەڵ خۆی و دەوروبەردا بچێتە جەنگەوە بۆ پاراستنی ئەو سیحرەی بێئاگای خۆی بەدەستیهێناوە.

لە دوای ڕوخانی سەدام و سەرهەڵدانی گەشەی ئابووریی و بەهێزبوونی باری ئابووریی خەڵکانی عێراق و کوردستان و کرانەوەی ڕێگاکانی سەفەر



Scanned with CamScanner

بۆ دەرەوە، سیحری سێکسوالیانەی پیاوان و ژنانی کۆچبەر تا ئەندازەیەکی بەرچاو پاشەکشەدەکات، بێئەوەی سیحری کۆچ و ئەفسوونی خۆرئاوا لە خەیالی خەڵکی ئێمەدا بێتەکزی. ئەمڕۆ پیاوانی کۆچبەر ئەو درەوشانەوە جنسییە بەهێزەیان نییە، بەڵام دەشێت هەموو قەیرانێکی گەورە و هەموو لەرزینێکی گەورەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وێنەیە بباتەوە دۆخی جارانی خۆی و سەر لە نوێ زیندوویبکاتەوە. لێرەوەیە دەبێت بە وردی و بە وریاییەوە وێنە و ماناکانی نێرایەتی و سێکسوالییەت لە دونیای خۆماندا بخوێنینەوە تا لە تەلیسم و بەرز و نزمییەکانی ئەو وێنەیە تێبگەین.

## کۆچبەر و خەبات

گەر یەکێک لە وێنە نێگەتیڤەکانی کۆچبەر ئەوەبێت، هەندێ جار وەک خائین و بێدەرەوەست و هەڵهاتوو لە واقع وێنادەکرێت، ئەوا وێنەی پێچەوانەی ئەو وێنەیە کە کۆچبەر خۆی دروستیدەکات و هەندێ جار یش دەیسەپێنێت، وێنەی خەباتگێرە. زۆرن ئەو کۆچبەرانەی کە کۆچ وەک جۆرێک لە خەبات وێنادەکەن. ئاخۆ کۆچبەر خەباتگێرێکە کە لە دەست ستەمی ناوەکی کۆمەڵگا هەڵدێت و هەڵهاتنی بەشێکە لە مێژووییەک لە خەباتی سیاسی؟. لە ڕاستیدا ئەمەش ئەفسانەیەکە کە دەبێت قووڵ بچینە بنج و بناوانی.

پەندێکی بودی هەیە دەڵێت «شتەکان لە ڕۆحەوە دێنە دەری، ڕۆح ڕکێفیان دەکات، لە ڕۆحدا دروستدەکرێن». گەر ئەم وتەیە بۆ زۆر شتی دونیا ڕاست نەبێت ئەوا بۆ دیاردە هاوشانەکانی کۆچبەریی دروستە، ئەو مێژووەی کۆچبەر بۆ خۆی دروستدەکات، ئەو وێنەیەی کۆچبەر دەیداتە خۆی، هێندەی وێنەیەکی زیهنی و ڕۆحییە، وێنەیەکی ڕاستەقینە نییە کە کۆمەڵێک بنەمای ماددی هەبێت. وشەی ڕۆح لێرەدا بە مانا سۆفییە دینییەکەی بەکارناهێنم، بەڵکو وەک



Scanned with CamScanner

ئەو ستراکتورە زەینییە تێیدەگەم کە لە پشت دەرکەوتن و ئیشکردنی زۆر لە دیاردەکانەوەیە کە مرۆڤ لە ناوەوە و لە دەروندا و بۆ پارسەنگ لەگەڵ واقعدا بەرهەمیاندەهێنێت. کۆچ بەر لەوەی هەر شتێک بێت خولیایەکی زەینییە، واتە لە رۆح و خەیاڵدا گەورەدەبێت و خۆیدەگرێت و دەبێتە پرۆژە.

چەمکی نیشتیمان، چەمکێکی یەک جارەکی و دراوێکی ئەبەدیی نییە کە جارێک بەخشرابێت و لەوێ بێت و نەگۆڕێت. نیشتیمان شوێن نییە، نیشتیمان هەستێکی ئاڵۆزە کە پابەندی شوێنی نیشتەجێیەکی ئەبەدییە، نیشتەجێیەکی رەسەن کە لە ناویدا وەک هایدگەر دەڵێت ماڵی بوون دەدۆزینەوە. لێرەدا مەبەستم نییە بچمە ئەو وێنە هایدگەرییەوە کە زمان وەک نیشتیمان یان وەک ماڵی بوون تەماشادەکات، چەمکی نیشتیمان لەم باسەدا کۆنکرێتترە، بەلام لە هەموو حاڵەکاندا ناتوانم زۆر خۆم لەو چەمکە گادامێرییە لابدەم کە هەڵقولاوی روانینە هایدگەرییەکەیە، نیشتیمان شتێکە کە بەردەوام دروستدەکرێتەوە، هەموو هەوڵێکی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان هەوڵێکی مالاوایشە، چونکە نیشتیمان کە وندەبێت جارێکی دی وەک خۆی نادۆزرێتەوە. لێرەوە هیچ کات ئێمە مامەڵە لەگەڵ نیشتیمانێکدا ناکەین کە لەوێدا بە نەگۆڕی دروستبووە و دانراوە، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ شتێکدا دەکەین کە دروستیدەکەین و مالاوایی لێدەکەین و دووبارە دروستیدەکەینەوە«٨».

مامەڵەی کۆچبەر لەگەڵ بیرۆکەی گەڕانەوەدا پڕە لە فێڵ و پێچکردنەوە و لاڕێ، واتە گەڕانەوە بۆ لای نیشتیمان گەلێک فۆرم وەردەگرێت. کۆچبەر تەنیا پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و دینی خۆی بۆ گرنگ نییە، بەڵکو پاراستنی شوناسی خۆشی وەک تاراوگەنشین و کۆچبەر بەهەند دەگرێت. هۆڵدەرلین نیشتیمانی وەک «فیکرە و هیوا» تەماشادەکرد، بەلام کۆچبەریش تاراوگە وەک «فیکرە و هیوا» تەماشادەکات. بەم مانایە من خەتی خۆم لەگەڵ ئەو تێگەیشتن و راڤەکردنانەدا جیادەکەمەوە کە کۆچ وەک دیاردەیەکی سیاسی یان ئابووریی رووت تەماشادەکەن. کۆچبەری ئێمە هەمیشە لە دونیایەکی سیاسی ترسناک



Scanned with CamScanner

و له دۆخێکی ئابووری دژواردا ژیاوه، له زۆر قۆناغدا له دۆخی ئابووریی و سیاسی گەلەک سەختتردا لەمڕۆ ژیاوە، بەڵام بیری لە کۆچ نەکردۆتەوە، لە هەندێ وێستگەشدا شانسی سەفەر و کۆچ گەلەک لەمڕۆ ئاسانتر بووە، بەڵام کۆچ نەبۆتە خولیایەکی گشتی و نەبۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو. ئەمە جگە لەوەی کە بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کۆچدەکەن هوشیاریی سیاسی سادەیان لەو مەیلە سیاسییە باوانەی ناو کۆمەڵگای ئێمە تێناپەڕێت، هەروەها شێوەی ژیانیشیان ئەو شێوە ژیانە دینی و موحافیزکارانەیە نابەزێنێت کە لە وڵات هەیانبووە. ئەمە جگە لەوەی یەکێک لە مەرجەکانی کۆچ بۆ زۆربەی کۆچبەران بوونی توانای داراییە. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە کۆچ لە ژێر ڕۆشنایی پەیوەندی بە پێکهاتی سیاسی ئێمەوە قسەی لەسەر ناکرێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە بزوێنی سەرەکی بۆ کۆچ، کاریگەرییەکی سیاسی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو سیاسەت بەشێکە لەو فەزا گشتییەی کۆچی تیادەخولقێت، کۆچی ئێمە بە تایبەت لە باشووری کوردستان لە ساڵانی نێوان ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی داعشدا پتر لە ژێر فشارێکی ناوەکی و دەروونیدا بووە تا فشارێکی سیاسی ڕاستەوخۆ، واتە زویربوونێکی ڕۆحی بووە لە تەواوی ئەو ژینگە کولتووریی و سیاسییەی کە کۆچبەری تێدا ژیاوە.

بەڵام چۆن کۆچبەر دەبێتە خەباتگێڕ و ڕیشەکانی ئەم ئەفسانەیە لە کوێوە سەرهەڵدەگرێت. لە ڕاستیدا بە پێی تێگەیشتنی «سیگمۆند باومان» کەسی «غەریب» بوونەوەرێکی گەردوونییە، واتە لە دیدگایەکەوە تەماشاییکەین ڕیشەی نییە. لێرەوە خۆ وێناکردنەوەی وەک خەباتگێڕ ڕیشەی لە ڕابوردوودا هەیە، نەوەک لە ئێستای کۆچبەردا. باومان دەنوسێت: «نامۆ کەسێکە بێ خاسییەت، ئەو کەسێکی ڕاستەقینەی بێسیفاتە، ئەو سیفەتانەی جەستەیەکی پێدەبەخشێت و لە بەتاڵی دەریدەهێنێت، بە حوکمی بەزەیی و ڕەحم دەیدرێتێ، لێرەوە دەکرێت بە ئارەزووش لێی حەرامبکرێتەوە. لەبەر نەبوونی جەوهەرێک، کەسی نامۆ دەکرێت وەک نموونەی یونیڤێرسالییەت لێی بڕوانین: بێسەنگ،



Scanned with CamScanner

بێجەوهەر، نەگووتراو.... ئەو لە هیچ جێگایەک لە شوێنی سروشتیی خۆی نییە، ئەنتی تیزی تەواوەتی دۆخی کۆنکرێت، دیاریکراو، روونبوونە. نامۆیەکی گەردونییە، چونکە نە نیشتیمانی هەیە و نەریشە»«٩».

کە نامۆ کەسێکی بێ جەوهەربێت، بوویەکی گەردونی بێ ریشەبێت، خۆ ویناکردنی وەک خەباتگێر بریتییە لە دروستکردنی مێژوویەکی ناراستەقینە، بریتییە لە گەرانەوەیەکی نۆستالژی بۆ ئەو وێنە و ناونان و وشەسازییە دێرینەی لە نیشتیمان فێریبووە و لەسەری راهاتووە.

کێشەکە لەوەدایە «باومان» لە دەرەوەی جیهانی نامۆکانەوە تەماشای نامۆیەتی دەکات، بە پێوانەی ئەو جوگرافیا تازەیەی کە تیادەژین دەیانپێوێت و لەو گۆشەنیگایەوە دەیانخوێنێتەوە کە ئەو دۆخە وجودییە تازەیە بۆی خولقاندون، وەک ئەوەی نامۆکان بتوانن خۆیان بە چاوی ئەو ژینگە تازەیە ببینن و تەواو بچنە ناو هاوکێشەکانییەوە. بەلام کۆچبەر بە ئاسانی دان بەو راستییەدا نانێت کە ئەو بۆتە کەسێکی بێ خەسلەت، بۆتە «پیاوێکی بێسیفات»، کەسێک کە پالەوانی رۆمانە بەناوبانگەکەی رۆبەرت مۆزیلمان بەیادا دەهێنێتەوە کە هەمان ناونیشانیشی هەیە. کۆچبەری ئێمە هەمیشە لە جەنگدایە بۆئەوەی نەبێتە کەسێکی «بێسیفات». باومان تەنیا لەسەر شێوەنیگای ئەوروپی بۆ خەلکانی کۆچبەر و نامۆ دەنوسێت، پەرچەکردارەکانی ئەو کۆمەلگایە دەگێرێتەوە بەرابەر کەسانێکی درەنگهاتوو بۆ ناو ئەو کۆمەلگایانە. بەلام کۆچبەر هیچ کات ئامادە نییە تەواوی ئەو رۆلە و ئەو روانینە قەبوولبکات کە وەک کەسێکی بێریشە و بێ نیشتیمان وێنایدەکات. داستانی کۆچ و ئەفسانەکانی کۆچبەری ئێمە، هەموو لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرن کە کۆچبەری ئێمە جەنگێکی گەورە لەگەل حەقیقەتی خۆیدا وەک کۆچبەر دەکات. کۆچبەر ناتوانێت لە مەنفادا خەسلەت و هێزە راستەقینە و کاراکتەری قوولی مرۆڤانەی خۆی بەرجەستەبکات، لێرەوە بەردەوام لە رابوردووەوە، لە نیشتیمانەوە کەرەستە و وێنە و شوناس و سیفات دەگوازێتەوە بۆ مەنفا. کۆچبەر بۆئەوەی نەبێتە ناو



Scanned with CamScanner

کەسەی کە ناونیشانی نییە، ناچارە شوناسێکی سیاسی بۆ خۆی دروستبکات، لیرمومیە لە جێگایەکی وەک ئەڵمانیا بەرابەر «شانازیی» ئەڵمانەکان بە ئەڵمانی بوونی خۆیان، نوسەرێکی وەک شیڤۆ جۆزیفی کامیرۆنی قسە لە شانازیکردن بە پەنابەرییەوە دەکات ، چونکە دواجار پەنابەر خەباتگێڕێکە بۆ دیموکراتییەت لە وڵاتی خۆیدا.

وێناکردنی خود وەک خەباتگێڕێک ڕاست بێت یاخود درۆ پەیوەندی بەو دۆخە وجودییە سەختەوە هەیە کە غوربەت مرۆڤی تێدا دیلدەکات. کۆچبەر بەرابەر ئەو پرۆسەیەی کە دەیکات بە کەسێکی بێکاراکتەر و بێڕیشە، شوناسی خەباتگێڕێکی هەڵهاتوو دەداتە خۆی. سیفەتی خەبات لە زۆربەی وڵاتی پەنابەراندا دەلالەتێکی سیحراویی گەورە وەردەگرێت، کە ئەو زۆر لەسەر سیفەتی هەڵهاتووی سیاسی و خەباتگێڕی سیاسی پێدادەگرێت لەبەرئەوە نییە کە هەر بە ڕاستی ئەو خەباتگێڕێکی سەرسەختە دژ بە سیستمی سیاسی وڵاتەکەی، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە کۆچبەر شوناسێکی دەوێت ڕزگارییبکات لەو نیگایەی هەموو قورسایی مرۆڤانەی خۆی لێدەستێنێتەوە. کۆچبەر هەموو شوناسێک بۆ خۆی دەتاشێت تا نەبێتە ئەو کۆچبەرەی کە سیگمۆند باومان باسیدەکات.

کە دەڵێم کۆچ «بیرۆکە و هیوا» یە بەو مانایەیە کە کۆچ لە ناوەوە لە زەین و ڕۆحی مرۆڤەکاندا دروستدەبێت. مەرج نییە کۆچبەر بە بەیاننامەیەکی سیاسییەوە گیرابێت و لەدەست پیاوانی ئاسایش هەڵهاتبێت ئەوکات بیر لەکۆچ بکاتەوە، لە ڕاستیدا کۆچی سیاسی مانای دیاریکراوی هەیە، مانای ئەوەی تۆ بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانتەوە نەتوانیت چیتر لە نیشتیماندا بژیت، ئەم سیفەتەش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەم لە پەنابەرانی کوردی باشووردا جووتدێتەوە. بەڵام کە کۆچ بوو بە هیوا بۆ ژیانێکی تر کە دەزانیت لە وڵاتی خۆتدا نایبینیت، لەم دۆخەدا تۆ نیشتیمان لەبەر هۆی سیاسەت بەجێناهێڵیت، بەڵکو لەبۆ گەڕان بەدوای فەزایەکی تری ژیاندا کۆچدەکەیت، بەکار و



Scanned with CamScanner

کارتێکەریی وێنەیەکی جیهان لە نیشتیمان دووردەکەوێتەوە کە لە ڕۆح و خەیاڵتدا گەورەبووە.

زۆربەی ئەوانەی کۆچدەکەن لە ڕووی سیاسییەوە هەواداری حیزبە حوکمدارەکانن، هەندێکییان لێرە دەبنە لایەنگرێکی توندڕەوتری ئەو دەسەڵاتە فەرمانڕەوایانە، واتە کێشەی سیاسیان لەگەڵ فەرمانڕەوایی ئێستادا نییە، بەڵکو کۆچ جۆرە خولیایەکی ترە، پەیوەندی بە دروستبوونی هیوایەکی تر و وێنەیەکی ترەوە هەیە بۆ ژیان، وێنەیەک ئەو بڕوایەی لە خۆ نەگرتووە کە کۆمەڵگای ئێمە لە پاشەڕۆژی نزیکدا دەگۆڕێت. کۆچ لە سیاسەتەوە هەڵنەقوڵیوە، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە لە نائومێدییەوە لە سیاسەت سەرچاوەی گرتووە، لەو نائومێدییەی کە سیاسەت ناتوانێت ژیانی ئێمە بگۆڕێت. لەساتی کۆچدا سیاسەت مردووە، کە کۆچبەر دەستدەداتە جانتاکەی بۆ هیوایەک دەگەڕێت کە دەزانێت لە جانتای سیاسەتدا نییە، ئەو ساتەی کە کۆچبەر پێڵاوەکانی لە پێدەکات، ناسیاسیترین ساتی ژیانی کۆچبەرە، چونکە ئەوە ئەو ساتەیە کە کۆچبەر تێگەیشتووە هیچ کەرەستەیەکی بۆ گۆڕینی واقع بەدەستەوە نەماوە. کۆچ هەوڵێکی گەورەیە بۆ دۆزینەوەی ئازادی و ئاسوودەیی بەڵام بەکۆمەڵێک کەرەستە کە کەرەستەی سیاسی نین، گەڕانە بۆ ئازادی بەبێ تێپەڕین بە کەناڵی حیزب و سیاسەتمەداران و جەنگ و خەباتدا، ڕاستەوخۆ بۆ جیهانێک ئەو ئازادییەی تێدا ئامادەکراوە، ڕێگای کۆچبەر بۆ ئازادی بە کۆمەکی خەبات و جەنگ نییە، بەڵکو بە کۆمەکی شۆفێری ترێلە و بە لای قاچاغچییەکانی ڕێگا و بە کەیسی بەردەم پۆلیسخانەکانی خۆرئاوادا تێدەپەڕێت.

سیاسەت دواتر، وەک پێداویستییەکی وجودی بۆ ژیان، نەوەکو چالاکی لەسەر زەمینی ئاراوگە دروستدەبێتەوە.

وێنەی کۆچبەر وەک خەباتگێڕێک وێنەیەک نییە کۆچبەر بۆ کۆمەڵگای خۆی دروستییکات، بەڵکو پتر بۆ کۆمەڵگاکانی دەرەوە و بۆ خۆرئاوا دروستیدەکات، واتە ئاراستەی ناوەوەی ناکات، بەڵکو بەپلەی یەکەم ئاراستەی دەرەوە و بە



Scanned with CamScanner

پلەی دووەم ئاراستەی خودی خۆی و ئەو ویژدانە ناڕەحەتەی دەکات کە لەگەڵ خۆیدا دەیگێڕێت.
دروستکردنی ئەم وێنەیە زەمینەی زۆر بەهێزی لە ژیانی کۆچبەردا هەیە، چونکە خودی کۆچ لە خەیاڵی ئێمەدا وێنەیەکی هەیە هاوشان بە وێنەی خەبات. بەلام چۆن کۆچبەر وا بە ئاسانی دەتوانێت خۆی لە بەرگی خەباتگێڕێکی سیاسیدا بشارێتەوە.

گەر لە واقعی ئێمەدا بۆ هۆکانی کۆچ بگەڕێین، دەبێت بیکەین بە دوو تەوەر، تەوەرێکیان پەیوەندی بەو دۆخە زەینییەوە هەیە کە لە سەردەمی بەعسدا کەشەی سەندوە و ئەویتریان پەیوەندی بەو فەزا گشتییەوە هەیە کە لە دوای راپەرین دروستدەبێت، گێڕانەوەی کۆچ بەتەنیا بۆ شەڕی ناوخۆ و دابڕاندنی لەو وێنەیەی جیهان کە لەژێر سایەی بەعسدا دروستبووە هەڵەیەکی گەورەیە. هەر وەک چۆن بێگوناهـ نیشاندانی دونیای دوای ڕاپەڕینیش هەر هەڵەیەکی گەورەیە.

ئەو شەوقە گەورەیە بۆ کۆچ و بینینی دونیا لە دونیای ئێمەدا لەو شەوقە دەچێت کە پاڵی بە ملیۆنەها هاوڵاتی ئەڵمانیای خۆرهەڵاتەوە نا، لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلین بڕژێنە ناو ئەڵمانیای خۆرئاواوە. تینوویتی بۆ بینینی جیهان، دۆخێکە لەناو سیستمە داخراوەکاندا دروستدەبێت. بەعس جیهانێک دروستدەکات دیواری ئەستوور دەرەوە و ناوەوە لەیەکدی جیادەکاتەوە، لەم سیستەمەدا سەفەر تەنیا قۆرغی ئەوانەیە کە سەرانی ڕژێمن، هاوڵاتی ئاسایی گەر نەخۆشیش بێت دەبێت بە مەکرەمەی سەرۆک بڕواتە دەرێ، لە ناویشەوە هەموو پەیوەندی بەستنێک بە بێگانەکانەوە قەدەغەیە. وێنەی بێگانە لە عێراقی بەعسدا، وێنەیەکی دوو ڕوخسارە، لەسەرێکەوە وێنەی ئەو زەحمەتکێشە میسری و سودانی و فلیپینیانەیە کە بە بچوکتر و نزمتر لە مرۆڤی عێراقی تەماشادەکرێن و هیچ مافێکیان نییە، وێنەی دووەمیش ئەو بێگانە و ئەوروپیانەن کە هەریەکەیان ئەگەری سیخورێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە و دەبێت بە چاوی



Scanned with CamScanner

گومان تەماشابکرێن. ئەم وێنەیەی دووەم ڕیشە ڕاستەقینە و نامەنتیقییەکانی لە کێشەی «بازوفت»دا ئاشکرابوو، واتە وێنەی بێگانە لە عێراقدا یان ئەوەیە کەسانێکی نزمن یان کەسانێکن شوێنی گومانن و خەتەرناکن و نابێت لێیان نزیکببینەوە. ئەو کۆمەڵگا داخراو و ترسناکەی بەعس دروستیکرد، لەگەڵ خۆیدا ئەو بیرۆکەیەی پەروەردەکرد کە دەربازبوون لە عێراق دەربازبوونە لە دۆزەخ و سەرەتایە بۆ لە دایکبوونەوەیەکی تازە.

لە سالانی هەشتادا بیرۆکەی سەفەر و دەرچوون لە عێراق هاوڕێی بیرۆکەی «هەڵهاتن بوو بەرەو بەهەشت». هەموو چوونە دەرەوەیەک لە عێراقی سەدام حوسەین و لە عێراقی دوای سەدامیش هەر وەک چوونە بۆ بەهەشت. بە مانایەکی تر ئەوەی ئەو زەمینە جێدەهێڵێت کە سەدام حوسەین و پاشەنگەکانی حوکمیدەکەن یەکسەر دەکەوێتە بەهەشتەوە. لە جۆرە واقعێکی وادا ئیشکردن بۆ کۆچ وەک ئیشکردن وایە بۆ بەهەشت. ئیشکردنێکە گەرم و گوڕی و شەیداییەکی ئایینی تیایە، کە ئەو هێزە ئەفسوناوییە دەداتە کۆچبەر بتوانێت هەموو بەربەستەکان بشکێنێت. لێرەوە خودی سەفەر جۆرە خەباتێکە، جۆرە بەرهەڵستی و ڕازینەبوونێکە، ڕاستە لێرەدا وشەی خەبات وشەیەکی تەواو مەجازییە، بەڵام لە ویژدانی کۆچبەری ئێمەدا شەرعییەت دەداتە ئەو بڕیارەی کە خۆی وەک خەباتگێڕێک نیشانبدات. سەدام حوسەین و سیاسییەکانی دوای ئەو کۆمەڵگایەکی هێندە تاریک و داخراو دروستدەکەن، دەرچوون لێی دەبێتە جۆرێک لە شۆڕش. خودی ئەم دۆخە وادەکات کۆچبەر بە ئاسانی و بە ویژدانێکی ڕاحەتەوە خۆی وەک خەباتگێڕ ببینێت، وەک مرۆڤێک کە بەدوای ئازادی و سەربەستیدا دەگەڕێت.

دۆخی دووەم، خودی ئەو چیرۆکەی کۆچبەر بۆ پەنابەریی پێشکەشیدەکات، ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێت خۆی وەک قوربانییەکی سیاسی بناسێنێت. ئەو چیرۆکەی یەکەمجار چیرۆکێکی خەیاڵییە، دواتر دەبێتە ئەو ڕاستییەی ژیان و پاشەڕۆژیی کۆچبەری لەسەر بەندە. کۆچبەر بۆ بەگژاچوونەوەی هەموو ئەو

شارە ویژدانییەی ئەگەری مانەوەی لە تاراوگە لاوازدەکەن، ناچارە کاراکتەری خۆی وەک خەباتکەرێک لەبەردەم خۆی و دەرەوەشدا تۆختربکاتەوە. لێرەدا خەباتگێڕیی وێنەیەکە کە پرۆسەی قەبوولکردن وەک پەنابەر دروستیدەکات... نەفسانەیەکە کۆچبەر لە ڕابوردووی خۆی دایدەتاشێت تا ئەو بێسەنگی و بونیفێرسالییەتە بکوژێت کە باومان باسیاندەکات.. کۆچبەر دەبێتە خەباتگێڕ تا ئەوەی وێنیکردوە وەدەستیبهێنێتەوە و لە هەمان کاتیشدا بۆ خۆرئاواییەکانی بسەلمێنێت کە ئەو کەسێکی بەتاڵ، بێ مێژوو، بێ کاراکتەر نییە، بەڵکو خەباتگێڕە و ژیانی لە مەترسیدا بووە.

## کۆچبەر و ناپاکیی لە نیگاکانی

مەسەلەی کۆچ لە ڕووی فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەوە ساتەوەختێکی گرنگی کۆمەڵگای ئێمەیە. هیگل لە جێگایەکدا دەڵێت: «هەر کات هێزی یەکخستن لە ژیانی مرۆڤەکاندا نەما، ناکۆکییەکانیش پەیوەندییەکانی زیندەگی و کارتێکردنی بەرابەری نابووتکردەوە و خودگەرایی سەرکەوت. دروست لەو کاتەدا سەرهەڵدانی فەلسەفە دەبێتە شتێکی پێویست».

ئەمە لە یەکێک لە ماناکانیدا واتای ئەوەیە، فەلسەفە و سەرهەڵدانی بە جۆرێک لە جۆرەکان پابەندی ساتی ترازان و ناتەبایی تاکەکان یان هەندێک لە تاکەکانە لەگەڵ کۆمەڵگادا.

ساتەوەختی کۆچ لە دونیای ئێمەدا، ساتە وەختێکی لەو جۆرەیە.

کۆچ تەعبیرە لە دۆخێکی جیاوازی مێژووی ئێمە، ئەو ساتەیە هێزی یەکخستن لە بونیادی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دەگاتە لاوازترین پلەی خۆی. لەگەڵ کۆچدا شتێک سەرهەڵدەدا کە ئیدی فەرد بە کۆمەڵگاکەیەوە نابەستێتەوە. ئەوە هەمان ئەو ساتەوەختەشە کە مرۆڤی کورد پێویستی بە فەلسەفاندنی



Scanned with CamScanner

کێشەکانی هەیە. ئەوەی لە جۆرە ساتێکی وادا لە دایکدەبێت نیگایەکی ترە. نیگایەک کە پێشتر لە مێژووی ئێمەدا نەبووە. لێرەدا بۆ یەکەمجار کۆمەڵگای ئێمە دەتوانێت وەک غەریبێک لە خۆی بنوارێت. بەشێک لە نیگا و چاوانی خۆی دەڕواتە دەرێ و دەتوانن وەک چۆن سەیری نامۆیەک دەکات، ئاوا سەیری کۆمەڵگای خۆی بکات. کۆچبەر ئەو بەشەی کۆمەڵگایە کە دەتوانێت وەک غەریب سەیری دونیای خۆی بکات. کۆمەڵگای کوردی بە درێژایی مێژووی خۆی بە دەگمەن ئەو دیدانەی بەرهەمهێناوە کە لە ناو قەوارە مێژووییەکەدا ناتوێنەوە و دەتوانن ببن بەو چاوەی وەک نامۆیەک سەیری هەناوی دەکات. واتە گرنگ نییە من چۆن تەماشای خۆم دەکەم، گرنگ ئەوەیە چاوێکی ترم هەبێت چاوێکی نامۆ بۆ تەماشاکردنی خۆم، چاوێک کە بەشێکە لە من بەڵام وەک من رەفتارناکات، بەشێکە لە من بەڵام بۆتە نامن. کۆمەڵگا هێندەی لە ڕێگای نیگای نامۆوە لە خۆی تێدەگات، لەڕێگای ئەو چاوانەوە لە خۆی ناگات کە لە ناویدا تواونەتەوە و تەبان لەگەڵیدا. هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی بە نامۆبوون هەیە لە خۆی. ئەو کۆمەڵگایەی کە سەرتاپا تەباییە، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە، چونکە ناتوانێت مەودایەکی ئەوتۆ لە خۆی وەربگرێت، توانای بینین و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی خۆی پێبدات. چاوی کۆچبەر پرۆژەی لەدایکبوونی ئەوچاوە جیاوازەیە، ئەو لەتبوونە گرنگەی ناخی مرۆڤ و کۆمەڵگایە لە نێوان خود و ناخوددا. لێرەدا مەبەستم لەوە نییە کێشەی کۆچ و کێشەی نامۆبوون وەک پرسیارێکی فەلسەفی لە ناو یەکدا بتوێنمەوە، بەڵام مەبەستیشم نییە نامۆبوونی کۆچبەر لە نامۆبوونی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی جیابکەمەوە.

گومان نییە کە چەمکی نامۆبوون ڕۆژ دوای ڕۆژ دەبێتە چەمکێکی قووڵ و بنچینەیی لە پێکهاتی مرۆڤی ئێمەدا، بە ئەندازەیەک یەکێک لە ڕەسە بەناوبانگەکانی برێختمان بەیاددا دەهێنێتەوە کاتێک دەڵێت «تەماشای دۆخی ئەم خەڵکە بکەن، گەر نامۆش نەبن هەر نامۆن». بەڵام ترازیدیای



Scanned with CamScanner

مرۆڤی کوردی ئەوەیە، ئەم مرۆڤە لە بری تێرامان لەو نامۆبوونە، لە بری وردبوونەوەی قووڵ لە دەرەنجامە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانی، لە هەڵهاتنێکی بەردەوامدایە لە نامۆبوونی خۆی. بە ئەندازەیەک دەکرێت یاری بەو ڕستەیەی بریخت بکەین و بڵێین «لە دونیای ئێمەدا خەڵکی گەر نامۆش بن نامۆ نین». داننەنان بە غوربەتدا بەشێکی بنچینەیی سایکۆلۆژییەت و کولتووری ئێمەیە. لە کاتێکدا ئێمە پێویستیمان بە چاوی نامۆکان هەیە بۆ بینینی ئەو شتانەی زیاتر لە دۆخی کۆمەڵگامان نزیکدەکاتەوە. نامۆبوون دوورکەوتنەوە نییە لە کۆمەڵگا، بەڵکو جۆرە گۆشەنیگایەکی ترە بۆ کۆمەڵگا. دەبێت ئەو ڕاستییەش دەرکبکەین کە بەشێکی زۆری ترس لە خۆدەرخستن وەک نامۆ، لە حاشاکردن لە نامۆیی هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کۆچبەر ناتوانێت ببێتە خاوەن چاوی نامۆ و خاوەن نیگای نامۆ، لێرەوە بەردەوام هەوڵێکی ئەفسانەیی گەورە هەیە کە نامۆبوون لە کۆچ جیابکرێتەوە و کۆچبەر وەک هەمیشە خۆی بە پارچەیەکی پێوەلکاوی کۆمەڵگا سەیربکات.

کۆچبەر لە ڕووی فیزیکییەوە ساتی سەرهەڵدانی توانا و هێزێکی کۆمەڵایەتی تر بەرجەستەدەکات کە نابێت بە کەمی بگرین، بەڵکو دەبێت دەرەنجامەکانی پرۆسەکەی تا ئەوسەر ڕابکێشین و نەهێڵین ڕەهەندە ڕادیکاڵەکانی بمرێت. کۆچبەر ڕۆحێکە دروستدەبێت، لەگەڵ سەرهەڵدانیشیدا وزەیەکی شاردراوەی گەورە دەتەقێتەوە، لە ناکاو وەک ئەوەی سەدان ساڵ لە قووڵایی ئەم کۆمەڵگایەدا هێزێکی مەزن و خواستێکی گەورە بۆ جیابوونەوە بە نهێنی ژیابێت، وەک ئەوەی ئەم هێزە چەپێنرابێت و دەستێک خنکاندبێتی، بەڵام کتوپڕ هەموو ئەو ئارەزووانە دەرگایەکیان بۆ ئازادی دۆزیبێتەوە و توانیبێتیان لەو فشارە دێرینە دەربازبن و ئیدی هیچ هێزێک نەتوانێت بەریان پێبگرێت... کۆچی ئێمە لە بەرەڵابوونی لێشاوێک دەچێت کە سەدان ساڵ پەنگی خواردبێتەوە.

ئەم ئازادبوونە لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک وزە و ویست و نیگای تازە

Scanned with CamScanner

دەهێنێت. ئەم ویست و وزە و نیگایانە سەرەتا ئەگەرێکی ناو ژیانی فیکری و ویژدانی ئێمەن، توانای دەرکەوتن و هاتنەقسەیان پابەندی توانای مەعریفییانەی ئێمەیە... گەورەترین وزەی کۆچبەر ئەو توانایەیەتی تا یەک رەنگی ناو هوشیارییمان بشکێنێت. کۆچ ئەزمونێکی گرنگە چونکە پێش کۆچ چەمکی «غەریب ـ نامۆ» هەمیشە چەمکێکی دەرەکی بووە، غەریب کەسێکە سەر بە ئێمە نییە، سەر بە زمانی ئێمە و کولتووری ئێمەی نییە، بەلام لەگەل کۆچبەردا رەنگێکی تر لە غەریب دروستدەبێت کە بەشێکە لە ئێمە و بۆتە شتێکی دەرەکی و نەناسراو. ئەمە ئەو ساتەیە کە نامۆبوون وەک هێزێکی پۆزەتیڤ دەکەوێتە کار. دەبێت ئەو هێزە پۆزەتیڤە ببینرێت و نەچەپێنرێت، نابێت بە زۆر و بە نمایش بکرێتەوە بە بەشێک لە کۆمەلگا. لە راستیدا هەولێکی ناوەکی مەزن هەیە کۆمەلگا و سیستم لەو جۆرە رادیکالیزەکردنە بپارێزرێت.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ کە پەیوەندی بە کۆی ئەو تێزەیەوە هەیە کە لەوەوبەر خستمەروو... ئەویش ئەوەیە کۆمەلگای ئێمە چۆن ئەو دوو فاقییە دادەپۆشێت، لەسەرێکەوە پێویستی بە بەشێک لە نامۆبوونی نامۆیان هەیە، لەسەرێکی تریشەوە ترسێکی بێئەندازەی لە نامۆبوون هەیە... کۆمەلگای ئێمە چ جۆرە نامۆبونێکی قەبوولە و چی جۆرە نامۆبوونێک دەکوژێت؟.

ئەگەر سەرنجبدەین کۆمەلگای ئێمە، ئەو بەشەی کۆچبەری قەبوول نییە کە دیدێکی تر بۆ کۆمەلگای خۆی پەروەردەدەکات. کۆچبەر دەبێت بە روونی ئینتیمای خۆی بۆ کۆمەلگا و لکەشوناسەکانی «الهویات الفرعیة» ناوی دەربخات. کۆچبەر دەبێت خۆی لەگەل یەکێک لە لکە شوناسەکاندا تەبابکات و ئیقاعی خۆی لەگەل یەکێک لەو شوناسە بچوکانەدا یەکبخات تابتوانێت قسە لە ئینتیمای خۆی بکات. کۆمەلگای ئێمە و لکەشوناسەکانی ناوی «لە حیزب و دەزگاو ئەکادیمییاکانەوە بیگرە تا ناو خێل و خێزان» پێویستییان بە چاوی کۆچبەر نییە، پێویستییان بە نیگاکانی نییە، نیگای



Scanned with CamScanner

کۆچبەریی ڕاستەقینە کە بە دیدێکی ترەوە سەیردەکات، هەمیشە وێنەیەکی تر بۆ ئەو دونیایە دەکێشێت جیاواز لەو وێنەیەی کۆمەڵگا خۆی لەسەری خەوتووە. ئەوان پێویستییان بە چاوێک نییە کە شتەکان تێکبدات، پێویستییان بە نیگایەکی پیکاسۆ ئاسا نییە «ڕوانگەکان» بشکێنێت، بەڵکو پێویستییان بەو سەرمایە ڕەمزییەی کۆچبەرە کەوەک هەموو شتێکی غەریب لە کولتووری ئێمەدا هێزی خۆی تەنیا لە ئامادەگییە ڕەمزییەکەیەوە وەردەگرێت، نەوەک لە جیاوازییە قووڵەکانییەوە.

کۆمەڵگای ئێمە کاتێک بوار بۆ کۆچبەرەکان دەکاتەوە بێن و خۆیان نمایشبکەنەوە، لەبەرئەوە نییە پێویستی بە نیگایەکە لە خۆی ترازابێت، بە پێچەوانەوە سیستم کۆچبەر وەک ساتێکی تەبایی کۆمەڵایەتی دەهێنێتەوە پێشەوە، هەیبەتێکی دەداتێ کە لە کەسانی سادە جیاییکاتەوە تا بەشێوەیەکی تر وەک هێمای هێز و یەکانگیری خۆی بەرجەستەیبکاتەوە. کۆچبەر کوڕێک یان کچێکی وێڵە کە دواجار گەڕاوەتەوە بۆ ئامێزی ماڵ، گەڕانەوەشی شاهیدی ئەوەیە کە هێشتا پتەویی و یەکانگیریی ناوەکی کۆمەڵگا لە هەموو جۆرە ترازانێک بەهێزترە. قەبووڵکردنەوەی کۆچبەر وەک نامۆیەک قەبووڵکردنی ئەو ساتی لەیەکترازانە نییە کە هیگڵ وەک ساتێکی پێویست بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفە بە گرنگی دەزانێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵدانی کوشتنی ئەو ساتەیە. ئەو نامۆبوونەی کۆمەڵگای ئێمە لە کۆچبەری قەبووڵدەکات، نامۆبوونی ناتەبایی نییە لەگەڵ کۆمەڵگادا، بەڵکو نامۆبوونی جۆرە بەرزی و بڵندییەک یان شێوە دەسەلاتێکی ڕەمزییە کە دەیەوێت ئەفسونی خۆی نەدۆڕێنێت و شوێنگەی کۆمەلایەتی خۆی لە ڕێگای خۆجیاکردنەوەوە بەهێزبکات. کاتێک مامۆستایەک یان سیاسەتمەدارێک لە ئەورووپا دەگەڕێتەوە و لەناکاو بەسەر هەموو پلەوپایە کۆمەلایەتیەکاندا سەردەکەوێت و بە خێراییەکی سیحراوی لە هەرەمی دەسەلاتدا دەچێتە سەرێ، ئەم سەرکەوتن و باوەش پیاکردنە بۆئەوەیە ڕوونبێت کە لە کۆمەڵگا نامۆ نییە، بەڵکو لە کەسان



Scanned with CamScanner

و تاکەکانی تری ناو کۆمەڵگا توانادارتر و شایستەترە. لەجۆرە دۆخێکی وەهادا کۆچبەر ئەو کەسە نییە کە نایەکانگیریی کۆمەلایەتی نیشاندەداتەوە بەڵکو ئەو کەسەیە کە ئەوە دەردەخات ڕۆڵەکانی نەتەوە لە هەر شوێنێک بن و بووبێتن و ببن ، نامۆ نین و بەشێکن لە میللەتەکەیان. ئەمجۆرە پەخشان ناسیۆنالیستییە کە پێموایە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئێمە نییە لێی بێبەش بێت پەخشانێکی ڕۆژانەیە کە تەعبیر لە یەکێتییەکی هەمیشەیی و گەردونگەرا و نەپساوی کورد دەکات، کە لەهەر ئان و زەمانێکدا بن، ڕۆڵەکانی هەمیشە بەشێکن لە نەتەوە. لە عورفی ئەم جۆرە ستراتیژیەتەشدا کوردبوون واتای تەبابوون لەگەڵ شوناسی کورد و شێوەی باوی کوردبووندا.

دواتر بەدرێژیی دەگەڕێمەوە سەر پەیوەندی نێوان کۆچ و ناسیۆنالیزم، لێرەدا ئەوەندە هەیە نامۆ کە دەگەڕێتەوە وەک نیگا و تێفکرین و ڕامان و بیرکردنەوە پێشوازی لێ ناکرێت، بەڵکو وەک بەشێک لە ڕەهەندە ڕەمزییەکانی دەسەلات قەبوڵە. کۆچبەر کە دەگەڕێتەوە نامۆبوونی نامۆکان ناژی، نامۆبوونی حوکمداران و دەسەلاتداران دەژی، واتە ئەو مەودایەی لە نێوان ئەو و کۆمەڵگادا دروستبووە، مەودای نێوان جۆرە تێفکرینێکی نوێ نییە دژ بە تێفکرینی باو، بەڵکو مەودای نێوان شێوە دەسەلاتێکی نوێیە بەرابەر خەڵکانی ڕەشۆکی و سادەی کۆمەڵگا. لێرەوە هەلپەیەکی گەورە بۆ دەسەلات دەست پێدەکات، دەسەلات بە هەموو شێوەکانییەوە، سیاسی و ناسیاسی. هەلپەیەکی گەورە بۆ داگیرکردن و وەرگرتنی پۆستە ئیداریی و سیاسی و ئەکادیمییەکان دەستپێدەکات. لێرەدا نامەوێت دەرگا لەسەر کاری ئەوانە داخەم کە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان، بەلام ئەوەی گرنگە لێرەدا تیشکی بخەمەسەر ئەوەیە هەموو کۆچبەرێکی گەڕاوە بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێت وەک دژێک، وەک جیاوازێک، وەک شتێکی دی خۆی دەرنەخات. کۆچبەری ئێمە دەبێت لەو وێستگەیەی نامۆبوون دەرچێت کە تەعبیر لە نایەکانگیری ئەو و کۆمەڵگا دەکات. دەبێت هەموو شتە تایبەتییەکانی خۆی لەو دیو



Scanned with CamScanner

سنوورەوە دابنێت و ئەوسا خۆی بکاتەوە بە نیشتیماندا. دەبێت ببێتەوە بەبەشێک لە سیستمێکی ئاسایی و لە ناو ئەو سیستمەدا بۆ بونیادنانی دەسەلاتی خۆی بگەڕێت... دەبێت ببێتەوە بە بەشێک لە یەکانگیرییەکی گشتیتر و گەورەتر... دووریی ئەو لە کۆمەلگا دەبێت لە دووریی دەسەلاتداران بچێت لە خەلک، نەوەک لە دووریی شاعیران.

نیگای کۆچبەری ئێمە ناگاتە پلەی نیگایەکی فەلسەفیانە، بە پێچەوانەوە غوربەت شاعیر و فەیلەسوفەکانی ناوەوەمان دەکوژێت. نەوەک لەبەرئەوەی لە تاراوگە کار زۆردەکەین و تووشی دۆخێکی وەها دەبین سەر بیرکردنەوە و تێرامانمان ناپەرژێت، بەلکو لەبەرئەوەی نامانەوێت نامۆبین. گەورەترین تراژیدیای کۆچبەرانی ئێمە ئەوەیە کە لە شەڕێکی گەورەدان لەگەل نامۆبوونی خۆیاندا. دەگمەنن ئەوانەی دەتوانن نامۆبوون وەک هێز و هونەر بژین. کۆچبەریی دەرفەتێکی گەورەیە بۆ بوون بە شاعیر و دیدەوان «رائي»، بەو مەرجەی غوربەتی خۆمان بژین و وەک نژ لە ناوەڕاستی تەباییەکاندا بوەستین. کۆچبەر کەسێکە هەنگاوێکی بۆ ئامێزکردن بە غوربەتی خۆیدا ناوە، هەنگاوێک زۆر لێی دلنیا نییە و هەر خێرا دوودلدەبێت و نوشوستی دەهێنێت و دەکەوێتە هەلهاتن لە نامۆبوونی خۆی... کۆچبەری ئێمە ئەگەر دووریی فیزیکیشی لە نیشتیمانەوە قەبوول بێت، ئەوا کارلێکە ڕۆحییەکانی غوربەت و پچڕان و لە هەوادا مانەوەی لەلا ئاسایی نییە. نامۆ تەنیا ئەو کەسە نییە کە بە زۆر لە ڕیشەکانی خۆی دادەبڕێت، بەلکو ئەو کەسەشە کە دەتوانێت ئازادانە لەو ڕیشانە جیاببێتەوە. کۆچبەرانی ئێمە ئەمڕۆ لە خۆرئاواوە وەک یەکێک دەگەڕێنەوە کە کۆمەلگا لێبووردنی بۆیان دەرکردبێت، بە هەموو جۆرێک هەولدەدەن وەفا و ئینتیمای خۆیان نوێبکەنەوە، لە کاتێکدا نامۆی ڕاستەقینە، ئەو نامۆیەی کە نایەکانگیری دونیای ئێمە نیشاندەداتەوە، دەبێت وەک سەمبولی ناتەبایی و جیاوازیی لە ناوەڕاستی کۆمەلگادا بوەستێت.



Scanned with CamScanner

نامۆی ڕاستەقینە کەسێکە دروشمەکەی ئەوەیە «شەڕ لەگەڵ غوربەتی خۆتدا مەکە» .

غوربەت لە ناوەوە بێت یان لە دەرەوە، ڕۆحێکی ناتەبای ناو کۆمەڵگابێت، یان گیانی کۆچبەرێک بێت کە لە نیشتیماندا ئارام ناگرێت لەتەک خۆیدا نیگایەک دەهێنێت، جۆرە سەیرکردنێک دەهێنێت کە مەرجی سەرەکی گەشەی ژیان و نوێبوونەوەیە.

ئەدەبیاتی ئێمە لە نالییەوە تا ئەمڕۆ لەسەر دروستکردنی وێنەیەکی تراژیدیی بۆ غوربەت دەژی. ئەم وێنە تراژیدییە بە کۆی ئەدەبیاتی ئێمەدا چۆتەخوار، سەیرکردنی نامۆیی وەک هێز و ئەگەرێکی پڕ وزە نامۆیە بە دونیای ئێمە، بەڵام سەیرکردنی نامۆبوون وەک نەفرەت، وەک کەساسی، وەک ئەو دۆخەی کە مرۆڤ تیایدا دەبێت بگری، هونەر و ئەدەبیاتی کوردی پڕکردوە. ڕووبەری گەورەی ئەم ئەدەبە لەسەر سکاڵاکردن لە نامۆبوون دروستبووە. لە حاجی قادرەوە وێنەی غەریبانی ئێمە، وێنەی مات و مەلولی و حەیرانییە، غەریبانی ئێمە کەسانێکن سەراپا عەردیان لێبۆتە زیندان. ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئێمە بە توندی ئەو وێنە دوژمنکار و نێگەتیڤەی نامۆبوون بڵاودەکاتەوە. نامۆبوون لای من بەر لەوەی جۆرێک بێت لە ئازاری دابڕان لە شوێن، بریتییە لە جۆرێک لە ناتەبایی و نەگونجان لەگەڵ کۆمەڵگا و واقعدا. کۆچ ئەگەر ئاوێنەی تێکچوونی پەیوەندییەک نەبێت بە واقعەوە دیاردەیەکە شایستەی ئاوڕلێدانەوە نییە، گەڕانەوەش گەر نیشاندەرەوەی ئیرادەی ئەو نامۆبوونە نەبێت، دیاردەیەکە شایستەی لێکۆڵینەوە نییە. بەڵام مێژووی کۆچبەری ئێمە مێژووی حاشاکردنێتی لە نامۆبوونی خۆی... حاشاکردنێتی لەو ئەرکانەی نامۆبوون دەیخاتە بەردەمی.



Scanned with CamScanner

# کۆچبەر وەك بوونەوەرێکی ڕەمزی

هۆرکهایمەر لە جێگایەکدا دەنوسێت «تا بڕوامان بە ئازادی مرۆڤەکان بەهێزتربێت، ئارەزووکردنی قوربانی کەمتر دەبێت»«١٠». بە مانایەکی تر مرۆڤ تا بڕوای بە ئازادی سەرتاسەریی مرۆڤ گەورەتر بێت کەمتر دەستی دەچێتە خوێنی قوربانییەکانەوە، واتە وەک هۆرکهایمەر دەڵێت شارەگی خراپەکانی مرۆڤ پابەندی نەبوونی قەناعەتە بە بەختەوەریی کۆی ئینسانەکان. گومان نییە کە کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان گەڕانە بەدوای بەختەوەریدا، لە بڕوایەکی قووڵیشەوە هاتووە کە ئەو بەختەوەرییە لێرە نییە. کۆچبەر تووی هیوایەکی گەورەی پێیە، تووی کۆمەڵگایەکی مرۆڤانەی کراوەتر. کۆمەڵگایەکی کراوە بۆ بەختەوەریی کۆی مرۆڤەکان. خودی کۆچ جەختکردنە بەو ئاراستەیەی کە بەختەوەریی و خۆشی و جوانی موڵکی یەک کۆمەڵگا و یەک نەتەوە و یەک دەستە خەڵک نین. کۆچبەر ئەو کۆمەڵگایانە کە کۆچیان بۆدەکات دەخاتە بەر پرسیارێکی گەورە. پرسیارەکەش ئەوەیە «ئایا هیچ کۆمەڵگایەک هەیە باوەڕی بە بەختەوەریی دەستەجەمعی مرۆڤەکان بێت؟» «ئایا کۆمەڵگایەک هەیە بیەوێت بەختەوەریی خۆی بەشبکات؟». کۆچبەر پێبخاتە سەر هەر زەمینێک ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی خانەخوێکان دەکاتەوە «ئایا بڕوای ئێوە بە ئازادیی و بەختیاریی کۆیی و دەستەجەمعی مرۆڤایەتی چەند بەهێزە؟ ئەگەر باوەڕیشتان بەوە نییە مرۆڤ لای کۆمەڵگایەکی تر بۆ بەختیاریی بگەڕێت، ئەی ئارەزووتان بۆ دروستکردنی قوربانی و بێڕەحمی چەند بەهێزە؟ واتە تا چەند ڕێبوار و غەریبە و هەڵهاتووەکان دەکەنە ئامانج و نیشانەی ڕق و کینەتان؟».

لێرەدا مەبەستم نییە زۆر لەسەر پەیوەندی کۆچبەری ئێمە بە خۆرئاواوە



Scanned with CamScanner

بوەستم، بەڵکو مەبەستمە ئاماژە بە ڕەهەندێکی ڕەمزی لە کۆچبەردا بکەم کە بەشێکی وجودیی و گرنگی بوونی کۆچبەرە. لە گۆشەنیگایەکەوە تەماشایبکەین کۆچبەر کەسێکی خۆپەرستە. لە کۆمەڵەکەی هەڵدێت، لەسەر خاکی خەڵکی تر بۆ کامەرانی دەگەڕێت، پشتدەکاتە ئازاری هەندێک و دەیەوێت هاوبەشی هەندێکی تر بکات لە خۆشییەکانیاندا. ئەم خوێندنەوەیە کە ئارادەیەک خوێندنەوەیەکی باوە، تەماشاکردنێکی ئایینی و ئەخلاقییە بۆ کۆچ، بێئەوەی بتوانێت بچێتە سەر مانا قووڵەکانی... کۆچبەر چەندە فەردێکە کە بۆ ئازادی خۆی و کامەرانی خۆی دەگەڕێت، هێندەش بوونەوەرێکی ڕەمزییە. بوونی جۆرە مانا و دەلالەتێکی تر دەدات بە دونیای ئەمڕۆ.

کۆچبەر لە زۆربەی هەرە زۆری بارودۆخەکاندا وەک کەسێک کە دەخرێتە ژێر کاتاگۆرییەکی گشتی و ئەبستراکتەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. دۆخە فەردییەکانی کۆچبەر و سیفەتە تاکگەراکانی بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نادرێت. ئەو هەمیشە بە پێی زمانی ڕۆژانەی خەڵک «کەسێکە دەچێت بۆ خارج» یان «لە خارجە». لە دەرەوەی وڵاتیش «بیانییە». هەموو ئەم جۆرە وەسفانە کورتکردنەوەی کاراکتەری کۆچبەرە بۆ ئاستی زۆر ئەبستراکت و زەمینە خۆشکردنە بۆ دابەزاندنی کۆمەڵێک حوکمی پێشوەخت. کۆچبەر بە هەر لایەکدا دەجوڵێت و بە هەر ڕێگایەکدا دەڕوات لەناو کۆمەڵێک کلێشە و قاڵبدا خۆی دەبینێتەوە. زاڵبوونی ئەم چەمکە ئەبستراکتە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کۆچبەردا بەهانەیەکی گەورەیە بۆئەوەی بە دیوێکی دیکەدا بە دوای ڕەهەندە ڕەمزییەکانیدا بگەڕێین. ئەگەر نیگای کۆمەڵایەتی بۆ کەسی نامۆ بە جۆرێک لە جۆرەکان هەمیشە لێوان لێو بێت لە حوکمی پێشوەخت و نادروست، ئەگەر خەیاڵی کۆمەڵایەتی سەرشار بێت بە وێنەی کلێشەیی بۆ کەسی کۆچبەر، ئەوا لە خوێندنەوەماندا بۆ کەسی نامۆ دەکەوین بەسەر سیستمێکی تر لە مانا و دەلالەتدا کە تا ئەندازەیەک جیاوازە لەو حوکمە گشتییانە. جۆرج زیمل یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی کە ڕوانینێکی زۆر تایبەتی بۆ

کەسانی غەریب هەیە. لە وتارە بەناوبانگەکەیدا دەربارەی نامۆ، کە سەرەتای هەموو هەوڵە سۆسیۆلۆژییە نوێکانە بۆ نزیکبوونەوە لە کەسی «غەریب». پێیوایە «بابەتگەرایی» بەشێکی گرنگی کاراکتەری نامۆکانە. بابەتگەرایی لەلای زیمل «تەنیا دووری و ناهاوبەشی ناگەیێنێت، بەڵکو پێکهاتێکی تایبەتییە لە دووری و نزیکی، کەمتەرخەمی و بایەخدان»«١١». بابەتگەرایی لەلای زیمیل پشتهەڵکردن نییە لە تێکەڵبوون و بەشداری، بەڵکو شێوەیەکی «زۆر پۆزەتیڤی بەشداریکردنە و لای زیمیل هاوشانی ئازادییە. «مرۆڤ دەتوانێت بابەتگەرایی وەک ئازادیی تەماشابکات، کەسی بابەتگەرا بە هیچ پەیوەستێکی توندەوە گرێنەدراوە»«١٢». ئەم نیگاکردنەی زیمل بۆ نامۆ وەک کەسێک کە دەتوانێت خۆی لە حوکمی پێشوەخت بپارێزێت. دیاردەکان باشتر و ڕوونتر ببینێت، لە حوکمەکانیدا هەوا و هەوەسی تایبەتی نەخاتەکار، وادەکات زیمیل وەک کەسێکی ئازاد تەماشاییکات. بە مانایەک لە ماناکان کەسی نامۆ هەڵگری ڕەهەندێکی ڕەمزیی گەورەیە کە ئاماژە بۆ شکانی هەموو نیگا تایبەتی و حوکمە خۆبەخۆکانی کۆمەڵگا دەکات. لێرەدا نامۆبوون دەروازەیەکی گرنگە بۆ لەدایکبوونی تێگەیشتنێکی دروست بۆ دیاردەکان... واتە ترس لە نامۆ ترسە لە تێگەیشتن. نامۆ دەتوانێت ڕوونتر ببینێت، چونکە ئەو کەسێکە لە دەرەوە تەماشادەکات و ئەوەشی لە دەرەوە تەماشابکات ڕوونتر لەو کەسە دەبینێت کە تەنیا لە ناوەوە دەڕوانێت. ئەو بە حوکمی ئەوەی لە دەرەوە هاتووە گومان لەو شتانە دەکات کە لە ناوەوەی گروپدا وەک بەڵگەنەویست وەردەگیرێن.

چ ئێمە و چ خۆرئاوا لە ترسماندا دەرهەق بە غەریبان هاوبەشین. نامۆ تەنیا خۆی ناخاتە بەر تاقیکردنەوە، بەڵکو هەموو دونیا دەخاتە بەر تاقیکردنەوەوە. بۆچوونەکەی زیمل ئەو لایەنە فەرامۆشدەکات کە کەسی نامۆ کۆمەڵگا دەخاتە بەر تاقیکردنەوەیەکی قورسەوە، ڕەنگە کەسی غەریب هیچ جۆرە هەڵسەنگاندنێک بۆ کۆمەڵگای میواندار نەکات، هیچ بۆچوونێکیشی نەبێت، بەڵام تەنیا بوونی و دەرکەوتنی ئەو پرسیارە دروستدەکات «ئاخۆ

ئەم کۆمەڵگایە دەتوانێت خۆی لە حوکمی پێشوەخت بپارێزێت و بەرابەر مرۆڤەکان بابەتگەرابێت؟»، کێشەکە ئەوە نییە کە غەریب بەهایەکی پۆزەتیڤ و گرنگی وەک بابەتگەرایی هەڵگرتووە، بەڵکو ئەوەیە بابەتگەرایی کۆمەڵگاکان و بەها ئەخلاقی و ڕۆحە گەردوونییەکەیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

نامۆ کەسێکە کە بەدوای بەختەوەرییەکی سەرتاسەریی و جیهانیدا دەگەڕێت، بەختیارییەک سنووری نەتەوەکان ببڕێت و هەمووان تێیدا بەشداربن. واتە هێزێکە پاڵ بە کۆمەڵگا ئینسانییەکانەوە دەنێت ئارەزوویان بۆ نێچیر کەمتر و باوەڕیان بە بەختیاریی لە سنووری بەختیاریی نەتەوەدا نەوەستێت. کۆچبەر دەتوانێت توتی هیچ سیستەمێک نەبێت و چاوێکی تری هەبێت کە کۆمەڵگا پەروەردەی نەکردوە و نیگایەکی هەبێت کە هێشتا دەستەمۆنەکراوە.

کاراکتەری کۆچبەر لەو ڕەهەندانەوە دروستدەبێت.

کۆچبەر سەرەتای لە دایکبوونی کاراکتەرێکی مرۆڤانەی تازەیە، ئەگەر خۆی لەو کاراکتەرە تێنەگەیشت ناتوانێت ببێتە کۆچبەر.

کۆچبەر گەر نەگەیشتە پلەی پرس لە سیستمی ئەمڕۆی دونیا و لە سیستمی کۆمەڵگای خۆی، ئەوا لەهەر جێگایەکی دیکەی دونیادا بێت هێشتا هەر لە ماڵی خۆیدایەتی.

بە مانایەک لە ماناکان وەک چۆن کۆچ خۆی بیرۆکە و هیوایە، هەمان شێوە کۆچبەرییش کۆمەڵێک دەلالەتە. ئێمە کە قسە لە کەسی کۆچبەر دەکەین قسە لە هەندێ مانادەکەین، بەبێ ئەو وێنە و مانایانە کۆچبەر بوونی نامێنێت.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا مرۆڤی ئێمە تا چەند دەتوانێت لە مانا ڕەمزییەکانی کۆچ نزیک ببێتەوە و ببێتە کەسێکی ئازاد و بابەتگەرا؟ ببێتە یەکێک دەتوانێت هەوڵبدات نە بەحوکمی پێشوەخت و نە بەبڕیار و وێنەی پێش خۆی حوکمی بەسەردا بدرێت، نەئەویش بە حوکمی پێشوەخت و بڕیاری کەسانی پێش خۆی حوکمدەدات. بەمانایەکی تر هێزی گەورەی

کۆچبەر تەنیا لەوەدا نییە کە خۆی دەبێت بابەتگەرا «ئۆبێکتیڤ» بێت، بەڵکو لەوەدایە کۆمەڵگاکان بە ئۆبێکتیڤ بوون ناچاربکات.

زۆربەی هەرە زۆری کۆچبەرانی ئێمە ژیانی کۆچبەر دەژین، بەڵام هوشیارییان بە مانای کۆچ و مانا ڕەمزییەکانی کۆچ نییە. مرۆڤ دەبێت سەرەتا باوەڕ بە نامۆبوونی خۆی بهێنێت تا بتوانێت دواتر لەسەر ماناکانی نامۆبوون ئیشبکات، بەڵام کۆچبەری کورد لە هەڵهاتنێکی گەورەدایە لە نامۆبوونی خۆی، لێرەوە ناتوانێت بزانێت چی ئەگەرێک و توانایەکی شاردراوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. کۆچبەری ئێمە ئاوێنەیەکی پێیە کە تەماشایدەکات هێشتا وێنە کۆنەکانی خۆی دەبینێت، کەسێکە لە ڕێگای ئەلبوومە کۆنەکانەوە دۆخی ئێستای خۆی هەڵدەسەنگێنێت، نایەوێت سەیری دۆخی نوێی خۆی بکات. لێرەوە نە پەیامی کەسانی غەریبی بۆ کۆمەڵگای کوردی پێیە، نە پەیامی ئەو کەسانەشی بۆ جیهان پێیە. دونیای ڕاستەقینەی کۆچبەر نامۆبوونە، کە پشتی کردە نامۆبوون دەکەوێتە دونیایەکی دەستکرد و درۆزنەوە.

ئەرنست بلۆخ ڕستەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێت «بیرکردنەوە بریتییە لە تێپەڕاندن» یان دەکرێت بە «بیرکردنەوە بریتییە لە سنووربەزاندن» وەریبگێڕینە سەر کوردی تامانەکەی پتر بەرجەستە بێت، ئەم ڕستەیەی بلۆخ لە ڕستەیەکی زیمیلەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێیوایە ژیان تێپەڕاندنێکی بەردەوامی خۆیەتی، واتە ژیان بریتییە لە بەزاندنی بەردەوامی سنووری ژیان خۆی«١٣».

تا کۆچبەر نەتوانێت ڕەهەندە ڕەمزییەکانی بوونی خۆی ببینێت ناتوانێت دۆخی جارانی خۆی تێپەڕێنێت. هێزێکی گەورە هەیە کە نایەوێت کۆچبەر خۆی تێبپەڕێنێت، هێزێکە دەیبەستێتەوە بە وێستگەیەکی دیاریکراوەوە و بە فەزایەکی دیاریکراوەوە. لێرەوە لە کەسێکەوە کە دەشێت ببێتە بکەرێکی نوێگەر و تازەخواز، پاشەکشەی پێدەکرێت بۆ کەسێک کە هێشتا هەر سەر بە مانا کۆن و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانە.



Scanned with CamScanner

# کۆچبەر و سیستم

جۆرج زیمیل لەیەکێ لە ڕستە زۆر بەناوبانگەکانیدا دەڵێت «ڕێبوار ئەو کەسەیە کە ئەمڕۆ دێت و بەیانی دەڕوات». بە پێچەوانەی نامۆوە کە «ئەمڕۆ دێت و سبەی دەمێنێتەوە»«١٤».

بریختیش لە یەکێک لە قەسیدەکانیدا دەڵێت «هیچ بزمارێک بە دیوارەکەدا دامەکووتە، جلەکەت بدە بەسەر کورسییەکەدا، بۆ چوار ڕۆژ مشووری چی دەخۆیت؟ تۆ سبەی دەگەڕێیتەوە». گەر بەراوردێک بکەین لە نێوان ئەم قەسیدەیەی بریخت و بۆچوونەکەی زیمیلدا زۆر شتمان بۆ ڕووندەبێتەوە... ئەوەی بریخت باسیدەکات «ڕێبوارە» یان دروستتر ئەوەیە «کەسێکە خۆی بە ڕێبوار دەزانێت»، لە کاتێکدا نامۆ کەسێکە دەمێنێتەوە و لە غوربەتدا مشوور لە پاشەڕۆژی دەخوات.

ئەم مامەڵەکردنە لەگەڵ غەریبدا وەک پیاوێک کە بۆ ماوەیەکی کەم دێت و دەڕوات، لە هاوکێشەی غوربەتدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت.

واتە ئەوەی دێت و دەڕوات وێنەیەکی هەیە، ئەوەی دێت و دەمێنێتەوە وێنەیەکی دیکەی هەیە، لێرەوە هەر یەکێک لەم دوو بوونەوەرە دوو بۆچوونی جیاوازیان لەسەر شوێن و لەسەر سروشتی پەیوەندیی بە مرۆڤەکانی دیکەوە هەیە. ئەوەی دێت و دەڕوات پەیوەندی بە کۆمەڵگاکەی خۆیەوە هەمیشە زیندووە، یاخود بڵێین لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هێشتا سەر بە کۆمەڵگای یەکەمە و نەبۆتە کەسێکی «دوو لانەدار». واتە هێشتا ئینتیمای بۆ دوو جۆر فەزای کۆمەڵایەتی جیاواز نییە. کێشەی سایکۆلۆژیی و کۆمەڵایەتیی کۆچبەری کورد لە ڕاستیدا ئەوەیە لەسەر سێ ئاستدا وەک «کۆچەر» واتە وەک میوان و ڕاگوزەر تەماشادەکات و تەماشادەکرێت. ئاستی یەکەم ئاستی



Scanned with CamScanner

ئەو کۆمەڵگانەیە کە تیا دەژی، ئاستی دووەم ئاستی نیگا و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای کوردی خۆیەتی، ئاستی سێیەم ئاستی خەون و پرۆژەکانی کۆچبەری کورد خۆیەتی بۆ ژیانی داهاتووی خۆی. ئەو کۆمەڵگایانەی کورد لە خۆرئاوا بەسەریاندا دابەشبووە، ئەگەرچی کراوەترین کۆمەڵگای سەر زەمینن، بەلام بیرۆکەی مانەوەی هەتاهەتایی بۆ بەشێکی زۆری کۆچبەرانی کورد بیرۆکەیەکی قورس و بێ پاشەڕۆژە، ئەم دیوەیان قسەی زۆر لەسەر کراوە و زۆریش قسەی لەسەر دەکرێت و ڕووی سادە و ڕاستەوخۆی دیاردەی کۆچیش دروستدەکات. لێرەوە پرسیاری گەورەی ئەم وتارە ئەو ویست و نیگارە کۆمەڵایەتییەیە کە لەلای ئێمەوە دروستدەبێت و دەیەوێت کۆچبەر لەسەر زەمینەکانی تر میوان بێت، نەبێتە بەشێک لە پێکهاتی ئەو کۆمەڵگایانە و ئینتیمای خۆی دابەشنەکات.

باومان دەڵێت «نامۆ ئەو ئیقاعەی لە نێوان دووری فیزیکی و دەرونیدا هەیە تێکدەدات، ئەو لە ڕووی فیزیکییەوە نزیکە، بەلام لە ڕووی ڕۆحییەوە دوور دەمێنێتەوە» ئەمە ئەو دۆخە پێچەوانەیەیە کە کۆچبەر لە ڕووی جەستەییەوە تێیدەکەوێت. ئەو بە جەستە لە شوێنێکە و بە ڕۆح لە شوێنێکی تر. کۆمەڵگای ئێمە دەیەوێت ڕۆحمان هەمیشە بۆ ئەو بێت، لێرەوە هەموو ئاماژەیەک بۆ توانەوە و تێکەڵبوون لەگەڵ دونیاکانی تردا ئاماژەی ترسناکن. دروستکردنی ئەو فاسیلە هەمیشەییە وادەکات نەچەسپان، ڕاگوزەربوون ، بێئاگایی و بێباکی لە کێشەی ئەو کۆمەڵگایانەی کۆچبەران تیادەژین لە بەرزترین ئاستدا بێت. دروست نەبوونی هیچ پردێکی ڕۆحی لە نێوان کۆچبەران و ئەو دونیایانەدا کە تیا دەژین، خولقێنەرێکی گەورەی دۆخی میوانە.

میوان کەسێکە کێشەکانی ماڵی خانەخوێکەی بە کێشەی خۆی نازانێت، ئەو بەردەوام خۆی وەک کەسێک نیشاندەدات کە ئەمڕۆ هاتووە و بەیانی دەڕوات.

بۆ زیاتر ڕامان لەم دۆخە دەگەڕێمەوە سەر ئەو تێزە سەرەکییەی



Scanned with CamScanner

باومان دەربارەی پەیوەندی لە نێوان نامۆ و ڕێکخستندا. بە بۆچوونی باومان خەسڵەتی سەرەکی مۆدێرنە ڕێکخستنە. واتە بەخشینی سیستمێکی دابەشکردنی ئاشکرا و ڕوونە بە شتەکان، سیستمێک هەر شتە و شوێنی خۆی لە ڕێکخستنێکی تایبەتدا داگیردەکات. وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا بە ڕای باومان کەسی نامۆ لە جەوهەردا لە دابەشکردنە ڕوکەش و سادەکەدا جێگای نابێتەوە کە دابەشکردنە بۆ دۆست و دوژمن. لێرەوە نامۆ نارەحەتییەک و نائاسوودەییەکی گەورە لە دەوری خۆی بڵاودەکاتەوە. چونکە بڕیاری لەسەر نادرێت و قسەی کۆتایی لەسەر ناکرێت، هیچ کۆمەڵگایەک بە وردی نازانێت ئاخۆ دۆستە یان دوژمن، بەشێکە لەو یاخود نا. واتە ناکەوێتە ناو سیستمەوە. لێرەدا کەسی نامۆ دەکەوێتە جەمسەرێکەوە پێچەوانەی ئەو لۆژیکەیە کە تەواوی مۆدێرنەی لەسەر بونیادنراوە. مۆدێرنە لەسەر سیستم و ڕوونی و پۆلێنکردن دامەزراوە، بەڵام کەسی نامۆ نە دەچێتە ناو سیستم و نە بە ڕوونی دیارە کێیە و نە ئاسانیش پۆلێندەکرێت. باومان خۆی دەڵێت «ئەوەی بڕیاری لەسەر نادرێت هەموو ئەو شتانەن کە نە ئەمەن و نە ئەوەشن، ئەمە بەو مانایەیە کە ئەمەن و ئەوەشن...لەبەرئەوەی هیچ نین، دەکرێت هەموو شتێک بن. ئەوان کۆتاییەک بۆ هێزی ڕێکخستنی شتە ناکۆکەکان دادەنێن، ئەوەی «بڕیاری لەسەر نادرێت» ئەگەری ناسین و مامەڵەکردن لەگەڵ شتە ناکۆکەکاندا ئیفلیجدەکات... ئەوەی لە دەرەوەیە دەیهێنێتە ناوەوە، بە گومانی ناڕێکی پشێوی ڕێکی ژەهراویدەکات. نامۆکان ئاوەها دەکەن»«١٥».

بەپێی باومان سیستم یارییەکی تراژیدیی لەگەڵ کۆچبەردا دەکات، بەو شێوەیەی کە نەدەیکاتە «ئەمە» و نەدەیکاتە «ئەوە». بەڵکو دەیگۆڕێتە سەر کەرەستەیەک چی بوێت و لە چ کاتێکدا لێی دەسازێنێت و دروستیدەکات. دیارە ئەم بۆچوونەی باومان تا ئەندازەیەکی زۆر ڕاستە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە وەک کۆچبەر دەتوانین بۆ ئەو تێزەیەی زیادبکەین، ئەوەیە کۆچبەر



Scanned with CamScanner

خۆشی بە قوولّی هەمان گەمە دەکات، واتە نە دەبێتە ئەم و نە دەبێتە ئەو، خۆی دەکاتە کەرەستەیەک کە هیچی لێ دروست نەکرێت و هەموو شتێکیش. دیارە هەریەک لە «سیستم» و «نامۆ» بە ستراتیژی جیا و بە ئاڕاستەی جیا و بۆ مەبەستی جیا ئەو یارییە دەکەن. کۆچبەر نایەوێت بچێتە ناو هیچ سیستمێکەوە تا ئیلتیزاماتەکانی نەخاتە ئەستۆی خۆی، لێرەوە جۆرێک لە هەڵوێستی میوانئاسا بەرابەر کێشەکان وەردەگرێت. کۆچبەری کورد دەبێتە میوانی هەموو جیهانەکان، واتە لەبری ئەوەی ببێتە خاوەنی دوو ئینتیما بۆ دوو جیهان، لە هەر دوو جیهانەکەدا وەک کەسێک ڕەفتاردەکات کە کەم و زۆر شتە گرنگەکانی ئەم دوو دنیایە پەیوەندییەکیان بەوەوە نییە. کۆچبەری کورد ستراتیژێکی سەیر هەڵدەبژێرێت، نە سەد دەر سەد تێکەڵاوی ئەو کۆمەڵگایانە دەبێت کە تیایاندا دەژی، نە سەد دەر سەد پاشەکشەش دەکات. ئەم بێلایەنییە بەرەو ئەوەی دەبات لە پەراوێزی هەموو سیستەمەکاندا بێت و ئاسان نەگیرێت. ئەمجۆرە بێلایەنییە، یان ئەمجۆرە لە «بێبڕیاریی» بەپێی زاراوەی باومان، سەرەتای دروستبوون و فۆرمگیربوونی ئەو چەمکەیە کە بە «ناشوێن» ناویدەبەم. بڕیارنەدان لەسەر پرۆژەی خود، لەسەر کاراکتەرێک بۆ کۆچبەر، لەسەر مانایەک و ئاڕاستەیەک، لەسەر دیاریکردنی شوناسێکی وجودییانە بۆی. مانەوە لە بێشێوەیی و لە جیهانی «ئەگەر» و ئیحتیمالاتدا، واتە کۆچبەر دەیەوێت نە «ئەم» بێت و نە «ئەو»، نە لێرە بێت و نە لەوێ. بەمانایەکی تر و بە کارکردن لەسەر هەمان زمانی میتافۆریی باومان. ئەو دەیەوێت ئەمیش بێت و ئەویش بێت، لێرەش بێت و لەوێش بێت، واتە هەم خۆرهەڵاتیی بێت و هەم خۆرئاواییش.

ئەم دۆخە ئەگەر لە سەر خیانەت لە غوربەت دروستنەبوو‌بێت، وەک دیاردەیەکی نێگەتیڤ نایبینم. بەڵام ئەو گەمەیەی لە پشت ئەم دۆخەوەیە ئەوەیە کۆچبەر بەرابەر خۆرئاوا کوردبوونی خۆی وەک دژە شوناس بەرزدەکاتەوە. بەڵام بەرابەر نیشتیمانی خۆی شوناسی خۆرئاوابوون وەک



Scanned with CamScanner

جۆرە سەرمایە و شێوە دەسەلاتێک دەخاتەکار. ئەوەی لە کوردبوونی خۆی بەرابەر خۆرئاوا بەرزیدەکاتەوە تووشی جۆرێک لە گۆشەگیریی کولتووری دەکات و ئەوەشی لە خۆرئاوابوونی خۆی بەرابەر بە کورد بلندیدەکاتەوە بەرەو دارشتنی وێنەیەکی ئەفسوناوی درۆزن و کلیشەیی دەبات. لە هەردوو دۆخەکەشدا کۆچبەر لەبری ئەوەی «وەک نیگایەکی پێچەوانە» لە ناو سیستەمەکەدا کاربکات، وەک ساختەکار و قۆلبڕ و فێلبازێک دەردەکەوێت کە درۆ لەگەل خۆی و دونیادا دەکات.

## لەنێوان چەمکی مەنفا و چەمکی غوربەتدا

لەوەوبەر لە دوو چاوپێکەوتنی ڕادیۆدا بە کورتی و سەرپێییەکی خێرا باسم لە نەمانی بە کاوەخۆی چەمکی «مەنفا» کردوە. لەڕاستیدا بەر لەوەی بچمە ناو ئاستێکی دیکەی باسەکەمەوە و بۆئەوەی بتوانم لەسەر زەمینێکی ڕوونتر ئیشبکەم، بە پێویستی دەزانم ئەم چەمکە لە غوربەت جیابکەمەوە.

لە ساتێکدا گلۆبالیزم بچوککردنەوەی دونیایە، کەچی ئەم بچوکبوونەوەیە بەمانای کەمبوونەوەی پلەکانی غوربەتی ڕۆحی و دەرونی مرۆڤ نایەت. کۆچبەری کورد لە سالانی ڕابوردوودا توانیویێتی سەفەربکات و بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان و دووبارە بێتەوە بۆ مەنفا، واتە لە پەیوەندییەکی نەپساو و ڕاستەوخۆدا بووە لەگەل نیشتیمانەکەی خۆیدا، لەم جۆرە دۆخەدا قسەکردن لەسەر مەنفا مانایەکی کۆنکرێتی نییە، هاتوچۆی خێرای زانیاریی و پەیوەندی خێرا و ئاسان و بێسنوور وادەکەن کۆچبەر بەردەوام لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدا بێت لەگەل کێشەکانی نیشتیماندا. مەنفای جاران بۆیە بە مەنفا ناودەبرا، چونکە دوورکەوتنەوەبوو لە دەنگ و ڕەنگ و هەوالی نیشتیمان بریتی بوو لە نەبوونی پرد، لە جیابوونەوە، لە ترازانێکی تەواو کە زەمینەی بۆ



Scanned with CamScanner

جۆرە ژانێکی فەنتازیی خۆشدەکرد. مەنفای دێرین بۆیە ڕەهەندێکی ترسناکی هەبوو، چونکە مرۆڤ تەنیا لە یادەوەریدا دەیتوانی پەیوەندی بە نیشتیمانەوە ببەستێت، مەنفا دەبووە پچڕانێکی ڕیشەیی و دابڕانێکی قووڵ، دەبووە ئەو دۆخەی نیشتیمان تیایدا وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی وندەکرد و کەسی کۆچبەر دەبوو لە فەنتازیادا نیشتیمان دروستبکاتەوە. مەنفای ڕاستەقینە بریتی بوو لەو دۆخەی تیایدا وێنەیەکی فەنتازیی بۆ نیشتیمان شوێنی وێنە ڕاستەکەی دەگرتەوە. کۆچبەر تەنیا لە خەیاڵ و فەنتازیادا دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ منداڵی و گەنجی و بۆ لای کەس و هاوڕێکانی. ئێمە تا ئەو جێگایە لە تاراوگەداین کە دەبێت لە یادەوەری و خەیاڵدا بۆ نیشتیمان بگەڕێین، بەم مانایە تا پردی پەیوەندی لەگەڵ نیشتیماندا بەهێزتربێت، ئەزمونی مەنفا کاڵتر و کاڵتر دەبێتەوە. ئەو کۆچبەرەی ساڵی دووجار دەتوانێت سەفەربکات و هەموو کاتێک دەتوانێت سات بە سات ئاگای لە نیشتیمان بێت، لە دۆخێکی ڕۆحی جیاوازدا دەژی لەو تاراوگەبووەی ساڵەهای ساڵ ناتوانێت پەیوەندی بە نیشتیمانەکەیەوە ببەستێت... لێرەوە پێموایە چەمکی تاراوگە لە سەردەمی دیجیتاڵ و گلۆبالیزمدا کەم کەم نرخ و مانای جارانی نامێنێت.

بەڵام تاراوگەبوون شتێکە و غوربەت شتێکی ترە. تاراوگەبوون بەشێکی ئەزموونی کۆچبەرە و غوربەت بەشێکی تریتی.

ئەزموونی نزیکی لە نیشتیمانەوە و کاڵبوونەوەی مەنفا وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری بنەڕەتی دەربارەی دۆخە وجودییەکانی کەسی تاراوگەکراو ناداتەوە. ئەوەی بەردەوام نزیکبین لە نیشتیمانەوە مانای ئەوە نییە غوربەتمان کۆتایی هاتووە. سەردانی ناو بە ناوی نیشتیمان کێشە ستراکتورییەکانی کەسی نامۆ چارەسەرناکات. گەڕانەوە و هەواڵبیستن و خوێندنەوەی ڕۆژانەی ڕۆژنامەکانی نیشتیمان و تەماشاکردنی ڕۆژانەی تەلەفزیۆنەکانی وڵات، کێشەی کۆچبەر لەگەڵ دونیای مەنفا و دونیای نیشتیماندا چارەسەر ناکات.

ئێزرا پارک کەسی نامۆ وەک «نیگاوانی کولتوورێکی نامۆ» پێناسەدەکات،

واتە کەسێک کە ژیانی لە نیگاکردن و سەیرکردن و چاوەدێرکردنی کولتووریکدا دەباتەسەر کە کولتووری خۆی نییە. بەپێی پارک تاراوگەبوو ئەو کەسەیە کە «لەسەر سنوورەکانی دوو کولتووردا دەسوڕێتەوە، و دەبێت کەرەسەی تایبەت بە خۆی بسازێنێت بۆئەوەی ئەو ململانێ کولتوورییە کۆمەلایەتییە بە جۆرێکی فەردی چارەسەربکات». لێرەوەیە لای «ئێزرا پارک» تاراوگەبوو وەک «پیاوێکی پەراوێزیی marginal man» تەماشادەکرێت«١٦». جگە لە ئێزرا پارک کەسێکی دی کە لە بواری سۆسیۆلۆژیای نامۆبووندا کاریکردوە «ئالفرێد شوتز»ە. ئەو نامۆ وەک کەسێکی دزەکەر یان خۆخزێن «Eindringli» تەماشادەکات کە دەیەوێت لە ڕێگای ڕێکخستنێکی تەواو نوێی سیستمی شەخسی خۆیەوە، لە ستراکتورێکی تازەدا جێی خۆی بکاتەوە و شوێنێک بۆ خۆی بگرێت«١٧».

ناسیحی لە «پارک » و «شۆلتزەوە» هەندێ دەرەنجام وەردەگرێت کە دەشێت بۆ ئێمە گرنگ بن.

بە ڕای ناسیحی تاراوگەبوو کەسێکە هەوڵدەدات لە ناو گروپێکی دیکەدا وەربگیرێت،گەرئەوەی بۆنەکرائەوالەناوتێکەڵەیەکی سەیری کولتووریدالەسەر سنووری دوو گروپی جیاوازدا و لە مۆدێلی شێوەژیانیاندا دەمێنێتەوە.«١٨»

گەر سەرنجبدەین کێشەی هەرە گەورەی کەسی تاراوگەبوو دووری نییە لە نیشتیمان، چونکە سەنگی ئەم کێشەیە لە دونیای ئەمرۆدا تا ئەندازەیەکی گەورە سووکدەکرێت و دەکرێت تا دواپلە لە ژان و ئازارەکانی کەمبکرێتەوە، بەڵام کێشەی گەورەی کەسی تاراوگە ئەو غوربەتەیە کە لە نێوان مەرزە جیاوازەکانی دوو کولتووردا تووشیدێت. بە پلەی یەکەم سروشتی مامەڵەکردن لە نێوان دوو کولتووردا شێوە و مانا و پلەی غوربەت دیاریدەکات. لاوازبوونی چەمکی مەنفا و بەهێزبوونی پەیوەندی لە نێوان نیشتیمان و دەرەوەدا لەوانەیە لە ئاستی تێکچوونی پەیوەندی کولتوورییانەی کۆچبەرەوە دەرەنجامی کوشندەی هەبێت.



Scanned with CamScanner

غوربەت دیاردەیەکی ئاڵۆزە بە کۆمەڵێک ئاست و فۆرمی زۆر جیاوازەوە. ئاستی یەکەم، ئاستی پەیوەندییە بە شوێنی یەکەمەوە، واتە بە نیشتیمانەوە. ئاستی دووەم، ئاستی پەیوەندییە لەگەڵ شوێنی دووەمدا کە وڵاتانی غوربەتە. ئاستی سێهەم، پەیوەندییە بە وێنەی ئەو شوێنە ئیفترازیی و ئیدیالەی کۆچبەر لە خەیاڵی خۆیدا بۆی دەگەڕێت و بوونی نییە. ئاستی چوارەم، ئەو شوێنەیە کە لە کۆی ئەم شوێنانەی تر دروستدەکرێت و تێکەڵەیەکی فەنتازییە لە هەر سێ جێگاکەی دی.

مەنفا تێکچوونی پەیوەندییە بە جێگای یەکەمەوە، بەڵام غوربەت بە مانا ڕۆحییە قووڵەکەی خۆنەدۆزینەوەیە لە هیچ جێگایەک لە جێگاکانی دیکەدا. غوربەت لە ژیانی کۆچبەردا ڕەهەندێکی ڕەمزی هەیە کە بریتییە لە سوڕانەوە و تێکەڵکردنی هەموو شوێنەکان و هەموو وێنەکان بەیەکتر.

لە وێستگەی یەکەمی غوربەتەکانی کۆچبەردا، شوێنێک هەیە کە ناوی نیشتیمانە. نیشتیمان بە مەرجەکانی کۆچبەر قایل نییە و ئەویش بە مەرجەکانی نیشتیمان قایل نییە. ئەمە وێستگەی یەکەمە. ئەو وێستگەیەی کۆچبەرە کە هێشتا تەواو لە فەزای نیشتیمان نەترازاوە و نەچۆتە سەر خاکی کولتوورێکی تر.

وێستگەی دووەم، گەیشتنە بە زەمینی دووەم، لێرەدا غوربەت جۆرێکی دیکەیە، لەم وێستگەیەدا زۆربەی کۆچبەران لەگەڵ وێنەی نیشتیماندا ئاشتدەبنەوە. لەم دۆخەدا کۆچبەر بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەچێتە دۆخێکەوە کە هەموو شتێکی نیشتیمانی پێ قەبووڵە، گەڕانەوە نەبێت بۆ ئامێزیی. دۆخێکە کۆچبەر لە ئاستی سایکۆلۆژی و دەروونیدا لەگەڵ کولتوور و شێوازی ژیان و چاوەڕوانییەکان و ئینتیما سیاسییە کۆنەکانیدا ئاشتدەبێتەوە، بەڵام ناچێتەوە ئاستی قەبووڵکرنی نیشتیمان وەک شوێنی ژیان. واتە کرداری کۆچ لێرەدا دەبێتە کرداری گەڕان بە دوای شوێنێکی تردا، بێئەوەی کرداری گەڕان بێت بەدوای کاراکتەرێکی دیکەدا. لێرەدا کۆچبەر ئەگەرەکانی گەشەسەندنی



Scanned with CamScanner

کاراکتەری ئینسانی خۆی دەکوژێت و بە شێوەیەکی توند دەگەڕێتەوە بۆ بیناکردنەوەی کاراکتەری یەکەمی خۆی و زیندووکردنەوە و ئیشکردن بە هەموو خەون و پرۆژە و ئینتیما پێشووەکانی. لێرەدایە کۆچبەر هەمیشە مادە و مەتریالیکی لەبارە بۆ سەرهەڵدانی توندڕەویی و کۆنەپەرستیی سیاسی و کولتووریی و زۆرجار هەستدەکەین هەتا چەند هەنگاوێک لە دوای گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی خۆیەوەتی. گەر کۆچبەرانی کورد بە نموونە وەربگرین، زۆر بە زەقی ئەوە دەبینین کە لە مەنفا، یەکێتییەکان دەبنەوە بە یەکێتی و پارتییەکان بە پارتی و ئیسلامییەکان بە ئیسلامی. لێرەدایە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا کۆچبەر سەر لەنوێ دەگەڕێتەوە بۆ بیناکردنەوەی گرووپی داخراوی بچوک لە هەناوی کۆمەڵگاکانی دیکەدا، لە ئاستی فەردیشدا دەگەڕێتەوە بۆ بیناکردنەوەی شێوە ژیانی خۆی لەوێ و شێوازێکی پارەپەیداکردنیش دەگرێتە بەر کە لەگەڵ شێوازی ژیانیدا لەوڵات بگونجێت.

وێستگەی سێهەمی غوربەت، شوێنێک هەیە وڵات و کولتوورەکانی غوربەتە، کۆچبەر بە مەرجەکانی ئەوان ڕازی نابێت و ئەوانیش ئەو لە بەردەم دەرگادا ڕادەگرن و لە پەراوێزی ژیان و دانپیانان و قەبوولکردنا دەیهێڵنەوە. لێرەدا گومان و دوودڵی و بریندارکردنی هەستی ئینسانی کۆچبەر لە هەموو وێستگەکانی تر زیاترن. ئەمە ئەو ساتی ئاشکرابوونەیە کە هەر یەکێک لە خانەخوێ و غەریب قووڵ سەیری چاوی یەکتردەکەن و بێئەوەی هیچی شتێکی گرنگ لە نیگای یەکتردا بخوێننەوە ڕوودەکەن بەودیودا و پشتدەکەنە یەکتر. ئەو ساتەیە کە قووڵ بە مێژووی کەسی کۆچبەردا دەچێتە خوارێ و تا مەرگ لە هەموو نیگایەکی خانەخوێدا دەیبینێتەوە. ئەوساتەیە کە تاراوگەبوو هەستدەکات ئەو نەگەیشتۆتە سەر ئەو زەمینەی بۆی دەگەڕێت و لەسەر زەوییەکی تر و لە شوێنێکی دیکەدا گیرساوەتەوە.

لەم وێستگەیەدا غەریب هەستدەکات ئەو کۆمەڵگایەی ڕووی تێکردووە قەبووڵی ناکات، یان تەنیا وەک ئامێرێک قەبوولیدەکات. ڕۆبنسۆن کرۆزۆ



Scanned with CamScanner

لە ڕستەیەکی زۆر گرنگدا سەبارەت بە فرایدەی دەڵێت «وام لێکرد تێبگات ناوی فرایدەیە... کردمە ئەرک و فەرمانی خۆم هەموو ئەو شتانەی فێربکەم کە دەیکاتە کەسێکی سوودبەخش و یاریدەدەر و بەردەست». ئەم لۆژیکەی لە عەقڵی ڕۆبنسۆن کرۆزۆدایە کاتێک مامەڵە لەگەڵ فرایدەیدا دەکات، تا ئەمڕۆ لە عەقڵی بەشێکی زۆری ئەوروپییەکاندایە کاتێک مامەڵە لەگەڵ بیانیاندا دەکەن. بەبۆچوونی من هیچ غەریبەیەک لە ئەوروپادا نییە بۆ ساتێک لە ساتەکان نەبووبێتە فرایدەی و بەو چاوە تەماشانەکرابێت و بەو چاوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرابێت.

وێستگەی چوارەمی غوربەت، ئەو وێستگەیەیە کە کۆچبەر دەبێت کەرەستەکانی خۆژیاندن و خۆگونجاندن بدۆزێتەوە، دەبێت میکانیزمێکی تایبەتی و فەردی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قەبوڵ نەکردن بدۆزێتەوە. لەم ئاستەدا کێشەی کەسی کۆچبەر کێشەیەکی ستراکتورییە، پابەندە بە سروشتی ئەو کەرەستە و ڕێگایانەی کە دەبێت بیگرێتە بەر بۆئەوەی جێگایەک بۆ خۆی بکاتەوە، تا لە دونیای بەردینی غوربەتدا درزێک بدۆزێتەوە تیا جێگیربێت. ئەمە ئەو دۆخەیە کە کۆچبەر تیایدا دەبێت تێکەڵەیەکی کولتووریی و ئەخلاقیی جیاواز و پڕ ناکۆکی لە خۆیدا پێکەوە بگونجێنێت. ئەو ساتەشە کە دەبێتە وێستگەی سەرهەڵدانی درۆ گەورەکانی ژیانی کۆچبەر. ئەمە ساتی گونجان و گرێدانی جەمسەرە ناکۆکەکانە. ساتی دابەشبوونی ژیان و کار و ڕەفتار و ئینتیما و ئاکاری کۆچبەرە بەسەر چەندەها دەرکەوتەی ناکۆک و دژ بەیەکدا. ئەمە وێستگە سەرەکی و دووروودرێژەکەی ژیانێتی، لێرەدا کۆچبەر دەبێتە ئەندازیاری شێوە دونیایەکی نوێ و شێوە مۆراڵێکی دیکە. ئەم وێستگەیە یان دەبێتە وێستگەیەکی هەمیشەیی و ئیدیماڵی غوربەت دەبێتە ماڵی هەمیشەیی کۆچبەر، یان دەبێتە ئەو وێستگەیەی کە کۆچبەر تیا تەواو لە کۆچ پەشیماندەبێتەوە.

وێستگەی پێنجەمی غوربەت، ئەو هەوڵەیە کە کۆچبەر هەندێک جار



Scanned with CamScanner

دەیدا بۆ هاتوچۆ و ژیان لە نێوان شوێنی یەکەم و دووەمدا. خودی ئەم هاتوچۆیە درێژکراوەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ ئەو جۆلانێکردنە مەجازییەی لە ژیانی کۆچبەردا لە نێوان ئێرە و ئەوێدا دروستبووە. لێرەدا کۆچبەر دەیەوێت دەست بە هەردوو جیهانەکەوە بگرێت، یەکێکیان بکاتە دونیای سەرەکی و ئەویتریان بە دونیای لاوەکی.

لێرەوەیە دەتوانین بڵێین لاوازبوونی چەمکی مەنفا بە کۆتایی غوربەت تەواو نابێت، گەر مەنفاش نەمێنێت کۆچبەر هەر کۆچبەرە و غوربەتی قووڵتردەبێتەوە و تەنکتر نابێت. گەر لەو قۆناغانەی سەرەوە بڕوانین، باشتر دەبینین کە مەنفا دۆخێکی ڕۆحییە و پابەندی شوێنی جوگرافی ئێمە نییە لە سەر زەوی. ئەوەی مەنفا وەک شوێن نرخی نامێنێت، مانای ئەوە نییە کە مەنفا وەک غوربەتێکی ڕۆحی لە هیچ یەک لەو قۆناغانەدا لە بەیندەچێت.

*****

کێشەی کۆچبەر لەو ساتەدا زۆر زەقدەبێتەوە، کاتێک دەزانێت ئەو کەوتۆتە نێوان دوو دونیا، بەڵام لە هیچ یەکێک لەو دوو دونیایەدا شوێنی ڕاستەقینەی خۆی نادۆزێتەوە. واتە هیچ یەک لەو دوو دونیایە شوێنی هێمنی و ئاسوودەیی و ئارامی نین. بەڵام گەڕان بە دوای شوێنی ئیدیالدا، بە دوای دۆزینەوەی نیشتەجێیەکی بەهەشتیدا، شوێنێک جوانی هەموو شوێنەکانی کۆکردبێتەوە بەشێکە لە مۆتیف و پاڵنەرە گەورە و گرنگەکانی کۆچی مرۆڤی ئێمە.

تێکچوونی پەیوەندی لەگەڵ هەردوو شوێندا، ئەو کات بەرجەستەدەبێت کە کۆچبەر ناتوانێت «یان نایەوێت» جارێکی دی نیشتیمان بکاتەوە بە نیشتەجێی هەمیشەیی، ئەو کاتیش کە ناتوانێت تەواو ئامێزانی کۆمەڵگاکانی غوربەت بێت و ببێت بە بەشێک لەو کۆمەڵگایانە. بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە قووڵە کۆچبەر ناچارە پەیوەندی خۆی بە شوێنەوە بگۆڕێتە



Scanned with CamScanner

سەر جۆرە پەیوەندییەکی نوێ، واتە پێویستە تەواوی پەیوەندی خۆی بە دونیاوە بگۆڕێت و لەو فەزا تازەیەدا کە تیادەژی جۆرە پەیوەندییەکی دیکە دروستبکات. کۆچبەر دوو شوێنی گرنگی هەیە، یەکەم: نیشتیمان و دووەم: وڵاتانی غوربەت. هیچ یەک لەم دوو شوێنەش تەواو وەڵامی هاوارەکانی ئەو نادەنەوە، ئەو سیحر و ئەفسونەی هەر یەکێک لەم دوو جێگایە دەیبەخشن بەیەکەوە کۆنابنەوە. غوربەت کۆمەڵێک هەل و ئەفسون پێشکەش بە کۆچبەر دەکات کە نیشتیمان خۆی ناتوانێت پێشکەشیانبکات، نیشتیمانیش کۆمەڵێک ویستی ڕۆحی و دەرونی و عاتیفی تێردەکات کە غوربەت تێریان ناکات. کۆچبەر لە هەر یەک لەم دوو نیشتەجێیەدا شتێکی گرنگ دەدۆڕێنێت. لێرەوە هەموو شوێنە ڕاستەقینەکان، هەموو ئەو شوێنانەی شوێنی واقعیین و دەشێت مرۆڤ تیایاندا بژی، دیوێک و ڕەهەندێکی بەهەشتی و دیوێک و ڕەهەندێکی جەهەنەمییان بۆ دروستدەبێت. بە مانایەکی تر، هیچ یەک لە «نیشتیمان» و «غوربەت» شوێنی ئیدیال نین. ئەو شوێنە نین ئاسوودەیی کۆتایی ببەخشن. لێرەوە سەفەر بە دوای شوێنێکی دیکەدا دەبێتە سەفەرێکی هەمیشەیی، کاتێکیش ئەم مرۆڤە لە واقعدا دەگاتە بونبەست، لە فەنتازیادا درێژە بە گەشتەکانی خۆی دەدا.

بەمانایەکی تر گەیشتن بە خۆرئاوا کۆتایی بۆ ئەو گەشتە دانانێت کە مرۆڤی ئێمە لە نیشتیمانەوە دەستی پێدەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەڕان بە دوای شوێنێکی تردا «کە سروشتێکی دیکەی هەیە» دەست پێدەکات. لەم گەشتەدا مرۆڤی ئێمە سنوورەکان نابڕێت، لە دەریاکان نادات، وڵاتەکان تەیناکات، بەڵکو تێدەگات دەبێت خۆی جۆرە فەزایەک دروستبکات و بیکاتە مەڵبەندی کۆکردنەوەی ئەو شتانەی ونیکردون و بەدوایاندا دەگەڕێت. مرۆڤی ئێمە دەزانێت ئەو ناتوانێت لەسەر پانتاییە جوگرافییە گەورەکان نیشتیمانێکی هەبێت، لێرەوە لەسەر پانتاییە جوگرافییە بچوکەکان، لە دەوروبەری نزیک، لەو فەزایەدا کە لە چوار دەوری خۆی دەیخولقێنێت، دەستدەکات بە

بیناکردنەوەی نیشتیمان. لێرەدا نیشتیمان لە هەموو چەمکە گەورە و مەزن و بێسنوورەکانی خۆی دەبێتەوە و کورتدەبێتەوە بۆ خولقاندنی کۆمەڵێک فەزای کۆمەڵایەتی و دەروونی تایبەت.

بەر لەوەی بێمە سەر چەمکی «ناشوێن» دەمەوێت کەمێک لەسەر پرۆسەی گەڕان بە دوای شوێنێکی دیکەدا لە فەنتازیادا قسەبکەم. دانەنان بە غوربەتدا یەک دەرەنجامی هەیە، ئەویش باوەڕهێنانە بەوەی تۆ هێشتا هەر لە نیشتیمانی، هەرگیز دوورنەکەوتویتەوە، هەمیشە لە فەزایەکدای گرێدراوی ڕابوردووی خۆتە، لە نێوان ئەمڕۆ و دوێنێتدا پچڕانێک دروستنەبووە. ئەمڕۆت درێژکراوەی دوێنێتە، غوربەتیشت درێژکراوەی نیشتیمانتە. دانەنان بە غوربەتدا بریتییە لە دانەنان بە پچڕان، باوەڕنەهێنان بە گۆڕان، باوەڕنەهێنان بەوەی کە تۆ لەناو کولتوورێکی دیکەدایت و دەبێت تێکەڵی بیت و لێگەڕێت هەندێ لە ماناکانی لە ناو ڕۆح و ژیانتدا بدرەوشێنەوە. ئەم حاشاکردنە قووڵە لە غوربەت، وادەکات کۆچ بە شێوەیەکی دیکە درێژەی هەبێت. ئەوانەی دەپرسن کاتێک کۆچبەران غەریبی نیشتیمان دەکەن بۆ ناگەڕێنەوە؟ ئەو ڕاستییە نازانن کە کۆچبەری ئێمە لە ئاستی خەیاڵ و فەنتازیادا درێژە بەو گەڕانە دەدات کە لە شوێنە واقعییەکاندا وەدەستی ناکەوێت. دیارە زاراوەی «کۆچی فەنتازیی» زاراوەیەکە بۆ کۆمەڵێک پرۆسەی ئاڵۆز کە لەسەر ئاستی هەست و نەست و ڕەفتار و ڕێکخستنی شێوازی ژیاندا ڕوودەدەن. واتە سەفەر نییە لە شوێندا، بە فڕۆکە و بەلەم و شەمەندەفەر، بەڵکو دروستکردنی شوێنێکی دیکەیە کە تا ئەندازەیەکی زۆر بەرجەستەکردنی ئەو شوێنە خەیاڵییەیە کە کۆچبەر بۆی دەگەڕێت.

پرسیارێک لێرەدا دێتە پێشێ ئەوەیە ئایا کۆچبەر بە دوای چ جۆرە شوێنێکدا دەگەڕێت؟

لەڕاستیدا دۆزینەوەی ڕوخساری گشتی ئەو جێگا خورافییەی کۆچبەری ئێمە بۆی دەگەڕێت، ئاسان نییە... واتە پشکنین بە دوای شوێنی ئیدیالدا



Scanned with CamScanner

پشکنینێکی وردی ئەستی تاکە کەسی و ئەستی کۆ و تێکستی نوسراو و گووتراوی ئێمەی دەوێت، تا ئەو کاتەی ئێمە دەستمان ناگاتە ئەستی خۆمان، دەستمان ناگاتە ناو چینە شاردراوە و نهێنییەکانی ناو هەستی خۆمان، تا ئەو کاتەی ئێمە زانستێکمان نییە شفرە داخراوەکانی دەرونی خۆمان بۆ شیبکاتەوە. بۆ گەیشتن بە وێنەی گریمانەیی و شیمانەیی ئەم کۆچە دەبێت کۆمەڵێک ئاستی دیکە بخوێنینەوە یان هەندێک ڕێگای دیکە پێشنیاربکەین.

شوێنی ئیدیالی ئێمە دوور نییە لەو وێنەیەی سەرچاوە دینی و سیاسییەکان بۆ جێگای ئیدیال دەیکێشن. وەک چۆن دین شوێنێکی یۆتۆپی پێشکەشدەکات، ئاوەهاش هەموو بزاوتە سیاسییەکانی ئێمە شوێنی یۆتۆپی خۆیان هەبووە. لەوەوبەر لە یەکێک لە باسەکانمدا باسم لە زەمانی یۆتۆپی لای ئێمە کردوە، هاوشان بەزەمانی یۆتۆپی فیکرەی جێگای یۆتۆپی یەکێکە لە تەوەرە گەورەکانی ناو پێکهاتی عەقڵی ئێمە. ئەگەرانە دواوەی کۆچبەری کورد لەوەوە هاتووە کە ناتوانێت دەستبەرداری گەڕان بێت بە دوای شوێنی ئیدیالدا. درێژەدان بە فەنتازیاکردنی شوێن، درێژەدانە بە توانا و وزەی ژیان و مانەوە. واتە لە قووڵاییدا سەیربکەین ئەو ڕاستییە دەدۆزینەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان مرۆڤی ئێمە دەستخەڕۆی شێوە کۆچێکە ئارام ناگرێت. لە قووڵایی کۆچبەری ئێمەدا ئەو هەستە هەیە کە نەگەیشتۆتە ئەو شوێنەی خۆی دەیەوێت. سەرچاوەکانی ئەو هەستە گەلەک زۆرن. هۆی یەکەمیان بێئاگایی کۆچبەرە لە ماهییەت و چۆنێتی ئەو شوێنانەی کە کۆچیان بۆدەکات. کۆچبەری ئێمە کۆچبەرێکی نەزانە، کۆچبەرێکە فیکرەیەکی لەسەر ئەو خاک و وڵاتانە نییە کە سەفەریان بۆ دەکات، بۆچوونی دەربارەی خۆرئاوا پڕە لە هەڵە و ئەفسانە، ئەوەی لە خەیاڵیایەتی کۆمەڵێک وێنەیە نەگەیشتونەتە ئاستی گەڵاڵەکردنی فیکرەیەکی ئاشکرا و ڕوون. کۆچبەری ئێمە ناتوانێت لە چەمک و فیکرەوە بەرەو وێنەکردنی دونیا بگوازێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵێک وێنەی خەیاڵییەوە بەرەو داڕشتنی فیکرەیەک لەسەر جیهان دەڕوات. واتە



Scanned with CamScanner

بیرکردنەوەی نییە، وێنەی هەیە. هەڵسەنگاندنی نییە، بەڵکو حوکمی پێشوەختی هەیە. دەرەنجامگیری نییە، بەڵکو خەیاڵێک لە سەریایەتی و ئەو خەیاڵە لە بری عەقل لە ناویدا بڕیردەکاتەوە. کۆچبەری ئێمە لە سەرەتاوە بەحوکمی نەزانین و ناشارەزایی لە دونیا، دەبێتە کۆچبەرێکی خەیاڵی، کۆچبەرێک فەنتازیا ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانیدا دەبینێت، فەنتازیا بە مانایەکی زۆر سەلبی، بە مانای پۆلی پێچەوانەی بینینی ڕاستەقینە و بیرکردنەوە و ئیشکردن لەسەر خودی دیاردەکان، فەنتازیا بە مانای پرۆسەی خۆگونجانێکی عوسابی لەگەڵ شوێنە جیاوازەکاندا لە ڕێگای هەوڵدان بۆ دروستکردنی لۆغانەیەکی تایبەتی کە بەشێک بێت لە هەموو جێگاکانی دیکە و هیچیشیان نەبێت.

ئەو کەسەی نازانێت بۆ کوێ دەڕوات لەیەککاتدا کەسێکە ئازاد و کەسێکیشە نائارام، ئازاد و ئاسوودەیە چونکە هیچ شتێک بە تەواوەتی بە هیچ جێگایەکی دونیاوە نایبەستێتەوە، هیچ شوێنێک بەماڵ و نیشتیمانی خۆی نازانێت، ئینتیمای تەواوی بۆ هیچ سەر زەمینێک نییە، نائارامیشە چونکە دوا وێستگەی نییە تیا نیشتەجێ بێت، بەردەوام لە فەنتازیاکردنی ماڵدایە، بەردەوام لە گواستنەوەدایە. لەو ساتەدا کە کۆچبەری کورد تێدەگات ئەو نە لە نیشتیمان شوێنی هەیە و نە لێرەش ئەو جێگایەی دۆزیوەتەوە کە دەیەوێت، لە فەنتازیاکانیدا جێگایەک دروستدەکات کە ئەوێیە و ئێرەشە، خۆرئاوایە و خۆرهەڵاتیشە، نیشتیمانە و تاراوگەشە. من ئەم جێگایە ناودەنێم «ناشوێن». ناشوێن، هەوڵێکە بۆ دروستکردنی کونجێکی ئارام کە نە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیانی خۆرئاوایە و نە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ژیانی خۆرهەڵاتە. جێگایەکە دەتوانێت شتە دژ بەیەکەکان کۆبکاتەوە و یەکەیەکی تریان لێدروستبکات.

ناشوێن هەوڵدانێکی کۆچبەرە بۆ کۆکردنەوەی شوێنەکان، بۆ کولاجکردنی شوێنەکان لەسەر یەک، بۆ هەڵبژاردنی لایەنە ڕووناکەکانی شوێنە جیاوازەکان و کەمکردنەوەی کاریگەریی لایەنە بەدەکان .



Scanned with CamScanner

ناشوێن تەنیا جێگایەک نییە، بەڵکو پێنتێکە، خاڵێکی وەستانە لە ناوەڕاستی جێگا جیاوازەکاندا. دروستکردنی شێوازێکی تازەیە لە ژیان کە ڕابوردووی کۆچبەر و ئێستا و داهاتووی پێکەوە دەبەستێتەوە، فۆرمێکی پێدەبەخشێت، هیچ یەکێک لەو ڕەگەزانە ناکاتە دەرەوە، بەڵکو لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا کۆلاجیاندەکات و کۆیاندەکاتەوە. ناشوێن ئەگەرێکی کراوەیە، واتە دەرگایەکە دەکرێت زۆر شتی لێوە بێتە ژووری. بوارێکی بەرین بۆ فەنتازیا لەسەر ئاستی شوێن و ئاستی جێگادا دەکاتەوە. لەیەک ڕەگەز پێکنایەت، بەڵکو لە کۆمەڵێک ڕەفتار و تێگەیشتن و فەنتازیا و هەڵسوکەوت پێکدێت. ناشوێن فەنتازیای دەستکاریکردن و دروستکردنەوە و مانا بەخشینەوەیە بە تاراوگە. کۆچبەر بۆئەوەی تەسلیمی غوربەتی خۆی نەبێت، بۆئەوەی بتوانێت لە جەهەنەمی هەموو جێگاکان و جوگرافیاکان دەرچێت، جوگرافیایەکی تر دروستدەکات، لەم جوگرافیایەدا ماڵ شوێنێکی سەنترالی هەیە، بەڵام ماڵ خۆی دەبێتە شوێنێکی دابڕاو لە هەموو شوێنەکانی تر، دەبێتە دوورگەیەکی جیاواز لە دەوروبەرەکەی، بەڵام جگە لە ماڵ، ناشوێن زنجیرەیەک هەڵسوکەوت و ڕەفتاریشە کە لە کۆمەڵێک تەوەردا کۆیاندەکەمەوە. بە کورتی ناشوێن ئەو سیستمەیە لە ژیان و بیرکردنەوە و خەیاڵ کە بوار بە کۆچبەر دەدات نە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان و نە لە خۆرئاواش تێکەڵ بە کولتووری بیانی بێت. ناشوێن پاشەکشێیەکی ترسناکە لە کاراکتەری کەسی کۆچبەردا، ڕاستە ناشوێن بوارێکی بەردەوامی فەنتازیایە، درێژەدانێکی ئازادە بە کۆچ بە شێوەی تر، بەڵام گەڕانەوەیەکی ترسناکیشە بەرەو دواوە. لێرەدا ناچارم بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، بۆ ئێستێکی بچوک قسەکردن لە سەر خودی ناشوێن بوەستێنم و بگەڕێمەوە بۆ قسەکردن لەسەر شێوەی گۆڕانەکان لە خەیاڵ و تێفکرینی ئێمەدا.

Scanned with CamScanner

# لە گۆڕانی مێژووییەوە بەرەو گۆڕانی شوێن

چەمکی نامۆبوون لە کولتووری فەلسەفی مارکسیستی و وجودیدا پەیوەندییەکی بە «شوێن»ـەوە نییە. نامۆبوون لای مارکس پەیوەندی بە هەلومەرجی کارەوە هەیە، بە جیابوونەوەی بەرهەم لە بەرهەمهێن، بە جیاکردنەوەی «مرۆڤبوون» و «کارکردن» لەیەکتر. مارکس بەم شێوە سەرنجڕاکێشە وەسفی «نامۆبوونی مرۆڤ» دەکات «کرێکار تەنیا لەو کاتەدا هەست بە خۆی دەکات کە لەسەر کار نییە، ئەو کاتانەش کە لەسەر کارە لە دەرەوەی خۆیەتی. ئەوکاتانە لە ماڵە کە لەسەر کار نییە، کە لەسەر کاریشە لە ماڵ نییە... ئیدی دەرەنجامەکە ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا لە کاتی کردە ئاژەڵییەکانیدا کە دەخوات و دەخواتەوە و منداڵ دەخاتەوە ... هەستدەکات کارێکی ئازاد دەکات، کەچی لە کاتی هەستانیدا بە کاری مرۆڤانە، هەستدەکات لە ئاژەڵ بەولاوە شتێکی تر نییە. ئەوەی ئاژەڵئاسایە دەبێتە مرۆڤئاسا و ئەوەی مرۆڤئاسایە دەبێتە ئاژەڵئاسا». ئەم دۆخە و گۆڕانی بەرهەمی کار بۆ شتێکی نامۆ لە خودی بەرهەمهێن، وەرگرتنی بۆ دەسەلاتێکی دیکەی سەربەخۆ کە بە بەرهەمهێن دوژمن و نامۆیە، ڕۆحی نامۆبوونی مرۆڤ لە سیستمی سەرمایەداریدا دەستنیشاندەکات. بەپێی مارکس نامۆبوون ئەوەیە کارگەر بۆ بازارێکی نادیار کاڵا دروستدەکات، شوێنی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا چەشنێکە تەنیا لە بەشێکی بچوکی دروستکردنی کاڵادا بەشداریدەکات، بە جۆرێک دواتر شوێن دەستی خۆی لە ناو بەرهەمەکەدا نابینێتەوە... ئەمانە هەموو مرۆڤ دەکەنە کەسێکی لە کار و لە دونیا نامۆ«١٩».

گەر سەرنجبدەین نامۆبوون لای مارکس و لای زۆربەی فەیلەسوفەکانی دواتریش پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە جێگاوە نییە، مرۆڤ نامۆیە بێئەوەی جێگا بگۆڕێت، بێئەوەی لەم خاکەوە بەرەو ئەوی دی کۆچبکات. لێرەوە بێرنهارد



Scanned with CamScanner

شلنک بە هەق ئەو پرسیارە دەکات «بۆ لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا جارێکی دی، ئەزموونی نامۆیی میتافۆرێک دەدۆزێتەوە کە لە ئاستی شوێندا خۆی دەستنیشاندەکات»«٢٠».

بۆ دووبارە تاراوگە و نیشتیمان وەک دوو جەمسەری دژ بەیەک دەوەستن، ئەمە لە کاتێکدا سەردەمێک پێشتر مارکس قسەی لەوەدەکرد کە «کرێکاران نیشتیمانیان نییە»، واتە غوربەتیان پابەندی جێگۆڕکێکردن نییە لە شوێندا. لە ڕاستیدا ئەمە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕستەیەی سەرەوەی فۆکۆ کە لە دەستپێکی باسەکەدا دامنا، دەربارەی سەردەمێک کە مرۆڤ بایەخی شوێنی تیا دەدۆزێتەوە.

ئەگەر وەک فۆکۆ دەڵێت سەدەی نۆزدە سەدەی دۆزینەوەی مێژوو بێت بۆ ئەوروپییەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە بۆ ئێمە سەدەی بیست سەدەی دۆزینەوەی مێژوو بووە. بە درێژایی سەدەی بیست هیوای گواستنەوە لە قۆناغێکی مێژووییەوە بەرەو قۆناغێکی ڕوناکتر بزوێنێکی گەورەی دونیای ئێمە بوو. گەشت لێرەدا گەشت نییە بە شوێندا، بەڵکو گەشتە بە زەماندا. خەباتگێڕانی سەدەی بیست بە پاشخانی ئایدۆلۆژی جیاوازەوە، بە خەونی جیاوازەوە، بە پرۆژەی سیاسی جیاوازەوە، هەمووان لەوەدا بەشداربوون هەوڵبدەن تەکانێک بە زەمەن بدەن لە قۆناغێکەوە بچێتە قۆناغێکی دی. ئیشکردن بۆ جوڵاندنی زەمان، خواستی سیاسی و ستراتیژیی خەباتی سەدەی بیست بوو. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە سەدەیەکی تر دەژین. ئەمڕۆ باوەڕ بە گواستنەوە لە ئاستی قۆناغە زەمەنییەکاندا کز و لاواز بووە، لێرەوە خەون بە گۆڕانی مێژووییەوە، بۆتە خەون بە گۆڕانی شوێنەوە. ئەمڕۆ نەوەی نوێ خەون بەوەوە نابینێت مێژوو بگۆڕێت و خۆری سەردەمێکی دی هەڵبێت، خەون بەوەوە دەبینێت بتوانێت دەرفەتی دەستبکەوێت و شوێنی خۆی بگۆڕێت، هەل بەچنگ بهێنێت لە نیشتیمانەوە بگوازێتەوە بۆ دەرەوەی نیشتیمان. لێرەدا گواستنەوە لە ئاستی قۆناغە مێژووییەکانەوە بۆتە گواستنەوە لە ئاستی شوێندا.

دۆزینەوەی شوێن وەک بوارێکی دی بۆ ڕزگاریی ئێرامانی گەورەی دەوێت.



Scanned with CamScanner

ئەزموونی مرۆڤی ئێمە لەگەڵ شوێندا ئەزموونێکی نوێنیە، بەڵام ئەو گرفتانەی لە گۆڕانی شوێندا دروستدەبن کەمتر نین لەو گرفتانەی کە لە کاتی گۆڕانکاریی مێژوویدا دروستدەبن. چۆن لە ئاستی زەماندا هەمیشە ئارەزوویەکی قووڵ هەیە بەرەو گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، لە ئاستی شوێنیشدا ئارەزوویەکی قووڵ هەیە بەرەو بونیادنانەوەی وێنە و دیکور و ڕوخساری شوێنی یەکەم. لێرەوە گەڕان بە دوای پشکنینی ئەو زانیاری و وێنە و پێکهاتانەی ئێمە لەسەر شوێن هەمانە، گرنگییەکی مەزنی هەیە لە تێگەیشتن لە پەیوەندی ئێمەدا بە شوێنەوە. گەر ڕاستگۆبین، خوێندنەوەی پەیوەندی کۆچبەر بە شوێنەوە گەشتێکی قووڵیشە لە خوێندنەوەی پەیوەندی کۆمەڵگای ئێمە بە شوێنەوە. لێرەدا هەوڵدەدەم هەندێ ئاسۆی ئەو گەشتە بخوێنمەوە، گەشتێک تیایدا لە بری قۆناغە مێژووییە جیاوازەکان، شوێنەکان تیایدا بەشەڕدێن، ناکۆکی لە نێوان قۆناغەکاندا نییە بەڵکو لە نێوان جێگاکان و فەزاکان و وێنەکانیاندایە.

## وێنەی شوێن لە فەنتازیای کۆچبەردا
## لە گرانەوەوە بەرەو بچوکبوونەوە و داخران

کاتێک کۆچبەر لە نیشتیمان دێتە دەرێ، ئارەزوویەکی توند و گڕگرتوو لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە دەرەوە، ئارەزووی بینینی جیهان.

مرۆڤی کورد سەر بە نەتەوەیەکە «گەشت و بینینی جیهان»ی لێزەوتکراوە. کۆچ دەروازەی سەرەکی بینینی جیهانە. من پێموایە هیچ شتێکی ناسروشتی لەوەدا نییە مرۆڤ لە وڵاتی خۆی بێتە دەرەوە و بڵێت «من دەمەوێت جیهان ببینم». بەوەشدا ڕێگا ئاساییەکانی سەفەر لە بەردەم ئەم مرۆڤەدا داخراون، ئەوا گرتنە بەری ڕێگای دی بۆ بینینی جیهان مافێکی ئاسایی ئێمەیە. کۆچبەری ئێمە کە دێتەدەرێ ئەو هەستەی هەیە کە لە شوێنێکی داخراو و بچوکەوە

بەرەو شوێنێکی کراوە و گەورە دەڕوات. ئەو هەستەی هەیە دەرگای دونیایەکی گەورەی لە خۆی کردۆتەوە، دەرگای دونیایەکی پڕ ئەگەر و ئاسۆ. هەستی یەکەم جار، هەستی فڕینە لە هێلانەیەکی بچوکەوە بەرەو ئاسمان، ئەو هەستەی شاعیرێکی وەک شێرکۆ لە دەربەندی پەپولە و لە خاچ و ماردا بە وردی تیشکی دەخاتە سەر و دۆکۆمێنتێکی شیعریمان سەبارەت بەو فڕینەی یەکەمجار پێشکەشدەکات. ئاڕاستەی یەکەم لەم سەفەرەدا باوەشکردنە بە دونیادا، وێنەی شوێن لەم ئاستەدا بەرەو کرانەوە و فراوانبوون دەڕوات. کۆچبەر خەیاڵی لای زەمینی بەرین و بێسنووری خودایە. سەرەتای سەفەر سەرەتای هەوڵدانە بۆ بینینی دونیا لە وێنە گەورەکەیدا، هەوڵی فڕین و لەزەت وەرگرتن و لەزەت بینینە لە جیهان. هەموو کۆچبەرێک ئاستی ڕۆشنبیریشی چەند کەم بێت کە چاوی بە دونیاکانی تر دەکەوێت، کە چاوی بە بەندەرە گەورە و وێستگەی شەمەندەفەرەکان دەکەوێت، بۆ ساتێک ئەو هەستەی هەیە کە کەوتۆتە سەر ڕێگایەک گەلەک ئاسۆی کراوەی لەبەردەمدایە و دەبێت شتێک لە نهێنی ئەم جیهانە گەورەیە ببینێت و بدۆزێتەوە. ئەو هەستەی کۆچبەر کە ئەو بەرەو شوێنێکی گەورەی پڕ نهێنی دەڕوات، مۆتیڤێکی پۆزەتیڤ و چاکە. وێنەی «جیهانی گەورە و بەرین» لە هەمان کاتدا بزوێنێکی گەورەیە بۆ هێزی گەڕان و تێگەیشتن و پشکنین. تا بزانین جیهان گەورەترە، ئارەزووی ناسین و زانین و پشکنینمان گەورەتر دەبێت. وێنەی جیهانی بەرین و زەمینی گەورەی خودا، دەبنە وروژێنەری ویستی تێگەیشتن و دۆزینەوە و فێربوون. بەلام ئەمە تەنیا بەشێکی هاوکێشەکەیە، کۆچبەری ئێمە هاوشان بە هاتنەدەرەوەی، هاوشان بە گەورەبوونی ئەگەری لە دایکبوونی هەستی فێربوون و گەڕان و بینین و دۆزینەوە، دەکرێت هەستێکی دیکەی پێچەوانەش گەشەبکات، کە هەستێکە هەموو کۆچبەرێک بە گشتی و کۆچبەری کورد بە تایبەتی دەیناسێت و قسەی لێکردوە و تاقیکردۆتەوە کە «هەستە بە ونبوون». جیهانی گەورە تەنیا موژدەی دۆزینەوەی پێ نییە، بەڵکو ئەگەرێکی گەورەی ونبوونیشی لە خۆیدا



Scanned with CamScanner

شاردۆتەوە. ونبوون بەشێکی گەورەی هەموو سەفەرێکە.

لەسەرەتاوە ململانێکە لە ڕۆحی کۆچبەردایە، هەندێ جار تا کۆتاییش دەمێنێتەوە. دوو هەست لەگەڵ یەکدا شەڕدەکەن، یەکێکیان ئارەزووی ناسینە، ئەوی دیکەیان ترسی ونبوونە. یەکەمیان ئەو لەزەتەیە کە کۆچبەر لە بینین و ناسینی دونیادا دەیبینێت، ئەوی دیکەیان ترسە لەوەی دونیا وەک گەرداو و گێژاو لوولمانبدات و لەناو خۆیدا ونمانبکات. پەنابەر بە ویستی ناسینی دونیاوە دێتەدەرێ و لە ناو ترسدا لە گەورەیی دونیا و لە سامی ونبووندا کۆتایی پێدێت.

ترس لە ونبوون هێزێکی گەورەیە، لە ساتێک لە ساتەکاندا کۆچبەر ئاوڕدەداتەوە و خۆی لە ناوەڕاستی دونیایەکی بەرین و گەورەدا دەبینێتەوە، کە نە سنوورەکانی، نە فەزاکانی و نە وێنەکانی بەو ئاشنانین. دونیایەک ناتوانێت قسە لەگەڵ یادەوەریدا بکات، قسە لەگەڵ ئەو تێگەیشتن و زانینانەدا بکات کە پێشتر کۆیکردونەتەوە. ئەم نامۆبوون و نەناسینە هاوشانی جۆرە ترسێکی تازەیە کە ترسە لە ونبوونێکی گەورە. من لەو باوەڕەدام دونیای ئێستا، کە دونیای سەفەری خێرا و نزیکبوونەوەی بێسنوور و بێبەربەستی شوێنەکانە، هەستی گەڕانەوە، هەستی دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئەو دونیایانەدا کە کۆچبەر دەیانناسێت، هەلی بیناکردنەوەی «جیهانۆچکە»یەکی تایبەتی کە سیفاتی دونیای جارانیش بانگهێشتبکاتەوە لە سەردەمانی پێشوو ئاسانترە. لێرەوە هەستی ونبوون دوای ڕیزێک میکانیزمی ئاڵۆز دەروازەی ئارامی دەدۆزێتەوە، ناشوێن ئەو پنتی ئارامییەیە کە لە نێوان ترسی ونبوون و خولیای گەڕانەوەدا لەبری گەڕانەوە بەرەو ماڵ، وەک وێستگەیەکی درێژ بەکاریدەهێنین. خودی ناشوێن لە قووڵاییدا جۆرە گەڕانەوەیەکی ڕەمزییە بەرەو ماڵ، گەڕانەوەیەک کە دەشێت گەڕانەوەی ڕاستەقینە بۆ هەمیشە و تا ناکۆتا دوابخات. کپکردنەوەی ترسی ونبوونە بە میکانیزمی بیناکردنەوەی فەزای نیشتیمان و شێوەی ئینتیماکانی لە تاراوگەدا.



Scanned with CamScanner

# شوێن، توندوتیژیی، گێڕاندنەوەی زلەمل بۆ منداڵی

کۆچبەر لەوانەیە لە ئاستی زمان و لە شێوازی گوزارشتکردندا لە بیروڕاکانی گۆڕانکاریی قووڵی بەسەردانەیەت، لەوانەیە وەک جاران هەر شێوازی توند لە قەبووڵکردن و ڕەتکردنەوە بەکاربهێنێت، لەوانەیە بەردەوام هەڵوێستی سەرپەڕتر و عاتیفی تر لە خەڵکانی ناوەوە نیشانبدات، بەڵام ئەوانە هیچیان بەو مانایە نین، کە ژیانی کۆچبەر لە قووڵاییدا لەسەر سازشێکی قووڵ دروست نەبووە. ئەو سازشەش بریتییە لە هەوڵدانی بەردەوام بۆ دوورنەکەوتنەوە لە هیچ یەک لەو دوو جیهانەی کە لە نێوانیاندا کەوتۆتە دیلانێ. کۆچبەر مەودایەکی عاتیفی ئەوتۆ وەردەگرێت بتوانێت لەیەک کاتدا ئەوپەڕی خۆشەویستی و سۆز بۆ نیشتیمان نیشانبدات و بتوانێت زەمینەسازیش بۆ نەگەڕانەوە بکات، مەودایەک لە خۆرئاواش وەردەگرێت کە لە نێوان ڕەزامەندیی و سەرسامییەکی قووڵ و توڕەبوونێکی بەردەوامدا دێت و دەچێت. جەوهەری ناشوێن ئەوەیە ئەوپەڕی عاتیفەی نیشتیمانپەروەریی نیشانبدەیت بێئەوەی خۆت بە ناچار بزانیت، بگەڕێیتەوە بۆ نیشتیمان، ئەوپەڕی توڕەییش بەرابەر خۆرئاوا نیشانبدەیت، بێئەوەی ئەو توڕەییە لە خۆرئاوا هەڵتبکەنێت و دوورتبخاتەوە. ناشوێن ئەو سازشە دەروونییەیە کە کۆچبەر لەگەڵ خۆیدا دەیکات، تا بتوانێت وەک مەخلوقێکی بێ نیشتیمان بژی.

کۆچبەری کورد خۆی لە سیستمی سیاسی کورد ڕانەپسکاندوە، دەنگێکی بەرز و زوڵاڵ نییە دژ بەو سیستمە سیاسییە، دەنگێکی قایم و پڕهاوار نییە دژ بە دواکەوتنی کۆمەڵگای خۆی، بەڵکو وەک پێشتر دیاریمکرد بڕی هەرە گەورەی کۆچبەرانی کورد هەواداری حیزبە باڵادەستەکانی کوردستانن و لە ژێر باڵی ئەواندا بیردەکەنەوە و خەون دەبینن. ئەم کۆچبەرە زۆربەی

کات جەنگێکی گەورەی ئەخلاقی و کولتووریشی لەگەڵ ناوخۆدا نییە، بەڵکو سازشی لەگەڵ کولتوور و هەندێ لایەنی پێکهاتی سیاسیدا نیشانەی گەورەی کاراکتەری سازشکاریێتی. بەلام ئەم سازشە ڕێگا لەوە ناگرێت دووری خۆی بپارێزێت و نیشتیمان وەک شوێنی ژیان هەڵنەبژێرێتەوە. کۆچبەرانی جیاواز بەهانەی جیاواز دەدۆزنەوە بۆ مانەوە، بەلام لەوەدا بەشدارن کە بە کۆ لە سازشێکی هەمیشەیدان، ئەوەی کۆچبەران ناتوانن سوود لەو فەزا ئازادە ببینن کە لە خۆرئاوا هەیە بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگای خۆیان ڕیشەکەی لەناو ئەو هەستەدایە کە بە بێدەنگبوون لە دۆخی کۆمەلایەتی باجی مانەوە لە خۆرئاوا دەدەن. وەفاداریی بۆ واقعی حاڵی ئەمڕۆ، سەرچاوەکەی لەلای کۆچبەر فیکرێکی ڕامیاریی و کۆمەلایەتی نییە، بەڵکو ئەو سازشەیە کە دواجار کۆچبەر پێویستی پێیەتی تا هاوکێشەی دووریی خۆیی پێ هاوسەنگبکاتەوە. کۆچبەر لێرەدا لە ئینتیماکانیدا توندڕەوتر و تیژڕەوتر لە خەڵکی کوردستان ڕەفتاردەکات، پارتییەکان و یەکێتییەکانی ئەورووپا توندڕەوترن لە هەوادار و ئەندامانی ئەو هێزانە لە ناوخۆدا، وەک چۆن ئیسلامیستەکانی ئەورووپا ڕادیکالترن لە ئیسلامیستەکانی ناوخۆ. بەلام ئەم تیژڕەوییە هەڵوێستێکی ڕەمزییە بۆ ڕاستکردنەوەی لاسەنگییەکی ویژدانی، دەرکەوتە و نیشانەی هەڵەیەکە کە کۆچبەر ناتوانێت ڕاستیبکاتەوە، لێرەوە لە جێگایەکی دی و لە دەروازەیەکی دییەوە لە شێوەی توندڕەوییدا تەعبیر لە پۆزشی خۆی دەکات.

مەرج نییە کۆچبەر بەردەوام لەم شارەوە کۆچ بۆ ئەو شار بکات، بەڵکو ئەو لە ڕێگای دەستکاریکردن و گۆڕینی دەوروبەری خۆیەوە درێژە بە کۆچدەدات بەمانایەکی تر ئەو جێگایەی کە ناوی «ناشوێن»ی لێدەنێم لەجەوهەردا جۆرە توندوتیژییەکی ڕەمزییە دەرهەق بە ژینگەی مەنفا و سازشێکی ڕەمزیشە لەگەڵ نیشتیماندا. هۆی سەرەکی لە نەگەڕانەوەی کۆچبەردا بۆ نیشتیمان ئەوەیە دەتوانێت لە ژینگەی مەنفادا جۆرە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی بۆ نیشتیمان دروستبکات، کە توانا و تاقەتی مانەوەی لە غوربەتدا تیا بەهێزدەکەن. کۆچبەر



Scanned with CamScanner

لەبری ئەوەی تەسلیمی شوێنەکان بێت، ئاسان و ئاسایی دەکەوێتە یاریکردن بە شێوە و کاراکتەریان.

کێشەی سەرەکی کۆچبەر ئەوەیە پەیوەندییەکی نائاسایی و توندوتیژیی بە هەموو جێگاکانەوە هەیە. کاتێک قسە لە پەیوەندی نێوان کۆچبەر و شوێن دەکەین، ناتوانین پشتبکەینە زاراوەیەکی گرنگی وەک توندوتیژیی. کۆچ بۆ میللەتێکی وەک ئێمە بریتییە لە شەڕێکی بەردەوام لەگەڵ شوێندا. ئەگەر مرۆڤی کورد خۆی بوونەوەرێکە بێ وڵات و بێ شوناسنامە، ئەوا کۆچبەر هێندەی لە نیشتیمان هاتەدەر دەبێتە بوونەوەرێک لە هیچ جێگایەکدا ئامێزێکی بۆ ناکرێتەوە، ئامێزێک وەک خۆی قەبووڵیبکات، وەک خۆی گوێی لێبگرێت، دەنگ و ڕەنگی خۆی تیا ببیستێتەوە. ئەو بوونەوەرەی لە کۆمەڵگای خۆیدا لەدەست ئەوە دەینالاند کە کەوتۆتە پەراوێزەوە و دەنگێکی زوڵاڵی نییە، لە مەنفادا لە پەراوێزی کۆمەڵگا دێتەدەرێ و دەکەوێتە پەراوێزی جیهانەوە. ئەو کەسەی لە ماڵ دێتەدەرێ و بە دوای شوێنێکدا دەگەڕێت، ئەو کەسەی لە دەرگای شوێنەکان دەدات بۆئەوەی ماڵێکی ئارام بدۆزێتەوە، ئەو کەسەی هەموو زەوی بۆ بستێک دەگەڕێت وەک مرۆڤ دان بە مافی تەواوەتیدا بنێت، دەکەوێتە پرۆسەیەکی پێچەوانەوە، دەکەوێتە ئەو دۆخەوە کە ئیدی لە شوێنەکان ڕابکات. هیچ کۆچبەرێکی ڕاستگۆ نییە، لە ساتێکدا ئاواتی بە دوورگەیەکی خاڵی نەخواستبێت، دوورگەیەک لە شەڕ و خراپەی هەموو شوێنەکان بیپارێزێت. بەڵام دیارە ئەوە جگە لە خەیاڵ و فەنتازیای کەسێکی ماندوو هیچی تر نییە، چونکە شوێنەکان بە ئاسانی واز لە کۆچبەرێکی دۆڕاو و شکستخواردو ناهێنن.

شوێن هەمیشە کاراکتەری خۆی هەیە، ئەو کەسانەی لە جێگا و فەزایەکی دیاریکراودا دەیانبینین، جۆرە کاراکتەر و وێنەیەکیان هەیە جیاوازە لەو کەسانەی لە جێگا و فەزایەکی دیکەدا دەیانبینین. ئەو کەسانەی لە هۆڵێکی شانۆدا دەیانبینین و تەماشایاندەکەین جۆرە وێنەیەکی تایبەتی کاراکتەری خۆیانمان دەدەنێ، جیاوازە لە کاراکتەری کەسانێک کە لە یاریگایەک یان



Scanned with CamScanner

شاییەک یان مەلەوانگەیەکدا ڕێکەوتیاندەکەین. شوێن جەبری خۆی هەیە و بەشێک لە کاراکتەری خۆی دەسەپێنێت، شوێن هەمیشە جۆرە توندوتیژییەک بەرابەر هەموو ئەوانە پراکتیزەدەکات کە دێنە ناوی، ناچاریاندەکات کاراکتەری ئەو وەرگرن یان دەیانکاتە دەرەوە. کۆچبەری کوردیش لە غوربەتی خۆیدا ئەزموونی لەگەڵ سروشتی شوێنە لە خۆرئاوادا، کە وەک هەموو ئەزاکانی دیکەی دونیا پڕە لە جەبر و سنووربەندی و دابەشکردن.

خۆرئاوا سەرەتا جێگاماندەکاتەوە، بەڵام لە نێوان جێگاکردنەوە و مامەڵەکردنی ئینسانیدا مەودایەکی گەورە هەیە. کۆچبەر لە خۆرئاوا توشی هەندێک ترس و هەڕەشە دەبێتەوە کە جیاوازن لە ترس و هەڕەشەکانی جاران، ترسەکانی ڕابوردووی ترسی مرۆڤێکی گەورە و پێگەیشتوون، جەنگەکانی جەنگی کەسی گەورەن، بەڵام لە مەنفا ترسەکانی کۆچبەر دەچنەوە سەر شێوەی ترسی منداڵی. «فێربوونەوەی زمان» «بێتوانایی لە تێگەیشتندا» «بێتوانایی لە کارکردندا» «نەبوونی هێزی بەرگریکردن لە خود» دۆخگەلێکی سەردەمی منداڵیین و کۆچبەر دووبارە تیایاندا دەژی. کۆچبەر تا ماوەیەکی درێژ نە زمان دەزانێت، نە تێدەگات، نە توانای ئەوەی هەیە خۆی بە تەنیا دوای کاروباری خۆی بکەوێت، نە دەتوانێت بەرابەر هەر جۆرە توندوتیژییەک خۆی بپارێزێت ئەم دۆخە تەواو لە دۆخی زارۆیەکی بێئیرادە دەچێت. تاراوگە کاراکتەری کۆچبەر دەخاتە بەر هەڕەشەیەکی گەورە. تاراوگە لە ڕیشە قووڵەکانیدا گێڕانەوەیەکی بێپەروای مرۆڤە بۆ منداڵییەکی بێناز و ترسناک. کۆچبەر لە ناو کولتووری خۆیدا تا ئەو بنەمایانەی خۆگونجان لەگەڵ واقعدا فێربووە تەمەنێکی درێژی سەرفکردوە، بەڵام کەسی کۆچبەر جارێکی دی ژانێکی ترسناک دەژی، ژانی شکانی جۆرە بنەمایەکی واقع و دروستکردنەوەی بنەماگەلێکی دیکە مەنفا بەدەر لە هەموو دیوە پۆزەتیڤەکانی جۆرە توندوتیژییەکی قووڵە دەرهەق بە مرۆڤایەتی ئینسان. کەسی تاراوگەکراو ئەزموونێکی سایکۆلۆژی دیکە دەژی، ئەزموونێک دەیگێڕێتەوە بۆ منداڵی... شەڕ لەگەڵ مەنفادا بە شێوەیەک



Scanned with CamScanner

لە شێوەکان شەڕە بۆئەوەی گەورەکان خۆیان لە گەڕانەوە بۆ منداڵی بپارێزن. کەسی تاراوگەکراو دەڵێت «من گەورەم و منداڵ نیم» ئەم ڕستەیە کە هەرگیز بە دەنگی بەرز ناگووترێت، زۆرجار لەسەر ئاستی هەستیشدا نادرکێنرێت، ڕستەیەکی سەرەکی ناو ژیانی کۆچبەرە. بەئەندازەیەک دەتوانم بڵێم لەسەر ئاستی سایکۆلۆژییدا جەنگی کۆچبەر جەنگی نێوان منداڵی و گەورەییە. بۆیە ناشوێن بریتییە لە سیستمی خۆپاراستنی گەورەکانمان لە منداڵبوونەوە.

بەشێک لە دەستگرتنی کۆچبەر بە ڕابوردووی خۆیەوە، بە نیشتیمانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە گەڕانەوە بۆ منداڵییەکی نادیار. مەنفا زیندووکردنەوەی وێنە ترسناکەکانی منداڵییە. منداڵییەکی فەرامۆشکراو، منداڵییەکی بێکۆمەک، منداڵییەک زارۆک تیایدا توانای دەربڕین و هێزی دەربڕین و مافی دەربڕینی نییە. ئەو پڕۆسەیەی کۆچبەر لە مەنفا پیادەڕوات، لەو پڕۆسەیە دەچێت کە منداڵ لە جیهانی گەورەکاندا پیادەڕوات. پڕۆسەی ئامێزانبوونی کۆمەڵایەتیش «ئینتیگراتسیۆن» لە جەوهەردا پڕۆسەیەکە لە پڕۆسەی چاندنی جۆرە «من»ێکی دیکە و جۆرە «بەرزەمن»ێکی دیکە دەچێت لە ستراکتوری سایکۆلۆژیی پەنابەردا. لەم پڕۆسەیەدا کۆچبەر دەبێت کولتوورێکی دیکە بناسێت، سیستمێکی کۆمەڵایەتی دیکە ئەزموونبکات، سیستمێکی یاسایی دیکە فێرببێت، دەبێت فێرببێت خۆی لەگەڵ جۆرە شوێنێکی دیکەدا بگونجێنێت. پەنابەر لە فێربوونی زمانەوە، بۆ فێربوونی کولتوور، بۆ قەبووڵکردنی بنەمایەکی دیکەی واقع، دووبارە ژیانی منداڵێک دەژی کە تازە سەروکاری لەگەڵ دونیادایە. ئەم گەڕانەوە کوشندەیە بۆ منداڵی، هاوشان و هاوڕێی دوو ڕەگەزی گرنگی منداڵی نییە، ڕەگەزی یەکەم پاکی و سافی و بێئەزموونی، ڕەگەزی دووەم ئامێزی گەرمی دایک و باب. کۆچبەر دەبێتەوە بە منداڵ، بەڵام لە دونیای گەرم و پڕئامێزی منداڵیدا نا، بەڵکو لە دونیایەکی پڕ کینە و ڕەتکردنەوە و دانپیانەناندا. بۆ کەمکردنەوەی ترسی ناوەکی ئەم ئەزموونە، کۆچبەر دەچێتە شەڕێکی مەزنەوە لەگەڵ منداڵبوونەوەدا. مەنفا ترس و لاوازیی و پەراوێزکەوتن و



Scanned with CamScanner

بێئیرادەیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەر وێنەیەکی پۆزەتیڤ مرۆڤ خۆی لەسەر خۆی دروستیکردوە لە ناکاو تێکدەشکێت، ترس و هەڕەسەکان بەجۆرێک گەورەن، گەر میکانیزمێکی دەرونی نەخرێتەگەڕ، مرۆڤ بپارێزێت و دایبپۆشێت و شتێک لە کاراکتەر و مانای پێببەخشێتەوە، مەنفا لە شێتبووندا دوایی دێت. لە ڕاستیدا زۆرجار دەستگرتنی کەسی کۆچبەر بە نیشتیمان و ڕابوردووەوە تەنیا دەرەنجامی ترس و تەسکبیرییەکی کولتووریی نییە، هێندەی دەرەنجامی ترسێکی سایکۆلۆژی مەزنە، ترسی سەرهەڵدانی بنەمایەکی دیکەی واقع کە سەرجەم سیستمی کارکردنی من و بەرزەمن دەخاتە مەترسییەوە. هەموو ئەو شۆکە دینی و کولتوورییەی پەنابەر تووشی دێت، دەرەنجامی ئەوەیە پەنابەر واقعێکی دی و کۆمەڵێک بنەمای ئەخلاقی و کولتووری دیکە دەناسێت کە لەگەڵ سیستمی مۆراڵ و دونیابینی ئەودا ناگونجێن. فرۆید لە تەفسیرێکی ورد و درێژدا هەمیشە باسی لەو دۆخە کردوە کە بەرزەمن لە ناو پێکهاتی سایکۆلۆژییدا بریتییە لە ناواخنکردنی بەها و نرخەکانی دەرەوە، واتە بەرزەمن لە ناوەوەی فەرددا لە دۆخی سروشتیدا تەباو گونجاوە لەگەڵ نرخ و بەها بەرزەکانی کۆمەڵگا و لەگەڵ بەرزە منی کولتووریی و مەعریفی کۆمەڵگادا. بەڵام ئەزموونی کۆچبەر ئەزموونێکی ناوازەیە، لەم ئەزموونەدا کۆچبەر بەرابەر بە بنەمایەکی دیکەی واقع دەوەستێت کە لەگەڵ بەرزەمنی کۆچبەردا تەبانایەتەوە. چیتر بەرزەمنی ناوەکی نوێنەری واقعی دەرەکی نییە کە واقعی مەنفایە، بەڵکو نوێنەری واقعێکە لە یادەوەریدا، نوێنەری شوێنێکە کە هەیە و نیشە، ئامادەیە و بزریشە. لێرەدا لە دونیای کۆچبەردا پرۆسەیەکی تایبەتی دەست پێدەکات، کە تیایدا بەرزەمنی کۆچبەر چیتر پشت و پەنا و مەرجەعی خۆی لە دەرەوە نادۆزێتەوە. کۆچ تێکچوونی پەیوەندی بەرزەمنە لەگەڵ واقعدا، بەرزەمن لە مەنفا دەچێتە ناو جەنگێکی سەیرەوە، جەنگی دروستکردنی جیهانێک لەسەر شێوەی وێنە و نرخە ناوەکییەکانی خۆی. «ناشوێن» هەوڵی بەرزەمنە بۆ دروستکردنی پەرژینێک لە دەوری واقعە جۆراوجۆر و نەخوازراوەکان. مەنفا

Scanned with CamScanner

دوو کاریگەریی گەورەی لەسەر بەرزەمن هەیە یان بە ئەندازەیەک لاوازیەکات توانای کارکردنی نەبێت، یان بەرەو دۆگمائیەت و فەندەمانتالیزمێکی ئەخلاقی و دەروونی توندی دەبات، لێرەدا بەرزەمن جۆرە کاراکتەرێک دادەرێژێت کە جگە لە یەک وێنەی واقع هەموو وێنەکانی دیکە بە ترسناک دەزانێت.

کۆچبەر بۆئەوەی بیسەلمێنێت ئەو کەسێکە لە هەوادا نەوەستاوە، کەسێکە قووڵایی خۆی هەیە، بۆئەوەی بیسەلمێنێت ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ منداڵی، دەبێت لە جەبری شوێن دەرچێت، دەبێت دونیای خۆی بە جۆرێک دابەشبکات لە نێوان داواکارییەکانی تاراوگە و داواکارییەکانی بەرزە مندا هاوسەنگییەک دروستبکات. «ناشوێن» ئەو توندوتیژییە ڕەمزییەیە کە بەرزەمن بەرابەر بە توندوتیژیی واقعی تاراوگە دەیخاتەگەڕ. تراژیدیای کۆچبەر ئەوەیە بۆئەوەی بەردەوامبێت، دەبێت بەردەوام دەستکاری ژینگەی خۆی بکات و وای لێبکات لە شوێنی یەکەم بچێت، لێرەوە ناشوێن لەجەوهەریدا پرۆسەی ئامادەکردنەوەی ڕۆحی شوێنی یەکەمە، ڕیزێک میکانیزمی خۆدزینەوەیە لە تاراوگە، دۆزینەوەی دەرفەتە بۆ مانەوەی کۆچبەر لە خۆرئاوا بێئەوەی ناچاربێت ماوەیەکی دوورودرێژ دۆخی لاوازیی و بێهێزیی منداڵانە بژی.

کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا، ڕابوردووی کۆچبەریان بۆ گرنگ نییە، ژیانی کۆچبەر لە نیشتیمان و حیکایەتەکانی لەوێ بایەخێکی ئەوتۆی لای هیچ کەس نییە، زانین و زانستەکانی کۆچبەر کە لە نیشتیمان فێریانبووە نرخێکیان نییە، ئەو شەهادە و بەڵگەنامانەی هەیەتی دەرگای هیچ جێگایەکی بۆ ناکەنەوە، ئەو یاسایانەی پێیان ڕاهاتووە یاسای ئەو دونیایە نین، ئەو نیشانەی فێریان بووە دەگمەن بە کەڵکی دێن، تواناکانی بەبێ بەڵگەنامەیەکی ڕەسمی ئەم کۆمەڵگایانە نرخیان نییە. لە تاراوگە دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێبکاتەوە، واتە دەبێت لە منداڵییەوە سەربکەوێتەوە. ئەم پرۆسەی زەوتکردن و سڕینەوە و بێنرخکردنەی کاراکتەری کۆچبەر، ئەو ڕاستییەی کە یان دەبێت کۆی ژیانی خۆی بگۆڕێت یان جێگایەکی لەم دونیا تازەیەدا نییە، تراژیدیترین ساتی کۆچە. کۆچبەری

نوێ لە سەردەمێکدا دەژی دەتوانێت هەموو ڕۆژێک لەگەڵ نیشتیماندا، لەگەڵ هاوڕێکان و کەسوکاریدا قسەبکات، بەڵام ناتوانێت بچوکترین هونەر و کار و وزەی ئینسانی خۆی بخاتەگەڕ، تاراوگەی نوێ برینێکی قووڵ لە نەرجسییەتی مرۆڤدا دروستدەکات. ئەم برینە بە تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ سروشتی سیاسی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا، ناگەڕێتەوە بۆ ڕاسیزمێک کە لەسەر بنەمای ڕەگەز دروستبووە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ جۆرە بەربەست و دیوارێک لە نێوان کۆمەڵگای تەکنیک و هەموو «تەکنیک ـ نەناس یان تەکنیک ـ نەزان»یکدا هەیە. کورد وەک میللەتێک کە کەسانی تەکنیکناس و شارەزای زانستە مۆدێرنەکانی بەدەگمەن تیا هەڵکەوتووە، کۆچبەر لە سەرەتاوە مەحکومە بەوەی زانیارییەکانی سوودێکی ئەوتۆ گرنگیان بۆ خۆرئاوا نەبێت، ئەمە یەکەمین نامۆبوونی قووڵ و برینی سارێژنەبووی نێوان کۆچبەر و خۆرئاوایە، ئەمە دۆخێکە کۆی ڕابوردووی کۆچبەر دەکاتە هیچ. کۆچبەر سەفەردەکات بۆ جیهانێک ناتوانێت وزە ئینسانییەکانی خۆی تیابخاتەگەڕ، مەرجی تێکەڵاوبوونی بەو دونیا تازەیە ئەوەیە لە سفرەوە دەست پێبکاتەوە. نامۆبوونی گەورە لە خود ئەو کاتە دەست پێدەکات کە تێدەگات، زانینی ئەو بۆ ژیان، تێگەیشتنی لە دونیا، هەستکردنی بە شتەکان، یاساکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ وجوددا بە کۆ جێگایەکی لەو دونیا تازەیەدا بۆ ناکەنەوە و نرخێکیان نییە. برینی کۆچبەر ئەوە نییە کە لە نیشتیمان دووردەکەوێتەوە، بەڵکو ئەوەیە لە خودی خۆی دووردەکەوێتەوە. ئەمجۆرە نامۆبوونە گەلێک گەورەتر و قووڵترە لەو نامۆبوونەی مارکس باسیدەکات، گەر نامۆبوونی مارکس لەسەر دوورکەوتنەوەی نێوان کرێکار و بەرهەمی کارەکەی دروستبوبێت، ئەمجۆرە نامۆبوونە لەسەر جودابوونەوەی تەواوی کۆچبەر لە توانا و شارەزایی و بەهرەکانی دروستبووە. ئەمجۆرە نامۆبوونە دوو دیوی ترسناکی هەیە لەسەریەکەوە زۆرجار وا لە کۆچبەر دەکات نەگەڕێتەوە بۆ دواوە و بیر لە گەڕانەوە نەکاتەوە بۆ نیشتیمان، چونکە گەر لەویادا بوەستێت و بگەڕێتەوە بە هەستێکی تێکشکانی گەورە و بە نوشوستییەکی

Scanned with CamScanner

کاریگەرەوە دەگەڕێتەوە. لەو پنتەدا کۆتاییهێنان بە کۆچ، تا مردن کاریگەریی دەروونی خراپ لە لای کۆچبەر جێدەهێڵێت و وەک کەسێکی لاواز و بێئیرادە و نوشوستخواردو نیشانی دەداتەوە. کۆچبەر لەو قۆناغەدا جۆرە دۆخێک دەژی کە دۆخی جەنگێکی تایبەتی و تازەیە، دۆخێکە تەنیا بەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان چارەسەرناکرێت، مرۆڤ لەم ساتەدا بە ئەندازەیەک لاوازە، هیچی لەگەڵ ئەو وێنە خورافییە بەهێزەدا یەکناگرێتەوە کە کۆمەڵگا لێی چاوەڕواندەکات. لێرەدا ناکۆکییەکی قووڵ دروستدەبێت لە نێوان ئەو لاوازییە تازەیەی کۆچبەر خۆی تیادەبینێتەوە لەگەڵ ئەو توانا وەهمییەی هەندێ جار کۆمەڵگای خۆی لە نیشتیمان پێیدەبەخشێت و خۆشی باوەڕی پێدەکات. کۆچبەر کاتێک دەگەڕێتەوە دەبێت بە هێزێکەوە بگەڕێتەوە تا وێنە و شوێنگە و ئیرادەی خۆی لە وێش وێران نەبێت، بەڵام ئەم هێزە درۆیە هیچ وەخت لەگەڵ ئەو ڕووتبوونەوە ڕاستەقینە و قووڵەدا ناگونجێت کە خۆرئاوا بەسەریدا دەسەپێنێت.

منی کۆچبەر لە خۆرئاوا لە نێوان دوو بەرداشی ترسناکدا ورددەبێت، لەسەرێکەوە ناتوانێت داواکاریی و سەقامگیریی و توندڕەویی بەرزەمنی خۆی فەرامۆشبکات کە ڕازی نییە بە مردن و پوکانە و گەڕانەوەیەک بۆ دۆخی بەر لە سەقامگیربوون لە ستراکتوری دەرونیدا، لەسەرێکی دیشەوە دەزانێت کە ناتوانێت ئەو شارەزایی و توانا و ئەزموونەی هەیەتی وەک وزەیەکی ژیان بەکاریبهێنێت. دەکەوێتە دۆخێکەوە، تێیدا سازدانی ئاشتییەک لە نێوان بەرزەمن و واقعدا دەبێتە تاکە مەرجی ژیان و مانەوە. بەبێ سازشێکی دەرونی، بەبێ سیاسەتێکی پێچاوپێچ لە «من»ی کۆچبەرەوە، دەشێت کۆچ بە تراژیدیایەکی دەرونی ترسناک کۆتاییبێت، نزیکی کۆچبەران لە سەرەتاکانی سەفەردا لە شێتییەوە، نائومێدی کۆچبەران و قسەکردنی بەردەوامیان لە پوچی و شێتی و هاوسەنگی تێکچوون، قسەگەلێکی ڕۆژانەی بێناوەڕۆک نییە، بەڵکو ئاوێنەی تێکچوونێکی گەورەی ناو سیستمی دەرونی و واقعە. کۆچبەر ڕێگایەکی درێژ دەبڕێت تا دەتوانێت بە شێوەیەکی سەمبولیانە خۆی لە هەموو شوێنەکان



Scanned with CamScanner

ئازادبکات و شوێنێکی ڕەمزی ئاڵۆز دروستبکات کە ناشوێنە. کۆچبەر تا دەگاتە ئەو سازشە لە ناوەوە و لە پێکهاتی دەروونیدا، لە نەستیدا ڕیزێک پرۆسێسی دەروونی هەن دوور لە خوێندنەوە و چاوەدێری دەمێننەوە. کۆچبەر کاتێکی زۆری پێویستە تا دەگاتە سازشێکی گەورە، تا دەگاتە فۆرمەلاکردنی وەهمێکی مەزن کە ژیانی بۆ زامنبکات، وەهمێک بتوانێت ئەو هەموو جەمسەرە دژ و جیاوازانەی بۆ کۆبکاتەوە.

## کۆچ، گووتاری مانەوە، خودئەڤینی

گەر شەڕکردن لەگەڵ مەنفادا شەڕکردن بێت لەگەڵ دۆخی منداڵبوونەوەدا ئەوا شەڕکردن لەگەڵ منداڵبوونەوەدا شەڕکردنی مرۆڤە بۆ پاراستنی وێنەیەکی جوان بۆ خۆی، واتە شەڕێکە کەم تا زۆر ڕیشەکانی لە ناو پاراستنی جوانی خوددایە، جەنگێکە بۆ خودئەڤینی و خۆ ستایشکردن. هەوڵی مەنفا بۆ گێڕانەوەی کەسی کۆچبەر بۆ دۆخی لاوازیی و کەوتن، بەوە وەلامدەدرێتەوە کە کۆچبەر پتر لە خودئەڤینییەکی ڕادیکالدا نوقم ببێت. لەو ساتەدا کە وێنەی کۆچبەر خەریکە دەشکێت و پەراش پەراشدەبێت، خودئەڤینی دەبێت بە یەکێک لە چەکە زۆر کاریگەرەکانی خۆپاراستن.

پێموایە بۆ تێگەیشتن لە ڕیزێک پرۆسەی ناوەکی لە دەروونی تاک و دەروونی کۆماندا «خودئەڤینی» دەرگایەکی گەورەبێت. خودئەڤینی «Narzissmus» زاراوەیەکە سەرەتا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا لەلایەن «پۆل نێکە»وە بەکارهێنراو دواتر کۆمەڵێک دەروونناس لە فرۆیدەوە تا لاکان کاریان لەسەرکردوە. لای فرۆید سەرەتای سەرەتا دوو هێزی بزوێن هەبە یەکەمیان ویستەکانی «من»ـە «Ichtriebe» کە ویستی خواردن و خواردنەوە و مانەوەیە، ئەویدیان ویستە سێکسیەکانە «Sexualtriebe» کە پابەندی

خواسته جنسییەکانە، لەوەی حەزبکەیت و حەزت لێبکرێت. دەکرێت ئەم دوو هێزە بە دوو زاراوەی «من - بزوێن» و «جنس - بزوێن» بیانکەینە کوردی. فرۆید بۆ هێزی کاری ویستە جنسییەکان، زاراوەیەکی تایبەتی هەیە کە ناوی «لیبیدۆ»یە کە وشەیەکی لاتینییە و بەرابەرەکەی لە کوردیدا «ئارەزوو» یان «ویست» دەگرێتەوە. بەلام بۆئەوەی لە کوردیدا پتر ئەو مانایە بگەێنێت کە فرۆید مەبەستێتی یان دەبێت وشەی «لیبیدۆ» بەکاربهێنینەوە، یان وشەی «وزەی ئارەزوو» بەکاربهێنین، چونکە لای فرۆید لیبیدۆ بەر لەهەر شتێک وزەیە، تا ئەندازەیەکی زۆر سیفاتی وزەی فیزیکیشی هەیە، واتە چۆن دەکرێت با بگۆڕینە سەر وزەی کارەبا، کارەبا بگۆڕینە سەر گەرمی، لیبیدۆش توانای گۆڕینی شێوە و شوناس و بابەتی خۆی هەیە. لای فرۆید منداڵ لە قۆناغێکدا بۆ عەشق و خۆشەویستی ناتوانێت لە نێوان خودی خۆی و بابەتەکانی دەرەوەدا جیاوازیبکات، لەم قۆناغەدا لیبیدۆ ئاراستەی خود دەکرێت، خود و بابەتی ئەڤین لێرەدا یەکدەخرێن و دەبنە یەک شت، دواتر منداڵ تا پتر لە نێوان خودی خۆی و دەرەوەدا جیاوازی دروستبکات، پتر لە ژێر فشاری پێداویستییەکانیدا لیبیدۆ لە خودی خۆی دەگرێتەوە و دەیبەخشێت بە بابەت، بەلام بێگومان هەمیشە بڕێک لەو وزەیە لەسەر خود دەچەسپێت، منداڵ تا گەورەدەبێت زیاتر توانای جڵەوگیری و ئاراستەکردنی لیبیدۆی خۆی دەبێت. بەلام گەر لە قۆناغی خودئەڤینی سەرەتاییدا مایەوە، یان دواتر لە ژێر هەر فشارێکدابێت بەرەو ئەو قۆناغە گەڕایەوە، لێرەدا لەبەردەم دۆخێکی نائاساییداین و پێویستیمان بە چارەسەر هەیە. لێرەدا کەسی خۆئەڤین هەموو ئەڤینی هەر بۆ خۆیەتی، کەسێکە دونیا بە قەرزاری خۆی دەزانێت، خۆی بە بوونەوەرێکی بالاتر لەوانی دی دەزانێت«٢١». یان خۆی وادەبینێت وەک «کلاوس تاولایت» دەڵێت «لە سەدا نەوەدودووی ئەو یاسایانەی بۆ هەمووان ڕەوایە بۆ ئەو ڕەوا نەبێت»«٢٢». دیارە ئەمڕۆ قسەکردن لەسەر خودئەڤینی ڕەهەندی دیکەی وەرگرتووە، ئێستا قسە لەسەر «سەدەی خودئەڤینی» دەکرێت «وەک



Scanned with CamScanner

کریستۆفەر لاش لە کتێبێکدا بە هەمان ناونیشان باسی لێوەدەکات». پەیوەندی خودئەڤینی بە دیکتاتۆرییەتەوە، ڕۆڵی دەوڵەت لە گەشەکردنی خودئەڤینی و پەیوەندی خودئەڤینی بە ڕاسیزمەوە، هەموو کۆمەڵە بابەتێکی ڕۆژانەی قسەکردنن لە بواری سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی نوێدا، لێرەوە ئیشکردن بەم زاراوەیە قورساییەکی تایبەتی بۆ دونیای ئێمەش هەیە، بەتایبەت ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو دەرکەوتانەی تەنیا بەم زاراوەیە دەخوێنرێنەوە لە زیادبووندان. لەوانە پەیوەندی نەپساو و گەورەی خودئەڤینی بە کۆچەوە. کۆچ شەڕێکە بۆ تیمارکردنی خودێکی بریندار و نەویکراو. لێرەوە ناشوێنیش جۆرێکە لە بونیادنانەوەی شوێن بە وێنەیەک کە ئەو نەویکردن و برینە قووڵانەی ناو خود دەرمانبکات.

لەیەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی ڕابووردودا ئاماژەم بەوە داوە کە گووتاری مانەوە پەیوەندییەکی توندی بە چەمکی «خودئەڤینی»ـەوە هەیە. هێزی مانەوە پێویستی بە جۆرە عەشقێکی قووڵی خود هەیە، پێویستی بە ئاڕاستەکردنێکی زۆری لیبیدۆ هەیە بەرەو خود. گووتاری مانەوە بەبێ عەشقێکی کوێرانە بەرابەر بە خود جێگا ناگرێت. ڕاستە لێرەدا قسەمان لە جۆرە خودئەڤینییەکی دەستەجەمعییە، قسەمان لە جۆرە خودئەڤینییەکە کە سنووری تاک دەبەزێنێت و دەچێتە سەر سنووری کۆ، بەڵام گومان نییە کە لەسەر ئاستی فەرددا زۆرجار ئەم خودئەڤینییە دەستەجەمعییە فەرد دەکاتە کەسێک سنووری نێوان خودی خۆی و گروپ لادەبات و دەیسڕێتەوە، ئینکاری خودی خۆی دەکات، بە تەواوی لە ناو گروپدا وندەبێت و ئەڤینی بۆ گروپ وای لێدەکات، نرخێک بۆ ژیانی تایبەتی خۆی دانەنێت و خۆ نەویستی خۆی بە ئاوێنە و زەمانحاڵی عەشقی گروپەکەی بۆ ژیان بزانێت. پێشمەرگە چاونەترسەکانی ئێمە، ئەوانەی لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا خۆیان دەسووتان، ئەوانەی لەساتی بەرەنگاریدا سڵ لە مردن ناکەنەوە. هەموو ئەوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو بەربەستەیان شکاندوە کە خودی ئەوان وەک تاک لە گروپ جیادەکاتەوە،

Scanned with CamScanner

ئەوان لەڕێگای مردنی خۆیانەوە پلەیەکی بالای ئەڤینی کۆمەڵگا بەرابەر بە خۆی بەرجەستەدەکەنەوە. ئەوان چیتر خاوەنی خودئەڤینییەکی فەردی نین، عەشقیان بۆ خۆیان لە عەشقیان بۆ نەتەوە جیانابێتەوە، کە قسە لە عەشقی نەتەوە دەکەن لە بنەڕەتدا قسە لە خودئەڤینییەک دەکەن پێچێکی گەورەی پێکراوەتەوە، قسە لە خودێک دەکەن کە لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی سنووری خۆیان دەیبینن. خود لێرەدا خود نییە بە مانا سنووردارەکەی لە ناو جەستە و ڕۆح و قەوارەیەکی فەردیدا، بەڵکو ئەوان باس لە خودێک دەکەن سیفەتی فەردی نییە، لەسەروو جەستەی فەرد و قەوارەی فەردەوەیە. لێرەدا تەماهیبوون «یەکبوونی چۆنایەتی» لەگەڵ نەتەوەدا بە ئەندازەیەکە هەموو ئەو عەشقەی کە ئاڕاستەی خود دەکرێت، لە ناو عەشقێکی گۆڕدراودا بە ئاڕاستەی نەتەوە دەکوژێتەوە. دیارە ئەم بۆچوونەی من تەواو لەگەڵ بنەما تیۆرییەکانی تیۆرەی دەرونشیکاری فرۆیدیشدا تەبادێتەوە. گەر بزانین فرۆید لە «تەوتەم و تابۆ»دا ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕەفتاری تاکە خودئەڤینەکان، جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ڕەفتاری کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کە تاک لە خێڵ جیانەبۆتەوە، بە ئەندازەیەک بڕواهێنان بە هێزی وشە و هێزی خەیاڵ و سیحر لە بنەڕەتدا لە دەرکەوتەکانی ئەو خۆ بە گرنگ زانینەیە کە هاوشانی خودئەڤینی سەرەتاییە.

بەڵام جگە لەم جۆرە دەرکەوتەیەی خودئەڤینی کە تاک خۆی لە دەستە بۆ جیاناکرێتەوە، دەشێت حەزی مانەوە یان جەنگ لە پێناوی ژیاندا هێزێکی تایبەتی دەرونی بێت بۆ تاکەکان تا پتر بە خودئەڤینی خۆیانەوە بنوسێن. دواجار لێرەدا ویستی ژیان بۆ نەتەوە، پاراستنی نەتەوە لەهەر زامێک کە مەرجێکی ناوەکی «گووتاری مانەوە»یە، دەبێتە بزوێنی فەردەکانیش. ناسکی مرۆڤی کورد، زوو برینداربوونی، خێراهەڵچوونی بەرەنجامێکی سروشتی جۆرە خودئەڤینییەکە هیچ جۆرە بەرکەوتنێکی توند و هیچ جۆرە بریندارکردن و سووکایەتییەک قەبوول ناکات. بەڵام ئەم حەزە فەردییە لە ژیان زۆرجار



Scanned with CamScanner

وەک بەرەنجامێکی نێگەتیڤ و پێچەوانەی گووتاری مانەوە دەکەوێتەوە.
گووتاری مانەوە لەسەر ئینکار و فەرامۆشکردنی ژیانی فەردی دروستبووە.
لە دونیای ئێمەدا «مانەوەی نەتەوە» لەسەر «مردنی فەرد» پایەداردەبێت.
وابەستەبوونی تاک بە ژیانی خۆیەوە هەڕەشەیەکی کوشندە لە گووتاری
مانەوە دەکات کە گووتاری عەشقی نەتەوەیە. لەم وێستگەیەدا خودئەڤینی
فەرد هەڕەشەیەکی گەورەیە لە خودئەڤینی نەتەوە، هەر بۆیەش لە هەندێ
جێگای دیکەدا گووتاری مانەوە و مەرگدۆستی تەواو نزیک لەیەکەوە دەبینم
نەک هەر ئەوەندە بەڵکو گۆڕینی خودئەڤینی بۆ وزەیەکی مەرگدۆست یەکێکە
لە میکانیزمە گرنگ و ناوەکییەکانی گووتاری مانەوە، یەکێکە لە میکانیزمە
سەرەکییەکانی. لەو ساتەدا کە ژیان ئاسایی دەبێتەوە، لەو وێستگەیەدا کە
فەرد بڕێک لە خودئەڤینی بۆ خۆی و هەستکردنی بە خۆی و مافەکانی و
ژیانی گەورەدەبێت، لەم وێستگەیەدا کاریگەری گووتاری مانەوە و ئیشکردنی
تا ئەندازەیەک تووشی ئیفلیجییەکی بەرچاو دێت. شەڕی ناوخۆ شەڕی
پارچەپارچەبوونی ئەو گووتارەبوو، شەڕی ونکردنی ئاراستە و بابەت بوو
لە گووتاری مانەوەدا. گومانی تێدا نییە مرۆڤی ئێمە لە دوای ڕاپەڕین، خەونی
بە دونیایەکەوە دەبینی، ئەو «کۆمەڵگای مەرگ»ەی پێش ڕاپەڕین تێپەڕێنێتە
خەڵکی دەیانویست ڕووبەرێک لە ئازادی و ئاشتی دروستبکەن، جێگایەک
فەردەکان بتوانن لەوێدا جارێکی دی بایەخ بە ژیانی خۆیان و ویستەکانی
خۆیان بدەنەوە. ئەمجۆرە بایەخدانە بە خود، ئەمجۆرە گەشەسەندنەی
فەردانییەت، گەڕانەوەیەکی وزە دەرونییەکانیش بوو بە ئاراستەی خود خۆی،
لێرەوە خودئەڤینی چیتر هێزێکی تواندنەوەی سیاسی نییە کە عەشقی خود و
عەشقی نەتەوە لەیەک یەکەدا بتوێنێتەوە، بەڵکو عەشقێکە بابەتەکەی تەنیا خود
خۆیەتی، ئیدی سەیر نییە لەگەڵ ڕاپەڕیندا ئیگۆیزم، خۆپەسەندی، خودخودایی
وەک کۆمەڵێک دیاردەی لە ناکاو بە هێزێکی ئەفسانەییەوە سەرهەڵدەدەن.
سەیرنییە ئەو پێشمەرگانەی دوێنی بە خۆشحاڵییەوە دەمردن، ئەمڕۆ دەکەونە

تالانکردنی شار و کارگه و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان، تا وای لیدیت لەسەر گومرک و شۆفل و ماشین دزین یەکدی دەکوژن. ئەم وەرگەڕانە توندەی خودنەڤینی لە ئەڤینی نەتەوەوە بەرەو ئەڤینی خود، جیهانێکی بیشیرازە دەخولقینیت کە خاڵییە لە ڕۆحی دەستەجەمعی و بە هەرەسی بیری ناسیۆنالیستی تەواو دەبیت. شەڕی ناوخۆ تێکشکاندن و کۆتاییهێنان بوو بەو قۆناغەی مرۆڤی کورد دەیتوانی سەیری ئاوێنەکان بکات و قیزی لە خۆی نەیەتەوە. کە کۆچبەر لە نیشتیمان دێتەدەرێ، نەرسیسێکی زامدارە، نەرسیسێکە تورەیە، چونکە چ خودی خۆی و چ خودی نەتەوەش لە دۆخێکی بریندارداین. کۆچ بەرهەنجامی فەرامۆشکردنی نیشتیمان و یادکردنی وڵات نییە، بەڵکو بەرهەنجامی زیندوبوونەوەی تاک و هەستکردنێتی بە مافی ژیان. بارودۆخی دوای ڕاپەڕین بارودۆخێکە تاکی کورد ناتوانێت ئاسان تێیدا سەیری ئاوێنە بکات، واتە گەر تەماشای ئاوێنەکانی کرد خودێکی بریندار دەبینێتەوە کە ناتوانێت بە خۆی سەرسامبێت. ساتی ڕاپەڕین ساتێکە سەرسامی مرۆڤی کورد بە خۆی دەگاتە چڵەپۆپە، ساتێکە مرۆڤی کورد دەتوانێت نەترسانە تەماشای وێنەی خۆی بکات. لەگەڵ شەڕی ناوخۆدا ئەو سەرسامییە کۆتاییپێدێت و دەشکێت، خۆشەویستی مرۆڤی کورد بۆ خۆی کۆتایی پێدێت، لێرەوە کۆچ بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی ڕێز و حورمەت بۆ خود. کۆچ دەرچوون نییە لە نیشتیمانپەروەریی بەڵکو دەربازبوونە لە میکانیزمەکانی گووتاری مانەوە بە دیوە نەتەوەیی و دەستەجەمعییەکەیدا، ئەو گووتارەی سنووری فەرد لەسنووری نەتەوە، یان کۆمەڵگا جیاناکاتەوە. کۆچ هەوڵە بۆ دۆزینەوەی خودێک کە بە ڕاستی شایستەی ئەڤین بێت.

ئەو کۆچبەرە دێرینانەی کە لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا کۆچیانکردوە و لە دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە، وێنەی کەسانێک دەخەنە بەردەممان کە بروایەکی گەورەیان بە خود و ژیان و کاراکتەری خۆیان هەیە، لە نەستی مرۆڤی ترساوی ئێمەدا دەبنە سەمبولی ئەو ڕۆحانەی خۆیان ئازادکردوە.



Scanned with CamScanner

دەبنە سەمبوولی ئەوانەی هێزی خۆیان لەگەڵ خۆیان و لە ناو خۆیاندایە نەوەک کاراکتەرگەلێک بن هێزی خۆیان لە حیزب یان خێڵ یان شتێکی دییەوە وەرگرتبێت. لەم وێنەیەوە کۆچ وەک ڕێگایەک دەردەکەوێت بەرەو ئەو دونیایەی تێیدا خود دەتوانێت لە هەموو ئەو ڕەگەزانە دووربکەوێتەوە کە ناشیرینیدەکەن، دەبێتە تاکە دەروازەی ڕزگاریی بۆ تاکەکان لە دەست جەور و ستەمی گروپەکان. کۆچ لەم ڕوانگەیەوە گەڕانە بۆ خودێک یان سوبێکتێکی نوێ کە شایستەی خۆشەویستی بێت. هەوڵی خودئەڤینییەکی زامدارە کە بۆ وێنەیەک دەگەڕێت شایستەی شانازیی و سەرسامی بێت. کۆچبەرانی یەکەم کە لە دوای ڕاپەڕین دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان لەو دەریاوانە کۆنانە دەچن کە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان و مژدەی دۆزینەوەی زەوییەکی نوێیان پێیە. ئەوان کەسانگەلێکن وێنە ئەفسانەییەکەی خۆرئاوا بڵاودەکەنەوە، کەسان گەلێکن مژدەی سەرزەمینێکمان دەدەنێ کە تیایدا لەبری باران، شیر دەبارێت، لەبری ئاو، هەنگوین لە زەوی دێتەدەرێ. خۆرئاوا لە خەونی مرۆڤی کورددا دەبێتە ئەو زەمینەی کە تیایدا مرۆڤ دەتوانێت دوای ساڵگەلێکی درێژی سووکایەتی، ڕێزی خۆی بدۆزێتەوە.

»بەیەخدان بە خود«، «بایەخدان بە ژیان» دوو زاراوەی گرنگ و دوو مۆتیڤی جەوهەریی کۆچن. کۆچبەر بە هیوای پەیداکردنەوەی حورمەتێک بۆ خۆی کۆچدەکات، بەڵام وەک گووتمان، لە خۆرئاواش شۆکێکی تر و گورزێکی تری کوشندەتری بەردەکەوێت کە تورپیدەداتەوە ناو دۆخی منداڵی. ئەم شۆکە ئەو هیوایەی لاناسرێتەوە کە ئەو دەتوانێت لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ نیشتیمان لەبەردەم کۆمەڵگای خۆیدا، لەبەردەم هەموو ئەوانەدا کە ساتێک لە ساتەکان بە زەلیلی و بریندار و کەساسی بینیویانە، لە بەرگێکی ئەفسانەییدا خۆی نیشانبدات. لێرەدا کۆچبەر دەکەوێتە دۆخێکی دەروونییەوە کە نزیکە لە «کەرتبوونی تەواوەتی کاراکتەری خۆی». لە بەردەم خۆرئاوادا تا دوائەندازە خودئەڤینی دەشکێت، لەبەردەم کۆمەڵگای خۆشیدا کە دەگەڕێتەوە دەتوانێت

تا دوا ئەندازە بگیڤێنێت و خۆی ناوازە دەربخات. دوو ڤاقەییەکی کوشندە کە لە ئاستی دەرونیدا دەیخاتە گەمەیەکی گەورەوە لە شەرمکردن و شانازیکردن بەخودەوە. جۆلانێکردنێک لە نێوان ئەوسەری بچوکی و ئەوسەری خۆ بەگەورە زانیندا. کە دەرەنجامەکەی وەک لەبەشەکانی پێشوودا ئاماژەم پێکرد دروستبوونی کەسایەتییەکی بریندارە کە ناتوانێت ڕاستگۆیانە لە هیچ یەک لەو دوو دونیایەدا بژی. کۆچبەر بۆئەوەی بتوانێت لەزەت لەوێنە درۆزنەکەی خۆی لە نیشتیمان بەرێت، ناچارە لەوێنە ڕاستەقینەکەی خۆی لە خۆرئاوا هەڵبێت. هەڵهاتنێک وای لێدەکات بە شێوەیەکی سەرەتایی و خۆرسک بەرگری لە کوردبوونی خۆی بکات، بەرگرییەک دەیگێڕێتەوە سەر لۆژیکی هەرە سادەی گووتاری مانەوە.

ناشوێن لە جەوهەریدا گەڕانەوەیەکە بەرەو دواوە، کۆچبەر کە بۆ گەڕان لە دوی وێنەیەکی جوانی خۆی دێتەدەرێ، لە ساتێک لە ساتەکاندا دڵنیادەبێت کە ناتوانێت وێنەی جوانی خۆی لە چاوی خۆرئاوادا بدۆزێتەوە، جارێکی دی مەحکوم دەبێت بەوەی دووبارە لە چاوی کۆمەڵگای خۆیدا بۆ وێنەی جوانی خۆی بگەڕێت. لێرەدا ئەو ناکۆکییە سەیرە ڕوودەدات کاتێک کۆمەڵگاش لە چاوی کۆچبەردا بۆ وێنەی خۆی دەگەڕێت، واتە نەک تەنیا نەرسیس لە ڕوبارەکەدا بۆ وێنەی خۆی دەگەڕێت، ڕوباریش دەیەوێت لە چاوی نەرسیسدا خۆی ببینێتەوە. با ئەم بڕگەیە لە ئۆسکار وایڵدەوە بخوێنینەوە کە باشتر لەهەرشتێک پەیوەندی نێوان کۆچبەری کورد و کۆمەڵگاکەیمان بۆ دەستنیشاندەکات، ئۆسکار وایڵد لەیەکێک لە تێکستەکانیدا دەنوسێت «کە نەرسیس مرد، گوڵانی کێڵگە و مەزرا غەمگین بوون، ویستیان بۆی بگرین و تکایان لە ڕوبار کرد هەندێک دڵۆپە ئاویان بداتێ. ڕوبار وەڵامیدانەوە و گووتی «ئاخ، گەر هەموو ئاوی من فرمێسک بایە، هێشتا بەشی ئەوەی نەدەکرد بۆ نەرسیسم بڕشتبایە، من ئەوم خۆشدەویست». گوڵان گووتیان «ئاخ، بۆدەکرا نەرسیست خۆشنەوێت؟ ئەو بەو هەموو جوانییەوە». ڕوبار



Scanned with CamScanner

پرسی «ئەری بەراست ئەو جوان بوو؟». گوڵەکان هاتنە وەلام و گووتیان «دەبێت کێ لە تۆ زیاتر، ڕاستی جوانی ئەو بزانێت؟ ئەو هەموو ڕۆژێک خۆی بەسەر ڕۆخی تۆدا شۆڕدەکردەوە و لە ئاوی تۆدا نیگای جوانی خۆی دەکرد» ڕووبار دیسانەوە هاتەقسە و گووتی «من ئەوم خۆشەویست، لەبەرئەوەی ئەو چەند خۆی بەسەر ڕۆخی مندا شۆڕبکردبایەتەوە، من وێنەی ئاوی خۆمم لە چاوی ئەودا تەماشادەکرد»»«٢٣».

ئەم دۆخەی نێوان نەرسیس و ڕووبار، دۆخی نێوان کۆچبەری کورد و کۆمەڵگای کورد خۆشییەتی. کۆمەڵگای ئێمە لە کەسی کۆچبەردا بۆ وێنەیەکی تایبەتی و گەورەی خۆی دەگەڕێت کە لە ناو خۆیدا ناتوانێت پەروەردەیبکات. لێرەوەیە کە پەیوەندی کۆچبەر بە کۆمەڵگاوە، لەسەر درۆ دروستبووە. لەسەرێکەوە کۆچبەر ئەو خودئەڤینییە بریندارەی نیشتیمان تیماردەکات کە نیشتیمانێکی ناشیرینە و ژیانی تێدا نییە، بەوەی جارێکی دی بە حەسرەتەوە دەگەڕێتەوە ئامێزی وڵات. لەسەرێکی دیشەوە نیشتیمان ئەو خودئەڤینییە بریندار و تێکشکاوەی کۆچبەر تیماردەکات کاتێک دەیگرێتەوە ئامێز و پێیدەڵێت من شانازیت پێوەدەکەم. کۆمەڵگا دەیەوێت جارێکی دی لە چاوی کۆچبەردا جوانی خۆی بدۆزێتەوە، کۆچبەریش دەیەوێت لە چاوی کۆمەڵگادا جوانی خۆی ببینێتەوە، لێرەوە کۆمەڵگا لە کۆچبەردا تەنیا بۆ وێنەی خۆی دەگەڕێت، کۆچبەریش هەموو ئیشی بۆئەوەیە کە لەبەرچاوی کۆمەڵگای خۆی جوان بێت... هاوکێشەیەک کە پەیوەندییەکی پڕ درۆ و نیفاق دروستدەکات. پەیوەندییەک هەردووسەری لەسەر جۆرێک لە خودئەڤینی سەرپەڕ و شەڕانگێز بونیادنراوە. ئەم ڕەهەندە دەروونییەی پشت بونیادنانی ناشوێن کەم تا زۆر ئاسەواری لە زۆربەی ڕەفتاری کۆچبەردا دەردەکەوێتەوە، کۆچبەر دەبێت بە مەخلوقێک هەر شتێک لاوازیی و بچوکی و بێهێزیی خۆی بۆ دەربخاتەوە لێی هەڵدێت، ئەو لە خۆدزینەوەیەکی بەردەوامدایە لەو شوێنانەی وێنەی دزێودەکەن.

Scanned with CamScanner

## دەستدان لە ماناکانی ناشوێن، نزیکبوونەوە لە شێوەکانی

ناشوێن تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵێک وەزیفە و فەزا و ئاراستە. لە شوێندا جێگا بۆ خۆی دەکاتەوە و لە مانادا، لە زمان و تەفسیردا، لە تێڕوانین و دەروندا. واتە ناشوێن تەنیا جێگایەکی جوگرافی نییە، بەڵکو جێگایەکی دەرونیشە، جێگایەکە لە ناو زمانیشدا. مەبەستی گەورە لە پشتی بونیادنانی ناشوێنەوە ئەوەیە کە کۆچبەر دۆخێکی ئەفسانەیی بهێنێتە دی، هاوسەنگی ئەفسانەیی بدۆزێتەوە، بگاتە پلەیەک لە یاریکردن بتوانێت لەیەککاتدا لە هەموو شوێنەکاندا بێت و لە هیچ شوێنێکیش نەبێت، ئینتیمای بۆ شوێنە جیاوازەکان هەبێت و ئینتیماشی نەبێت. لێرەبێت و لێرەش نەبێت، لەوێش بێت و لەوێش نەبێت. واتە نەبوونی لە نیشتیمان مایەی ئەوە نەبێت لەوێ ئامادەنەبێت، بوونیشی لە تاراوگە مایەی ئەوە نەبێت لە تاراوگە ئامادەبێت. ناشوێن ئەوەیە من لەو جێگایە بم کە لێی نیم، لەو جێگایەش نەبم کە لەوێم. لە نیشتیمان بم کە لەوێ نیم، لە خۆرئاواش نەبم کە لەوێم. ناشوێن ژیان و چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەیە، ئاشتکردنەوەیەکی زۆرەملێی کۆمەڵگای خۆتە بە ڕێگای پشتکردنە جیهان، گەڕانەوەیە بۆ شوێنی بچوک بە ڕێگای پشتکردنە شوێنی گەورە.

«ناشوێن» بەرهەمی بێشوێنی نییە، ئەوەی لە ناشوێندا دەژی کەسێک نییە بێ شوێن، بەڵکو یەکێکە کە شوێنەکان گەمەی خۆیان لەسەر کردوە و ئەویش بە هەمان ئاراستە گەمە لەسەر شوێنەکان دەکاتەوە. کۆچبەری کورد، هەمیشە خۆرئاوا وەک وێنەیەکی جام و ناڕوون دەبینێت، خۆرئاوا شوێنی واقعی و فیزیکی ئەوە، بەڵام ئەم شوێنە فیزیکییە ڕووبەرێکی نادیار و غەیبی هەڵگرتووە، شوێنێکە تیادەژی و تێیناگات، شوێنێکە

کۆچبەر ناتوانێت پشتی دیمەنە ڕوکەشەکان بخوێنێتەوە. کێشەی کۆچبەر کێشەیەکی «نیشانەگەرا ـ سیمیائییە»، کێشەیەکە لەسەر پچڕانی پەیوەندی لە نێوان کۆچبەر و نیشانەکاندا دروستبووە. واتە لە قوولاییدا بڕوانین کێشەی کۆچبەر لەگەڵ شوێندا لە کێشەی نێوان «خوێنەر» «ڕوکەشی تێکست» و «ئەو دیو تێکست» دەچێت. کۆچبەر خوێنەرێکە ناتوانێت ئەو دیوی تێکستەکان ببینێت، پچڕانێکی دەلالی هەیە لە نێوان کۆچبەر و مانا قووڵەکاندا، ئەو لە ئاستی سەتحی دونیایەکدا دەوەستێت و ناتوانێت بچێتە قووڵاییەوە. کۆچبەر کەسێکە لەسەر سنووری نیشانەدا دەوەستێت و ناگاتە مانا، لەسەر سنووری دالدا دەوەستێت و ناگاتە مەدلول. کۆچبەر لە خۆرئاوا یەکێکە شوێن لە ئەبستراکترین شێوەیدا دەژی. یەکێکە لە خۆرئاوا دەژی، بەلام مانای شوێن، سیستمی شوێن، مێژووی شوێن، کێشەی شوێن، کاراکتەری شوێن، نهێنی شوێن، تێکستی شوێنی بۆ گرنگ نییە. بۆیە تا ئێستا دابڕانێکی قووڵ لە نێوان کۆچبەران و ژینگەی سیاسی و کولتووری ئەورووپیدا هەیە. خۆرئاوا لای کۆچبەرانی ئێمە زیاتر لە چێشتخانەیەک یان ئوتێلێک دەچێت، کە تیا دەخۆن و دەخەون، نەوەک ژینگەیەکی کولتووریی و مەعریفی بێت کە تیا فێرببن. کۆچبەری کورد شوێنی تاراوگە وەک ژینگەیەکی ڕۆحی بەکارناهێنێت، وەک جێگایەک کە دەکرێت هۆکانی ژیانێکی فیکری و ڕۆحی نوێی تیا دابینبکات. کۆچبەری ئێمە بە دەگمەن بەر خۆرئاوا دەکەوێت، یان لە ڕاستیدا هەرگیز بەری ناکەوێت . بەلام نیشتیمان شتێکی ترە، نیشتیمان ئامادە نییە، بەلام هەموو ماناکانی لەگەڵماندا دەژی، مێژووی لەگەڵماندایە، کێشەکانی لەگەڵماندان، هەموو ڕۆژێک لە دوورەوە بەریدەکەوین.

هیچ شتێک وەک کۆچ وات لێناکات بیر لە مانای شوێن بکەیتەوە. هەموو ئەوانەی لە تاراوگە دەژین بە تەواوی ئەو هەستەیان تاقیکردۆتەوە هەستێکی نامۆبوون لەگەڵ درەخت و باڵندە و ڕووباردا. کێشەی خۆرئاوا د

Scanned with CamScanner

کۆچبەر تەنیا کێشەی کولتوور نییە، بەڵکو پچڕانە لە دەلالەت، شوێن چیتر مانایەکی کۆنکرێتی نییە، شوێنی ناو یادەوەریی دەبێتە شوێنی ڕاستەقینە و شوێنی ڕاستەقینە دەبێتە جێگایەکی بێمانا و سارد کە زمانێکی قسەکردن لەگەڵ کۆچبەردا نادۆزێتەوە. لە تاراوگە شوێن سیفەتی باوەشی گەرم و ئامێزی پرسۆز وندەکات. شوێن چیتر قسەناکات، هەستدەکەیت ڕەنگەکانی بە هەموو جوانیانەوە جۆشێن و بزوێن نین، دەنگی باڵندەکانی هەمان مۆسیقا و مانایان نییە، تامی میوەکانی شتێکی دیکەن. ژیانی کۆچبەری کورد لە خۆرئاوا زۆرجار لە دۆخی بینەرێکی کوێر دەچێت لەشانۆیەکی پانتۆمایمدا، نە دەنگی خۆرئاوا دەبیستێت، نە جوڵەی ناوەکی و مێژوویی و فەرهەنگی خۆرئاوا دەبینێت. ناشوێن گەڕانەوەیەکی ڕەمزییە بۆ مانا، هەوڵدانە بۆ دروستکردنی دونیایەک کە تێیدەگەیت لە ناو جەرگەی دونیایەکدا کە تێیناگەیت، هەوڵە بۆ خولقاندنی تێکستێک پێچەوانەی ئەو پانتۆمایمە گەورانەی لە سەر شانۆکانی چواردەور نیشاندەدرێن، شوێنێک لە ژینگە دەرچوو بێت و بوو بێت بە ماڵ. ناشوێن هەوڵی دروستکردنی ماڵە، لە ناوەڕاستی دوورگەیەکدا کە دڵنیایت، هەرگیز نابێت بە خاکی تۆ. بە واتایەکی تر ناشوێن پرۆسەی دەستکاریکردنی ژینگەی غوربەتە بە شێوەیەک کۆچبەر بتوانێت لە کەرەستە و بابەت و مەتریالەکانی ئەو ژینگە نامۆیە هەستێکی دیکە دروستبکات، وێنەیەکی دیکە بسازێنێت، بکرێت هاریکاری بن تا درێژترین ماوە لە غوربەتدا بژی، بێئەوەی نامۆبوون بیکوژێت. ناشوێن پرۆسەیەکی دیکۆرسازییە، دروستکردنی شانۆیەکی شادە لە ناوەڕاستی ژیانی ڕۆژانەی غوربەتدا کە پتر لە دۆزەخ دەچێت، پارچەیەک نمایشە لە ناوەڕاستی شوێنێکی گەورە و ترسناکدا کە ناوی تاراوگەیە.

Scanned with CamScanner

## بۆ ناشوێن له پرۆسه‌ی دیکۆرسازی ناو شانۆ ده‌چێت؟

شوبهاندنی پرۆسه‌ی دروستکردنی ناشوێن به شانۆ، ڕزگارکردنی وشه‌کێ له زنجیره‌یه‌ک وه‌هم که ده‌شێت خودی ناونانه‌که دروستیبکات. ناشوێن له مانا گشتییه‌که‌یدا هاوواتای وشه‌ی یۆتۆپیایه که ئه‌ویش ناشوێن ده‌گرێته‌وه، به‌ڵام له‌م وتاره‌ی مندا وشه‌ی ناشوێن به مانای وشه‌ی یۆتۆپیا نییه، چونکه ناشوێن به مانا یۆتۆپییه‌که‌ی واته ئه‌و جێگایه‌ی که نییه، یۆتۆپیا جێگایه‌که که بوونی نییه و ڕووبه‌رێکی فیزیکی داگیرنه‌کردوه، له فه‌نتازیادا له‌دایکده‌بێت و له‌ویادا ده‌مێنێته‌وه. به‌ڵام ناشوێن به‌و مانایه‌ی من لێره‌دا به‌کاریده‌هێنم سه‌نگه‌رگرتنه له تاراوگه، دروستکردنی شوێنێکه له ناو تاراوگه‌دا دژ به تاراوگه. ئه‌م پرۆسه‌یه به‌دیدی من پتر له دروستکردنی دیکۆر ده‌چێت له‌سه‌ر شانۆ، نه‌وه‌ک به دروستکردنی یۆتۆپیایه‌ک به‌رابه‌ر و پێچه‌وانه به واقع.

دیکۆر له شانۆدا وه‌زیفه‌یه‌کی تایبه‌تی هه‌یه. دیکۆر دروستکردنی دونیایه‌کی تایبه‌ته، بریتییه له‌و ڕه‌گه‌زه‌ی شوێنی ڕاسته‌قینه بیر بینه‌ر ده‌باته‌وه و له‌و جێگا ڕاسته‌قینه‌یه‌ی خۆی ده‌ریده‌هێنێت و پێیده‌ڵێت ئه‌و ئێستا له جێگایه‌کی دیکه‌یه. دیکۆری شانۆ چه‌ند ساده بێت، له ناواخنی خۆیدا مانایه‌کی تایبه‌تی هه‌ڵگرتووه ئه‌ویش ئه‌وه‌یه به بینه‌ر بڵێت، ئه‌و ئێستا له دونیای ڕۆژانه و ئاسایی خۆیدا ناژی و چۆته دونیایه‌کی تر و له شوێنێکی تر و له زه‌مانێکی تردا ده‌ژی، که شوێن و کاتی ئاسایی ژیانی ڕۆژانه نین. ئه‌م وه‌زیفه سه‌ره‌کییه‌ی دیکۆر، ئه‌م ویسته قووڵ و گه‌وره‌یه بۆ جیاکردنه‌وه‌ی شوێنه‌کان له جه‌وهه‌ری پرۆسه‌ی شانۆدایه. گومان نییه له‌وه‌ی که هه‌ندێ بزاوتی نوێی شانۆ هه‌وڵده‌ده‌ن ئه‌و جیاکردنه‌وه‌یه بشکێنن و شانۆ تێکه‌ڵ به ڕووبه‌ره ئاساییه‌کان بکه‌نه‌وه، به‌وه‌ی شانۆ له شانۆ ده‌ربهێنن و له فه‌زایه‌کی دیکه‌دا نمایشیبکه‌ن. وه‌لێ بێگومان ئه‌و پرۆسه‌یه



Scanned with CamScanner

پرۆسەیەکی سادە نەبووە، لەبەر ئەوەی شانۆ هەرچۆنێک خۆی دروستبکاتەوە، هەمیشە ئاماژەی بۆ شوێن و زەمانی تر هەڵگرتووە. دیکۆرسازیی ناو شانۆ شاردنەوەی ڕوخسارە ئاسایی و باو و زاڵەکانی شوێنە، ئاماژەیەکە بە بینەر دەڵێت تۆ لێرەنیت و لە جێگایەکی تری، جێشکێنیی و کاتشکێنییەکی گەورەیە. دیکۆری شانۆ ئەو بەردەوامییە دەشکێنێت کە لە دونیادا هەیە، ئەو توانایە لە شوێندا بەرجەستەدەکات کە دەتوانێت لە دەرەوەی ڕوخسارە باو و سادە و تەقلیدییەکەی خۆی ڕوخساری شوێن و زەمانی تر وەرگرێت.

«جێشکێنی» ئەوەیە شوێن وا لێبکەیت مانا و دەلالەتێکی تر وەربگرێت، ئیحایەکی تر بدات و خۆی لەو فەزا گشتییەی دەرەوە کە لە ئامێزی گرتووە جیابکاتەوە، بریتییە لە شکاندنی کاراکتەری ئەو شوێنە گەورەیەی کە بۆ بەسەربردنی ژیانی ڕۆژانە و بەدەستخستنی بژێوی زیندەگیمان ناچارین ڕووی تێبکەین. لە شانۆدا هەمیشە ڕیزێک مەتریال و کەرەستە هەن هەردەم بۆ گۆڕینی کاراکتەری شوێن بەکاریاندەهێنین. ئەو مەتریالانە بە پێی مانا و توانایان لەسەر ڕەنگکردنی شوێن و بەخشینی کاراکتەرێکی دیاریکراو مانایان هەیە. مەتریالی دیکۆر لە شانۆدا لە مانا سادەکانیان دەبنەوە و مانای تر وەردەگرن. کورسییەک لەسەر تەختەی شانۆ وەزیفە و مانایەکی دیکەی هەیە جیاوازە لە وەزیفە و مانای کورسی ناو شوێنە ئاساییەکان. کورسییەک لەسەر شانۆ، مەتریالێکی تەفسیرییە، واتە هەڵگری ڕاڤین و لێکدانەوەیە. هەڵگری خوێندنەوەیە، بە پێچەوانەی کورسییەکانی ناو ماڵ. واتە دیکۆر، وەزیفەکەی دروستکردنی جۆرە جێگایەکە کە یەکێتییەکی ناوەکی هەیە، جیاواز لە یەکێتی ناوەکی ژینگەی ژیانی ڕۆژانە.

خوڵقاندنی یەکێتییەکی ناوەکی لە شوێن و کاتدا بەشێکە لە یەکە گرنگ و سەرەکییەکانی شانۆی ئەرستۆیی. یەکێتی ناوەکی شوێن لە شانۆی ئەرستۆییدا بە شێوەیەکی گرنگ دژ بە یەکێتی گەورە و نەپساوی شوێنە لە دەرەوەی شانۆ. دیارە چەمکی یەکێتی شوێن لە نێوان شانۆی مۆدێرن و شانۆی ئەرستۆییدا

جیاوازییەکی زۆری هەیە. بۆ دروستکردنی ئەو یەکێتیە ئەرستۆتالییە کری ڕەگەزەکان بە ئاڕاستەیەک کاردەکەن، جلوبەرگ و ڕوناکی و مەتریالەکانی دی بە کۆ فەزایەکی یەکگرتوو دەخولقێنن، فەزایەک دڵنیامانبکات کە ئێستا و ئێرەی ناو شانۆ، دوورکەوتنەوەیەکی گەورەیە لە ئێستا و ئێرەی دەرەوەی شانۆکە. ئێستای شانۆ دژ بە ئێستای دەرەوەی هۆڵەکە و دژ بە ئێرەسالاریی ژیانە لە دەرەوە کە وەک قەفەزێکی گەورەی کات و شوێن پێکەوە کاردەکەن واتە کە دەڵێم ناشوێن لە دیکۆری شانۆ دەچێت، تەنیا لەو ڕوانگەیەوە قسەناکەم کە دیکۆر نیگار و وێنەیەکی تایبەتییە کە ئاماژەی ژینگەیەکی دیمان دەداتێ، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە کە دیکۆر دەلالەتە لەسەر کردارێک و هەوڵە بۆ دروستکردنی دابڕانێک. کۆچبەر کە لە خۆرئاوا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی، کاتێک خۆی لەو ترس و بچوکییە دەشارێتەوە کە فەزای دەرەوە دروستیدەکات، جێگایەک دروستدەکات ڕەگەزەکانی لە شێوەی ڕەگەزی دیکۆری شانۆدان، وەزیفەیان قووڵکردنەوەی جیاوازی نێوان شوێنی کۆچبەر و شوێنی دەرەوەیە. واتە ناشوێن نیشتیمانێکی ڕەمزییە کۆچبەر بە پرۆسەیەکی دیکۆرسازیی گەورە دروستیدەکات. خودی ناشوێن ئاشکرابوونی ئارەزووییەکی قووڵە لە جیهانی پەنابەردا کە لەو جێگایە نەبێت کە تیادەژی، جەوهەری ناشوێن داننەنانە بەو غوربەتەدا کە بە درێژیی لە بەشی پێشوودا باسمکرد. ناشوێن دانانی نەخشەیەکە بۆ ژیان و جوگرافیای ژیان دژی ئەو نەخشەیەی کە پرۆسەکانی ئینتگراسیۆن پێشکەشیدەکات، ناشوێن بڕیاری تێکەڵ نەبوونە لەگەڵ فەزای غوربەتدا. کردارێکە بە ئاڕاستەی نەتوانەوە هەنگاوێکی هەڵواسراو و ئەبەدییە بە ئاڕاستەی گەڕانەوە، هەنگاوێکە بۆ ئەوە دەنرێت وا نیشانبدات کۆچبەر لە سەر ڕێگای گەڕانەوەدایە بۆ نیشتیمان، بەڵام وەزیفە بنەڕەتییەکەی سەقامگیرکردنی مانەوەیەکی لەرزۆکە لە جێگایەکدا کە کۆچبەر نە بڕوای پێیەتی و نە دەتوانێت لێشی دووربکەوێتەوە. ئەم هەڵبژاردنە پێویستی بە شانۆیەک هەیە، جۆرە فەزایەک و سینۆگرافیایەکی تایبەت کە

خۆرئاوا خۆی بە دیمەن و بونیاد و ڕەفتارەکانییەوە پێشکەشمان ناکات. لێرەوە دروستکردنی جۆرە جوگرافیایەکی دەلالی ترە، دروستکردنی کەشوهەوایەکی ترە کە مانا و ئیشی نیشانەکانی «العلامات» جودایە لە مانا و ئیشیان لە ناوکۆیی ژیانی ڕۆژانەدا، شانۆیەک سازدەکات، شانۆیەک لە بەشەکانی دیکەدا مەتریال و ڕەگەز و وەزیفەی کەرەستەکانی ناوی ڕووندەکەمەوە. جێگایەکە تەنیا ئەکتەرەکان نمایشی تیاناکەن، بەڵکو بینەرانیش لە ناویدا نمایشدەکەن.

## چەمکی ناشوێن لەم وتارەدا و جیاوازییەکانی لەگەڵ چەمکی ناشوێن لای «مارك ئاوگە» و چەمکی «هیترۆتۆپیا» لای «میشێل فۆکۆ»

ناشوێنی مانای بێشوێنی نییە، بێشوێنی شتێکی دیکەیە، بێشوێنی وەک ڕیتشارد هاینریش لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە فرانسیس باکۆنی نیگارکێش دەڵێت «بێ - شوێنی ئەوەیە کاتێک شوێنی شێوەڕێژکراو، وەڵامی پرسیاری «کوێ؟» ناداتەوە» یان دەڵێت «کاتێک دەپرسین ئەو لە کوێیە؟ بۆئەوە نییە شوێنی کەسێک لە ناو سیستمی گەردوندا دیارییکەین، بەڵکو بۆئەوەیە چۆنێتی شوێنگیری شتەکان دیارییبکەین، لەسەرێتی، لە ناوێتی، لە خوارەوەیە یان لە بانێتی»«٢٤».

واتە پرسیارێکی گرنگ کە جیاوازی نێوان شوێن، ناشوێن، بێشوێنی لەسەر بونیاددەنرێت پرسیاری «کوێیە؟». هەموو ئەو پرسیارانەی کە کوێی تێدایە، وەک پرسیارگەلی «ئێرە کوێیە؟ ئێمە لە کوێین؟ بۆ کوێ دەچین؟ بۆ کوێمان دەنێرن؟». هەر کاتێک وەڵامی ئەم پرسیارانەمان لابوو، بێشوێن نین. لەوەوپێش ئاماژەم بۆ پەیوەندی نێوان سەحنەی شانۆ و ناشوێن کرد، بەو مانایەی کە ناشوێن بێشوێنی نییە، بەڵکو شوێنێکە بەردەوامی شوێنی دەرەوە



Scanned with CamScanner

دەشکێنێت، شوێنێکە ڕوخساری خۆی ماکیاژدەکات، خۆی لە جێگاکانی دەرەوە ڕادەپسکێنێت، بۆئەوەی ڕوخسارێکی دی بداتە خۆی، شوێنێکە وەک فۆکۆ لە وەسفی هێترۆتۆبیادا دەستنیشانیدەکات وەک جێگاکەلێک کە بەرابەری شوێنەکانی دی و دژیان جێگادەگرێت. شوبهاندنی ناشوێن بە شانۆ، بۆئەوەبوو لەو ڕاستییە تێبگەین کە کۆچبەر لە بۆشاییدا ناژی، هەر کاتێک ئەو غوربەتی خۆی بەوە پێوا کە کەسێکە شوێنی بە دەستەوە نەماوە و قاچی لە سەرزەوی براوە، فەزایەکی بۆ یاریکردن بە دەستەوە نەماوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە ڕاست ناکات. کۆچبەر لە دەرەوەی کات و شوێن نییە، بەڵکو لە ناو جەرگەیاندایە، هێندە هەیە دونیایەکی تریان لێدروست دەکات. واتە لە شوێنە ئاساییەکان نیگاری شوێنێکی تر دەکێشێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتەپێش کە گرنگی گەورەی بۆ پرۆسەی دروستکردنی ناشوێن هەیە. ئەویش ئەوەیە بۆ دروستکردنی ناشوێن بەکاری نیگارکێش ناشوبهێنم و بە کاری دیکۆرساز و دەرهێنەری شانۆی دەچوێنم؟

لە شانۆدا هەتا کاتێک کە شوێنێکی دیاریکراو وێناناکرێت، شانۆ خۆی هەمیشە وەک شوێنێکی تایبەتی وەک فەزایەکی کراوە، وەک یەکەیەک کە شیمانەی خوێندنەوە و ڕاڤەکاری وەرگرتوە بوونی دەمێنێت، دەتوانین بچینە ناوی، دەزانین کە کاراکتەرەکان لە جێگایەکەوە دێن و لە فەزایەکدا دەجوڵێنەوە، دەزانین کە جەستەیەک هەیە لە فەزایەکدا دەسوڕێتەوە، یاریدەکات، دەجەنگێت و دەشکێت و هەڵدەستێتەوە، هەتا ئەو جێگایانەش کە کاراکتەریان نییە، کە خاڵیین، کە شتێکیان تیا نییە ناوەڕۆکییان پێببەخشێت و بە مانایەک بارگاوییان بکات وەک فەزایەکی دەلالی، وەک ئەگەرێکی کراوە بۆ مانا، قورسایی خۆی نادۆڕێنێت. شوێن لە شانۆدا مەرجێکە فەرامۆش ناکرێت، شێوەکانی شوێن دەگۆڕێت، بۆچوونمان بۆی دەگۆڕێت، بەڵام شانۆ شتێک نییە لە دەرەوەی شوێن، هەتا لەو کاتانەشدا کە شانۆ لە هۆڵی شانۆ دەچێتە دەرەوە بۆ ناو بازاڕ، بۆ شوێنە کراوەکان، بۆ ئەو جێگایانەی کە شانۆکار دەستکاری فەزای

Scanned with CamScanner

دەوروبەر ناکات، خودی گواستنەوەکە لادان و لە ناوبردنی شوێن نییە، بەڵکو جۆرە دیدێکی دیکەیە بۆ شانۆ. لێرەدا پێویستە ڕستەیەکی گرۆتۆفسکی بهێنمەوە کە دەڵێت «ئایا دەکرێت شانۆ بێ کوستوم و سەحنەسازی هەبێت؟ بەڵێ، دەکرێت هەبێت. دەکرێت شانۆ بێ موسیقایەک کە هاوڕێی سەوداکانە بوونی هەبێت؟ بەڵێ. ئایا دەکرێت شانۆ بێ ڕوناکی هەبێت؟ بێگومان دەکرێت. ئایا دەبێت بێ تێکست شتێک هەبێت پێی بگووترێت شانۆ؟ بەڵێ دەبێت. ئەی شانۆی بێ ئەکتەر هەیە؟ نا، لەوبارەیەوە من هیچ نمونەیەک شکنابەم، دەشێت شانۆی قەرەقۆز ناوببەین، بەڵام لێرەشدا ئەکتەر لە پشتەوەڕا ئامادەیە، ئەگەرچی بەشێوەی دیکەش بووە». لەپاڵ ئەم نرخە ڕەهایەوە کە باوکی شانۆی هەژار دەیداتە ئەکتەر، نرخێکی دی هەیە کە پێموایە ئەویش نرخێکی نەمر و ڕەهای شانۆیە، ئەویش ئەوەیە لە هەر جێگایدا ئەکتەرێک بە مەبەستی نمایش وەستا، ئەوا فەزای دەوروبەری دەبێتە شانۆ، ئەوا ئەو شوێنەی ئەکتەر بە نیازی نمایش تیادەوەستێت دەبێتە سەحنە، ڕەگەزەکانی تر دەبنە ڕەگەزیی شانۆیی و دەلالەتە سروشتییەکانی خۆیان دەدۆڕێنن، لەو ساتەدا کە شانۆکارێک بە مەبەستی نمایش لە ناوەڕاستی بازاڕێکی جەنجاڵدا دەوەستێت، ئیدی بۆ بینەرانی ئەو نمایشە، ئەو شوێنە مانای دێرینی خۆی دۆڕاندوە و بۆتە سەحنەیەکی دی. گرۆتۆفسکی دەڵێت شانۆ لە ئەکتەر جیاناکرێتەوە، بەڵام بێگومان شانۆ لە شوێنیش دانابڕدرێت، نمایش هەمیشە پێویستی بە ئەکتەرێک هەیە کە لە فەزایەکدا دەجوڵێتەوە... دۆخێک کە لە ژیانی کۆچبەردا نرخێکی هەیە، چونکە ئەویش دواجار ئەکتەرێکە لە دووی دروستکردنی فەزایەک دەگەڕێت بۆ خۆی. ئەم فەزایە هاوشانی هونەرەکانی دی نییە، یاخود فەزا لە نیگارکێشاندا جەشنێکی دیکەیە. لە شانۆدا فیگۆرەکان هەمیشە لەسەر زەوییەک وەستاون، بەڵام مەرج نییە لە وێنەکاندا شوێن هەبێت، شانۆی بێشوێن بوونی نییە، بەڵام لە نیگارکێشاندا ئەگەری بوونی فیگەری بێشوێن هەمیشە لە گۆڕێیە. ڕیتشارد هاینریش لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە فرانسیس بیکۆن و

لە شیکاری تابلۆی Three Studies ی هونەرمەند فرانسیس بیکۆندا دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە فیگەرەکانی ئەو تابلۆیە سێ فیگەری بێشوێنن«٢٥». لە شانۆدا ناتوانین بگەینە ئەمجۆرە گریمانکارییە. کاتێک دەپرسین فیگورەکان لە کوێن؟ سێ وەڵاممان لەبەردەمدایە، وەڵامێک ئەو شوێنە ئیفترازییە کە نمایشەکە پێشکەشمانیدەکات، وەڵامی دووەم ئەو شوێنە هونەرییە کە سەحنەی شانۆ خۆیەتی، ئەو سەحنەیەی شوناسە هونەرییەکەی هەرچییەک بێت، هاوڕێیەکی هەمیشەیی نمایشە، واتە شانۆ چەندە هەژاربێت، چەندە بتوانێت لە مەتریالەکان و لە دیکۆردا دەستبگرێتەوە، ناتوانێت دەستبەرداری شوێنی نمایش بێت. وەڵامی سێهەمیش ئەوەیە کە شانۆ وەک فەزایەک و ماڵێک هەمیشە پانتاییەکی لە شوێنێکی دیاریکراودا داگیرکردوە. ئەمجۆرە فیزیکییەت و پابەندبوونە قووڵە وادەکات ژیانی کۆچبەر پتر لە فیگەری ناو شانۆ بچێت، نەوەک لە فیگەری هیچ جنسێکی ئەدەبی و هونەری تر.

ئەم پابەندبوونە بە شوێنەوە گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو مانا تایبەتییەی ناشوێن کە مەبەستمە ڕوونیبکەمەوە. بە هەمان ئەو ئەندازەیەی نمایشێک ناتوانێت لە دەرەوەی شوێندا ببێت و بژی، بە هەمان ئەندازە کۆچبەریش ناتوانێت لە شوێن دووربکەوێتەوە و ببێتە مەخلوقێکی هەوایی. ناشوێن گۆڕینی مانا و وەزیفەی شوێنە وەک لە شانۆدا ڕووبەڕووی دەبینەوە، پچڕانی بەردەوامییەتی، گۆڕینی کۆچبەرە بۆ دیکۆریستێکی لێزان، بەڵام لەبری ئەوەی لە سەر تەختەی شانۆ کاربکات، لە ناو جەرگەی ماڵ و زیندەگی و ژیاندا کاردەکات. ناشوێن ئەوە نییە نەزانین لە کوێین، بە پێچەوانەوە هوشیاری کۆچبەر دەرهەق بە شوێنی خۆی لە ئاستێکی باڵادایە، کۆچبەر دەزانێت لە کوێیە، بەڵام ڕێگایەک دەگرێتەبەر بتوانێت شوناسی ڕاستەقینەی ئەو جێگایە داماڵێت، پارچەیەکی لێبکاتەوە، بەردەوامییەکەی بشکێنێت. ناشوێن لابردن و سڕینەوەی شوێن نییە، بەڵکو لەتکردن و شکاندنێتی، گۆڕینی ڕوخساریێتی، پڕکردنێتی لە کۆمەڵێک دیکۆر و وێنەی تایبەت کە تەنیا ئەو دونیایە

نیشانبدەنەوە کە کۆچبەر دەیەوێت. دەستکاریکردنی دەلالەت و وەزیفە و مانای شتە سروشتییەکانە بۆ مانا و وەزیفەی دیکە. ئەو لەو پالەوانەی کافکا ناچێت لە «کۆشک»دا کە لە گوندێکدایە نازانێن کوێیە؟ چی دەکات؟ بۆ لەوێیە؟ بۆ بانگکراوە؟ دەبێت چی بپێوێت؟. کۆچبەر بە ئیرادەی پڕلاینی خۆی کۆچ هەڵدەبژێرێت، دەزانێت بۆ کوێ هاتووە، کە لەوێش نیشتەجێ دەبێت، دەزانێت چۆن لە شوێنێکی ڕاستەقینەوە بیگوڕێتە سەر سەحنەی شانۆیەکی تایبەت و بێوێنە، شانۆیەک «ماڵ» «زمان» «جنس» «کارکردن» تیایدا پێکرا خزمەتی دروستکردنی شوێنێکی تایبەتی دەکەن کە نە نیشتیمانە و نە مەنفا.

ناشوێن زاراوەیەکە پێشتر بە هەندێ مانای تەواو جیاواز لەو مانایەی کە من لێرەدا بەکاریدەهێنم، بەکارهێنراوە، بۆئەوەی ئەو مانایە تەواو ڕوونبێت کە من زاراوەی ناشوێنی بۆبەکاردەهێنم، دەبێت تیشکێک بخەمە سەر دووان لە بەکارهێنانە سەرەکییەکانی زاراوەی ناشوێن.

مارک ئاوگە لە کتێبی «شوێن و ناشوێن» دا دەنوسێت «ئێمە لە دونیایەکدا دەژین هێشتا فێرنەبووین چۆن تێیدا بگەڕێین و بدۆزین، ئێمە لەسەرمانە دووبارە فێری بیرکردنەوە لە شوێنگە ببینەوە»«٢٦». لەسەر ئەم بڕوایەوە ئەنترۆپۆلۆگی فەرەنسی دەکەوێتەوە تێڕامانێکی نوێ لە شوێن و دەنوسێت «وەک چۆن شوێن خۆی لە ڕێگای شوناس و پەیوەندی و مێژووەوە دەناسێنێت، ئەو شوێنگەیەی شوناسی نییە و خۆی وەک شوێنگەیەکی پەیوەندیدار و مێژوویی ناناسێنێت ئەوا وەک ناشوێن خۆی دەناسێنێت»«٢٧». بە بۆچۆنی ئاوگە قۆناغی «بانمۆدێرنە ـ Übermoderne» قۆناغێکی بەرهەمهێنە بۆ ناشوێن. لای ئاوگە هەندێک شوێنگە و فەزا هەن فەردەکان تیایدا خۆیان وەک بینەر تەماشادەکەن، ئەگەرچی لەو شوێنگە و فەزایانەدا نمایشێکی ڕاستەقینەش نەبێت وەک ئەوەی «پێگەی بینەر گرنگتر و جەوهەریترین پێگەی ناو نمایشەکە بێت. وەک ئەوەی بینەر بینەریی نمایشی تایبەتی خودی خۆی بێت»«٢٨». واتە شوێنگەلێک لەدونیای ئەمڕۆی ئێمەدا،



Scanned with CamScanner

دونیای شارستانییەت و شارەگەورەکان و فەزا کراوەکانی جیهانی مۆدێرندا سەوزبووە، خەڵکان بۆ تەماشاکردن دەچنە ئەوێ، بەڵام تەماشای چی؟ تەماشای یەکدی، تەماشای نمایشێک کە هەر خۆیان ئەکتەرەکانیینی. ئەمجۆرە شوێنانە شوێنگەن بۆ تێپەڕین، بۆ پیاسەکردن، بۆ تەماشاکردنی بێمنگی یەکتر. شوێنگە نین بۆئەوەی لە یادەوەریدا بمێننەوە، بۆ ئەوە نین ببنە بەشێکی جەوهەری لە مێژووی فەردەکان. ئەمجۆرە شوێنە بێمێژوو و بێشوناسانە لە زیادبوونێکی بێشومار و شێرپەنجەییدان، بە ئەندازەیەک فەردی ناو دونیای ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ژیانی لەو جۆرە شوێنانەدا دەباتە سەر. ئاوگە دەڵێت «جیهانێک لەدایکبوون و مەرگی ڕەوانەی خەستەخانەکان کردوە، بەڵام ژمارەی «تێپەڕجێکان - Transräume»، بە هۆی هەلومەرجی کەیف و سەفا و ڕابواردن و پۆزلێدان و کەشخەیی نواندنەوە یان بەهۆی نالەباربوون و سەختییەوە لە زیادبوونێکی گەورەدان «زنجیرە ئوتێلەکان، خەوگەکاتییەکان، گوندەکانی گەشتوگوزار، کەمپی پەناهەندان، گەڕەکی تەنەکەی هەژاران، کە بۆ ڕوخان یان بۆ گەشە و گەورەبوون دیاریکراون» لەو جێگا تێپەڕ و کاتیانەن، دونیایەک لە ناوخۆیدا تۆڕێکی ناوخۆیی چڕی بۆ هاتوچۆکردن گەشەپێداوە، بەڵام ئەو شوێنانە لەهەمانکاتدا وەک نیشتەجێی گەڕۆک وەهان...»«٢٩».

ئاوگە ئەمجۆرە شوێنانە کە دونیای مۆدێرنیان چنیوە و مرۆڤەکان پیادەڕۆن و بە کاتی تیا نیشتەجێدەبن، بە ناشوێن ناودەنێت، شوێنگەلێک کە نە خۆیان نە ڕێبوار و ڕاگوزەرانی ناویان شوناسییێکی دیاریکراویان نییە، شوێنگەلێکن تەنیایی مرۆڤی هاوچەرخ قووڵتردەکەنەوە. پاساژەکان، شەقامەکانی پیاسەکردن، وێستگەی شەمەندەفەرەکان، گەراجەکان، ئوتێلەکانی گەشتوگوزار، ناو پاس و ماشێنەکان، فڕۆکەخانەکان، سەیرانگاکان، شوێنەکانی ڕابواردن، پەیوەندیکردن لە ڕێگای نێتەوە، هەموو ئەو فەزا تایبەتیانە لەوەدا یەکدەگرنەوە کە دونیایەکی کاتی و خێرا و ڕاگوزەر بۆ مرۆڤی نوێ دەخولقێنن و جۆرە جێگایەک دروستدەکەن جیاواز لەو جێگایانەی دونیای



Scanned with CamScanner

کلاسیک پێشکەشکیدەکرد. مارک ئاوگە جیاوازی شوێن و ناشوێن لەوەدا دەبینێت «شوێن» پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ و شوناسچێنی لەگەل کاراکتەر و هوشیارییدا هەیە، شوێن ئەو جێگایەیە کە پەیوەندی کۆمەلایەتی تیدا گەشەدەکات و ناشوێن شوێنێکە تۆری پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی تیا ونە. شوێنێکە کەسانگەلیکی زۆر لە بەر ڕستێک هۆی جیاواز ناتوانن بچنە ناوی، یان بە ئازادی بچنە ناوی، یان تەنیا لەژێر چاوەدێری سیستمێکی توندوتیژی هەلسوکەوت و بەپێی سیستمێکی دیاریکراوی ڕەفتار دەچنەناوی و دێنەدەری. بۆ نمونە: دابەشکردنی فەزای قوتابخانە، بەسەر چەند جێگایەکدا کە تیایدا قوتابیان بۆیان نییە بە ئاسانی هەندێ دەرگابکەنەوە و پێ لە شوێنگەلێک دانێن کە بۆ دەستەی مامۆستایان دانراون، بە نمونەیەکی باشی ئەو جۆرە دابەشبوونەی شوێن و ناشوێن دادەنرێت. وەک دەبینین بەم مانایانە ناشوێن مانایەکی نێگەتیڤی هەیە و دەرەنجامی یارییەکانی مۆدێرنەیە. گەرچی ناشوێن شتێکی بنەڕەتی بە مرۆڤەکان نابەخشێت، بەلام مرۆڤەکان تیایدا نارەحەت نین، چونکە خودی ئەو ناشوێنانە بە جۆرێک دارێژراون گەلەک لە ویستە فەنتازییەکانی مرۆڤ تێردەکەن، بە ئەندازەیەک دەکرێت بگووترێت ئەمجۆرە ناشوێنانە پتر وەزیفەی دواندنی فەنتازیایان هەیە نەوەک وەزیفەی تێرکردنی ویستە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. ناشوێن فەزایەکە پەیوەندیی کۆمەلایەتی تیا لە نزمترین ئاستدایە. لای مارک ئاوگە ئەمجۆرە فەزا تازانە پتر لە ڕێگای ماشێنی کۆمپیوتەریی و کارتی ئەلەکترۆنی و کەرەستەی تەکنیکی بالاوە دابەشکراون، لە فرۆکەخانەکان و بازاڕەکان و شوێنە گشتییەکاندا هێندەی مرۆڤ پێویستی بە کارتی بانک و شوناسنامە ئەلەکترۆنییەکان هەیە، پێویستی بە هیچی تر نییە، ئەو کارتانە بۆت دیاریدەکەن تۆ بچیتە کوێ و چی بکڕیت و چی بکەیت، لە جۆرە فەزایەکی وادا پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە دەگاتە نزمترین ئاست، تۆرێک پەیوەندیی کۆمەلایەتی بەرهەمدێت جیاوازە لەهەر جۆرە پەیوەندییەکی دی کە لە مێژووی کۆمەلایەتییدا بینراوە، هەر لێرەشەوەیە مارک ئاوگە باس



Scanned with CamScanner

له پێویستی جۆرە ئەنترۆپۆلۆژیایەکی تر دەکات، ئەنترۆپۆلۆژیایەک شوێنەکان تیایدا شوناس و مێژووی جارانیان نییە و هەمان پەیوەستی عاتیفییان لەگەڵدا نابەسترێت.

گەر تەماشای ئەمجۆرە سەیرکردنەی مارک ئاوگە بکەین بۆ ناشوێن و بەراوردیبکەین بەو سەرنجانەی سەرەوە کە لەسەر پەیوەندی کۆچبەر بە غوربەتی خۆیەوە باسمکردن، دەتوانین بگەینە کۆمەڵێک دەرەنجام کە بەو جۆرە کورتیاندەکەمەوە.

ناشوێن لە پێناسەی مارک ئاوگەدا جێگایەکە پەیوەندی بە ستراکتوری کۆمەڵگای بانمۆدێرنەوە هەیە، ئەو شوێنە زۆر و جیاوازانەیە کە بەردەوام لە زیادبووندان و مرۆڤەکان بڕێکی درێژی ژیانیانی تیادەبەنە سەر، لە هەمان کاتیشدا شوێنی ڕاستەقینە و فەزای ئازاد نین بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی مرۆڤانەی ئاسان و هاوسەنگ. بەپێی ئەم پێناسەیە هەموو مرۆڤێکی نوێ، بەتایبەت ئەوانەی لە کۆمەڵگا تەکنۆلۆژییە تازەکاندا دەژین بڕێکی ژیانیان لە ناشوێندا دەبەنەسەر. ئەم ناشوێنە ئەزموونێکی مرۆڤانەی گشتییە پەیوەندی بە سروشتی بزۆکی ژیانی هاوچەرخەوە هەیە، ژیانێک گەڕان و گواستنەوە و هاتوچۆ سروشتێکی ئاسایی و جەوهەرییەتی. واتە ئەم ناشوێنە خسوسییەتێکی تیا نییە تایبەت بێت بە ژیانی کۆچبەر، تایبەت بێت بە مەنفا و دابڕان و تاراوگەبوون. ناشوێن لە ژیانی کۆچبەردا مانایەک و چەمکێک و وەزیفەیەکی تری هەیە، ناشوێنی ناو ژیانی کۆچبەر وەک ناشوێن لە دیدی مارک ئاوگەوە دابەشبوونێکی جوگرافی ڕووت نییە. ناشوێن لە دونیای کۆچبەردا ستراکتورێکی ئاڵۆز و بونیادێکی فرەچین و پێکهاتێکی فرەلۆچە کە لە ئیشکردنی پێکەوەیی و ماناداری گەلەک مانا و دیاردە دروستدەبێت کە بە کۆ وەزیفەیەک ئەنجامدەدەن کە وەزیفەی نەفیکردنەوەی مەنفایە، وەزیفەی دروستکردنەوەی ژینگەیەکی دەستکردە بۆ خولقاندنی فەزایەکی دۆستانەتر و گونجاوتر بۆ کۆچبەر بە جۆرێک هەڕەشە گەورەکانی مەنفا و برینە



Scanned with CamScanner

نەرسیسییەکانی لە یادبکات و بتوانێت بە کەمێک حورمەتەوە بۆ خودی خۆی بڕوانێت. کۆچبەر لە خۆرئاوا لەبەرئەوەی کەمترین و تەسکترین و بچوکترین بواری لە بەردەستدایە بۆ دەستکاریکردنی دونیای خۆرئاوا، لە بەرئەوە دەکەوێتە داڕشتنی ئەندازیەکی تر بۆ ژیانی خۆی بە جۆرێک بتوانێت لە خۆرئاوادا بژی، بێئەوەی خۆی لە ئاوێنەکانی خۆرئاوادا ببینێتەوە، بێئەوەی سەیری وێنەی خۆی بکات بەو چەشنەی کە لە چاوانی ئەوانی دییەوە دیارە. ناشوێنی پەناهەندە خۆدزینەوەیەکی بەردەوامە لەو وێنەیەی کە خۆرئاوا بۆ کۆچبەری دروستدەکات، ڕاکردنە لەو شوێن و هەڵوێست و گفتوگۆ و کارانەی ئەو وێنەیە دەسەلمێنن یان زەقیدەکەنەوە. ئەمجۆرە لە ناشوێن لە هەموو فەزای مەنفا و لە کۆی ژیانی غوربەت دادەتاشرێت، پەیوەندییەکی بە شوێنە تێپەڕەکانەوە نییە، پەیوەندییەکی بە دابەشبوونی ستراکتوری ناوەکی کۆمەڵگا نوێکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە بەراورد و یادەوەری و ترس و ویستە نهێنی و شاردراوەکانی کۆچبەرەوە هەیە. ناشوێنی کۆچبەر بریتییە لە هەوڵێکی مەزن بۆ شکاندن و پەکخستنی ئەو یاسا و ڕێسا و شێوە ژیانەی کە کۆی خۆرئاوا وەک فەزایەکی یەکگرتوو دروستیدەکات. دابەشکردنەکەی مارک ئاوگە بریتییە لە شکاندنی ئەو یەکێتییە ناوەکییەی چەمکی شوێن لە خۆرئاوادا بە خۆیەوە دەبینێت. بەڵام بۆ کۆچبەر شوێن و ناشوێنەکانی خۆرئاوا وەک یەکن، خۆرئاوا وەک شوێنگەیەک بۆ کۆمەڵێک نیشانە و ڕەفتار و مانا زۆر جار لە هەموو گۆشەکانییەوە یەک سیستمی دەلالەت و یەک شێوە ئاماژەڕێژی و یەک چەپکە نیشانە دەبەخشێت کە بە ڕێگای جیاواز جیاواز دەچنەوە سەر هەمان مانا. واتە لێرەدا قسە لە دیاردەیەک دەکەم کە کۆی ژیانی خۆرئاوا بە یەکگرتوویی بەرابەر جۆرە ژیانێکی دی ڕادەگرێت، ژیانێک کە هەوڵدەدات کاریگەری خۆرئاوا و هێزی ڕاکێشان و هێزی نوقمکردنی تا دوا ئەندازە بچوکبکاتەوە. ناشوێن لە ژیانی کۆچبەدا بریتی نییە لە شوێنی بێکاراکتەر بەرابەر شوێنی پڕکاراکتەر، وەک لای مارک

ئاوگە بینیمان، بە پێچەوانەوە، بریتییە لە جیاکردنەوەی دونیای کڵچبەر لە دونیای خاوەنماڵ. هەر یەک لەم دوو ناشوێنە هەڵگری ڕەهەندێکی ناواقعی و ئەفسونسازن. بەڵام دەبێت بڵێم ئەم زاراوەیەی ئاوگە لە گفتوگۆکانی ئەمڕۆدا هەندێک جار هاوواتا، هەندێک جار دژ بە یەکێک لە زاراوە گرنگەکانی فۆکۆ سەیردەکرێت، کە ئەویش زاراوەی «هیترۆتۆبیا - Heterotopien» یە کە لای فۆکۆ وەک زاراوەیەکی تایبەت بەرابەر «یۆتۆپیا» بەکاردەهێنرێت. یۆتۆپیا لای فۆکۆ «جێگیربییە بەبێ جێگا»، یۆتۆپیا ئەگەرچی بەدەرنییە لە فیکرەی شوێن، بەڵام ئاماژە بۆ شوێنگەیەکی ڕاستەقینە ناکات، بوونێکی واقعیشی نییە لەسەر زەوی، «دژەپلان» یان «بە کەماڵگەیاندن Perfektionierung»ی کۆمەڵگایە، واتە وێنەیەکە پێچەوانەی وێنەی کۆمەڵگا، یان تەواوکرنی ئەو وێنەیەی کۆمەڵگایە کە هەیە و بڵندکردنەوەیەتی بۆ ئاستێکی باڵاتر و بەرەو پلەی کەماڵ، کەماڵێک کە تەنیا لەسەر ئاستی خەیاڵدا دەمێنێتەوە و لە جێگایەکدا و لە سەر زەوی بەدینایەت. بەڵام هیترۆتۆبیا «یۆتۆپیایەکی بە واقعیکراوە»، واتە شوێنێکی هەیە و جێگرە لە جێگادا، سیستمە ناوەکییەکەی هاووێنەی «پرنسیپەکانی ڕێکخستن - Ordnungsprinzip»ی کۆمەڵگایە، یان بە پێچەوانەوە پرنسیپەکانی ڕێکخستن لە ناو هیترۆتۆبیادا، دژە وێنەی ئەو نارێکییەن کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیە، واتە هیترۆتۆبیا هاووێنە یان دژەوێنەی کۆمەڵگایە. بەڵام بەوەدا بەڕای فۆکۆ کۆمەڵگا تەنیا لەسەر مۆدێلی یەک شێوە «میتا ستراکتور» خۆی دانارێژێت، بەوەدا کاریگەرەکانی هێز فرەسەرچاوە و فرە جەمسەرە، لێرەوە هیترۆتۆبیاش، دەبێتە جێگای یەکدی بڕینی ئەو هێزانە. فۆکۆ «شوێنگەی حەسانەوەکان، بەندیخانەکان، شوێنی چارەسەری دەروونییەکان، خانەی پیران، گۆڕستان، مۆزەخانەکان، کتێبخانەکان» بە نمونەی هیترۆتۆبیا دەزانێت. لای فۆکۆ هیترۆتۆبیاکان سیستمێکی تایبەتی کرانەوە و داخرانیان هەیە، نەئەوەیە کراوەبن، نەئەوەیە لە داخرانیشدا توند و سەختگیربن، بەڵام مرۆڤ دەبێت شتێکی هەبێت، ئەوسا بچێتە ناویان،

وەک ئەوەی شوناسنامە نیشانبدات یان مۆڵەت و ڕوخسەتی تایبەتی هەبێت. جیاوازی نێوان ئەم شوێنە لەگەڵ ناشوێنی ئاوگەدا، تەنیا لەوەدا نییە کە ناشوێنی ئاوگە جێگایەکە بێ مێژوو و بێ شوناس، بەڵکو ئەوەشە لای ئاوگە ناشوێن وەک مۆتەکە و ڕەشەخەون و ئارامنەبەخش تەماشادەکرێت کە تەنیای مرۆڤەکان و نامۆبوونیان لەیەکتر گەورەدەکات، لەکاتێکدا هیترۆتۆپیا لای فۆکۆ بەدوور نییە لە دونیای خەون«٣٠». فۆکۆ چەمکی هیترۆتۆپیا بە چەمکێک دەزانێت کە پابەندی هەوڵی بەواقعیکردنی یۆتۆپیایە، چەمکی گۆڕینی یۆتۆپیا لە ناشوێنێکەوە کە نییە و لە واقعدا نادۆزرێتەوە بۆ شوێنگەلێک کە سیفەتی یۆتۆپییان هەبێت و ئامادەشبن. بەڵام ناشوێن لە ژیانی کۆچبەردا نزیکییەکی کەمی لەگەڵ یۆتۆپیادا هەیە. ناشوێن ئامادەکردنەوەی نیشتیمانە، دواندنی نیشتیمانە، خۆگەمارۆدانە بە سیستمێکی ئاماژەیی کە یادی نیشتیمان زیندوو ڕادەگرێت، نەوەک ئامادەکردنی یۆتۆپیایەکی کۆمەڵایەتی بێت. دیارە دەڵێم پەیوەندییەکی کەمی بە یۆتۆپیاوە هەیە، واتە ڕەگەزێکی یۆتۆپی لە ناشوێنی کۆچبەردا هەر ئامادەیە، بەڵام ئەم ڕەهەندە یۆتۆپییە لەوەوە نەهاتووە، شوێنگەلێکی نائامادە و خەیاڵی بکاتە شوێنگەلی ڕاست و واقعی، بەڵکو لە کۆکردنەوەی شوێنە جیاوازەکانەوە هاتووە. ناشوێنی کۆچبەر گەر لە یۆتۆپیا بچێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەو یۆتۆپیایە ناچێت کە لە کولتووری فیکری خۆرئاوایدا پێی ڕاهاتووین، بەڵکو لە یۆتۆپیایەک دەچێت ژیانی کۆچبەر دروستیکردوە، ئەو شوێنەی کۆچبەر بۆی دەگەڕێت، لەوەدا یۆتۆپییە کە کۆکردنەوەی شوێنە جیاوازەکان و سەردەمە جیاوازەکان و ژینگە جیاوازەکانە لەیەک یەکەدا. ناشوێنی کۆچبەر پردی بەستنەوەی دونیا واقعییەکانە لەگەڵ یەکدا، نەوەک پردی بەستنەوەی شوێنە خەیاڵییەکان و شوێنە ڕاستەقینەکان. بەم مانایە ناشوێن هەڵکۆڵینی ڕەهەندێکی دیکەیە لە ناو شوێندا، کۆچبەر ناچێتە پچڕان و دابڕانەوە لە شوێنی نامۆ و لە زەمینی تاراوگە، ئەو هەمیشە لە تاراوگەدا دەمێنێتەوە، هەمیشە ئاگادارە کە لە



Scanned with CamScanner

تاراوگەیە، دڵنیایە کە لەڕووی فیزیکییەوە لە تاراوگە زیاتر پارچە زەوییەکی تری نییە بۆ ژیان، بەڵام دەشزانێت ئەوێ تاکە شوێنێکە بتوانێت شتێکی دیکەی تێدا دروستبکات، تاکە شوێنێکە دەتوانێت لە ناویدا فەنتازیاکانی خۆی ئازادبکات، فەنتازیای ژیانێکی دیکە و شوێنێکی دیکە. ناشوێن لە ژیانی کۆچبەردا سەرزەمینی ساردی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نییە، وەک ئاوکە بۆیدەچێت، بەڵکو زەمینی گەرمی پەیوەندییە ونەکانە، زەمینی بوژاندنەوە و ژیاندنەوەی بەشە سڕ و کپەکانی یادەوەرییە، گەڕانەوەیەکی بەردەوامە بەرەو گەرمی و بڕوا بە خۆبوون، ناشوێن لەوەدا لەگەڵ یۆتۆپیادا یەکدەگرێتەوە کە عەوداڵییەکی بەردەوامە بۆ ئەستەم، بۆ نەکردە، بۆ گونجانێکی نەشیاو و نەبینراو، گونجاندنی شوێنە جیاوازەکان، کاتە جیاوازەکان، یادوەرییە جیاوازەکان.

یەکێک لە نمونە سادەکان بۆ ناشوێن، ماڵێکی کوردبوو لە یەکێک لە شارەکانی ئەڵمانیا بینیم. ماڵێک پڕ لە قەفەزی کەو، دەستاڕ، دەف، فەرشی چنراوی خۆماڵی، وێنەی شێخ مەحمود، سمایل خانی شوکاک، بەڵام لە هەمان کاتدا وێنەی کەلسوم، عەبدولحەلیم، فەیروز. بەڵام وێنە کۆنەکانی گوگوش و مەهەستیش، هەڵبەت چەند سورەتێکی قورئان و وێنەیەکی گەورەی مەککەش. بەڵام لە هەمانکاتدا هەموو جۆرە داو و دەرمانە کوردییەکان، بەڵام دۆلابێکی بچوکی پڕ لە دەرمانی ئەوروپیش، چەند ئالایەکی کوردستان، بەڵام تێکەڵ لەگەڵ چەند ئالا و درێسێکی یانەی بەرشلۆنە. دوو وێنەی حەسەن زیرەک لەگەڵ هەندێک وێنەی بچوک و گەورەی میسی. چەندین ئامێری مۆدێرنی وەک کۆمپیوتەر و فاکس لەگەڵ گۆزە و شەربە و مەشکەی کوردەواریی، بەڵام تەسجیلێکی کۆنی سالانی هەشتا و دەیان شریتی ئەو زەمانە. ئەوەی لە هەموو ئەو شتانە لای من نائاساییتر بوو، ئەوە بوو کە خاوەنماڵەکە گووتی «هەر ماڵەکەم تێکەڵ و پێکەڵ نییە، بەڵکو کاتێک خەویش دەبینم، ئاوا کوردستان و ئەڵمانیا تێکەڵاودەکەم». ئەو ماڵە مۆدێلێکی بچوک



Scanned with CamScanner

و سنووورداری ناشوێن بوو. بە قسەی خاوەنمال هێندە لە مالی خۆیدا ئاسوودەبوو، پێویستی بە چوونە دەرەوە نەبوو، دەیگووت «من کوردستانی خۆم هێناوە بۆ ئێرە». بەردەوامیش لە ڕێگای یوتوبەوە سەیری ئەو زنجیرە میسرییە کۆنانەی دەکردەوە کە بەر لە هاتنی بۆ خۆرئاوا تەماشایکردبوون. لەوەش سەیرتر باوەڕی وابوو «کوردستانی جاران بوونی نەماوە»، ئەو کە دەشکەڕێتەوە بۆ ولات بە ئەندازەی ناو مالەکەی خۆی کوردستانی ڕاستەقینە نادۆزێتەوە. مالەکەی ناشوێنێکی ڕاستەقینە بوو، چونکە ئەو وەک شورایەک سەیریدەکرد کە دژ بە خۆرهەلات و خۆرئاوا هەلیچنیوە، هەر هێندەی پێی دەخستەوە ناو مالی خۆی و دەرگاکەی دادەخست، غوربەتی ئەو کۆتایی دەهات. غەریبیی لای ئەو چیتر گرێدراوی دووریی نەبوو لە نیشتیمان، بەلکو گرێدراوی دوور و نزیکی بوو لە مالەکەی خۆی. غوربەت لەو دیو دەرگای مالەوە دەستی پێدەکرد و لەم دیوییەوە کۆتایی دەهات. بۆ ئەو کوردستانی ڕاستەقینە، تەنیا ئەو کوردستانە بوو کە لەسەر نەخشەی یادەوەرییەکانی خۆی لەو مالەدا دروستیکردبووەوە. ئەو لەو مالەدا، ئێستا و ڕابوردوو، دوور و نزیک، یادەوەریی و هەقیقەتی لەیەکدابوو.

دیارە فۆکۆش هیترۆتۆپیا وەک ئەو شوێنە تەماشادەکات، کە کۆمەلێک شوێن پێکەوە دەلکێنێت کە لە ڕاستیدا پێکەوەنالکێن. بەلام هیترۆتۆپیا بەرهەمی کاری کۆمەلگایە، ئەوەی ئەمجۆرە جێگایانە دەخولقێنێت، ئەو میتاستراکتورانەیە کە کۆمەلگا لە ناوەوەڕا جلەودەکەن، ئیشکردنە بە ئاقار یان دژ بە پرەنسیپەکانی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی. بەلام ناشوێنی کۆچبەر، فەنتازیای دەستەیەکی دابڕاوە لە هەموو کۆمەلگاکان، کورت ناکرێتە بۆ فەزایەک و شوێنێکی واقعی لەسەر نەخشە، شوێنی گەورە دروست ناکات و مەیلی لە بچوکییە، کەرەستەی بونیادنانەوەی خودێکی تێکشکاوە بۆ خۆی، ڕێگای خۆدزینەوەیە لە جۆرە پەیوەندییەک و ڕێگا خۆشکردنە بۆ جۆرە پەیوەندییەکی دی، ئەو وەسفە ڕەهایانەی بە سەردا ناچەسپێت کە هەریەک



Scanned with CamScanner

لە زاراوەی ناشوێنی مارک ئاوگە و هیترۆتۆبیای فۆکۆی پێدەناسرێتەوە.

ناشوێن لە ژیانی کۆچبەردا دیاردەیەکی ئاڵۆزتر و گرێدارترە. هەندێ جار لە شێوەی شوێنێکی واقعیدا دەیبینین، وەک «ماڵ» لای ناسیاوە کوردەکەم، هەندێ جاریش لە شێوەی دەرکەوتەیەکی سایکۆلۆژیی ڕووتدا دەیبینین وەک «ترس لە جنس»، چونکە جنس تەنیا جووتبوونی دوو لەش نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی بە ناو کولتوور و مێژووی کەسەکاندا دەڕوات. لە کاتێکدا ناشوێنی مارک ئاوگە و هیترۆتۆبیای فۆکۆ لە هیچ دۆخێکدا دەرکەوتەی دۆخی سایکۆلۆژی فەردەکان نین. ناشوێنی کۆچبەر زۆربەی ڕەگەزەکانی ژیان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، دەسەڵاتێکی سەرتاسەریی و تۆتالیتار و پۆڵێنکەری هەیە، کە شتەکان دابەش و بەشبەشدەکات. کۆچبەر لە هەر شوێنێکدا بێت لە ماڵ بێت یان لە سەرکار، لەگەڵ دۆستە ئەوروپییەکانیدا بێت یان لەگەڵ دۆستە کوردەکانیدا، لە تاراوگە بێت یان لە نیشتیمان، هەر لە ناشوێندایە. چونکە هەمیشە وەک بەندوڵ لە نێوان دوو پێتدا هاتوچۆدەکات، پێتی نەگەڕانەوە و پێتی تێکەڵ نەبوون، نە ئەوەیە تێکەڵی خۆرئاوا بێت، نە ئەوەیە بگەڕێتەوە. بۆیە بەم دۆخە دەڵێین «ناشوێن» چونکە لەسەر نەفی هەموو شوێنە ڕاستەقینەکان دروستبووە. نەدەگات، نەدەگەڕێتەوە. لێرەوە کۆچبەر جار جار هەنگاوێکی بوێرانە دەنێت، بۆ زیاتر تێکەڵبوون لەگەڵ خۆرئاوادا، بۆئەوەی بەخۆی بسەلمێنێت کە ناگەڕێتەوە هەندێک جاریش، هەنگاوێکی گەورە بۆ دواوە دەنێت و بیرێکی جیدی لەگەڕانەوە دەکات، تا بیسەلمێنێت کە تێکەڵ نابێت. هەندێ جار بۆئەوەی خۆی لە بیرۆکەی گەڕانەوە بپارێزێت، چەندین ساڵ لە خۆرئاوا دەمێنێتەوە و ناگەڕێتەوە، هەندێ جاریش بۆ ئەوەی خەیاڵی بوون بە خۆرئاوایی لە سەری خۆی دەربکات، بۆ چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان. گەرچی ناشوێن، سروشتی شوێنێکی گشتی نییە، زیاتر فەزایەکی داخراو و تایبەتیی و شەخسییە، میکانیزمێکی دەروونی خۆپارێز لە پشتێتی، بەڵام هێزێکی گەورە و فرەسەری هەیە کە زۆربەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆچبەر کۆنترۆڵدەکات. ناشوێنی مارک ئاوگە



Scanned with CamScanner

و هیترۆتۆپیای فۆکۆ شوێنگەلێکن مرۆڤ دەچێتە ناویان و دێتەدەرێ، ڕۆژانە هەندێک کاتیان تیا دەباتەسەر و دەگەڕێتەوە بۆ شوێنە ئاساییەکان، ئەمەش لەزەت و خۆشبەختییەکە کە کۆچبەر لە ناشوێنی خۆیدا هەمان شێوە دەیبینێت. ناشوێن لە بنەڕەتدا وەک ویستگەیەکی پشوو دروستدەکرێت.

ناشوێن جێگایەک نییە پەنابەر تێیکەوتبێت، جێگایەک نییە ئامادەبێت و وەک ڕێگای ناچاریی ئەو پێیدا بڕوات، بەرهەمی ڕاستەوخۆی بانمۆدێرنە نییە، شوێنێک نییە لەو شوێنە زۆرانەی کە لە کتێبەکەی مارک ئاوگەدا «مستەر نوپونت» پێیدا دەڕوات. ناشوێنی کۆچبەر سیستمێکی دابەشکردنەوەی ناو و مانا و دەلالەتە کە لە ڕێگایەوە کۆچبەر جۆرە شانۆیەکی تر سازدەکات و ژیان وەک نمایشێکی دی یاریدەکات، جیاواز لەو نمایشە ئاساییەی کە خۆرئاوا لەسەر سەحنەی خۆی نمایشیدەکات.

ناشوێن بریتییە لە بونیادسازیی یان میعماریکی تایبەت، لە کۆمەڵێک ڕەگەز و تێکەڵکردن و وەزیفەبەخشین و مانابەخشین، کورتناکرێتەوە بۆ سەر یەک پێناسە و یەک دیاردە، بەڵکو بریتییە لە کۆنسێرتێکی هاوبەش کە هەر جارە و کۆمەڵێک ئامێر مۆسیقای تێدا دەژەنن، لە کاتی کۆنسێرتەکەدا هەندێک مۆسیقار دەڕۆن و هەندێکی دیکە دێن و تێکەڵدەبن، بەڵام هەرگیز ئۆرکستراکە لە ژەنین ناکەوێت، بەجۆرێک ئێمە زۆر جار هەست بەگۆڕینی مۆسیقا و مۆسیقییەکان ناکەین. واتە دروستکردنی ناشوێن پرۆسەیەکی بەردەوامە لە هەموو ساتێکی ژیان و لە هەموو شوێنێکدا. ژیان لەسەر گۆشەیەک ڕادەگرێت و نیگامان بە جۆرێک ئاراستەدەکات دوورمان نەخاتەوە لەو خودە ئامادە و شوناسهەڵگرەی لە نیشتیمانەوە لەگەڵ خۆمان هێناومانە، بەجۆرێک هەست بە پچڕان نەکەین لە نێوان ئێستا و دوێنێ، ئێستا و سبەینێدا... ناشوێن هەوڵێکی نەپساوەی ژەنینی یەک ئاوازە لەسەر هەموو سەرزەمینە جیاوازەکان، ئاوازێک کە دەروونی کۆچبەر تەنیا بە نەغمەکانی ئەو دەجۆشێت، لەشی تەنیا بە سروودی ئەو دەبزوێت.



Scanned with CamScanner

# هەندێك دەرەنجامی گشتی

بەر لەوەی بێمە سەر ستراکتوری ناشوێن و کۆلەکە گەورەکانی حەزدەکەم هەموو ئەو شتانەی کە بە شێوەیەکی پەرتەوازە گووتراوە لە چەند خاڵێکدا بەمەبەستی کۆکردنەوە و کۆنکرێتکردن دووبارە بکەمەوە.

١. ناشوێن تەنیا پنتێک نییە لەسەر نەخشە، بەڵکو پنتێکیشە لە پێکهاتی ژیان و شێوەی ژیان و بیرکردنەوە و خەیاڵکردندا. واتە جۆرێکە لە ڕێکخستنی تایبەتی بۆ ژینگە و بۆ خود، جۆرە پەیوەندییەکی تایبەتییە لە نێوان جەستە و شوێن، یادەوریی و شوێندا.

٢. ناشوێن ئەو جێگایەیە کە بوار بە کۆچبەر دەدات فەنتازیاکانی بخاتەگەڕ، بواری پێدەدات فەنتازیای جێگای تر و شێوەی تری ژیان بکات. بەشێکە لە سیستمی ڕاکردن و داننەنان بە غوربەتدا. ناشوێن وەک دەرمانێکی بێهۆشییە کە کۆچبەر دەیخوات تا نامۆبوونی لە یادبباتەوە.

٣. ناشوێن پنتێکە کۆچبەر تیایدا خۆی لە هەردوو جیهانەکە دەشارێتەوە، واتە ناشوێن پەناگایەکە تێیدا میکانیزمێکی قورسی ئامادەکردن و خۆلادان لە هەردوو جیهانەکە بەرقەرارە. ڕاستە کۆچبەر خۆی وا نیشاندەدات کە ئەو بەردەوام دەستی بە ڕەمزە نیشتیمانی و کولتوورییەکانییەوە گرتووە، بەڵام خودی ئەو ڕەمزانە و وەزیفەیان لە ژیانی کۆچبەردا تەنیا بۆ ئامادەکردنی «سێبەری نیشتیمان» ـەو بە نیازی خۆلادان لە «نیشتیمانی ڕاستەقینە» بانگهێشتدەکرێنەوە. ناشوێن پاراستنی بوونی جەستەیی و فیزیکیانەی کۆچبەر، لە خۆرئاوا و کەمکردنەوەی نرخی ئامادەگی جەستەیی و فیزیکییە لە نیشتیمان؛ لە هەمانکاتدا بەرزکردنەوەیەکی میتافۆریی و ڕەمزیی ئینتیما نەتەوەییەکانە بەرابەر نزمکردنەوەیەکی ڕەمزیی و بێنرخکردنێکی بەرچاو بۆ خۆرئاوا.



Scanned with CamScanner

بەڵام ڕەنگە بە پێچەوانەشەوە ناشوێن ڕەنتێک بێت کە کۆچبەر دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتیمان تێیبکەوێت. گەر سەرنجبدەین دەبینین، زۆر لە کۆچبەرانی گەڕاوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، ناوی شوێنە ئەوروپی و سەمبولە ئەوروپییەکان لە شوێنکار یان هەتا لە منداڵەکانیان دەنێن، هەوڵدەدەن لە نیشتیمان ژینگەیەک بە دیکور و ئەکسسواریی ئەوروپییەوە دابمەزرێنن، هەندێکیشیان دوای گەڕانەوە بە جۆرێک هەست بە غوربەت دەکەن، بە جۆرێک نیشتیمانی ناو ناشوێن لە بیر و خەیاڵیاندا بەر نیشتیمانی ڕاستەقینە دەکەوێت، ناچارن پاش ماوەیەک بگەڕێنەوە بۆ ناشوێنی بنەڕەتی و یەکەمی خۆیان لە خۆرئاوا. ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی لەم چەند ساڵەدا گەڕاونەتەوە بۆ نیشتیمان و دوای چەند مانگێک یان چەند ساڵێک دیسان هەڵهاتوونەتەوە بۆ خۆرئاوا، لە دەیان هەزار تێدەپەڕێت.

٤. کۆچبەر هەوڵدەدات لە ناشوێندا خەونی ئەوەی لێرەش بێت و لەوێش بێت کۆبکاتەوە، مادام ناشوێن خۆی جێگایەکی دەستنیشانکراو نییە، کەواتە دەشێت ئەو مەحاڵە بهێنێتەدی کە جەوهەریترین مەحاڵی ناو ژیانی کۆچبەرە، مەحاڵی کۆکردنەوەی هەموو جیهانەکان، مەحاڵی لە یەکدانی هەموو جەمسەرەکان، دروستکردنی نیشتیمانێک لێرەش بچێت و لەوێش، کە دەرەنجامەکەی ئەوەیە مرۆڤێک دروستدەکات، نە کوڕی ئێرەیە و نە کوڕی ئەوێیە.

٥. دوای ئەوەی کۆچ وەک دیاردە دەبێتە مایەی شکاندن و جێهێشتنی گووتاری مانەوە، ناشوێن گەڕانەوەیە بۆ ئیشکردن بە سروشتە سادەکانی ئەو گووتارە. ناشوێن زۆرجار لە ناوەڕۆکدا دەبێتە بەرگرییەکی سەرەتایی لە کوردبوون بەو جۆرەی کە لە خەیاڵی کۆچبەردایە، گەر ڕۆحی گووتاریی مانەوە ئەو ڕستە بە ناوبانگە بێت کە دەڵێت «کوردم و ناتوێمەوە و ناتوێمەوە»، ئەوا پرەنسیپی ناشوێن هەمان شتە، زمانحاڵی کەسی کۆچبەر لە ناشوێندا دەڵێت «کوردم و ناتوێمەوە»، بەڵام بە جیاوازییەکی بنچینەییەوە، کۆچبەر خۆی فۆرمی کوردبوون لە ناشوێندا هەڵدەبژێرێت، خۆی سروشت و مانای کوردبوون دیاریدەکات.



Scanned with CamScanner

٦. لە پاڵ ئەو سیفەتانەی سەرەوەدا، ناشوێن ترسێکی گەورەیە لە دەرکەوتنی شتی نوێ، مەیلێکی قووڵە بۆ دروستکردنەوە و هێنانەوە و چەسپاندنی شتگەلێک کە ترسی نەمان و فەوتانیان لەسەرە. ژیانی کۆچبەر شوێنی دەرکەوتن و سەرهەڵدانەوەی کۆی شتە بەباچووەکانە، لە کاتێکدا لە نیشتیمان خەڵکانێک ئارەزووی شتی نوێ دەکەن و لاساییکردنەوەی خۆرئاوا وەک جۆرە مۆدە و ئیدیالێک سەیردەکرێت، لە تاراوگە زیندووکردنەوەی شتە زۆر دێرینەکان دەبێتە بابەت. تاراوگە ئەو قسەیەی بۆدریلاردمان وەیادا دەهێنێتەوە کە دەڵێت «مرۆڤ دەبێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت، کە هەمووشتەکان قابیلی ئەوەن دووبارە سەردەربهێننەوە، شتەکان لە شکست نەهاتوون و بۆ فەوتان ئامادەگییان تێدا نییە. هەتا لە ئاگردانی دواچارەشدا هێشتا شتەکان لەوێدان و ئامادەن دووبارە دەربکەونەوە»«٣١». کۆچ سەرەتا لەو ئاگردانە گەورەیە دەچێت کە کۆچبەر زۆر شتی تێفڕێداوە تا بسووتێن، بەڵام شتەکان ناسووتێن و لەوێن و دەشێت دووبارە لە ناشوێندا سەردەربهێننەوە. ناشوێن، زۆر جار ئەو جێگایەیە کە شتە توڕدراوەکانی ڕابوردوو تێیدا وەک قەقنەس لە خۆڵەمێشی خۆیان هەڵدەستنەوە. ڕاکردنی کۆچبەر لە هەموو شتێکی نوێ بەجۆرێک ترسناکە، مەترسی ئەوە دەخاتەوە کە ناشوێن ببێتە جێگایەک بۆ ئەو کۆنسێرتە تاریکانەی تەنیا ئاوازیی ستایشی ڕابوردوویان تێدا دەژەنرێت.

٧. ناشوێن هەولێکە، شوێن وا برازێنینەوە، کە خودئەڤینیمان زامدارنەکات. لێرەوە توند بەو ویستە لیبیدۆییەوە بەستراوە کە کۆچبەر ئاراستەی خۆی دەکاتەوە، بە جۆرێک دوور ناڕۆم گەر بڵێم لە ناشوێنیشدا «نەرسیسێکی بریندار» نیشتەجێیە، کە هەوڵدەدات دووبارە خودی تێکشکاوی خۆی دروستبکاتەوە، بە جۆرێک جیهانی دەورووبەری لە هەموو شتێک پاکدەکاتەوە برین و زامی پێشووی بە یادا نەهێننەوە.

## لە ڕەهەندە بینراو و نەبینراوەکانی ناشوێن

## ماڵی کۆچبەر وەك بەشێکی گرنگی ناشوێن

ماڵ گەنجینەیەکی گەورەی نهێنییە تایبەتییەکانی مرۆڤە، لەو دیو دەرگای ماڵەوە هێزەکانی دونیای دەرەوە کەمێک لاوازدەبن و مرۆڤ دەتوانێت کەمێک لە ئازادی زەوتکراوی خۆی بدۆزێتەوە، ماڵ لای کۆچبەر هەمان مانا و دەلالەتی نییە وەک لای خانەخوێ هەیەتی. ماڵی خانەخوێ پەیوەندییەکی توندتر و کراوەتری لەگەڵ دەرەوەدا هەیە، هاولاتی ئاسایی وەک کۆچبەر سەیری وەزیفە و مانای ماڵ ناکات، یاسا و ڕێسا و دەستوورەکانی دەرەوە بە شێوەی جۆراوجۆر دەگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ، لە دۆخی ئاساییدا دیواری ماڵ سنووری نێوان دوو جیهان لەیەکتر جیاناکاتەوە، زۆر شتی هاوبەش و زۆر هێڵی پەیوەندی پتەو، جیهانی ناوەوەی ماڵ بە دەرەوە گرێدەدات. بەلام دیواری ماڵی کۆچبەر سنووری ئەستووری نێوان دوو جیهان جیادەکاتەوە. ماڵ لای کۆچبەر نرخێکی ئەفسانەیی هەیە، شوێنێکە دەتوانێت جیهانی کۆچبەر لە دەرەوە جیابکاتەوە. کۆچبەر تەنیا لە ماڵدا یان لە دۆخی شێتیدا بۆی هەیە دان بە حەقیقەتی مەنفادا نەنێت. لەویادا گەمەی ڕاستەقینەی خۆی دەکات، گەمەی ئەوەی لە هەموو شوێنەکان بێت و لە هیچ شوێنێکیش نەبێت، گەمەی دەرکردنی ڕەمزی و ئامادەکردنی ڕەمزی، گەمەی دەرکردنی خۆرئاوا، دروستکردنی دیوارێکی ئاسنین لە نێوان ژینگەی خۆرئاوا و ژینگەی کۆچبەردا، هەستکردن بە ئازادی و دووریی لە هەموو شتێک کە کۆچبەر بە ئاراوگەوە دەبەستێتەوە. دیواری ماڵی کۆچبەر نرخێکی تایبەتی هەیە، چونکە وەزیفەیەکی هەیە گەورەتر لە دیواری ماڵی ئاسایی، دیواری ماڵی ئاسایی



Scanned with CamScanner

ژیانی تایبەتی فەردەکان و ژیانی گشتی و کۆمەڵایەتییان لەیەکتر جیادەکاتەوە، ئەو دیوارە هەرگیز دیواری جیاکردنەوەی دوو کولتوور یان دوو مێژوو نییە دیواری جیاکردنەوەی نێوان دوو جیهان نییە، دوو جیهان کە بەسەر شوێن و ناشوێندا دابەشبووبێتن. بەڵام لەو دیو دیواریماڵی کۆچبەرەوە جیهانێکی دی دەستپێدەکات کە درێژکراوەی دونیای دەرەوە نییە، ماڵی کۆچبەر پنتی گەورە و درەوشاوەی ناشوێنە، چونکە هەوڵێکی گەورەی خۆڕاپسکانی دونیای کۆچبەرە لە دونیای تاراوگە.

گەر تەماشابکەیت، لەپشت دیوارەکانی ماڵەوە، کۆچبەر دەتوانێت برینەکانی خۆی سارێژبکات، دوو برینی گەورە برینی «ڕووتیی» و زامی «خوێنەڤینی». کۆچبەر کە لە ماڵی یەکەمی خۆی دێتەدەرێ و دەکەوێتە ڕێ بەرەو تاراوگە ماوەیەکی درێژ ئەو بوونەوەرێکی ڕووتە، بوونەوەرێکی بێجێگایە، مەخلوقێکی بێسەقفە، کەسێکی بێپەنایە. زۆربەی کۆچبەرانی کورد ڕۆژگەلێکی زۆری ڕووتی و ڕەبەنی و ڕەجاڵی و بێماڵی دەچێژن. سەرەتای سەفەر سەرەتای گەورەبوونی ئاسمانەکان و کرانەوەیانە، سەرەتای پەیوەندییەکی تازەیە لەگەڵ ئاسماندا، کە دەڵێم ئاسمان مەبەستم لە گوزارەیەکی شیعریی نییە، بەڵکو مەبەستم لەو ساتەیە کە مرۆڤ سەر بەرزدەکاتەوە و بە ڕوونی تێدەگات ئەو سەقفێک لە ژوور سەرییەوە نییە و ناشزانێت کەی جۆرە سەقفێکی وا لە ژوور سەری خۆیەوە دەبینێت. ونکردنی ماڵ و مانەوەی دوور و درێژ لە شوێنە نامۆکاندا برینێکی قووڵ دروستدەکەن کە تا ماوەیەکی درێژ لە ڕۆحی هەموو کۆچبەرێکدا دەمێنێتەوە، هەندێ جار گەشتی درێژی ناو کەمپەکانی خۆرئاوا ئەو برینانە قووڵتردەکەنەوە، لەو گەشتەدا کۆچبەر تووشی یەکەم ڕاچڵەکانی قووڵی خۆی دەبێت لەگەڵ شوێندا. ئەزموونی ڕووتیی، ئەزموونی نەبوونی ماڵ و ڕاوەستان لە ژێر ئاسمانی شیندا ساتگەلێکی پڕ دەردی ژیانی کۆچبەرن... لەو ساتانەدا لە قووڵایی کۆچبەردا ئەو هەستە دروستدەبێت کە ئەو «بوونەوەرێکی بینراوە»، بوونەوەرێکە ناتوانێت خۆی لە دونیا بشارێتەوە،



Scanned with CamScanner

ڕووتە و بێ مافە و بەدەرەوەیە. ئەم ئەزموونە تەواو جیاوازە لەو ئەزموونەی مرۆڤی کورد لەگەڵ پێکهاتی بینا و ساختماندا لەکوردستان هەیەتی.

بۆئەوەی پتر لە زەبری ئەم بە دەرەوەبوون و ڕووتییە تێبگەین، دەبێت کەمێک لەسەر ڕەهەندیی سایکۆلۆژی بیناسازیی کوردیی بوەستین. گومان لەوەدا نییە کە بیناسازیی کەم تا زۆر پەیوەندییەکی گرنگی بە سایکۆلۆژیای دەستەجەمعییەوە هەیە، سروشتی بیناسازیی ئاوێنەی خەون و ترس و ویستەکانیشە. خانووی گوندی کوردی پتر شوێنگەیەکی تەسک و تاریکە، پەنجەرەکان بە ئەندازەیەکی سەیر بچوکن، دەرگاکانیش هەندێک جار بەئەندازەیەکی سەیر نزم و تەنگەبەرن، بەگشتیش تاریکی بەشێکە لە سیفەتەکانی خانووی گوندنشینانی کورد، تاریکی ئەندامێکە لە ئەندامەکانی خێزان. لە بیناسازیی ناو شاریشدا گەرچی ڕەگەز و ئەندازە و دیکۆری ئەو بیناسازییە کەمێک مۆدێرنن و لە ژێر کاریگەری نەخشەسازیی دەرەوەدا گەشەیانکردوە، بەڵام سەربەخۆیی و خۆ جیاکردنەوەیەکی سەیر بەماڵی ناو شارەکانی ئێمەوە دیارە، دیواری ماڵی کورد و خۆرهەڵاتی بە گشتی بەرز و دەرگاکانی بێدەلاقەن، قایمی و خۆپارێزییەک و نهێنیپارێزییەک لە کۆی شێوەی دارشتنی بیناکاندا هەیە. زۆربەی ماڵەکان وا دروستکراون، هیچ شتێک لە دەرەوە دیار نەبێت و بە دەرەوە نەبێت. ئەگەر ئەم جۆرە بیناسازییە بە بیناسازیی هۆڵەندی بەراوردبکەین، تووشی سەرسامی دەبین. زۆر لە هۆڵەندییەکان جیاواز هەتا لە وڵاتە ئەورووپییەکانی دی، مرۆڤ دەتوانێت لە سەر شۆستەکانەوە، دوا ژووری ناو ماڵەکانیان ببینێت. بەڵام لە ماڵی کوردییدا، گەر چیمەن و باغی ناو ماڵ کەمێک کراوە و بینراو بن، بەرابەر بەوە ژوورەکانی ناوەوە هەمیشە بە ڕیزێک پەردە و دەرگای ئاسن و ڕاڕەوی کورت و درێژ لەیەکتر جیاکراونەتەوە، بە جۆرێک تا بەرەو ناوەوە بڕۆین بەربەستی زیاترمان دێتە ڕێگا. ماڵی کوردیی و بیناسازیی ئیسلامیی بە گشتی لە شوێنێک دەچن پلە لە دوای پلە تایبەتیتر و حەرامتر دەبن. ئەو حەرامە لە بیناسازیی نوێدا پتر بەرجەستەدەبێت کاتێک



Scanned with CamScanner

ژووری نوستن، وەک شوێنێکی لێدێت بە زەحمەت کەسانی دی بۆیان هەیە پێی تێبخەن و تەماشایبکەن.

بیناسازیی کوردی تەنیا ئاوێنەی ترسی ئەم مرۆڤە نییە لە سروشت و سەرما و گەرما، بەڵکو ئاوێنەی گەرانی ئەم مرۆڤەیە بۆ حەرامسەرایەکی تایبەتی، جێگایەک تیایدا خۆی ونبکات و ببێتە کەسێکی نەبینراو. مرۆڤی کورد بە هۆی ژیانی سەختییەوە کەسێکە پتر لە دەرەوە دەژی، پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی تێکەڵ و کراوەن، هاتوچۆکردنی لەگەڵ دۆست و ناسیاواندا زۆر و فراوانە، کەچی بەرابەر بەوە تایبەتمەندیی بیناسازیی کوردی شتێکی دی ئاشکرادەکات. سروشتی ئەم بیناسازییە ئەوە دەسەلەمێنێت کە ئەم مرۆڤە لە قووڵاییدا ترسێکی گەورەی لە دەرەوە هەیە، ویستێکی قووڵی هەیە بۆ خۆجیاکردنەوەی خۆی لە جیهان، ئارەزوویەکی نهێنی هەیە بۆ پەیداکردنی رووبەرێکی داخراو و تایبەت بە خۆی. ئایا ئەم ویست و خەونانە دێنە دی؟ لەدیوێکدا مرۆڤی ئێمە ئەو دیوارە ئەستوورانە، ئەو پەردە و دەرگا ئاسنین و پەنجەرە شیشرێژکراوانە بە زامنی سەرەکی و گەورەی ئەخلاق دەزانێتە خۆشی وا نیشاندەدات کە بەجۆرێکی ئەوتۆ رێکخراوە تەنیا ئەوانەی مەترسیان بۆ سەر ئەخلاقی خێزان نییە، بۆیان هەیە بچنە ژوورەوە و ئازادانە لەناو ماڵدا بسوڕێنەوە. بەلام لەو دیو ئەم ترسە ئەخلاقییەوە، ترسێکی تریش هەیە، ترس لە جیهان وەک فەزایەکی کراوە، ترس لەو پەیوەندییە کۆمەلایەتییە زۆرانەی ئابلۆقەی ئەم مرۆڤەدەدەن، ترس لەو چاوانەی بەنیازی تەماح یان بە دیدی سانسۆر و چاوەدێرییەوە نیگا ژێرەوانکێکانیان دەگرنە ئەو دیو دیوار و پەنجەرە و پەردەکان. سیفەتی هەرە سەرەکی بیناسازیی کوردیی ئەوەیە وەزیفەی جوانسازیی و پشوونیازیی تێیدا لە نزمترین و بێنرخترین ئاستدایە، بەدەگمەن ماڵی ئاسایی کوردیی وەک فەزایەکی جوان و روناک و رازاوە کاردەکات، فەقیرییەکی بێئەندازە لە دیکوردا، بێبایەخییەکی ترسناک بە رێکخستنی فەزا لە ناوەوە، دووبارەبوونەوەیەکی ئەندازەیی گەلەک نەویست و



Scanned with CamScanner

ناپێویست. هەموو ئەو ڕاستیانە بە کۆ ئەوە دەسەلمێنن کە وەزیفەی خۆشی و پشوو وەزیفەیەکی پەراوێزییە کە ئەگەر نرخێکی هەبێت ئەوا دەکەوێتە ئەودیو وەزیفەکانی دیکەی وەک «دیارنەبوون، پەردەپۆشی، خۆشاردنەوە، خۆقایمکردن، خۆپاراستن»ەوە. دیارە بە گشتی ماڵ خۆی پارێزەر و داپۆشەرە، بەڵام جیاوازی گەورە ئەوەیە، ناوەوەی ماڵی کوردیانەی ئێمە بایەخێکی گەورە بە دەرنەخستن و چەپەکی شوێنە گرنگەکانی ناو خۆی دەدات، لێرەوە هەر کەسێک سەیری نەخشەسازیی کوردیی بکات هەستدەکات بیناسازیی کوردی ترسێک ئاشکرادەکات ڕەگەکانی قووڵ لە ناو مرۆڤی کورددا چەقیوە، ترس لە سروشت و لە مرۆڤیش.

کە کۆچبەر دێتەدەرێ و یەکەم جار بێماڵییەکی ڕاستەقینە دەچێژێت، ترسێکی گەورەش لەناو شوێنەکراوەکاندا دەژی. ماڵ لای ئەم مرۆڤە دژ بە تفەنگی داگیرکەر، دژ بە دڵڕەقی سروشت، دژ بە چاوی تەماحکارانەی دەر و دراوسێ و غەریبان پەناگابووە. بۆ نمونە چەندین ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا، ئینسانی کورد هەر لەگەڵ ئێوارەدا گەڕاوەتەوە ماڵ و دەرگاکانی ماڵی خۆی قایمکردوە، ماڵ پەناگای گەورەی ئەو بووە، ئەم مرۆڤە لە نێو دیوارەکانی ماڵی خۆیدا پەنابەربووە. لە دەستدانی ماڵ، لە دەستدانی پەناگایەکی گەورەیە. هەر بۆیە بەشێک لە سیستمی تۆقاندنی مرۆڤی کورد لەلایەن بەعسەوە ئاراستەی ماڵ دەکرا. لێرەوە کاتێک کۆچبەر لە مەنفا نیشتەجێ دەبێت دووبارە سیفەتی پەناگا دەبەخشێتەوە بە ماڵ، واتە لەپاڵ زنجیرەیەک وەزیفە و سیفەتی نوێدا، ماڵ وێنەی خەفەی ناو نەست و وێنەی خەوتووی دێرینی خۆی بەدەستدەهێنێتەوە.

لە ناو ماڵدا کۆچبەر دەتوانێت خۆی تەواو لە چاوانی خۆرئاوا ونبکات. نیگای خاوەنماڵ بۆ کۆچبەر نیگایەکی ئازاربەخشە، نیگایەکە بریندارکەرە بۆ خورئەڤینی ئەم مرۆڤە، لێرەوە ماڵ دەبێتە ئەو پەرێز و پۆشاکەی کە لە ڕووتی و دیاربوون دەیپارێزێت، خۆشترین سات لە ژیانی کۆچبەردا ئەو ساتەیە کە

لە خۆرئاوا ماڵی خۆی وەردەگرێت. ئەمدیوە و دیوی دیوارەکانی ماڵ هەندێک جار وەک سنووری نێوان دیلیی و ئازادییان لێدێت، نێوان ترس و دڵنیایی. وەزیفەی دیوارەکان ئەوەیە پێمانبڵێن کە ئێمە لە خۆرئاوادا نیین، بەڵکو لە شوێنێکداین دەتوانین یاری تێدا بکەین، پێنانە ناو ماڵ بۆ کۆچبەر، وەک پێنانە ناو شارێکی یاریی تایبەتی وایە، لە ناو ماڵدا هەموو جددیەتی جیهانی دەرەوە دوایی دێت و فەزایەک دەکرێتەوە کە کۆچبەر ئازادە چی تێدا دەکات. گەر بە جۆرێکی دی قسەبکەم دەڵێم ئەمدیوە و دیوی دیوارەکانی ماڵی کۆچبەر، وەک جیاوازی نێوان حەقیقەت و گەمە وایە، وەک جیاوازی نێوان حەقیقەت و میتافۆر وایە. لێرەشەوە جارێکی تر دەتوانم بڵێم کە جیاوازی شوێن و ناشوێن، ئەوەیە کە شوێن بە سروشتە واقعی و کۆنکرێتی و بێدەروازە و دەربەستەکەی ناتوانێت هەڵگری ئەو ڕەهەندە ڕەمزیی و کرانەوە مەجازییە بێت، پەیوەندی نێوان شوێن و شتەکانی ناوی پەیوەندییەکی قووڵ و ڕاڤەنەکراوە. شوێن سنوورێکی گەورە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی ناوی دادەنێت، لە کاتێکدا ناشوێن بریتییە لە بونیادنانی فەزایەک لە هێما و نیشانە و ڕاڤەکاری، بزواندنی وزەی خوێندنەوەیە. بەڵام چۆن؟

گەر بەراوردبکەین لە نێوان دوو پیاڵەدا، لە دوو جێگای جیاوازدا پتر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. پیاڵەیەکی چاخواردنەوە لە ماڵێکی کورددا لە نیشتیمان، لەگەڵ پیاڵەیەکی دیدا لە ماڵی کۆچبەرێکی کورددا لە تاراوگە. پیاڵەی یەکەم، پیاڵەیەکی ئاساییە، جگە لە وەزیفەیی پیاڵەبوون و ئەو کولتوورەی کە پەیوەندی بە چاخورادنەوەوە هەیە هیچی تر ئاشکراناکات. پیاڵەیەکە قووڵ بە فەزای دەوروبەری خۆیەوە گرێدراوە، کەرەستەیەکە تەعبیر نییە لە هەڵبژاردن و حەز و بیرکردنەوە و ئیشکردنی یادەوەریی و گەڕانی چاخۆرەکان بەدوای ڕابوردوودا، بەڵکو تەعبیرە لە مێژوویی ڕاهاتن و دووبارەبوونەوەیەکی درێژی مامەڵەکردن لەگەڵ ریتم و سروت و ریتواڵێکی کولتووریدا کە لەیەککاتدا بەشێکە لە مێژوو و بەشێکیشە لە ژیانی ڕۆژانە. بەڵام پیاڵەی دووەم

بریتییە لە پیالەیەکی دی، پیالەیەک وەزیفەی پیالەبوون ئەو ڕۆلە گرنگە لە بوونیدا ناگێڕێت، هێندەی ئامادەکردنەوەی وێنەیەکی نۆستالژییە، هەوڵێکە بۆ خولقاندنی فەزایەکی دی و تاشینی وێنەی شوێنێکی دی لە شوێنی تاراوگە. بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕەمزی کە تێیدا پیالە بۆتە ئەو هێمایەی کە نیشانەی ئامادەکردنەوەی هەستێکی نائامادەی بەسوێیە. پیالە لێرەدا وەک سەمبولێک دژ بە کوپی قاوەخواردنەوەی خۆرئاوایی کاردەکات، هێمایەکی دژە بەرامبەر ژینگەی دەوروبەر کە بێئەوەی پێبزانین وەزیفەیەکی شەڕانگێزانەمان داوەتێ.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم ڕەگەزە شەڕانگێزانەی ناو ناشوێندا، دەبێت لەوە تێبگەین ماڵ تەنیا بریتی نییە لە ژینگەی ئامادەکردنەوەی نیشتیمان لە غوربەت. ماڵ سیستمێکی هەڵبژاردنە، ماڵ ناشوێنە، ناشوێنیش بریتییە لە تێکەڵاوکردنی فەزاکان، تێکەڵاوکردنی ڕوخسار و مانای شوێنەکان تا شوێنێکی ئیدیالیان لێدروستبکرێت. کۆچبەر وەک چۆن لە ناوەوەڕا نیشتیمانێکی ڕەمزی دروستدەکات، هەروەها خۆرئاوایەکی فەنتازی و خەیاڵیش دادەمەزرێنێت. ماڵ تەنیا پردی گەڕانەوە نییە بۆ کوردستان، بەڵکو پردی بەرجەستەکردنی وێنەیەکی تایبەتی خۆرئاواشە. کەسی کۆچبەر نایەوێت دیکۆر و شێوەی ژیان و تۆپۆگرافیای ڕێکخستن و سیستمی ڕەمزی ماڵ بە کۆ بخاتە ژێر ڕەحمەتی یادەوەرییەوە، دەیەوێت ئێنکاری تاراوگەبوون و غوربەت بکات، لەگەڵیاندا بجەنگێت و لێیانهەڵبێت، بەڵام نایەوێت وا دەربکەوێت کە کەسێک نییە لە خۆرئاوا دەژی، نایەوێت وەک یەکێک ببینرێت کە لەزەتی خۆرئاوا و دەستکەوتەکانی خۆرئاوای نەچەشتووە، نایەوێت لەو سیحرە بێبەریبێت کە هەر نیشتەجێییەکی خۆرئاوا خۆبەخۆ وەریدەگرێت و دەیداتەوە و پێیدەدرەوشێتەوە. بەڵام ئەو خۆرئاوایەی کۆچبەرانی کورد لە ناو ماڵە چکۆلەکانی خۆیاندا بەرجەستەیدەکەن، تەواو جیاوازە لەو خۆرئاوایەی کە لە دەرەوە هەیە. کۆچبەری کورد وەک چۆن بەشێک لە ماڵەکەی تەرخاندەکات بۆ ئامادەکردنەوەی ڕەمزی نیشتیمان، بەشەکەی دیکەشی تەرخاندەکات

بۆ ئامادەکردنێکی دیکۆرئاسای خۆرئاوا. خۆرئاوا وەک کولتوور، وەک سیستمێکی فیکری، وەک ژینگەیەکی ئەخلاقی دیاریکراو ئامادەگی نییە، بەلام وەک کۆمەڵێک ڕوخساری دەرەکی، وەک هەندێک ئەکسسوار، کۆمەڵێک دیکۆر و کەرەستەی خۆجیاکردنەوە و ڕازاندنەوە بە قورسی دەخزێتە ژیانی کۆچبەرانەوە. ئەو خۆرئاوایەی فیکر و داهێنان بەرهەمدەهێنێت لە ماڵی کۆچبەری ئێمەدا ئامادەگییەکی تەنک و نەبینراوی هەیە، ئەو خۆرئاوایەش کە کەرەستەکانی بەرخۆری بەرهەمدەهێنێت، ئەو کالایانە بەرهەمدەهێنێت کە مەسرەفکردنیان پێویستی بە بەگەڕخستنی عەقل نییە، ئامادەگییەکی خەست و ڕووبەرگری هەیە. هەندێک جار ئامادەگی ئەم کەرەستانە دەچێتەوە ناو کۆی ئەو گیانی بەرخۆرییەی سەرمایەداری لە هەموو جێگایەکدا دەیچێنێت، بەلام بە گشتی ئەمە هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە ماڵی کۆچبەر، هەوڵدانی تێکەلاوکردنی شوێنەکانە تا سنووری لەناوچوونی کاراکتەری شوێن و دروستکردنی فەزایەکی ڕەمزی کە کەرەستەکان بە دەلالەتە جیاوازەکانیانەوە ئەو دونیا ڕەمزییە بۆ کۆچبەر دەخولقێنن کە ئەو هەستە بەهێزدەکات کە کۆچبەر پێویستی پێیەتی، ئەو هەستەی بۆ کۆچبەر دەسەلمێنێت ئەو لەیەککاتدا لێرەشە و لەوێش.

کۆچبەر لە ناو ماڵدا هەمان ئەو ناکۆکییە دەژی کە لە زۆربەی کۆمەلگا خۆرهەلاتییەکاندا دەبینرێت. ناکۆکی نێوان جیابوونەوەی «کولتووری بەرخۆریی «مەسرەف»» لە «کولتووری بیرکردنەوە». لە خۆرهەلات و لە هەموو ئەو دونیایەی دەرەوەی خۆرئاوادا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو ناکۆکییە قووڵە هەیە. سەرفکردن و بەکاربردنی کالاکانی خۆرئاوا، ماشێنەکانی، داهێنانەکانی، گەمەکانی بوونەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە، کولتووری مەسرەفکردن بە گشتی بەرەو ئەوە دەڕوات سروشتێکی خۆرئاواییانەی هەبێت. بەرابەر ئەوە کولتوورێکی دیکە هەیە کولتووری بیرکردنەوەیە، کە لەبەرابەر مەترسی شوناس و ئەخلاق و دیندا دەکەوێتە سەنگەری شەڕکردن و خۆلادان لە



Scanned with CamScanner

خۆرئاوایی بوون. ئەم ناکۆکییە کە سەرجەمی ژیانی ئێمەی ڕەنگکردوە، بە تووڵی دەخزێتە ناو ژیانی کۆچبەر و ماڵی کۆچبەرەوە. کۆچبەری کورد، ناچارە بە قووڵی کولتووری مەسرەف لە کولتووری بیرکردنەوە جیابکاتەوە. ماڵی کۆچبەری کوردی نیشانەی ئەو شەڕەیە لە نێوان کولتووری مەسرەف و کولتووری بیرکردنەوەدا. لەدیوێکدا دیکۆر و ئەکسسوارەکانی ئەم ماڵە قسە لە دڵسۆزییەکی قووڵ دەکەن بۆ کولتووری ڕابووردوو، قسە لە یادەوەرییەک دەکەن سۆزی نامرێت و شەوقی دانامرکێت و خەیاڵی بەرەودوای ناپچڕێت. لەسەرێکی تریشەوە دیکۆرەکانی ئەم ماڵە دەبنە ئاوێنەی بەشداری و چالاکی ئەم کۆچبەرە لە کولتووری مەسرەفکردنی هاوچەرخدا، ئەو کولتوورە بەرخۆرییە گەورەیەی دەخزێتە هەموو جێگایەکی ژیانەوە. ماڵ گۆڕەپانی ئەو جەنگەیە کە لە نێوان ئەو دوو کولتوورەدا سەوزدەبێت. ماڵ ئەو فەزایەیە کە تیایدا کۆچبەر خۆرئاوایەکی خەیاڵی بۆ خۆی دروستدەکات، ئەو ژینگەیە دادەتاشێت کە دەستکردی خۆیەتی، دیکۆرێکە ئەو زەمان و زەمینە تایبەتە دەنوسێتەوە کە نمایشێکی تایبەتی تیا نیشاندەدرێ، نمایشی جیاکردنەوەی شوێنگەی کۆچبەر لە هەموو شوێنگەکانی تری دونیا، نمایشی گۆڕینی فەزای تاراوگە بە فەزایەکی هێمنتر و دۆستانەتر. بە وەرگرتنی کولتووری مەسرەفی خۆرئاوایی کۆچبەری کورد ئەو تۆمەتە لە خۆی دەردەکات کە گوایە ئەو نەیتوانیوە لە خۆرئاوا بژی و سوودی لێببینێت، لەپاڵ ئامادەکردنەوەی ڕەمزە فۆلکلۆرییەکانیشەوە لە ماڵەکەیدا، لە ڕێگای هەڵواسینی وێنەی سلێمانی یان هەولێر یان دیمەنە سروشتییەکانی کوردستان، فەرشی دیوار، تەماشاکردنی زۆر و وزەخەسێنی کەناڵە ئاسمانییەکانی وڵات، بەکوردیکردنەوەی کولتووری چاخواردنەوە و نانخواردن و میوانداریی، ئەو تۆمەتە لە خۆی دەپەڕێنێت کە ئەو چیتر بەشێک نییە لە نیشتیمان. لە ناو ئەم فەزا نمایشکارەدا قورسی پرسیارەکان دەبن بە ژێر تەمێکی ئەستووری ئەو ئیقاعەوە کە ژیانی ڕۆژانەی کۆچبەر خۆی لەسەر ڕادێنێت. ناشوێن پنتێکە تیایدا کۆچبەر دەتوانێت بە ئاسانی

تیایدا خۆی لە پرسیاری شوناس بشارێتەوە، دەتوانێت لەسەر وەڵامەکان یاریبکات، لە نێوان کولتوورەکاندا هەڵوێستێکی دووڕووانە و دوو مۆراڵانەی هەبێت. بە مانایەکی تر ناشوێن ئاوێنەی ململانێی ڕاهاتن و ڕانەهاتنە، شوێنی مملانێی دەستەمۆبوون و دەستەمۆنەبوونە، ململانێیەکی هەمیشەیی کە ناگاتە کۆتایی، چونکە سادە و ئاسان ململانێکانی غوربەت قابیلی چارەسەرکردن نین، بەڵام لە ناو سیستمێکی تایبەتی ڕێکخستن و یادهێنانەوە و یادبردنەوەدا قابیلی دەستەمۆکردن و کۆنترۆڵکردن و هێورکردنەوەن. لەم هاوکێشەیەدا ماڵ ئەلتەرناتیڤی نیشتیمانە، ئەو جێگایەیە کە کۆچبەر ناهێڵێت غوربەت بە شێوازی خۆی حوکمیبکات، ناشهێڵێت وێنەکانی نیشتیمان لەزەتەکانی غوربەتی لێ حەرامبکەن. وەک فەیلەسوف «ڤیلێم فلوسەر» دەڵێت «مرۆڤ بوونەوەرێکی ماڵنشینە نەوەک نیشتیماننشین»«٣٢». بەو جۆرەش ئیشکردن لەسەر فەزای ماڵ دەبێتە ئەلتەراتیڤی ئیشکردن لەسەر نیشتیمان.

## کار لە تاراوگە وەک بەشێك لە بونیادنانی ناشوێن

کار لە ژیانی کۆچبەردا یەکێکە لە هەرە وێستگە گرنگەکان، لەڕێگای کارەوە کۆچبەر تێکەڵ بە سیستمی وڵاتە خۆرئاواییەکان دەبێت، لە ڕێگای کارەوە یەکەم کۆنتاکی ڕاستەقینە لەگەڵ فەزا و ژیانی غوربەتدا دروست دەبێت، لە ڕێگای کارەوە ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت کە پرۆسەی خۆشاردنەوەی هەتاهەتایی و خۆونکردنی بەردەوام لە غوربەت سنوورێکی هەیە و ناکرێت لەو سنوورە بترازێت.

بەوەدا پارە لای ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەران مەبەستێکی هەرە سەرەکی کۆچە، بەوەدا کۆچبەر دەیەوێت وەک زەنگینێکی گیرفان پڕ، وەک یەکێك کە دەستی بە چاهوجەلال و سامان و دارایی گەیشتوە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان،



Scanned with CamScanner

ناتوانێت لە ماڵ نەیەتەدەرێ و کارنەکات. بەڵام کۆچبەر لەگەڵ دونیای کاریشدا میکانیزمێکی ئاڵۆز و ستراتیژێکی فرەسەر و فرەڕەنگ دەگرێت. کار ئەو پردە نییە کە کۆچبەر قووڵ بەرەو ناو سیستمی ژیانی خۆرئاوا هەڵدەگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو نیازەی لە پشت کارەوەیە زۆربەی کات، نیازی هەڵهاتن و خۆدزینەوە و خۆدەربازکردنە لە غوربەت. کار بۆ خودی خۆی هاتنەدەرەوەیە لە ماڵ و کۆنتاکتێکی کولتووری و دەروونییە. مرۆڤ بۆ کارکردن دەبێت پێ لە زەمینێک و لە جێگایەک قایمبکات، خۆ قایمکردن لە سیستمی ئیشدا، نیشانەیەکی ڕەمزی تێکەڵبوون و خۆقایمکردنە لە خۆرئاوادا، نیشانەی دۆزینەوەی شوێنە، واتە نیشانەی دۆزینەوەی شوناسێکی دیکەیە. ئیش بە مانا قووڵەکەی، کاتێک دەبێتە وێستگەیەکی ئامێزانبوون بە تاراوگە، دەبێتە ماڵێکی نوێ، دەبێتە زامنێکی مەزن، دەبێتە سەرچاوەی دڵنیاییەکی قووڵ دەرهەق بە پاشەڕۆژ. ئیش ئەو هێزەیە کە یارمەتی کۆچبەر دەدات بەردەوام ئاوڕ لە دواوە نەداتەوە، بەردەوام بیر لە گەڕانەوە نەکاتەوە. کار وادەکات کۆچبەر خۆی بە بەشێک لەو دونیایە بزانێت کە هەمیشە تیایدا خۆی بە غەریب زانیوە. بەڵام کۆچبەری کورد کاتێک کار دەکات، ستراتیژێکی دیکەی هەیە، کار بەشێک نییە لە پرۆسەی گەڕان بە دوای شوێندا، بەشێک نییە لە کردەی عەودال بوون بەدوای دانپیانانەدا، بەشێک نییە لە وێڵبوون بۆ ئامێزانبوون و تێکەڵبوون و خۆناساندن و خۆسەپاندن، بەڵکو تەواو بە پێچەوانەوە کار لە دونیای کەسی تاراوگەکراودا، تەنیا لەژێر کاتاگۆرییەکی وەک «ناشوێن»دا جێگایدەبێتەوە و تەنیا لە ژێر ئەو ناونیشانەشدا تەفسیردەکرێت. ئەو ساتەی کە کۆچبەری کورد لە ماڵ دێتەدەرێ بۆ کار، چاوی لە خۆرئاوا نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم خەیاڵی لای ئەو پاشەڕۆژەیە کە لە دەرەوەی خۆرئاوا بۆ خۆی دروستدەکات. کۆچبەر لە ماڵ دەچێتە دەرەوە بۆ کار، بۆئەوەی لە ڕێگای کارەوە دابڕانی قووڵی خۆی لە خۆرئاوا بسەلمێنێت. کە کاردەکات لەجەوهەردا خەیاڵی لای ئەوەیە کە چی بە بەرهەمی کارەکەی بکات لە نیشتیمان؟ چۆن پاشەڕۆژێکی دڵنیا بۆ خۆی لە



Scanned with CamScanner

نیشتیمان زامنبکات، چۆن لەڕێگای پارەکەیەوە وەفا و دڵسۆزی خۆی بۆ خێزان و دۆستەکانی و کۆمەڵگا و نیشتیمان زیندووبکاتەوە. مەبەستی پشت کارکردن، دۆزینەوەی جێگایەک نییە لە غوربەتدا، بەڵکو بۆئەوەیە کۆچبەر لەبەردەم خۆیدا ئەوە بسەلمێنێت، کە کار بۆ نیشتیمان دەکات، کار بۆ گەڕانەوە دەکات، کار بۆ دۆست و کەسوکاری دەکات. لە ڕێگای کارەوە کۆچبەر خورافەتی ئینتیمای هەتاهەتایی و هەمیشەیی خۆی بۆ نیشتیمان زیندووڕادەگرێت. گەرچی بەشێکی زۆر کەم لە کۆچبەران دەتوانن بەو پارەیەی لە خۆرئاوا پەیدایدەکەن شتێک لە نیشتیمان بونیادبنێن، بەڵام وەهمی پشت کارکردن، ئەوەیە کە کار کۆمەکییکات لە ناو خۆرئاوادا نەتوێتەوە و پردەکانی خۆی بە ڕابوردووەوە بپارێزێت، کاردەکات تا هیچ یەک لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، خودئەفینییە قوولەکەی بریندارنەکەن و بواری هەبێت باشتر فەزای خۆی دروستبکات و تیماری خودی برینداری خۆی بکات. زمانحاڵی ئەو دەڵێت «من لەبەر ئێوە لێرەم، بۆ گەڕانەوەیەکی سەربەرز و شەرەفمەندانە لێرەم». واتە گەر قووڵ بڕوانین کار هەڵهاتنێکی گەورەیە لە خۆرئاوا، هەتا زۆربەی ئەو کارانەش کە کۆچبەر دەیکات خۆشاردنەوەیەکی تێدایە لە سیستم و یاساکان، کۆنتاکتێکی کەمی تێدایە لەگەڵ کەسانی خۆرئاواییدا، جۆرە کارێکن کە یان پێویستیان بە قسە نییە یاخود تەنیا پێویستیان بە زانینی چەند ڕستەیەک هەیە «وەک ئیشی ناوەوەی چێشتخانە، ئیشی پاککردنەوە، کاری تەکسی... هتد». ئەمجۆرە کارانە ئەو کەرەستەیە نیین کە کۆچبەر بە خۆرئاواوە گرێیدەن، بەڵکو ئەو کەرەستەیەن کۆچبەر گۆشەگیرتر دەکەن. هیچ شتێک وەک کار فەنتازیاکانی گەڕانەوە گەورەناکات. دیارە ئەم ڕەهەندە، زۆربەی وەخت ڕەهەندێکی خورافی میتۆلۆگییە، واتە مەرج نییە ئەم ڕەهەندە هەڵگری جۆرە سەیرکردنێکی واقعی بێت بۆ ژیان، مەرجیش نییە ئەم جۆرە سەیرکردنە لەگەڵ نیازە ئاشکرا و ڕاگەیاندراوەکەی خۆیدا ڕاستگۆ و دڵسۆزبێت، مەرج نییە دواجار کە دەگاتە سەر سات و کاتی حیساب، کۆچبەر جانتاکەی هەڵگرێت و بگەڕێتەوە بۆ

Scanned with CamScanner

نیشتیمان. بەڵکو مانای سەرەکی ئەم پرۆسەیە، مانایەکی سایکۆلۆژی و ڕەمزییە. کۆچبەر ئیشدەکات و پارەکانی کۆدەکاتەوە یان دەینێریتەوە بۆ نیشتیمان تا پاشەڕۆژی خۆی لەوێ زامنبکات، کۆچبەر و ئیشکەرانی هەموو دونیا بۆ ئەو خەونە کاردەکەن کە ڕۆژێک ئەو کۆشکە ئیدیال و وەهمییەی لەسەریاندایە لە نیشتیمان دروستیبکەن. کۆچبەر ئیشدەکات و ئیشکردنی خەتێک و سەرەداوێکی هەمیشەیی بۆ گەڕانەوە پێدەبەخشێت، بیرۆکەی گەڕانەوە ئەو دینەمۆ گەورەیەیە کە هێز و تینوتاو دەداتە کۆچبەر کاربکات، کاریش ئەو چالاکییەیە کە پەیوەندی نێوان ئەو و نیشتیمان پتەودەکاتەوە. تا پتر کاربکەیت، تا پتر بتوانیت یارمەتیبدەیت، پتر ئەوە دەسەلمێنیت کە تۆ لە خۆرئاوا نیت، پتر ڕیشە قووڵەکانی خۆت قایمتردەکەیت، پتر خۆت لەو شوێنە بە دووردەگریت کە ناوی خۆرئاوایە و پتر دەچیتە ناو ناشوێنەوە. کار لە جەوهەریدا ئینتیمای کارکەر بۆ خۆرئاوا لاوازتردەکات، پرۆسەیەکی دژە - ئامێزەبوونە «ئەنتی ئینتگراسیۆن»، نەوەک یارمەتی ئامێزانبوون و تێکەڵاوبوون نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە پرۆسەیەکە زۆر جار ئاسۆکانی تێکەڵاوبوون و خۆسەقامکردن و بنجبەستبوون لە خۆرئاوا دەکوژێت. لێرەوە دەردەکەوێت کە زۆر لە سۆسیۆلۆژەکانی خۆرئاوا کاتێک قسە لە بێگانە و نامۆبوون و پرۆسەی تێکەڵکردن دەکەن، ئەوانەی ئیش بە هۆیەکی گرنگی تێکەڵاوبوون دەزانن، چەندە نەزان و دوور لە دونیای قووڵی کۆچبەر دەژین، چەندە نامۆ و غەریبن بە نهێنییە ناوەکییەکانی جیهانی کۆچبەر. هەر ئەوەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە زۆربەی ئەو هەوڵە ئەکادیمیانەی لە سنووری تێگەیشتنی خۆرئاوایانەدا بۆ غوربەت دەوەستن، هەژار و دەستکورت و نادروست دەمێننەوە.

لە ڕێگای کار و پارەوە کۆچبەر تەنیا سامان و دراو و دیاری نانێریتەوە، بەڵکو وێنەیەکیش دەنێریتەوە بۆ نیشتیمان، وێنەی کەسێک کە لە خۆرئاوا «خۆی گرتوە» «خۆی دروستکردوە» «ئیشی باشە». ئەو یەکێکە قارەمانی

Scanned with CamScanner

نەتەوەکەی خۆیەتی و لە ناو جەرگەی ماڵی خۆرئاواییەکاندا قاچی داکوتاوە و زیڕ لە ئەردی ڕەق دەردەهێنێت. خاڵێک لێرەدا گرنگە ڕوونیبکەمەوە ئەوەیە، کۆچبەری کورد بەدەگمەن ئیش بۆ چاوی خۆرئاوا دەکات، کە ئیشدەکات هێندەی سەرقاڵی ناردنەوەی وێنەیەکە بۆ نیشتیمان، بایەخ بە سەرنج و نیگا و هەڵسەنگاندنی خۆرئاواییەکان نادات، لێرەوە لای زۆربەی کۆچبەران یاسا و ڕێسای خۆرئاوایی بایەخێکی وەها گرنگیان نییە. سیستمی ڕەفتار و ژیان و بەراوردکردن لە ژیانی ئەم مرۆڤەدا پتر پابەندی دواندن و ئاماژەناردنە بە ئاراستەی کۆمەڵگای خۆی، ئەم کۆچبەرە هێندەی مەراقی لە وێنەی خۆیەتی لە دیدی هاونیشتیمان و هاوزمانەکانی خۆیەوە، مەراقی ئەو وێنەیە نییە لە دیدی ئەوروپییەکانەوە. زۆری ئیشکردنی ئەم مرۆڤە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە ویژدانییەیە کە غوربەت دروستیدەکات. کۆچبەری کورد مەبەستی نییە خۆرئاوا سەرسامبکات، مەبەستی نییە عەقڵی ئەوان بدوێنێت، بەڵکو مەبەستیتی خزم و دراوسێ کۆنەکانی خۆی لە نیشتیمان سەرسامبکات، مەبەستیتی ئەو وێنە خەوتووانەی ناو خەیاڵگەی دۆست و برادەرەکانی خۆی بدوێنێت. لەم ئاستەشدا ئیش بەو پەیوەست و پێوەر و پێداویستیانە تەماشاناکات کە ژیانی وەک نامۆیەک لە خۆرئاوا دەیسەپێنێت بەسەریدا، بەڵکو بەو پێوەرانە دەیپێوێت کە کۆمەڵگا و ژینگەی کۆمەڵایەتی پێشینی خۆی داوای لێدەکات. ئیش لەم ڕووەوە وەزیفەیەکی تایبەتی هەیە، ناکۆکییەک بەرجەستەدەکات کە ئیش دەکاتە ڕوکنێکی بنچینەیی ناشوێن، لەسەرێکەوە ئیش نیشانەی ئینتیما و دڵسۆزییەتی بۆ نیشتیمان، لەسەرێکی دیشەوە ئاماژەی ژیان و لەزەتبردن و سوود وەرگرتنێتی لە خۆرئاوا، لەلایەکەوە ئیش یارمەتیدەدات بوونی خۆی لە خۆرئاوا وەک بوونێکی سوودبەخش و مانادار تەماشابکات، لەسەرێکی دیشەوە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی قووڵی تیایە بۆ ڕابوردوو. لەم پنتەدا کەسی ئیشکەر وەزیفەی سەرەکی ناشوێن دەگەێنێتە پنتی باڵا و ئیدیالی خۆی، بە هۆی ئیشەوە هەم دەیسەلمێنێت کە لە خۆرئاوایە و دەشیسەلمێنێت کە لەوێ نییە،



Scanned with CamScanner

دەبیسەلمێنێت کە لە نیشتیمان نییە و دەشیسەلمێنێت کە بوون و ئینتیمای تەنیا بۆ نیشتیمانە. واتە شێوازێکی ئیدیالی هەڵهاتنە لە هەر دوو دونیاکە، بیئەوەی لە مێچیان بپچڕێت، نەفرەتکردنە لە غوربەت بیئەوەی ئەو نەفرەتە بەرەو دەستبەرداربوونی بەرێت لە خۆرئاوا، گەڕانەوەیەکی ڕەمزیشە بۆ نیشتیمان، بیئەوەی ئەو گەڕانەوەیە بگاتە ئاستی دەستبەرداربوون لە خۆرئاوا و گەڕانەوە بۆ وڵات. لە ڕێگای ئیشەوە کۆچبەر، بوونی خۆی لە خۆرئاوا دەسەلمێنێت و لەو بوونەش دووردەکەوێتەوە، نزیکی خۆی لە نیشتیمان دەسەلمێنێت و دووری فیزیکی خۆشی لە نیشتیمان دەپارێزێت.

## هەستی ناسیۆنالیستی
## وەك بەهانەیەکی ئایدۆلۆژی بۆ بونیادنانی ناشوێن

بوونە ناسیۆنالیست هاوڕێیەکی گرنگی کۆچە، خۆدەرخستن وەک کوردێکی توندڕەو بەشێکی کولتووری مەنفایە، کۆچبەران لە مەنفا پتر دەکەونە حەسرەتی نەتەوە، ئەگەرچی چەمکی نەتەوە لە تاراوگەش هەمیشە چەمکێکە لە ڕێگای هەڵوێستێکی حیزبییەوە تەعبیر لە خۆی دەکات، بەڵام سروشتی خۆدرکاندن و گوتاری خۆدەرخستنی بە بڕێکی گەورەتر لە بارگەی ناسیۆنالیستیانە بارکراوە. لێرەوە زۆرجار ڕۆحی ناسیۆنالیستییانەی کۆچبەر سروشتێکی فاشیستییانەی هەیە، دیارە لە دونیای ئێمەدا ناسیۆنالیزم بەدەگمەن ڕێدەکەوێت لە دەرەوەی حیزب هەڵگر و پەیامبەری دیکەی هەبێت، لێرەوە هەردەم لە پشت شوناسی ناسیۆنالییەوە شوناسێکی حیزبی وەستاوە، کوردپەروەریی ئێمە بەدەگمەن لە حیزب ـ پەروەریی جیادەبێتەوە، خۆشەویستی کوردان بۆ نەتەوەی خۆیان هەمیشە بە کەناڵی حیزبێکدا تێدەپەڕێت. لێرەوە سەیرنییە بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی بە جۆرێک لە جۆرەکان بە بەهێزبوونی هەستی حیزبایەتی



Scanned with CamScanner

تەواودەبێت. لە مەنفاش خۆشەویستی نەتەوە بە دەمارگیرییەکی سەرسەختی حیزبایەتی دوایدێت.

ئەم سەرەتایەم بۆیە نوسی، تا بڵێم هیچ ناکۆکییەک نییە لە نێوان ئەو ڕاستییەی کە بەهێزبوونی ڕۆحی حیزبایەتی لە خۆرئاوا بە بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتییەوە گرێدراوە، چونکە لە کولتووری سیاسی کوردیدا جیاکردنەوەی نەتەوە لە شوناسی حیزبی کارێکی ئەستەمە. ئەو ڕاستییەی کە کوردانی تاراوگە پارچەپارچەن و گروپ گروپن لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە هاوشان بەو دابەشبوونە لە ناویاندا هەستێکی نەتەوایەتی توندڕەو هەیە.

کێشەی من لەگەڵ ئەوجۆرە هەستەدا لەوەوە هاتووە کە پەیوەندییەکی قووڵی بە نەتەوەوە نییە و لە سەر دۆخی سایکۆلۆژی کەسی تاراوگەکراوەوە بناغەی داناوە، بەشێکە لە قەیرانی ئەم مرۆڤە لەگەڵ کۆچدا و تەنیا لە ناو پرۆسەی گەڕانیدا بۆ شوێنێکی دیکە دەتوانین تەفسیربکەین. واتە مەرجەعییەتی ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە، نە لە فیکری سیاسیدایە، نە لە گۆڕانی دونیابینی سیاسی کەسی تاراوگەکراوەوە هەڵقووڵیوە، تێگەیشتنی سیاسی و خەزێنەی فیکری ئەم مرۆڤە وەک خۆیەتی، ئەوەی گۆڕدراوە، هەوڵێتی بۆ گەیشتن بە شوێنێک نیشتیمان بێت و نیشتیمانیش نەبێت. بە مانایەکی دی ئەوەی ناویدەنێین ناسیۆنالیزم، ڕەگەزێکی ناو دیکۆرێکە لە نمایشێکی گەورەدا. ئەوەی ناسیۆنالیزم لە تاراوگەی کوردیدا زیندوودەکاتەوە خودی نەتەوە نییە، بەڵکو ئەو پێداویستییە دەروونییە قووڵەیە بۆ شکاندنی فەزاکانی غوربەت. ناسیۆنالیزم دیکۆرێکی دیکەی ناو ناشوێنە، پەیوەندی بە دیکۆرسازیی ناو دونیای تاراوگەوە هەیە، نەوەک بە هوشیاریی سیاسی نەتەوەوە.

لە ڕێگای سیاسەتکردنەوە بە هەستونەستێکی ناسیۆنالیستیانەی توندڕەوەوە، کۆچبەر وەفای بێسنووری خۆی بۆ نەتەوە زیندوودەکاتەوە. کاتێک لە ئاستی سیاسی و نەتەوایەتیدا جێهێشتنی نیشتیمان، ئەوپەڕی بێهەڵوێستی بێت، کاتێک کۆچ خیانەت بێت لە نەتەوە و فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی بەرگریکردن



Scanned with CamScanner

بێت لە نەتەوە، لە جۆرە دۆخێکی وادا نواندنی توندیی و سەرپەرگرتن تەنیا پەرچەکرداری کەسانێکە کە لە ناو هەستکردن بە گوناهدا نوقمبوون. کۆچبەر بۆ داپۆشینی ئەو گوناهە نمایشێک سازدەکات و بەو نمایشە بە خۆی و بە دونیا دەڵێت، من نەوەک لە نیشتیمان دوورنەکەوتوومەتەوە، بەڵکو لە هەموو ئەوانەی لە نیشتیمانن پتر لە نیشتیمان نزیکم. ئەم جۆرە هەستە دروستکردنی وەهمی نەبڕانە. لە دونیای تاراوگەدا هیچ وشەیەک وەک پچڕان ترسناک نییە، ئاوسانی هەستی ناسیۆنالیستیانەش پەرچەکردارێکی دەروونییە دژ بە پچڕان. دیارە مەرج نییە ئەم هەڵهاتنە لە پچڕان تەنیا بەرگێکی ناسیۆنالیستیانە لەبەربکات، لەوانەیە بەرگێکی دینیش بپۆشێت. ئەمڕۆ کە دەبینین کۆچبەرێک دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتووترین شێوازی دین، هەقمانە بڵێین خودی ئەم گەڕانەوەیە بۆ لای خوداش خاڵییە لە ڕۆحانییەت و پڕە لە قورسایی مادییانەی مەنفا، پڕە لە ترسی پچڕان و فۆبیای دووریی.

فیکرەی نەتەوە لەم ئاستەدا هەمان وەزیفەی دیوارەکانی ماڵی هەیە، وەزیفەی پاراستن، جیاکردنەوە و دوورخستنەوە. کۆچبەر لێرەدا لەسەر گووتاری ئازایەتی و دلێریی نەتەوە کارناکات، بەڵکو ئەو وێنانەی نەتەوە هەڵدەبژێرێت کە بکرێت وەک پاساو بۆ دۆخی تایبەتی خۆی سوودیان لێ ببینێت. وێناکردنی نەتەوە وەک کۆمەڵە خەڵکێکی ڕاونراو، بێجێگا، بێدۆست، بێپەناگا، دابەشبوو بەسەر میللەتان و کولتوورەکانی دیکەدا، وێنەیەکە پەناهەندە نەگەڕانەوەی خۆی بۆ نیشتیمان پێ پاساو دەدات. کۆچبەر ئەم دۆخە واقعییە ناخاتە خزمەتی نەتەوەوە، بەڵکو دەیخاتە خزمەتی بونیادنانی ئەو شوێنگەیەی کە خۆی لە نێوان نیشتیمان و خۆرئاوادا دروستیدەکات. بیرۆکەی «نەتەوەی ئاوارە و پەرت» لە ئەستی کۆچبەردا وەک میکانیزمێکی پاساوهێنانەوە بۆ ئاوارەبوونی خۆی بەکاردەهێنرێت. وێنەی ئەو نەتەوەیەی کە شوێنی لەسەر زەویدا نییە، هەلێکی لەبارە بۆ دروستکردنی وێنەی ئەو مرۆڤەی کە سەر بە هیچ جێگایەک نییە. لێرەدا ناسیۆنالیزمی مەنفا هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنی ڕەهەندی ئاوارەیی

و بێشوێنی لە ناو کولتووری ناسیۆنالیزمی کوردیدا. ئەمجۆرە ناسیۆنالیزمە لەسەر دیدێکی سیاسیانەی واقعی یان شیاو دروست نەبووە، هێندەش کە پێ لەسەر کولتووری لاوانەوە و شیوەنی بێشوێنی دادەگرێت، پێ لەسەر خۆشەویستی خاک داناگرێت. پێداگرتنی ئەم ناسیۆنالیزمە لەسەر دەوڵەت، هاوشانی هیچ چالاکییەکی فیکری و سیاسی نییە کە ڕاستگۆیی ئەو داواکارییە بسەلمێنێت، بەڵکو یەکسانکردنەوەی بێدەوڵەتییە بە بێشوێنی و بێ نیشتیمانی، کۆچبەر خودی بێدەوڵەتی وەک تاراوگەبوونێکی وجودی و ئەزەلی وێنادەکات، بە قەدەرێک کە هەموو شوێنەکانی دونیا بۆئەو یەکساندەکاتەوە، وەک ئەوەی بڵێت «دواجار چونکە من خاوەن دەوڵەت نیم، لە هەموو شوێنێکی دونیادا لە تاراوگەم». واتە ناسیۆنالیزمی توندڕەو یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆئەوەی ئەوپەڕی خۆشەویستی نیشتیمان و گیانی نەتەوەپەرستی گرێبداتەوە بەوپەڕی پێداگرتن لەسەر تاراوگەبوون. لەم ناسیۆنالیزمەدا یەک ڕەهەند گەشەدەکات و تا ئەندازەی دیاردەیەکی نادروست گەورەدەبێت کە ڕەهەندی سکاڵاکردن و پرۆتێستۆکردنە، چونکە بە پێداگرتن لەسەر قەیران و تەنگژەکانی نەتەوە، بە «بەتراژیدیکردن»ی هەرچی زۆرتری دۆخی نەتەوە، کۆچبەر زەمینەی زیاتر بۆ مانەوە لە ناشوێندا دەدۆزێتەوە. لێرەوە مرۆڤ ئەو ناکۆکییە ناوەکییە قووڵەی بۆ دەردەکەوێت کە خودی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناوەوە و لە دەرەوەدا تیادەژی. هێزە ناسیۆنالیستییەکانی ناوەوە کەمتر لە هێزەکانی دەرەوە بایەخ بە ڕوکارە تراژیدییەکان دەدەن، کەمتر پێ لەسەر ڕوداوە ترسناک و خوێناوییەکان دادەگرن، توانای لێبوردنیان گەیشتۆتە ئاستی دروستکردنی مەهزەلەی مێژوویی گەورە، لێبوردن لە کەسانی کۆمەڵکوژ و لە جاش و لە ئەفسەرە جەلادەکانی بەعس، نیشانەن کە ناسیۆنالیستەکانی ناوەوە نایانەوێت کار بەو یادەوەرییە تراژیدییە بکەن. وەک لەو ئابڕووچوونە گەورە و بێسنوورانەدا دەرهەق بە کۆکوژێکی وەک نزار خەزرەجی یان وەفیق سامەڕائی یان تاریق ڕەمەزاندا بینیمان. ناسیۆنالیستەکانی دەرەوە لەمڕەوەوە توندڕەوترن، هەندێکیان

هێندەی وشەیەکی عەرەبی لە نوسینێکدا دەبینن تووشی فێ دەبن، بەردەوام لە هاواری ئەوەدان کە زمانی کوردی و کولتووری کوردی بەرەو لە ناوچوون دەچێت، شاعیرمان هەیە فۆبیای ناسیۆنالیستی گەیشتۆتە ئاستێک پێیوایە هیچ کوردێک لەسەر زەوی نەماوە کوردییەکی دروست قسەبکات خۆی نەبێت. لێرەوە تێدەگەین کە ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناوەوە و لە دەرەوەش لەسەر پاریکردنێکی تەکتیکی بە وشەی نەتەوە و نەتەوایەتی دروستبوون. لەم ئاستەدا ناسیۆنالیستە کوردەکانی دەرەوەی وڵات ڕاستگۆتر و دڵسۆزترنین، هێندە هەیە ناسیۆنالیزم لە سیاقێکدا بەکاردەهێنن، کە پێویستی بە قووڵکردنەوەی هەستی تراژیدیی و گەورەکردنی ڕەهەندە درامییەکانی مێژووی نەتەوە هەیە، تا کۆچبەر خۆی بە بەشێک لەو تراژیدیا و ئاوارەبوون و پەرتبوونە بزانێت. هەڵوێست لە نەتەوە، یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆ دۆزینەوەی لۆژیکێکی داڕێژراو و ئەرگومێنتێکی زیندوو بۆ دووری لە نیشتیمان. ناسیۆنالیزم لێرەدا ئەو بەهانە ئایدۆلۆژییەیە کە کۆچبەر دەیکاتە قەڵغان بۆ خۆدزینەوە لە هەردوو دونیاکە، خۆدزینەوەیەک یاسای گەورەی بونیادنان و سەقامگیرکردنی «ناشوێن»ـە.

## سێکس و ناشوێن

یەکێک لە دیاردە گەورەکانی ژیانی جنسی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، نایەکسانی و ناچوونییەکی ئەو ژیانەیە، واتە هێزگەلێک هەن وادەکەن ژیانی جنسی تاکەکان جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا بێت، تا ئەو ئەندازەیەی دەکرێت بڵێین ئەو دیاردەیەی کە دەکرێت بە «نادادپەروەریتی جنسی» ناویببێنین، بەشێکی پێکهێن و ستراکتوری ژیانی دەرونی و کۆمەڵایەتی ئێمەیە. بەوەدا سێکس تا ئەندازەیەکی زۆر لە هەموو ئانوزەمانەکاندا پەیوەستی ئارەزوو و هەڵبژاردنە فەردییەکانە، دەشێت مرۆڤ ئەو جۆرە جیاوازییانە لە زۆربەی کۆمەڵگا ئازادەکانیشدا

ببینێت. جیاوازییەکە لەوەدایە سەرچاوەی حەرام و چەوساندنەوەکان لە نێوان کۆمەڵگاکانی ئێمە و کۆمەڵگاکانی دیدا دەگۆڕێن، لە دونیای ئێمەدا حەرامە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان هێزی سەرکوتکردنی جنسین، ئەم دوو حەرامە بە شێوەی سەرەکی ژیانی جنسی ئێمە دیاریدەکەن، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگاکانی دیدا ژیانی جنسی بە جۆری دیکە دەستنیشاندەکرێت. ڕۆماننوسی عێراقی عەلی بەدر لە ڕۆمانی «ڕاکردن بە دوای گورگەکاندا» بەجۆرێکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەو دابەشبوونەی جیهانی بۆ سەر دوو پۆل لە ڕووی جنسییەوە دەستنیشانکردوە، بەوەی میللەتانێکی پرۆلیتار لە ڕووی جنسەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەند و هەندێک وڵاتانی ئاسیا دەژین، میللەتانێکی بۆرژواش لە ڕووی جنسەوە لە ئەوروپا و ئەمریکا و هەندێ شوێنی ئەفریقا دەژین. «عەلی بەدر» باس لە بڵاوبوونەوەیەکی ترسناکی برسێتی جنسی «المجاعات الجنسية» دەکات لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکاندا«٣٣». ئەم دابەشبوونە، ژیان و تێڕوانینی کۆچبەریش دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی. ژیانی جنسی کۆچبەران بە یەک پێوەری نەگۆڕ و یەکشێوە ناپێورێت، دۆزینەوەی ستاندارد و یەکەی پێوانەیی شتێکی زەحمەتە، چونکە ژیانی جنسی کۆچبەران دابەشبوونێکی بێئەندازە قووڵی تیادروستبووە کە کۆکردنەوەی لە ژێر یەک کاتاگۆریدا کارێکی زەحمەتە، لێرەوە ئەوەی دەکرێت قسەی لەسەربکەین، هەندێک کلێشەی گشتی ناو ئەو ژیانەیە، بەتایبەت ئەو کلێشانەی پابەندی پەیوەندی سێکسن بە شوێنەوە.

سێکس پەیوەندییەکی نەپساوی بە شوێنەوە هەیە، بە ئەندازەیەک دەتوانین بڵێین، سێکس هێزێکی ئەفسوناوی هەیە لە دیاریکردنی بونیادی شوێندا. کەس نییە نەزانێت سێکس چ جۆرە میعمارێکی بەسەر بونیادی ماڵ و شارەکاندا سەپاندوە، نەزانێت ئەو شوێنانەی کە دەبنە مەڵبەندی سێکس و سێکسفرۆشی چ جۆرە دەلالەتێکی تایبەتی وەردەگرن.

لە سەرەتای تێڕامانەوە لە پێکهاتی ناشوێن سەرنجی جوڵەیەکی تایبەتی دەدەین، بونیادنانی ناشوێن لە ڕووی لۆژیکییەوە بە خۆدوورخستنەوە لە خۆرئاوا



Scanned with CamScanner

دەستپێدەکات، واتە وێستگەی یەکەم لەم سەفەرەدا هەمیشە ڕاگەیاندنێکی دەنگ بەرز و زولالانەیە بۆ نیشتیمان و سرودێکە بۆ ئەڤینی نیشتیمان. کەسی کۆچبەر ژیانی تازەی بە خۆشەویستی جاران و عەشقی نەمری نەتەوە و خاک دەست پێدەکات. ئەم وەفادارییە هاوڕێی ڕەتکردنەوەیەکی ویژدانی و مەعنەوییە بۆ خۆرئاواش، شێوە و کەرەستەکانی ئەم وەفادارییە بۆ نیشتیمان جیاواز و جۆراوجۆرە، شێوەی ڕەتکردنەوەی خۆرئاواش هەر جیاواز و جۆراوجۆرە، جنسیش یەکێکە لەو کەرەستانەی دی کە کۆچبەر گەمەی وەفا و ڕەتکردنەوەی لەسەر دەکات. ئەزموونی جنسی کۆچبەر بەهەر ئاستێکدا بکەوێتەوە لە دواجاردا وەک ڕەگەزێکی بونیادنەر بۆ ناشوێن دەخرێتەگەڕ... واتە جیاوازییە فەردییەکان لە ئاستی ژیانی جنسیدا، چەندە گرنگبن بۆ تێگەیشتن لە خودی ئەم ژیانە، هێندەش گرنگن بۆ تێگەیشتنی وەزیفەی جنس لە داڕشتنی ئەو شوێنەدا کە بە ناشوێن ناویدەبەم. جنس هەمیشە دەورێکی گرنگی لە بونیادنانی ناشوێندا هەیە، واتە شێوە جیاوازەکانی ژیانی جنسی هەرچۆنێک بن، دواجار خزمەتی کۆمەڵێک دەرەنجام دەکەن کە پەیوەندی بە ناشوێنەوە هەیە.

سەرەتا کێشەکە لەوەوە دەستپێدەکات کە جنس بەدەر لەوەی ویستەوزە «غەریزە»یەکی مرۆڤانەیە، هەڵگری ڕەهەندێکی ڕەمزیشە بۆ چۆنێتی ئینتیماکردن بۆ دونیا. ڕەگەزنامەی نەتەوایەتی ئەو کەسەی لەگەڵیدا جنس دەکەیت، زۆر شت دەرهەق بە ئینتیمای تۆش دیاریدەکات. هاوسەرە جنسییەکەت کە کەسێکی ناکورد بێت، ئیتر جنس مانا سادەکەی خۆی دەدۆڕێنێت و بە کۆمەڵێک پرسیاری دیکە باردەکرێت کە پڕن لە مانا و نیشانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی. وەک چۆن لە دەستووری خێڵەکیدا ئەوەی ئافرەت لە دەرەوەی عەشیرەت دەهێنێت، لە دەرگای شەڕ یان لە دەرگای ئاشتی دەدات، لە دونیای ئێستاشدا ئەوەی شەریکێکی جنسی بیانی هەیە دەرگای ململانێیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی و دەرونی لە خۆی دەکاتەوە.

ئەم کولتوورە، ئێمە لە وڵاتەوە لەگەڵ خۆماندا بۆ ئەورووپای دەهێنین. لە

نیشتیمان ئەو پیاوانەی کوردن و هاوسەری عەرەب دەگرن، بەو ڕەفتارە ئینتیمای نەتەوایەتی خۆیان لکەداردەکەن، ئەو ئافرەتانەی کوردن و شوو بە عەرەب و بیانان دەکەن، سەری بلندی نەتەوەمان شۆڕدەکەن. ئەم نەریتە لە خۆرئاوا سروشتێکی ئاڵۆزتر وەردەگرێت، بۆئەوەی ئەو هاوکێشە ئاڵۆزانە وردتر بخوێنمەوە، کۆچبەران بەپێی ڕەفتاری جنسییان دابەشدەکەمە سەر چوار گروپی جیاواز و بە کورتی هەندێک تێبینیان لەسەر تۆماردەکەم.

**گروپی یەکەم:**

ئەوانەن کە هاوسەرێک یان شەرێکێکی جنسی خۆرئاوایی یان ناکورد دەگرن و تا کۆتایی لەگەڵیدا دەژین و ئاوڕ لە دواوە نادەنەوە. لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ ئەو دەستەیەدایە کە دەتوانن دەستبەرداری کوردێتی خۆیان ببن، ئەم دەستەیە ڕەنگە تاکە گروپێک بن کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کێشەکانی دونیای کورد و کۆچبەرانی کوردەوە نامێنێتەوە، زۆربەی کات لە پشت هەر یەکێک لەوانەوە ئافرەتێک هەیە. ئەم گروپە تا ڕادەیەکی زۆر دڵسۆزی ئەو مۆتیڤانەن کە لە ساتە سەرەتاییەکانی سەفەردا دروستدەبن. لەسەرەتادا من باسم لەوەکرد کە ژمارەیەکی گەورەی کۆچبەران بە توڕەیی و بێزارییەکی ئەوتۆوە لە نیشتیمان دێنەدەرێ، بێزارییەک بەرەو حاشاکردن لە نەتەوە و نیشتیمانیان دەبات. ناتوانین بڵێین خودی ئەم گروپە ئینتگراسیۆنێکی تەواوی لە کۆمەڵگای خۆرئاوادا کردوە، ناتوانین بڵێین ئەو دابەشبوونە ترسناکەی کۆچبەر لە نێوان شوێنی یەکەم و دووەمدا قورساییەکی ڕاستەقینەی لەلای ئەوان نەماوە، بەلام دەتوانین بڵێین، جەستەی ئافرەتی خۆرئاوایی دەبێتە شوێنێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ هەموو شوێنەکان، ئەم پەیوەندییە جنسییە زۆر جار دەبێتە ڕێگای خۆدزینەوە لە خۆرئاوا و لە خۆرهەلاتیش. ژیان لەگەڵ کەسێکی خۆرئاواییدا، ئەگەر ژن بێت یاخود پیاو، ئەو وەهمە دروستدەکات کە تۆ قووڵ ڕۆچویتە ناو ژیانی کۆمەلایەتی خۆرئاواوە وماڵێکی دیت دۆزیوەتەوە. واتە ئەم دەستەیە لە ڕێگای پەیوەندییە جنسییەکانیانەوە تەجاوەزی کێشەی بونیادنانی

ناشوێن دەکەن. لێرەدا داگیرکردنی لەشی کەسی خۆرئاوایی، وەک دۆزینەوەی خاکی ئیدیال و گەیشتن بەسەر زەمینی یۆتۆپیی لێدێت. ئیدی ئەو حاشاکردنەی سەرەتا بەرابەر خۆرئاوا دروستدەبێت، ئەو سۆزە هەمیشەییەی بۆ گەڕانەوە دەخرۆشێت لای ئەوان ئامادەگییەکی ڕاستەقینەی نامێنێت. لێرەدا جنس لەگەڵ جەستەی خۆرئاواییدا وەک چاویلکەیەک بەکاردەهێنرێت تا لە ڕێگایەوە دونیا بە چاوێکی تر ببینرێت. نیشتەجێبوون لەناو جەستەیەکدا دەبێتە ئەلتەرناتیڤی هەموو کێشەکانی شوێن و دەبێتە جێگای ئیدیال... ئەم گروپە ڕۆژێک لە ڕۆژان سیفەتی کۆچبەر وندەکەن و قەیرانە وجودییەکەیان لە قەیرانەکانی کۆچبەران دووردەکەوێتەوە و دەکەونە سەر زەمینێک کەمتر سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیانگرێتەوە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە ببینین کە ئەم گروپە دەستەیەکی زۆر بچوک لە کۆچبەران لە خۆدەگرێت. هەندێکیان مێژووی سەفەریان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغێکی زۆر دێرینتر، زۆربەیان سەردەمێکی دی و ئەزموونێکی دی لەگەڵ خۆرئاوادا ژیاون، یادەوەرییەکی دییان هەیە جیاوازە لە یادەوەری کۆچبەرانی ئەمڕۆ.

گروپی دووەم:

گروپێکی گەورەترە لە گروپی یەکەم. ئەمانە ژیانی جنسیان لە ئامێزی ئافرەتی ناکورددایە «ژیانێکی ئازاد بێت، فرەهاوسەربێت، سەقامگیر و مۆنۆگام بێت یان تێکەڵێک بێت لە هەموو ئەوانە، گرنگییەکی ئەوتۆی نییە». ئەم گروپە لە پاڵ ژیانی جنسی خۆیاندا، خواست و خولیایان هەمیشە کوردانەیە، پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ نیشتیمان و کوردان و کۆچبەرانی دیکەدا هەیە، زۆرجار لە گروپەکانی تر چالاکتر و ئەکتیڤترن، زۆرجار پەیوەندییە جنسییەکانیان دەکەنە پرد بۆ ئیشکردن و خزمەتکردنی کێشە ڕۆژانە و گرنگ و هاوساتەکانی کورد و کۆچبەران. بە دیدی من لە ڕووی دینامیکیەوە گرنگترین بەشن لە نێوان کۆچبەراندا، زۆرێک لەمانە تەنیا لە ڕووی جنسییەوە ئەکتیڤ نین، بەڵکو لە ڕووی ئیشکردنەوە لە ناو خۆرئاواشدا چالاکن. ئەم گروپە لە ناوەوە لەسەر



Scanned with CamScanner

یاسایەکی گشتی و چوونیەک ئیشناکەن، بەڵکو دابەشدەبنە سەر دوو ئاستی جیاواز. زمانحاڵی بەشێکیان دەڵێت «گەرچی من توانیومە لە خۆرئاوا و لە ئامێزی ئەواندا شادی و بەختەوەریی خۆم بدۆزمەوە، بەڵام بڕوانن، من نیشتیمانی خۆم لە بیرنەکردوە». لێرەدا کۆچبەر سەرکەوتنی سێکسی خۆی وەک بەهانەیەکی دووری بەکاردەهێنێت. لێرەدا سێکس دەبێتە ئەو هۆکارەی تا کۆچبەر سەر دەر سەد ئەو وتەیە بسەلمێنێت کە دەڵێت «من بە جەستە لە خۆرئاوام و بە ڕۆح لە نیشتیمان». بەهانەیەک زەمینەی ئەوەی دەداتێ، لە یەککاتدا لە هەموو جێگاکان بێت و لە هیچ جێگایەکیش نەبێت. دەستەی دووەم لەم گروپە کەسانێکن لە بابەتی مستەفا سەعید پاڵەوانی ڕۆمانی «وەرزی کۆچ ڕووەو باکور»ی «الطیب صالح» جنس وەک کەرەستەی تۆڵەکردنەوەیەکی شارستانی و نەتەوایەتی بەکاردەهێنن. جنس لێرەدا جۆرە توندوتیژییەکی ڕەمزییە دژ بە خۆرئاوا، جۆرە ئابڕووبردن و ئەتککردنێتی، کۆچبەر واتێدەگات هەموو ئەکتێکی جنسی تۆمارکردنی سەرکەوتنێکە بۆ نەتەوە، ناشوێن لێرەدا بە وێنە و یادگاریی نیشتیمان پڕناکرێتەوە، بەڵکو بەو مەدالیا و خەڵاتە جنسیانە بونیاددەنرێت کە لە ڕێگایانەوە کۆچبەر کینەی خۆی بۆ خۆرئاوا دەردەخات و خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتیمان نیشاندەداتەوە.

ژیانی جنسی لەگەڵ کەسانێکدا لە خۆرئاوا بە مانای قەبوولکردنی خۆرئاوا نایەت، لە ڕاستیدا جەستەی خۆرئاوایی لەم گروپەدا لە پاڵ وەزیفە جنسییەکانیدا دوو فەرمانی دیکە بۆ کۆچبەر پڕدەکاتەوە. یەکەم هاوشانی دروستکردنی ئەو هەستەیە کە داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی لەشێکی خۆرئاوایی ئیحا و دەلالەتی داگیرکردنی خۆرئاوا خۆیەتی، واتە بەڵگەیەکی گرنگی سەرکەوتنە بەسەر ئەو دیوارە ئەستوور و دەرگا داخراوانەدا کە خۆرئاوا دەیخاتە بەردەم کۆچبەر. لێرەوە بڕوایەکی پتر لای کۆچبەر دروستدەکات کە گەڕانەوەی بەرەو ئامێزی نیشتیمان دەرەنجامی نوشوستی و تەنیایی و بێنرخی نییە لە خۆرئاوا، بەڵکو دەرەنجامی دلسۆزی و وەفایە. دووەم کۆنترۆڵکردنی بۆ خۆرئاوا، وەک



Scanned with CamScanner

ئەکسسوارێک بەکاردەهێنێت تا هەموو وێنە سیحراوی و خورافییەکانی کۆچبەر لە کۆمەڵگای خۆیدا زیندوو رابگرێت. ئەو خورافاتانەی لە بەشی یەکەمدا دوورودرێژ لە ئاستیاندا هەڵوێستەمانکرد. گەر سەرنجبدەین دەبینین لێرەشدا پەیوەندییە جنسییەکان دووبارە هێزی خۆدزینەوەن لە خۆرئاوا، جنس دەبێتە مایەی دروستکردنی وەهمی سەرکەوتن و کۆنترۆڵکردن، سەرکەوتنێک زۆرجار بنەمای نییە، ئەم جۆرە پەیوەندییە دواجار بە رازیبوونێکی بۆش و درۆزن دەرهەق بە خود تەواودەبێت، کۆچبەر لەم روانگەیەوە زۆرجار خۆرئاوا کورتدەکاتەوە بۆ ویلایەتێکی جنسی، پەیوەندییە جنسییەکانیشی لەگەڵ خۆرئاوادا دەبنە ئەلتەرناتیڤی پەیوەندییە فیکری و کولتووری و شارستانییەکان. ئەم خۆدزینەوەیە لە خۆرئاوا لە رێگای جنسەوە جیاوازییەکی گەورەی نییە لە خۆدزینەوەکانی دیکەی کۆچبەر.

لە دەستەی دووەمدا رۆحی ئەم گروپە روونتر ئاشکرادەبێت. لەلای دەستەی یەکەم جنس وەک چالاکییەکی سروشتی بەرووەدەخرێت کە نیشانەی سەرکەوتن و تێکەڵبوون و قەڵاشکێنی کۆچبەرە لە خۆرئاوا، بەڵام ئەم رۆحەی کە عەودالی سەرکەوتنی جنسییە نەگەیشتۆتە پلەی شەڕانگێزێتی، جنس هێشتا رەهەندێکی تایبەتی و شەخسی هەیە جیاوازە لە دەستەی دووەم کە جنس سەمبولی نێرایەتییەکی نەشکستە و نیشانەی خورتی و مەردایەتییەکی نەتەوەییە. ئەم دەستەیە لە «تەختکردن»ی ئافرەت «یان پیاوی» خۆرئاواییدا تەختکردنی کولتوور و شارستانییەتی خۆرئاوا دەبیننەوە (دیارە وشەی تەختکردن وشەیەکی جەنگاوەرانەیە و لە فەرهەنگی جەنگەوە پەڕیوەتە بۆ ناو زمانی ئەمجۆرە کۆچبەرانە). لای ئەم دەستەیە جنس نەوەکو نیشانەی سەرکەوتنی شەخسییە بەسەر خۆرئاوادا، بەڵکو کردارێکە بە ناوی هەمووان و لە بری هەموومان و بۆ بەرزڕاگرتنی عیزەتی هەموومان ئەنجامدەدرێت. جنس لای ئەم دەستەیە نەوەکو بەشێک نییە لە پرۆسەی تێکەڵبوون و ناسینی خۆرئاوا، بەڵکو بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی شەڕکردن لەگەڵ خۆرئاوادا. ئەوەی لۆرانس دەیگووت «بە چووکم شەڕ



Scanned with CamScanner

لەگەڵ بۆرژوازییەتدا دەکەم»، لای ئەم کۆچبەرانە کەمێک دەستکاریدەکرێت و دەبێتە ئەوەی بڵێن «بەچووکم شەڕ لەگەڵ خۆرئاوادا دەکەم». لێرەدا کۆچبەرن وەک کەسێکی هاوچەرخ و مۆدێرن ڕەفتارناکات، بەڵکو لە غەزاکارێکی دڕندەی کۆن دەچێت کە شورای شارەکانی شکاندوە و دوژمن ئەتکدەکات. ئەمجۆرە لە جنس حاشاکردنێکی گەورەیە لە خۆرئاوا، گەڕانەوەیە بۆ لای خێڵ بە کۆمەڵێک «سەبایا»وە. واتە جنس ئەو پاسپۆرتی گەڕانەوەیەیە کە پێویستی پێیەتی تا دەستبەتاڵ نەگەڕێتەوە. ئیدی لە ڕێگای جنسەوە خۆی وەک سوارچاکێکی ڕەمزی نیشاندەدات کە ناتوانێت مەیدانی جەنگ جێبهێڵێت، خۆرئاوا کورتدەکاتەوە بۆ یەک ڕەهەند و کۆی لایەنەکانی دی توڕدەدات. ئەو لە خۆرئاوا ناژی، بەڵکو خۆرئاوا مەیدانی نێرایەتییەتی، ناشتوانێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان، چونکە گەڕانەوە مانای دەستبەرداربوون و پشتگوێخستنی سەرکەوتنەکان، جنس لای ئەم جۆرە لە کۆچبەر دەبێتە ئەو تاکە چالاکییەی مانادەدات بە ژیان، دەبێتە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی بۆ کوردبوون بە مانا خێڵەکی و پریمتیڤەکەی. وەزیفەی ئەم شێوە ڕەفتارە جنسییە دووبارە خۆلادانە لە خۆرئاوا، بەو مانایەی خۆرئاوا جەستەیەکە ئەو کردوێتی بە موڵکی خۆی. خۆشی لە نیشتیمان لادەدات، چونکە گەڕانەوە بۆ نیشتیمان وەک چۆڵکردنی قارەمانێک وایە بۆ مەیدانی پاڵەوانبازییەکانی.

لەمجۆرە ژیانەدا جنس ڕەگەزێکی گرنگی دروستکردنی ناشوێنە دروستنەکردنی ئینتیما بۆ تاراوگە و خۆدزینەوە لە گەڕانەوەش بۆ نیشتیمان.

**گرووپی سێهەم:**

ئەگەر گرووپی دووەم بە جنسکردن تەعبیر لە حاشاکردنی خۆیان بکەن لە خۆرئاوا، ئەوا گرووپی سێهەم بە پێچەوانەوە دووریان لە کۆمەڵگای خۆرئاوا دەبێتە جۆرە دوورییەکی قووڵ لە هەموو پەیوەندییەکی جنسی. ترس لە خۆرئاوا دەبێتە ترس لە جنس.

مرۆڤی ئێمە بە ئەزموونێکی جنسی بچوک و کزەوە لە وڵات دێتەدەرێ، بە دەگمەن شارەزایی لێزانترین کەسی ئێمە دەگاتە لێزانی و ئەزموونی

هەرزەکارێکی خۆرئاوا، ئەو لە کۆمەڵگایەکەوە دێت تەنیا لە نوکتە و جنێودا دەستەواژە جنسییەکان ئازادن، کە پێدەخاتە ئەم کۆمەڵگایانە لە ڕێگای ئەزموونی خۆیەوە یان لە ڕێگای بیستن و بینینەوە تێدەگات کەوتۆتە جیهانێکەوە جنس شێوە بەرخوردێکی تری لەگەڵدا دەکرێت. جەستە بە شێوەیەکی دی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، سێکس پێویستی بە فەزایەکی ئەخلاقی و دەرونی هەیە. ئەم گروپە کە دێنە خۆرئاوا و ڕووبەڕوو بەرابەر مۆراڵ و ڕەفتاری سێکسوالیانەی کۆمەڵگای خۆرئاوا دەوەستن، توشی شۆکێکی قووڵتر دەبن، ئەو ترسەی سەرەتا کە پابەندی سامکردنە لە تەنهایی دەگۆڕێتە سەر ترسێکی جنسیش. لێرەدا ترسە کولتوورییەکان و ترس لە جەستە دەبنە دەستگری یەکدی، هەر جەمسەرێکیان کۆمەکی ئەوی دی دەکات، هەر یەکەشیان بارگەی ئەوی دی بەهێزتردەکات.

ترس لە جنس کە بەشێکی بنچینەیی کولتووری ئێمە و بەشێکی سەرەکی پێکهێنی کارەکتەری مرۆڤی خۆرهەلاتییە، هەندێ جار لە ئاستی نەستدا وەک ترس لە جەستەی مێینەیەکی فالوسی و خەسێنەردا بەرجەستەدەبێت. ئەو خۆشی و لەزەتەی کە کۆچبەر زۆرجار لە ئاستی هەستدا لە بینینی جەستەی کچانی خۆرئاوا دەیبینێت، لە ئاستی نەستدا بە سزا و گوناهبارکردن و بارکردنی ویژدان دوایبدێت. ئیفلیجی سەدان گەنجی کورد لەوەی لە هەندەران پەیوەندییەکی سێکسیانە دروستبکەن لە بەشێکیدا دەگەڕێتەوە بۆ گەورەبوونی وێنەی مێینەی فالوسی، مێینەیەک هەڕەشە لە هاوسەنگی دەرونی دەکات، هەڕەشە لە هەموو ئەو بنەما ئەخلاقیانە دەکات کە کاراکتەری کۆچبەری لەسەر بونیادنراوە.

دروستبوونی وێنەیەکی ترسناک دەرهەق بە جەستەی خۆرئاوایی، جەستەیەک هەر سێکسی دەوێت، جەستەیەک سۆزی نییە، تێناگات، تواناکان دەمژێت، نێرایەتی و مێیایەتی لاوازدەکات، مرۆڤ بۆ پلەی ئاژەڵ نزمدەکاتەوە، ئەندامی جنسی قووتدەدات و دەیقرتێنێت و نایداتەوە... هەموو ئەم وێنانە بە کۆ دەبنە بەهانەی گەڕانەوە بۆ لای جەستەی کوردی، بۆ ئامێزی هاوسەری کورد. ئەوەی کە پیاوانی کورد و ژنانی کوردیش لە خۆرئاوا دواجار دەگەڕێنەوە

بۆ نیشتیمان و لەوێ هاوسەری خۆیان هەڵدەبژێرن. بەشێکی گەورەی ترسە لەو وێنە فالوسییەی کە جەستەی خۆرئاوایی لە یادەوەریی و نەستیاندا دروستیدەکات. ئەگەر گروپی دووەم لەسەر ئەوە کاربکەن هێزی خۆیان بە جنس بەرجەستەبکەن، هێزی جنسییان بچێتە بری هێزە ئینسانییەکانی تریان، وزەی جنسییان وەک دەمامکێک بۆ شاردنەوەی لاوازیی وزەکانی دیکەیان بەکاربهێنن، ئەم گروپی سێهەمە بە پێچەوانەوە لە ئاستی جنسیشدا هەست بە لاوازییەکی ترسناک دەکەن، لە بەردەم ئازادی و ئیرۆتیکییەتی جەستەی خۆرئاواییدا هەست بە کەمییەکی گەورەدەکەن. ئەوان لە جەوهەردا کاراکتەری مرۆڤی خۆرئاوایی وەک کاراکتەرێک دەبینن کە بۆنی خواستێکی شەهوەتاویی و شەبەقییەتێکی ترسناکی لێدێت، کە بە توانا لاواز و بێئەزموونەکانی ئەوان بەراوردناکرێت. لێرەوە دەرنەخستنی ئەو ویستە بچوک و بەشەرم بارکراوەی خۆیان تاکە ڕێگایە بۆ وەدەستهێنانەوەی حورمەتێک کە پێشوەخت لە ناو نەستی خۆیاندا تێکشکانێکی گەورە ژیاوە. هەندێک جار تورەیی ئەم گروپە لە مەنفا ڕیشەیەکی جنسی هەیە، بەلام زمانیان زمانێکی ئەخلاقییە. هەندێک جار پاشەکشێی ئەم گروپە دەچێتە ئاستێکی عوسابی «عصابی» سەختەوە، وەک ئەوەی دەبێتە گەڕانەوەیەکی عوسابییانە بۆ لای دایک و بۆ قۆناغی منداڵی. بەداخەوە هەندێک لەوانە کە هەوڵدەدەن زمانی فەلسەفی بۆ تورەبوونی خۆیان لە خۆرئاوا داتاشن، لە ژێر دێڕی نوسینەکانیاندا، ئەو فۆبیا جنسییە هەیە، سێبەری ئەو عوسابە هەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە نرخی فیکرییانەی تورەبوونەکانیان کەمدەکاتەوە. کە هەستدەکەیت دژایەتی خۆرئاوا لە بنەڕەتدا هیچ نییە جگە لە میکانیزمی بەرگریکردنێکی ئەخلاقی بەرابەر ئیرۆتیکییەتی خۆرئاوا. کە هەستدەکەیت قسەکردنی لەسەر ڕۆح لەسەر دزێواندن و پیسکردنی لەش دروستبووە، تێدەگەیت ئەوەی کە بە دژایەتی خۆرئاوا خۆی ناوزەددەکات هیچ نییە جگە لە کۆپییەکی عوسابییانەی دژایەتیکردنی جەستە کە دواجار ناونیشانێکی ئایدۆلۆژی بۆ خۆی و بۆ بابەتە عوسابییەکەی دۆزیوەتەوە.



Scanned with CamScanner

ئەم گروپە گەڕانەوە بۆ لای ئافرەت یان پیاوی کورد بە شێوەیەک لە نیشتیمانپەروەریی دەزانن. گەڕانەوە بۆ ئامێزی ئافرەتی کورد «وەک پێشتریش ئاماژەم پێداوە» دەبێتە گەڕانەوەیەکی ڕەمزی بۆ نیشتیمان. لەم هاوکێشەیەدا وێنەی جەستەی ئافرەت «یان پیاوی کورد» وەک دژەوێنەی جەستەی ئافرەت و پیاوی خۆرئاوایی نیشاندەدرێت. ئەم لەشە زۆرجار وەک لەشێکی بێسێکس نمایشدەکرێت، جەستەیەکە سۆز و خۆشەویستی هەیە نەوەک جنس. بۆ نمونە وێنەی ئافرەتی کورد لەم دیدەدا بارکراوە بە زنجیرەیەک ترسناکی خورافەت کە پێکرا ژنی کورد دەخزێنێتە جوغزێکی دینی و ئەخلاقی ترسناکەوە، لەم وێنەیەدا ژنی کورد «بە ڕەوشتە، چیشمەتناسە، منداڵ دروستکەرێکی باشە، خزمەتگوزارە، چێشتلێنەرە، جلشۆرە، خێزان یەکەم و دواهەمین مەبەستی ژیانێتی، شەرمنە، ئارەزووی جنسی نییە...هتد». لێرەوە هەر ژنێک لەو سیفەتانە دەرچێت زڕانی ناوی و سەدای ئابڕووچوونی لە ناو کۆمیونتی کوردیدا لە ناوزڕانی کەسێکی هاوبەرەی لە نیشتیمان دەیانجار گەورەترە. ئەم گروپە هەموو عەقڵ و هەست و ویژدانی خۆیان دەکەنە چاوەدێرکەری ئەخلاق، دەبنە پارێزەری ئەو وێنە جاویدان و ئەبەدیی و نەگۆڕەی جەستەی ژن. وەزیفەیان لە وەزیفەی دەستەی تیربارانکردن دەچێت، کاریان بەنەفرەتکردنی ئەوانەیە کە لەو وێنەیە دەردەچن کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن. لای ئەمانە گەڕانەوە بۆ لای ئافرەتی کورد گەڕانەوەیەکی ڕەمزییە بۆ خاوێنی و پاکی و شەرەف، ناشبێت هەرگیز ئەو ڕەهەندە ڕەمزییە بمرێت، چونکە بە هەرەسی ئەو وێنەیە کۆڵەکەیەکی گەورەی ئەفسانەکانی کۆچبەر هەرەسدەهێنێت.

ئەم گروپە هەوڵدەدەن ئەو ترسەی لە خۆرئاوا هەیانە تا دوائەندازە کپبکەن، ئەمانە گوتاری ئەخلاقی خۆیان لەسەر ئەوە بونیادناوە کە خۆرئاوا کۆمەڵگای مردنی ڕۆح و جیهانی بەدڕەوشتییە. ئەم بۆچوونەش دەرەنجامێکی هەیە، دیارە کەسی بەرابەر دەپرسێت کە خۆرئاوا مەڵبەندی ئەم هەموو دەردە کوشندەیەیە، لەبەرچی تۆ ڕەوشتی خۆت ئاوا لە بەردەم تۆفانی فەساددا ڕادەگریت و



Scanned with CamScanner

ناگەڕێیتەوە بۆ نیشتیمان؟. کە ترس لە خۆرئاوا ترسێکی ئەخلاقی گەورەبێت، لێرەوە کۆچبەر دەبێت بەهانەیەکی گەورەی بەدەستەوە بێت، بۆئەوەی بیسەلمێنێت ئەو نەکەوتۆتە گێژەنی فەسادەوە. وەلامی ئەم پرسیارە لای کۆچبەرانی ئەم گروپە ئەوەیە: ڕاستە خۆرئاوا مەڵبەندی بەدڕەوشتی و سەرزەمینی خراپە و خاکی عوهرستانە، بەلام ئێمە لەوە بەهێزترین و مۆراڵمان لەوە قایمترە، شتی وا کاریگەرییەکی لەسەرمان هەبێت. مرۆڤ شەرەفی خۆی لەگەل خۆیدایەتی، مرۆڤ کە خۆی ڕەوشتبەرز بوو لە هەموو جێگایەکدا خۆی دەپارێزێت، کە واش نەبوو شوێن نرخێکی ئەوتۆی نییە.

گەر سەرنجبدەین لە جەوهەردا ئەم وەلامەدا جیاوازییەکی گرنگی لەگەل وەلامی گروپی دووەمدا هەیە. گروپی دووەم نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان، چونکە گەر ئەوان بگەڕێنەوە کێ دەتوانێت درێژە بە مارشی خورتی و کەلەپیاوی ئەوان بدات؟ لێرەدا خۆرئاوا گرنگە چونکە ئەو مەڵبەندەیە کە پیاوی ئێمە دەتوانێت بۆ کچان و ژنان و پیرێژنانی خۆرئاوای بسەلمێنێت، چ کەلەنێرێکی بێوێنە و دانسقە و تەراکەوتەیە. بەلام گروپی سێهەم هەوڵدەدەن لە نرخی «شوێن» وەک فەزایەکی ئەخلاقی کەمبکەنەوە. ئەوان شەرەفی خۆیان لەوە بە قایمتر وێنادەکەن خۆرئاوا بتوانێت بیخاتە بەر تاقیکردنەوەوە. بۆیە ناگەڕێنەوە چونکە ئەخلاقیان لەوە بنئەستوورترە دەوروبەر بیلەقێنێت. ناشوێن لای ئەمان لەو شورا ئەخلاقییەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەرامبەر مۆراڵی خۆرئاوا لە دەوری خۆیان و ژن و کچ و کوڕەکانیان دروستیدەکەن. ئەوان ناگەڕێنەوە چونکە لە بنەڕەتدا خۆرئاوا ئەو هێزەی نییە هەڕەشە لە ڕەوشتیان بکات، ئەخلاق لای ئەمان جەوهەرێکی نەگۆڕە، لێرەبن یاخود لە نیشتیمان ئەو جەوهەرە هەردەم نەگۆڕ دەمێنێتەوە. دەرەنجامی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کەسی کۆچبەر پتر دیواری شورا ئەخلاقییەکانی خۆی قایمدەکات، پتر ویستەکانی خۆی دەچەپێنێت، گەر ئارەزووە حەرامەکانیش کەوتنە سەرەتاتکێکردن پتر سزای دەرونی خۆی دەدات. دەبێت پەلەبکات لە دروستکردنی ماڵێکی کوردی و خێزانێکی کوردیدا تا مۆراڵی خۆی



Scanned with CamScanner

بپارێزێت. ناشوێن لای ئەمان خۆشاردنەوەیە لە خۆرئاوا لە ڕێگای بایکۆتێکی ئەخلاقییەوە، خۆشاردنەوەشە لە نیشتیمان لە ڕێگای دڵنیاکردنی دەوروبەرەوە بە هێز و قایمی ئەخلاقیاتی خۆیان.

**گرووپی چوارەم:**

گرووپی ئەوانەیە کە لە بنەڕەتدا بە خێزانەوە دێنە ئەوروپا و خۆیان وادەردەخەن کە پێویستیان بە پەیوەندی جنسی لەگەڵ خۆرئاوادا نییە. ئەم گرووپە پاسیڤترین و داخراوترین گرووپی کۆچبەرانن. ژیانی جنسی ئەم خێزانانە زۆرجار جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ژیانی جنسی خێزانە هاوشێوەکانیان لە نیشتیمان نییە. ئەم پاسیڤیزمە جنسییە، ئەم ڕوو وەرگێڕانە لە خۆرئاوا وەک بابەتێکی جنسی و نیازێکی لیبیدۆیی، دەبێتە ڕوو وەرگێڕانێکی ڕەها لە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی خۆرئاوا. باوک و دایکی ناو ئەم خێزانانە خۆیان بە پاسەوانی یەکەمی ئەخلاق دەزانن، وەزیفەی خۆیان بەوە تێدەگەن سنووری کۆنتاکت و شێوەی هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان لەگەڵ خۆرئاوادا دیاریبکەن. توندگیریی ئەخلاقی یەکێکە لەهەرە کۆڵەکە سەرەکییەکانی خۆپاراستنی ئەم خێزانانە، نیشانەی هەرە گەورەی وەفا و ئیمانداریشە بۆ نیشتیمان. پاراستنی ئەو بۆماوە ئەخلاقییەیە کە نەوە دوای نەوە دەیگوازنەوە، شاڕێگای گەورەی ئەم خێزانانەیە بۆ دەرخستنی وەفاداریی هەتاهەتایی خۆیان بۆ خاکی یەکەم. ئەم گرووپە لە هەموو گرووپەکانی تر لە خۆجیاکردنەوە و خۆ بە دوورگرتندا لە خۆرئاوا توندڕەوترن، لە هەموو گرووپەکانی دیش زیاتر قسە لە گەڕانەوە دەکەن. خەونی گەڕانەوە لە ناو ئەم خێزانانەدا میکانیزمێکی دروستکردنی بیرکردنەوە و وەلائە بۆ وڵات لەلای منداڵەکانیان. ئەوان لە ناو خێزان و لە دانیشتنە کۆمەڵایەتییەکانیاندا هێندە زۆر و بە جۆش قسە لە گەڕانەوە دەکەن، تا ڕۆژێک ئیدی دەبێتە پرسیار و خولیای منداڵەکانیشیان، دەبێتە بەشێک لە ئاسۆی بیرکردنەوە و خەیاڵیان، ئیدی وای لێدێت منداڵەکان قووڵتر بیر لە سەرچاوە و زادگای ڕەسەنی خۆیان دەکەنەوە... خودی ئەم باسکردنە بەردەوامە ویستی ڕاستەقینەی گەڕانەوە ڕانانێت، بەڵکو



Scanned with CamScanner

دایک و باوک لە ڕێگای باسکردنی نیشتیمان و گەڕانەوەیەکی حەتمییەوە دەیانەوێت پەیوەندی منداڵەکانیان بە خۆرئاوا و کولتوورەکەیەوە تا دوا ئەندازە تەسکبکەنەوە. خودی ئەم سووربوون و پێداگرتنە لەسەر گەڕانەوە، هەوڵە بۆئەوەی کاراکتەری منداڵ پێچێک ڕووەو زادگا و ئەخلاقیاتی باوان بکاتەوە و لە بیری ئەوەدا بێت کە ئەو سەر بە شوێنێکی دیکەیە، ئەمە لە جەوهەردا کارێکی گەلەک باش دەبوو گەر بە نیازی دابڕاندنی منداڵ لە کولتووری خۆرئاوا، چاندنی حوکمی پێشوەخت و ڕکەبەرایەتی دینی و ئەخلاقی نەبایە، گەر لە خزمەتی سیاسەتی «ئێرەش» و «ئەوێش»دا نەبایە، کە دەیەوێت پالاوتگەیەک دابنێت لە هەر دوو لا سوودەکان بمژێت و سەر بە هیچ دونیایەکیش نەبێت. ئەمە ئەمڕۆ وایکردوە منداڵی کورد بوونەوەرێکی بێکاراکتەر و ئیفلیج بێت و سەر بە هیچ دونیایەک نەبێت... وایکردوە هەرزەکارانی کورد دوو ڕێگایان لە بەردەمدا بێت کە هەردووکیان بە مردنی ڕۆحی و مانەویی دوایدێن. یان مردن لە باوەشی خێزاندا، یان هەڵهاتن لە خێزان و ونبوون و دەستخەڕۆبوون لە دەرەوە.

ڕێگا سەرەکییەکانی ئەم گروپە بۆ خۆدزینەوە لەگەڕانەوە بەرەو نیشتیمان دوو شێوازی سەرەکییە. یەکەمیان: وەک دەستەی سێهەم، وێناکردنی خودە وەک قەلایەکی پتەو و نەپساوی ئەخلاق، خۆ نیشاندانە بە وێنەی ئەو خانەوادانەی ئەخلاقیان لەوە قایمتر و بەستووترە، هیچ بایەک بتوانێت بیلەقێنێت. هیچ خێزانێک لەم خێزانانە ناتوانن دان بەوەدا بنێن کە خۆرئاوا لاوازیکردون و خەریک بووە بیانخاتە سەر ئاگری هەوا و هەوەس بۆیە فریاکەوتون و گەڕاونەتەوە بۆ نیشتیمان. هیچ بابێکی ناو ئەم خێزانە ناڵێت من هەوەسم چۆتە سەر شێوە ژیانێکی جنسی دیکە بۆیە گەڕاومەتەوە، هیچ خاتوونێکی ناو ئەم خێزانانەش ناڵێت، من چیدی ئارەزووم لەو شێوە ژیانەی خێزانی خۆم نەمابوو، بۆیە دەبایە فریای شەرەفم بکەوم و ڕزگاریبکەم و لەو شوێنە دوورکەومەوە کە وەسوەسە و خەیالاتی بەدی لە مندا دەچاند. لەبری ئەم هەڵوێستە نەگونجاو و ژانبەخشە خێزان خۆی دەکاتە قەلایەکی ئەخلاقی ئەوتۆ کە ئارەزووی حەرام لە هیچ



Scanned with CamScanner

بەلاقەیەکەوە نەتوانن ڕووی تێبکەن. کۆچبەرانی ئەم گروپە بۆئەوەی خۆیان لە گەڕانەوە بدزنەوە، خێزان لە ناوەوە دەکەنە زەمینێک کە هیچ ویستێکی حەرام نەتوانێت تیا هێلانەبکات. شتەکان وا وێنادەکرێت، وەک نەکردە و نەشیاو بێت، هیچ جۆرە ئارەزوویەکی ناشەرعی بە ڕێکەوت و ڕاگوزەریش بەناو ئەو باڵەخانە بەرزەی شەرەفی ئەواندا ڕابورێت. خودی ئەم بۆچوونە دینییە وادەکات هەر جۆرە لادانێک لەم پرەنسیپە، بە تاوان و کوشتن و لێدان و سووتاندن تەواو ببێت. ترسناکترین تاوانەکان لە ناو ئەو خێزانانەدا ڕوودەدەن کە خۆیان وەک قەلای شەرەف وێناکردوە. ئەو تاوانە ترسناکانەی شەرەف کە لە ناو کوردەکانی ئەورووپادا ڕوودەدەن و زوو زوو تەواوی کۆمەلگا خۆرئاواییەکان دەهەژێنێت، لە ناو ئەم خێزانە زۆر بە شەرەفانەدا ڕوودەدەن.

ڕێگای دووەم: بۆ گەیشتن بە ناشوێن و خۆدزینەوە لە گەڕانەوە، بریتییە لە ستراتیژی قسەکردنی بەردەوام و خەوبینینی بەردەوام بە گەڕانەوەوە. ئەم گروپە ژیانی خۆیان لە ناشوێندا لە ڕێگای یۆتۆپیای گەڕانەوەوە ئاودەدەن، ئەمان ناگەڕێنەوە، بەلام بەردەوام قسە لەوە دەکەن کە لەسەر گەڕانەوەن. بەردەوام کۆمەڵێک چیرۆک هەیە کە دەیگێڕنەوە و دەیکەنە بە هانەی دواکەوتنی پرۆژەی نەگەڕانەوە. وەک ئەوەی لە چاوەڕێی هەلێکی گونجاودان، هەندێک پرۆژەیان هەیە دەبێت تەواوییکەن، فرسەتێکی باشتریان دەوێت، پارەکەیان کەمە و دەبێت تۆزێک زیاتر بێت، بارودۆخی سیاسی کەمێک زیاتر ڕوونببێتەوە، بەڵکو وڵات ئارام و ئاوەدانتر بێت، بەڵکو منداڵەکان خوێندنەکەیان لێ تێک نەچێت، ... هتد.

بەگشتی یۆتۆپیای گەڕانەوە باشترین ڕێگای درێژەدانە بە «نەگەڕانەوە» و بنجبەستبوون لە ناشوێندا. کۆچبەر تا ئەبەد دەتوانێت قسە لە گەڕانەوەیەک بکات کە هەرگیز کاتی گونجاوی بۆنادۆزێتەوە.

# زمان و ناشوێن

جۆزێف برۆدسكی دەڵێت «نوسەرێك بێت لە تاراوگە، وەك ئەوەیە سەگێك بێت لە كەپسولێكدا توڕیاندابێت بۆ ئاسمان»«٣٤». دیارە نوسەران لە هەر دەستە و تاقمێكی دی زیاتر نرخی ئەو ئازادییە دەزانن كە تاراوگە دەیبەخشێت، بەڵام گومان نییە لەوەی كە كێشەی زمان یەكێكە لە هەرە كێشە كوشندەكانی تاراوگە و قورسایی ئەو كێشەیە لەسەر نوسەران، چەندین جار سەنگدارتر و فشاربەرترە لە كەسانی ئاسایی. سیزلاف میلۆزیتش كە باس لە زمان و تاراوگەبوونی نوسەر دەكات، دەڵێت «لەو جێگایەدا كە خەڵك چاوەڕوانی وشەكانی دەكەن، قەدەغەیە قسەبكات. كە دەڕوات و ئازادی قسەكردن وەدەستدەهێنێت، ئیدی كەس نییە گوێی لێبگرێت، جگە لەوەی خۆشی لەیادیچۆتەوە دەبێت چی بڵێت»«٣٥». لە ڕاستیدا هیچ شتێك لەوە ترسناكتر نییە، تۆ بە زمانێك بیربكەیتەوە و بنوسیت، بەڵام لەسەر زەمینی زمانێكی تردا بژیت. هیچ شتێكیش وەك دیلبوون لە ناو یەك زماندا غەمگین نییە، هەتا ئەگەر ئەو زمانە، زمانی دایكیشت بێت. قۆناغە سەرەتاییەكانی نیشتەجێبوون لە مەنفا قۆناغی ئازارێكی قووڵە لەگەڵ زماندا، ئازاری تێنەگەیشتن و فێرنەبوون. هەندێ كەس هەرگیز ئەو قۆناغە جێناهێڵن، هەندێكی دیش جێیدەهێڵن بێئەوەی ئازارەكانیان بیربچێتەوە. بەهەرحاڵ كێشەی زمان بە ئاستی جیاواز جیاواز و بە شێوەی هەمەچەشن لەگەڵ كۆچبەردا دەژی و دەمێنێتەوە، چەند كات تێبپەڕێت چەند لە فێربوونی زماندا بچینە پێشێ، كێشەی زمان نامرێت و لەگەڵماندایە. فێربوونی زمان گەر ناچاریی بێت، گەڕانەوەیەكی زۆرەملێیە بۆ منداڵی و بریندارکردنێكی قووڵە بۆ خودئەڤینی و ئینسانییەتی مرۆڤەكان. كێشەی زمان زنجیرەیەك گرفتی یەك لە دوای یەكە، ئەگەر كێشەی تێنەگەیشتن نەبێت، ئەوا



Scanned with CamScanner

کێشەی قسەکردنە، ئەگەر کێشەی قسەکردن نەبێت، کێشەی نوسینە، ئەگەر کێشەی نوسین نەبێت، کێشەی توانای گوزارشتە، ئەگەر کێشەی گوزارشتیش نەبێت، کێشەی جیاوازیی یادەوەریی ناو زمانەکانە، ئەگەر هیچیان نەبێت ئەوا کێشەی ئەو کاراکتەرە دەستکردەیە کە زۆرجار زمانی بێگانە لە ناوماندا دەیچێنێت. کەمی وەرگێڕان لە زمانە بیانەکانەوە بۆ کوردی و لە کوردییەوە بۆ زمانە بیانییەکان تەنیا شاهیدی قەیرانی ڕۆشنبیری نییە، بەڵکو ئاوێنەی کێشەی مرۆڤی ئێمەیە لەگەڵ زمانیشدا، قەیرانێک هەموومان تیادەژین، چ ئەوانەی زمانەکان دەزانن و چ ئەوانەی نایزانن. زۆرجار تووڕەبوون و بێزاربوون لە زمانەکانی خۆرئاوا بە تووڕەبوون و بێزاریی لە کۆی خۆرئاوا دەشکێتەوە، هەندێ جاریش بە پێچەوانەوە ئەزموونی تاڵ لەگەڵ ئەم کولتوورانەدا دەبێتە هۆی ڕوو وەرگێڕان و کزبوونی ئارەزووش بۆ زمان. لە ڕاستیدا ئازاری زمان ئازارێکە دەکرێت هەوێنی تێڕامانێکی سۆسیۆلۆژی قووڵ بێت. ئێمە سەرەتا لە دونیایەکەوە دێین، زمانی خۆمان زمانی دووهەمە، تائەندازەیەک ئەو زمانانەی فێریاندەبین وەک فەرزێکی سیاسی بەسەرماندا سەپێنراون، زۆرجار بە ڕقێکی زۆرەوە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو زمانانەدا کردوە کە زمانی داگیرکەرەکانمان بوون و دەبایە ئێمە بیانزانین. ئێمە لە هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگ و زاڵمانەدا پەیوەندیمان لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا دروستکردوە، ناچاربووین عەرەبی و فارسی و تورکی فێربین و بە دەگمەن لە ژیانماندا عەرەبێک و فارسێک و تورکێکمان بینیوە ئەلف و بێی زمانی ئێمە بزانن. خودی فێربوونی زمان لێرەدا ئاوێنەی بێدادیی و نادادپەروەرییەکی گەورەیە. دیارە من لەوانە نیم هەڵوێست لە داگیرکەر تێکەڵاو بە هەڵوێست لە زمان و کولتووری ئەوان بکەم، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە یادگار و یادەوەریی و ئەستی ئێمە دەرهەق بە فێربوونی زمان پڕ نییە لە وێنەی تووڕە و بریندارکەر. تاراوگە ئەم برینە قووڵتردەکاتەوە، لەگەڵ کۆچدا تێدەگەین ئێمە هیچ کات بستە زەمینێک نادۆزینەوە زمانی ئێمە تیا سەروەر بێت. کەسێکی دی نادۆزینەوە



Scanned with CamScanner

زمانمان بزانێت و ڕێزی لێبگرێت، تێدەگەین ئێمە لەهەر کوێیەکی دونیادا بین زمانمان زمانی پەراوێزە، ئەمە وادەکات ئارەزووی فێربوونی ڕاستەقینەی زمانەکانی دی لە مرۆڤی ئێمەدا زۆر کزببێت. من پێموایە بەربەستێکی قوول لە ئەستی ئینسانی ئێمەدا ئارەزووی فێربوونی زمان دادەمرکێنێتەوە. ئەوەی مرۆڤی کورد ناتوانێت بە زمانی خۆیەوە بەنرخ بێت، یەکێکە لە هەرە گورزە کوشندەکان لە خودئەڤینی ئەم مرۆڤە. دیارە بەرزڕاگرتن و بە گرنگ زانینی زمانەکانی دیش، بەرزکردنەوەیەکی ڕەمزییە بۆ کاراکتەری ئەویدی بەرابەر بە خۆی، هەتا ئەو کۆچبەرانەش کە زمان فێردەبن وەک ئەوەیە تەمامی لەگەڵ بەرزی و بڵندی زمانەکاندا بکەن، وەک ئەوەیە بە کۆچبەرەکانی دی بڵێن، ئەوەتا ئێمە لەوەدەرچووین گرێمانەی زمان «عقدة اللغة»مان هەبێت. ناڵێم کێشەی زمان، بەڵکو وشەی «گرێمانە ـ عقدة» بەکاردەهێنم، بەو مانایەی مانەوە لە سنووری زمانی خۆتدا، وەک مانەوە لە دۆخێکی نزم و ناکامل و ئیفلیجیدا سەیردەکرێت.

زمان یەکێکە لەو هۆیانەی پاڵ بە زۆرینەی کۆچبەرانەوە دەنێت ڕووەو خود بگەڕێنەوە. فێرنەبوونی زمان، یان خواستی بەکارنەهێنانی، لە دواجاردا لە دروستکردنی ناشوێندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت. نەویستنی زمان، ڕانەهاتن لەگەڵیدا، یان فێربوونی بە ئەندازەیەکی زۆر سنووردار، یان فێربوونی و سوود لێ نەبینینی، جۆرێک لە خۆشاردنەوەیە لە خۆرئاوا. زمان پلەی نائاسوودەگی لە ژیانی کۆچبەردا چەند پلەیەک بڵنددەکاتەوە. وادەکات مرۆڤ بۆ شوێنێکی دی بگەڕێت، بۆ جێگایەک کەمتر فشاری بێزمانی لەسەر بێت. لێرەوە گەڕانەوە بەرەو زمانی دایک، دەبێتە یەکێک لە هۆکان و کەرەستەکانی دروستکردنی ناشوێن. قسەکردن بە زمانی ڕەسەنی خۆمان شتێکی ئاسایی و ڕەوایە، چ پەیوەندییەکیشی بە شوێن و ناشوێنەوە نییە، بەڵام کە بە کارهێنانی زمانی دایک وەک جەمسەرێکی پێچەوانە و ئەلتەرناتیڤی بەکارهێنانی زمانی بیانی بوو، لێرەدا قسە لە وەزیفەیەکی زمان دەکەین، جودایە لە وەزیفە



Scanned with CamScanner

نەرمییەکەی. یاخود کاتێک بەکارهێنانی زمان هاوشانی پێداگرتنێکی عاتیفی بوو لەسەر نیشتیمان، واتە کەرەستەیەکی نیشاندانەوەی وەفاداریی بوو بۆ بوو بۆ زمان و جۆشوخرۆشی زیاد بۆ زمانی دایک، بەشێکە لە دیکۆرە نەتەوە، ئیدی زمان و ئایدیۆلۆژییەکانی ناشوێن. ئیدی غەمخۆری دەرهەق بە زمانی دایک دەروونی و ئایدیۆلۆژییەکانی ناشوێن. ئیدی غەمخۆری دەرهەق بە زمانی دایک دەمکاتە پلەیەکی ئەفسانەیی، هەندێک لە کۆچبەران ترسێکی قووڵیان دەرهەق بە زمانی خۆیان لادروستدەبێت، ترسی ئەوەی منداڵەکانیان کوردی نەزانن. دیارە شتێکی زۆر سروشتییە منداڵەکانمان فێری کوردی بکەین، بەڵام کە ئەم ترسە چووە ئاستی فۆبیاوە، چووە ئاستی ئەوەی ئەمە ئەرکێکی نەتەوەییە، ئەوەی منداڵەکەی کوردی باش نازانێت خیانەتکارە، لێرەدا لە بەردەم دیاردەی بەکارهێنانی زماندایین وەک چەکێک کە کۆچبەر دڵسۆزیی و وەلائیکی زۆرجار دروزنانەی پێ گەرمدەکاتەوە. زۆرینەی ئەوانەی کە بەو جۆرە پێ لەسەر کوردایەتی خۆیان دادەگرن، ئامادەنین لە هەموو تەمەنیاندا کتێبێک، یان گۆڤارێک یان سیدی هونەرمەندێک یان تابلۆی هونەرمەندێکی کورد بکڕن. واتە ئەو حاڵەتەی ئێمە دەیبینین حاڵەتێکی فۆبیاییە کە پەیوەندی بە خولقاندنی شوێنێکی ترەوە هەیە لە مەنفا نەوەک بە خزمەتکردنی نەتەوەوە.

گەر نمونەیەکی نوێ و زیندوو بهێنمەوە، نمونەی یەکێک لە شاعیرەکانمان دەهێنمەوە، کە لە مێژە لە خۆرئاوایە. ئەم برا خۆشەویستەمان لە چاوپێکەوتنێکدا واقسەدەکات کە ئەو هەندێ جار کە شیعر دەنوسێت چەندین شەو خەوی لێناکەوێت، تەنیا بیر لە شوێنی نوختە و فاریزەکان دەکاتەوە. دیارە ترسی ئەوەی شوێنی نوختە و فاریزەکانی تەواو نەبن، بەجۆرێک خەیاڵی داگیردەکات، بواری بۆ نامێڵێتەوە بیرێکی تر لە فیکر و ڕۆشنبیریی و کێشەکانی دی بکاتەوە. هەر ئەم برایەمان فۆبیایەکی گەورەی لە لەناوچوونی زمانی کوردیی هەیە، لە هەموو جێگایەک وا باسدەکات کە زمانی کوردی بەرەو نەمان دەچێت، نوسینی کوردی هەمووی هەڵەیە، بەرگی کتێبەکان هەموو هەڵەن، زمانی هەواڵەکان هەمووی هەڵەن، کتێبی قوتابخانەکان هەمووی هەڵەن، مانشێتی ڕۆژنامەکان



Scanned with CamScanner

هەمووی هەڵەن، نوسینی نوسەرە لاوەکانمان هەموو هەڵەن. لای ئەم شاعیرە فۆبیاگرە یەک جۆرە کوردیی لە دونیادا ڕاستە، ئەوەیش ئەو جۆرە کوردییە بە کە خۆی و سێ چوار برادەری خۆی پێی دەنوسن، ئیدی ڕێزمانی ئەوان و ڕێنوسیان ستانداردە. دیارە ئەم حیرسە بۆ زمانی کوردی گەورە و ڕاستگۆیانە دەبوو گەر ئەم برایەمان دوای گەشتێکی درێژ لە خۆرئاوا کۆمەڵێک هەوڵی فیکری جیددیانەی هەبایە، هەندێ کتێبی فیکر و هەندێ ڕۆمان و هەندێ دیوانی بۆ بکردینایەتە کوردی، هیچ نەبایە بەردەوامییەکی ڕاستگۆیانەمان لە شیعردا لێبدیبایە، ئەوا دڵنیادەبووین ئەوەی ئێمە بە فۆبیا ناویدەبەین، فۆبیا نییە و حەسرەت و دڵسۆزیی و نەتەوەپەرستییە. بەڵام یەکێک هەموو ژیانی لە ژێر نازناوی ڕۆشنبیردا ژیابێت و جگە لە کۆمەڵێک قیڕەقیڕی ناسیۆنالیستیانە هیچمان لێ نەبیستبێت، ئێستاش کەسمان بیروبۆچوونی ڕاستەقینەی لەسەر هیچ کێشەیەکی دونیا نەزانین، ئیدی شەو خەو لێنەکەوتن بە دیار نوختە و فاریزەوە، بۆ وەک سووتان بۆ کورد تەماشابکرێت؟ هەموو دەزانین کورد پێویستی بە ڕەنجی تر هەیە، کێشەکانی کورد لە جێگای دوورتر و قووڵتردان. حەسرەتیش بۆ شوێنی نوختە و فاریزە جگە لە حاڵەتێکی فۆبیایی و عوسابی زیاتر هیچی تر نییە.

ئەمە نیشانەیەکی گەورەیە کە پێداگرتن و سووربوون لەسەر هەندێک وردەکاریی ناو زمان، پەیوەندی بە میکانیزمی ترەوە هەیە، جۆرێکە لە نیشاندانی سەرپەڕانەی وەفا کە دوای هەستێکی قووڵ بە بێوەفایی سەرهەڵدەدا. واتە خۆبەستنەوەی توند بە زمانی نەتەوەوە، دواجار هەمان وەزیفەی هەیە کە دیواری ماڵ هەیەتی، وەزیفەی پاراستن و خۆ بە دوور گرتن لە خۆرئاوا. دەستبەرنەدان لە زمان، شتێکە هەموو تەباین لەسەری، ئیدی بۆ بەم شێوە تیاترئاسایە نیشاندەدرێتەوە؟ بۆ هەندێ جار بەو شێوە هیستیرییە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟ بێگومان لە پشت ئەم نمایشەوە دەنگێک هەیە دەڵێت «ئەی وەتەن تەماشای کوڕەکانت بکە، لە غوربەتدا چەند دڵسۆزی زمانەکەتن». زمان



Scanned with CamScanner

لێرەدا دیوارێکە هەڵیدەچنین تا بیسەلمێنین کە لە خۆرئاوادا نەتواوینەتەوە. زۆر لە نوسەرانی کورد لە خۆرئاوا، زمانی کوردیی وەک سەنگەریی خۆشاردنەوە بەکاردەهێنن، ترسیان بەرامبەر ئەم زمانە، لە غەمخۆرییانەوە نییە بۆ داهێنان، بەڵکو وەک ترسیان وایە لە ڕووتی و دەرکەوتن و ئاشکرابوون.

فێربوونی زمانی بێگانەش زۆرجار وەک فێرنەبوونی زمان سروشتێکی نمایشئاسای هەیە. وەک چۆن هەندێک دەڵێن «سەیرکەن ئێمە هێندە خۆشەویستیمان بۆ زمانی خۆمان گەورەیە، هیچ بایەخێک بە زمانەکانی دی نادەین». ئەوانیدی وێنەیەکی پێچەوانە دروستدەکەن کە وێنەی ئەو قارەمانەیە کە توانیویەتی خاکی زمانەکانی دی داگیربکات. لێرەدا فێربوونی زمان وەک ڕامکردنی ئافرەت وەهایە، هێمایەکە بۆ خورتی و هێز و نێرایەتی. ئەمجارەش کۆچبەر وێنەکە هەر بۆ نیشتیمان دەنێرێتەوە. لێرەشدا کۆچبەر بە نیشتیمان دەڵێت «بڕوانە کۆچبەرە قارەمانەکەت، چ ئازایانە بەسەر سەختترین بەشی ژیانی غوربەتتدا سەرکەوت، کە فێربوونی زمانە». لە ڕاستیدا ناشوێن سیستمێکی بەردەوامی ناردنەوەی وێنەیە بۆ نیشتیمان، هەتا ناردنەوەی نوسین و کتێبیش کە ئێمەی نوسەران دەیکەین هەمان ڕۆڵی هەیە، واتە ئاڵتەرناتیڤی گەڕانەوەیە بە جەستە، هەوڵدانە بۆ خۆدزینەوە لە گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ. هەموو ئەم شتانە دەکرا وەک چالاکی ئاسایی سەیربکرێن، بەڵام کاتێک بە کۆ بە دەلالەتی نیشتیمانپەروەرانە باردەکرێن، ئیدی ناوەڕۆکێکی دی ئاشکرادەکەن.

بە گشتی فێربوونی زمان «لە ژێر کاریگەریی گوشاریی توندی ناشوێندا» وەک کەرەستەیەکی ڕۆشنبیریی بەکارناهێنرێت کە زمان و کولتووریی پێ دەوڵەمەند بکرێت. دیاردەیەکی سەیر و جێگای پرسیارە، کە زۆربوونی خاوەن شەهادەکان لە وڵاتی ئێمەدا هاوڕێی پاشەکشە و هەژاربوونی هەرچی زیاتری ڕۆشنبیریی کوردییە. ژمارەی ئەوانەی ئەمڕۆ زمانی بێگانە دەزانن گەر بە ڕێژە لەگەڵ جاراندا بیانپێوین زۆر زۆر گەورەبووە، کەچی ئەم



Scanned with CamScanner

زیادبوونە، هاوشانی دوورکەوتنەوەی پتری ئێمەیە لە دونیا. ئەمە بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە غەمی فێربوونی زمان غەمێکی ڕۆشنبیریی نییە، بەڵکو غەمێکی نمایشییە. کەم نەتەوە هەیە بە ئەندازەی ئێمە خەڵکی لە خۆرئاوابێت، کەم نەتەوەش هەیە بە ئەندازەی ئێمە لە خۆرئاوا بێئاگا بێت. کۆچبەر لەو ساتانەشدا کە فێری زمانی میللەتانی دی دەبێت، تەنیا ئەو سەرمایە ڕەمزییەی مەبەستە کە ئەو وەک تاک و وەک زمانزان بەدەستیدەهێنێت، نەوەک ئەو سەرمایە ڕۆشنبیرییەی کە زمانەکانی دی دەیخەنە بەردەستمان. زۆربوونی ژمارەی زمانزانەکانمان، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوون و بەرچاویی لە دونیای فیکریی و ڕۆشنبیریی ئێمەدا نییە. مرۆڤی ئێمە کە زمانی دیش فێردەبێت تەنیا قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، کە زۆرجاریش قسە بۆ خۆرئاوادەکات، گوێت لەو مەنەلۆژە ناوەکییەیە کە دەشکێت و ناتوانێت ببێتە دیالۆگ.

کاتێک لە زمانەکانی دی ڕادەکات، زمانی خۆی دەکات بە دەرگای نەکراوە و کلۆمکراوی ناشوێن. کاتێکیش زمانەکانی دی فێردەبێت، دەیانکات بە وێنە، دەیانکات بە شێوازی خۆجوانکردن و ماکیاژکردن، نەوەک بە دەرگای قسەکردن و کرانەوە بۆ دونیا. لێرەدا فێربوونی زمان لەبری ئەوەی ببێتە کەرەستەی ناسینی ئەویدی، دەبێتە کەرەستەی نەناسینی ئەو، ئیدی سەیرنییە لەو هاوکێشەیە تێبگەین، بۆ زۆر لە دکتۆر و ئەکادیمی و ڕۆشنبیرەکانمان زمانی بێگانە دەزانن و ئەویدی ناناسن. بۆ ساڵەهای ساڵ لە خۆرئاوا دەژین و دوو کاری گرنگیان ناخوێنینەوە. بۆ هەندێکیان لەگەڵ فێربوونی زیاتری زماندا دەبنە ناسیۆنالیستی توندڕە و یان دیینگەرا. ئایا ئەمانە هەموو بەڵگەنین کە فێربوونی زمانەکانی دی، بۆ ناسینی ئەویدی نییە، بەڵکو بۆ دووبارە ناسینەوەی خودە. بۆ تەنیا کوردۆلۆژی دەبێتە بابەتی سەرەکی و هەرێمی سەرەکی ئیشکردنی بەشی هەرە گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەورووپا؟ بۆ هیچ خۆرئاواناسێکمان نییە؟ ئایا ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئێمە زمانی ئەوی دی دەکەین بە ئاوێنەیەک بۆئەوەی تەنیا خۆمانی تێدا ببینینەوە؟.



Scanned with CamScanner

# هەندێك وردە تێبینی وەك كۆتایی بۆ سەرەتایەكی تر

ئەوەی من لێرەدا كارم لەسەر كرد، بەشێكی بچوكی ئیشكردن بوو لە دونیای ناوەوەی غەریبان. قسەكردن بوو لە ترسی غەریبان لە غوربەت. دیارە ئەم ترسە و میكانیزم و دەركەوتەكانی دونیایەكی گەورەتر و ئالۆزترە لەوەی كە من لێرەدا هێزم بەسەریدا شكاوە. جگە لەوەی كە غەریبان لە كۆمەڵێك گۆشە نیگای دیشەوە دەخوێنرێنەوە، وەك خوێندنەوەی ژیانی كۆچبەر لە دونیایەكدا كە دیاردەیەكی ترسناكی تێدایە بە ناونیشانی «ترس لە غەریبان ـ كسینۆفۆبیا -Xenophobie» هەروەها مەیلیشی تیایە بۆ «عەشقی غەریبان ـ Xenophilie». گەڕانی من تەنیا خوێندنەوەیەك بوو بۆ ژیانی كۆچبەرانی كوردی، ژیانێك پێموایە تەنیا هەرێمێكی نەدۆزراوە نییە لەلای خۆمان، بەڵكو هەرێمێكی نەدۆزراوەشە لە زانستە ئەكادیمییەكاندا، كە بە چاوێك سەیری كۆچ و كۆچبەری دەكەن، بۆ ئێمە كە ڕۆژانە ئازارەكانی كۆچ دەژین، گەلێك دوور و ناڕاست و نەپێكە. من لەم باسەمدا نەمتوانی وەك پێویست ئەو ڕاستییە بگەیێنم كە كۆچبەر بوونەوەرێكی غەمگینە. ڕاستە تا ئەندازەیەكی زۆر هەوڵی دروستكردنی گونجان و هارمۆنییەت دەدات، هەندێك جار ناچارە نمایشی خۆشبەختی و بەختەوەریی پێشكەشبكات. بەڵام دەبێت بزانین لەو هەوڵانەدا تەنیایە. لە هەموو شتێك ترسناكتر لە ژیانی كۆچبەردا ئەوەیە كە نە كۆمەڵگای خۆی ئازارەكانی هەڵدەگرێت و نە خۆرئاواش، نە كۆمەڵگای خۆی ئاگاداری ئەوەیە ئەو چیدەكات و چۆن دەژی و نە خۆرئاواش، ژیانی ئەو ڕووبەرێكی نهێنییە. لە ئێستای ئەم دونیایەدا كەم بوونەوەر هەبێت وەك ئەو لە نێوان شەرم و ئارەزوو، خەون و نائومێدیدا پارچەپارچەبووبێت. هەموو ئەو فێڵ و درۆ و دەمامكانەی



Scanned with CamScanner

کە باسمکردن، هەولێتی بۆ شاردنەوەی ئەو قەیرانە قووڵ و کوشندەیەی تیادەژی. نیشتیمان وێنەی کەسێکی غەمگین و بریندار و تێکشکاو لەو قەبوولناکات، خۆرئاواش وێنەی پاڵەوانێکی سەرکەوتوو یان زانایەکی بەتوانا لەو قەبوولناکات. ئەو زۆر غەمگین و شکستەیە، بەڵام مەحکومە سیما و دەموچاوێکی دیکە نیشانبدات، مەحکومە وێنەیەکی تر بنێرێتەوە بۆ نیشتیمان ئەگەر پڕیشبێت لە جوانی و داهێنان، هەر ناچارە وەک نەناس و غەریبەیەک خاچی خۆی بدات بەسەر شانی خۆیدا و بە ڕێگادا بڕوات. ئەو قوربانی یارییەکانی خۆی و جەبرە کوشندەکانی دونیایە. ئەو لە پێنتێکدایە، کێشەکانی دونیای خۆی بەدەگمەن بە هەمان قورسایی جارانەوە دەبنە کێشەی ئەو، کێشەی کۆمەڵگاکانی خۆرئاواش هەر بەدەگمەن دەبنە گرفت و پرسیاری تایبەتی ئەو. بەدەگمەنیش کێشەکانی ئەو دەبنە کێشەی کۆمەڵگای خۆی و بەدەگمەنیش دەبنە کێشەی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا. لێرەوە ئەو شیعرەی «م. ویلاند» تەعبیرێکی ڕاستەقینە لە دۆخی ئەو دەکات، چونکە هیچ ئازارێک لە ئازارەکانی کۆچبەر ناچێت، هیچ شادییەکیش لە شادییەکانی ئەو ناچێت. بەوەدا ئەو لە نێوان دوو دونیادا دەژی، مەحکومە بەوەی غەمگین بێت بەو شتانەی تێیاندا دەژی و هەستیان پێدەکات، مەحکومە بەوەی غەمگین بێت بەو شتانەش کە تێیاندا ناژی و هەستیان پێناکات. ڕۆحێکە زۆر جار پڕە لە چالاکی، بەڵام ناچارە پاسیڤ و ناچالاک بێت، پڕە لە خەیاڵ و ویستی کار، بەڵام زۆر جار ناچارە بوەستێت و هیچ کارێک نەکات. پڕە لە هاوار، بەڵام دەبێت بێدەنگ بێت. هاوارەکانی ئەو لە هیچ زەمینێکدا بە تەواوەتی نابیسترێن، هەوایەک نییە، ژانی ئەو بە زەمیندا بەرێت، سروەیەک نییە دەنگی ئەو بەرەو شوێنێکی دی هەڵگرێت. لێرەوە ناچارە درۆ لەگەڵ هەموو دونیاکاندا بکات، کە بە درۆکردنێکی گەورەش لەگەڵ خۆیدا دوایی دێت. بەڵام دەبێت لە ناویشەوەڕا ببینین کە کۆچبەر لە قووڵایدا بوونەوەرێکە دژی نزیکبوونەوە ئیشدەکات. واتە ئەم مرۆڤە چەندە دیاردەیەکە سەر بەم



Scanned with CamScanner

سەردەمە، هێندەش دیاردەیەکە پێچەوانە و دژی ئەم سەردەمە. گەر ئەمڕۆ سەدەی تێکشکانی دوورییەکان بێت، ئینسان هەستبکات فاسیلەی نێوان ئەو و هەموو شتە نامۆکانی دی بەرەو شکان دەڕوات، ئەوا ئەو ناشوێنەی ئەو هەڵیدەبژێرێت هەوڵێکی نەپساوە بۆ دروستکردنەوەی ئەو مەودا و دوورییە. واتە چەندە کۆچبەر خۆی بەرهەمی نزیکبوونەوەی شوێنەکان و فاسیلەکانە، بەڵام ناشوێنەکەی ئەو هەوڵێکە بۆ پاراستنی مەودا و دوورییەکان. واتە نزیکبوونەوەی مرۆڤەکان لە ڕووی جوگرافییەوە لە یەک، مەرج نییە ڕاستەوخۆ وەک نزیکبوونەوەی جیهانەکان لەیەکتر سەیربکرێت. گەر پرۆسەی کۆچ دواجار هەڵهاتنێکی قووڵی تیانەبایە بۆ دواوە، کۆچبەر دەیتوانی وەک هێزێکی گرنگی دیالۆگی شارستانی کاربکات، نە وەکو هەڵهاتوویەکی گەورە لە هەموو جیهانەکان. مەنفا دەکرا ئەزموونێکی قووڵ و پڕ فێربوون بێت، بەڵام ناشوێن ڕوخاندنی مەنفا و پوچەڵکردنەوەی زۆربەی ڕەهەندە باشەکانێتی. توانای مانەوە لە تاراوگە، نیشانەی توانای خۆگونجاندن نییە لەگەڵ تاراوگەدا، نیشانەی نزیکبوونەوە و شکاندنی دیوارە ئەستوورەکانی خۆرئاوا نییە، نیشانەی ئامێزانبوونی ئێمە و تێکەڵبوونمان نییە بە غوربەت، بەڵکو نیشانەی سڕبوون و بەنجبوونی ئەو هەستەیە کە ئێمە لە تاراوگەین. بە جۆرێک زۆرجار هەستی دووری و غوربەت بەرابەر نیشتیمان، لە نوسین و قسەی ئەوانەدا زیاتر دەبیسترێنەوە کە لە ناو نیشتیماندان نەوەک لەلای ئەوانەی لە دەرەوەی نیشتیمانن. ناشوێن توانیوێتی هەستی بێشوێنی بکوژێت. بۆیە وەک لە سەرەتاوە دیاریمکرد ناشوێن بێشوێنی نییە، بەڵکو هێزە دژ و جەمسەرە پێچەوانەکەیەتی.

سامۆیل پێکێت دەڵێت «ئەو ماوەیەی ئێمە لەسەر زەوی دەیبەینەسەر، هێندە درێژ نییە، بەشی ئەوەبکات جگە لە خۆمان لە هیچی دیکەدا بە فیڕۆی بدەین»«٣٦». کۆچبەر بە جۆرە نیگا و تێگەیشتن و خۆپەرستییەکی ئاوەهاوە لە نیشتیمان دێتەدەرێ. بەڵام ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە ژیان، لە تاراوگە



Scanned with CamScanner

دەمرێت و کۆتایی پێدێت. کۆچبەر کەسێکە هەموو ژیانی لەوەدا دەباتەسەر لە نێوان دونیاکاندا خەریکی ئیشکردن بێت بۆ وێنەی خۆی لە بەردەم ئەوانی دیکەدا. کاتێکی بۆ نامێنێتەوە خودی خۆی تێدا دەوڵەمەندبکات، ڕۆژ بە دوای ڕۆژ خۆی دەپوکێتەوە و ویستە بچوکەکان لە ناویدا گەورەدەبن. ویستی بۆ جوانی، ویستی بۆ پارە، ویستی بۆ سێکس، ویستی بۆ پلەوپایە بە لاوازکردن و تێکشکاندنی کاراکتەری ڕاستەقینەی ئەو دواییدێت، ئەو کەسێکە بۆ جیهان دەژی، بۆ ئەوانی دی دەژی، بۆ وێنەکەی خۆی دەژی، نەوەکو بۆ خۆی. هەموو کاتی خۆی دەداتە چارەکردنی ئەو ململانێیەی لە نێوان دونیاکاندا تووشیدەبێت، ئیدی ساتێکی بۆ نامێنێتەوە بوەستێت و لە حەقیقەتی خۆی بڕوانێت... ئەو چیدی خۆی نادۆزێتەوە کە لە نێوان شوێنەکان و زەمانەکان و شتەکاندا پارچەپارچەبووە. بەداخەوە کۆچ لێرەدا بە هەرەسێکی گەورە دوایی دێت. ناشوێن دەستبەرداربوونە لە مانا قووڵ و جەوهەریی و دەوڵەمەندەکەی کۆچ. ناشوێن هیچ نییە جگە لە هەرەسی سەفەر لە کۆچەوە بۆ ناکۆچ. ئیدی کارەساتی ڕاستەقینەی ئێمە لەو ساتەدا دەردەکەوێت کە دڵنیادەبین ئێمە هەرگیز کۆچمان نەکردوە، بەڵکو هەمیشە لەوێین، لەوێین، لە جێگایەک لە یادەوەریماندا بۆتە وێنە، لە جێگایەک کە لە ناو یاد و خەیاڵیدا بووینەتە وێنە. ئێمە و نیشتیمان، ئێمە و ئەو کە تا یەکدیمان نەگۆڕییە سەر دوو وێنەی خەیاڵی، دوو فەنتازیا، دوو قەوارەی ناڕاستەقینە، نەمانتوانی پێکەوەبژین.

# پەراوێزەکان

1. Bauman, Zygmunt (1992): Moderne und Ambivalenz. In: Bielefeld, Ulrich (Hg.): Das Eigene und das Fremde. Neuer Rassismus in der Alten Welt ؟ Hamburg: Junius. (S.23 – 50)

٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەرە ٢٣ بۆ ٢٩

3. Romano Biancoli. Vom Umgang mit dem Fremden.Erich-Fromm-Gesellschaft,Jahrbuch Band 5 (1994). S. 71-89

4. Nassehi,Armin:Der Fremde als Vertrauter. Soziologische Beobachtungen zur Konstruktion von Identitäten und Differenzen. In: Kölner Zeitschrift für Soziologie und Sozialpsychologie 47, 1995, 3, S. 443-463

5. Martin Blumentritt Was ist eine multikulturelle Gesellschaft ؟

لە پەیجی تایبەتی نوسەر

http://martinblumentritt.de/texteframe.htm

6. Saltzwedel, Johannes. Tango des Denkens,Der Spiegel. 12. 2000. S. 208 - 211

٧. لە راستیدا من هیچ ئامارێکم لەبەردەستدا نییە. دروستکردن و پەیداکردنی ئەو ئامارانەش لە توانا و لە سنووری ئیمکانیاتی بچوکی مندا نییە، وە لە راستیدا ئەو ئامارانە بوونیشیان نییە، بەلام لەسنوری تێبینی تایبەتی



Scanned with CamScanner

خۆمدا ئەوە دەبینم کە ئەو خێزانانەی پێکەوە دێنە خۆرئاوا کێشەیان کەمێک لەو خێزانانە کەمترە کە پیاوەکانیان لە خۆرئاوابوون و ئافرەتەکانیان لە کوردستانەوە هاتوون... کە پێموایە گەر بەو شێوەیە بێت ئەو نۆخە پشتگیری ئەو تێزەی سەرەوە دەکات دەربارەی «خۆسزادانی دەروونی» لەلای ئافرەتی کورد بەرابەر بە تێرکردنی خواستێکی نەویست و حەرام لە رووی کولتوورییەوە. هیوادارم دەزگاگەلێک هەبن ئەوجۆرە لێکۆلینەوە مەیدانیانە بکەن تا بشێت تێزە تیۆرییەکان پوچ یان پشت راست بکرێنەوە.

8. Hammermeißter, Kai. „Heimat in Heidegger und Gadamer“. In: Philosophy and Literature. Vol. 24. Nummer 2. Oktober 2000. S. 312-326

9. Bauman, Zygmunt: Moderne und Ambivalenz - das Ende der Eindeutigkeit. Aus dem Engl. von Martin Suhr, Hamburger Inßtitut für Sozialforschung. Hamburg : Junius, (1992).S.117

10. Max Horkheimer Gesammelte Schriften Bd. 4. S.104

11. Simmel, Georg. Untersuchungen über die Formen der Vergesellschaftung. Exkurs über den fremden Berlin : 1908 Duncker & Humblot, S. 511.

١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

13. Saltzwedel, Johannes. «هەمان سەرچاوە»

14. Simmel, Georg. «هەمان سەرچاوە»

15. Bauman, Zygmunt. «هەمان سەرچاوە»

16. Nassehi,Armin.Der Fremde als Vertrauter. S. 445

17. Nassehi,Armin. «هەمان سەرچاوە»

18. Nassehi,Armin. «هەمان سەرچاوە»

19. Marx, Karl. Ökonomisch- philosophische Manuskripte, in MEW Band 40,Berlin 1990.

20. Bernhard Schlink . Heimat als Utopie. 2000. S12

21. Freud, Sigmund: Totem und Tabu. "Werkausgabe in zwei Bänden“.



Scanned with CamScanner

Hrsg:von Anna Freud und Ilse Grubrich-Simitis. Bd. 2. Frankfurt .1978. S. 260- 280.

22. Theweleit, Klaus: Buch der Könige.Stroemfeld/Roter Stern, 1991. S 356

23. Ellmann, Richard: "Oscar Wilde". Aus dem Amerikanischen von Hans Wolf. 2. Aufl. München: Piper, 1991.S.491

٢٤. بڕوانە سەرجەمی کتێبەکە لەم لینکەی خوارەوەدا، بەتایبەت بەشی ١٢، دەربارەی شوێن، جەستە، ڕووبەر لای باکۆن.
http://nomoi.philo.at/per/rh/ellvau/fb/book1.htm.
Vorlesung 12. Ort, Körper, Fläche bei Bacon

٢٥. هەمان سەرچاوی پێشوو.

26. Auge, Marc, Orte und Nicht-Orte. Vorüberlegungen zu einer Ethnologie der Einsamkeit, Frankfurt/M.: Fischer, 1994. S.46

٢٧،٢٨،٢٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لێرەدا مارک ئاوگە بە قووڵی شوێنگەی خۆی لەو گفتوگۆیانەدا دەستنیشاندەکات بەرابەر هەندێک بۆچوونی گرنگی دیکە لە فیکری خۆرئاوادا دەرهەق بە شوێن بەتایبەت بەرامبەر «مۆریس میرلۆ پۆنتی» و «میشێل دی سیرتۆی». یەکێک لەو جیاکارییە گرنگانە کە ئاوگە کاری لەسەر دەکات، جیاکارییەکی تیوری گرنگە کە کەمتر ئاسەواری لە کولتووری ئێمە و کولتووری خۆرهەڵاتیدا دەبینرێت، ئەویش جیاکاری نێوان شوێن « Ort» و شوێنگە « Raum».

٣٠. فۆکۆ بۆچوونەکانی خۆی لەسەر هیترۆتۆبیا لە دەستنوسی یەکێک لە موحازەرەکانی ساڵی ١٩٦٧ دا داڕشتووە کە دواتر بە ناونیشانی «شوێنگەکانی دی» بڵاوبۆتەوە. بۆ دەقی ئەڵمانی ئەو گووتارە بڕوانە:
Michel Foucault - Andere Räume; in Politics-poetics, hrsg. Dokumenta und Museum Friedericianum - Veranstaltungs GmbH, Ostfildern-Ruit 1997, S. 262- 272.



Scanned with CamScanner

31. Maresch, Rudolf. Ausziehen,Umziehen,Einziehen. Telepolis. 19. Februar 2001.
32. Flusser, Vilem. Bodenlos. Eine philosophische Autobiographie. Bollmann. Düsseldorf. S. 248
٣٣. على بدر. الركض وراء الذئاب. المؤسسة العربية للدراسات و النشر. بيروت. الطبعة الاولى. ٢٠٠٧. ص. ٣٣ - ٣٤.
34. Schlink, Bernhard. Heimat als Utopie. 2000. S.9
35 . Schlink, Bernhard. «هەمان سەرچاوە ٨ـ ٩»
36. E.M.Cioran.Widersprüchliche Konturen.Suhrkamp. 1989.S.7



Scanned with CamScanner

# دەرکراوێک...
# بەرەو ناوەوە هەڵدێت

**سەرنجێك لە دۆخی پەنابەران لە نێوان ئێمە و خۆرئاوادا**

Scanned with CamScanner

# بۆ دەبێت بە دوژمنی پەنابەر؟

وشەی پەنابەر، یەکێکە لە وشە فرە مانادارەکان. بەجۆرێک هێندە مانای زۆرە زۆرجار لە کایەیەکەوە بۆ کایەیەک و لە تێکستێکەوە بۆ ئەویدی ماناکەی دەگۆڕێت. لای من پەنابەر «لایەنی کەم» لەم نوسینەدا ئاماژەیە بۆ ئەو مرۆڤە غەریبەی کە لە جێگایەکی تردا دەژی. جێگایەکی تر بە گشتی، هەر جێگایەک بێت کە جێگای خۆی نییە... بەلام بەوەدا کولتوورەکان بە جۆری جیاواز مامەڵەی غەریبەکان دەکەن، دیاریکردنی مانایەکی گشتی و شوناسێکی هەمیشەیی بۆ پەنابەریش ئاسان نییە. پەنابەر دۆخێکە یەکلایانە نییە. هەمیشە ئەویدی ڕۆڵێکی گرنگی تێیدا دەبینێت. پەنابەر کەسێک نییە کە خۆی وەک پەنابەر دەناسێنێت، یاخود خۆی ناو لە خۆی دەنێت پەنابەر، بە پێچەوانەوە خانەخوێ پەنابەر دروستدەکات. پەنابەریی دەلالەتێکی فرەمانایە، کە هەر کەس بە واتای خۆی بۆی دەکاتەوە.

پەنابەریی لە قوولاییدا، لە مانا هەرە بنچینەیی و ڕەسەنەکەیدا، واتە لەو مانایەدا کە ئیدی لە دەستماندارە و کاری پێ ناکەین، هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی دونیا بۆ پێش دابەشبوونی زەمین بەسەر «ماڵ» و «ناماڵ» دا، بۆ ساتەوەختێک هێشتا زەوی پارچە پارچە نەبووە بۆ بەشێک کە ناوی «ماڵی منە» و بە شێکی دی کە ناوی «ماڵی تۆیە». واتە لەو ساتەدا کە پانەبەر لە خاڵی دەستپێکردنی سەفەرەکەیەوە دەجولێت، هێشتا بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە



Scanned with CamScanner

زەوی مێژووی هەیە... پەنابەریی لە ڕاستیدا «لە دیدی پەنابەرەوە ـ لە قوولایی هەڵبژاردنی کۆچەوە وەک هەڵبژاردنێکی سەرەکی» لە ساتی یەکەمی کارکردن و هەنگاونانیدا، هەڵهاتن نییە لە شوێن. بەڵکو گێڕانەوەی شوێنە بۆ سروشتە پاکە سەرەتاییەکەی، بۆ ئەو چەمکەی کە لە مێژە بیرچۆتەوە و فەرامۆشکراوە، چەمکێک دەڵێت «زەوی ماڵی هەموومانە». چەمکێک سروشت زۆر بە گەورەیی بە ئێمەی بەخشیوە و مێژوو زۆر بە چەشنێکی تراژیدی و خوێناوی لێی سەندووینەتەوە. سروشت کاتێک مرۆڤ دروستدەکات نە نەتەوە، نە وڵات، نە زمانی پێنابەخشێت، بەڵکو هەموو زەوی پێدەبەخشێت، ئەوە مێژووە دواتر زەویمان لێ دەسێنێتەوە و ماڵێکمان دەداتێ. پەنابەریی گێڕانەوەی دونیایە بۆ دیوە سروشتییەکەی، بۆ ئەو ساتەی کە هێشتا مێژوو بە چەقۆ دزێو و خوێناوییەکەی جێگاکان و وڵاتەکانی دابەش نەکردوە، بۆ ساتێک هێشتا مرۆڤ پێویستی بە پاسپۆرت نییە بۆئەوەی بجوڵێت، بەڵکو تەنیا پێویستی بە دەست و قاچ و چاو هەیە. بە بڕوای من ترسناکترین داهێنانی مرۆڤ بۆمبی ئەتۆم نییە، بەڵکو پاسپۆرتە. بۆمبی ئەتۆم تەنیا یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەو دۆخەیە کە پاسپۆرت دروستیکردوە، سەرەتا دەبێت پاسپۆرت هەبێت تا دواتر بۆمبی ئەتۆم دروستبکرێت.

ترسناکترین کارێک مێژوو دەیکات، دروستکردنی نیشتیمانە بە مانا سیاسییەکەی. نیشتیمان بە مانای جێگای یەکەمی ژیان، مانایەکی جیاوازی لە نیشتیمانی سیاسی هەیە. نیشتیمانی سیاسی وەک نیشتیمانی سروشتی پێدراو و یەکسەرە نییە. لە ڕاستیدا قسەکەی مارکس کە دەڵێت کرێکاران نیشتیمانیان نییە، هیچ کات لە مێژوودا نەسەلمێنراوە، بەڵام ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە منداڵان بە دڵنیاییەوە نیشتیمانیان نییە... منداڵان لە ناو جیهاندا لەدایکدەبن، لە ناو مەرجە سروشتییەکاندا، نەوەک لە ناو نەتەوە و نیشتیماندا. نیشتیمان شتێکە لە پەروەردەوە فێریدەبین، چەمکێکی ئامۆزشییە، نە خۆڕسکە و نە سروشتی، ئەوەی خۆڕسک و سروشتییە، ئەوەیە یەکەم جار هەموو



Scanned with CamScanner

زەوی نیشتیمانی مرۆڤە. چەمکی پەنابەر، چەمکی کەسی بێ نیشتیمان تەنیا لەسەردەمێکیشدا زۆر بەرجەستە و زەق دەبێتەوە کە ناسیۆنالیزم زۆر گەشە دەکات. پەنابەر ئەو بوونەوەرەیە کە ناسیۆنالیزم دروستیدەکات، ئەو کەسەیە کە گوناهێکی گەورە ئەنجامدەدات، کوفرێک لە کوفرە گەورەکانی سەردەمی نەتەوەپەرستی، دەیەوێت لە نەتەوەیەکەوە بگوازێتەوە بۆ نەتەوەیەکی تر... پێنەوەی بزانێت ئەم گواستنەوەیە لە ناواخندا چ کارێکی ترسناکە.

پاسپۆرت لە بنەڕەتدا کە دەبەخشرێت، بۆ پێدانی مافی سەفەرە، نەوەک مافی مانەوە یەکەم کارێک پەنابەر بیکات بۆئەوەی بمێنێتەوە ئەوەیە پاسپۆرتەکەی بدڕێت. پەیوەندی پەنابەر بە پاسپۆرتەوە دیاردەیەکی سەیری ژیانێتی، سەرەتا پێویستی بە پاسپۆرتە بۆئەوەی هەڵبێت، دواتریش دەبێت بە زوترین کات لە دەستی ڕزگاری بێت تا بمێنێتەوە... پاسپۆرت سەمبولی نەتەوەیە، سەمبولی شوێنە، سەمبولی دابەشبوونە، بەڵام پەنابەر زادەی دۆخە سروشتییەکەی مرۆڤە، سەمبولی سەردەمی پێش دابەشبوونە، پێویستی بە پاسپۆرت تەنیا خواستێکی تەکنیکیە. کۆچی پەنابەر لە جەوهەردا، دانەنانە بە جوڵەیەکدا هاوشانی کۆنترۆڵ و پشکنین و نیشاندانی گوزەرنامە بێت، بازدانە بەسەر سنوورەکاندا، کردنەوەی زەوییە بەسەر یەکدا، بەڵام لە لاڕێوە. لە تونێلەوە، بە ئاودا، بە نهێنی. کە پەنابەر لە ماڵ دێتەدەرێ... مانای هەنگاوی یەکەمی ئەوەیە با بگەڕێینەوە بۆ ئەو دۆخەی دونیا کە زەوی هێشتا دابەش نەکراوە، نەتەوەکان لەدایک نەبوون، کە مرۆڤ هێشتا مرۆڤە، نەوەک وێنەیەک بێت لەسەر گوزەرنامەیەک. پەنابەر کە دێتەدەرێ بەو مانایە دێتەدرێ کە سەر زەوی هەمووی یەک ماڵە، بەو نیازە دێتەدەرێ کە جێگاکان ئاماژە نین بۆ دابڕان و جیاوازیی، بەڵکو ئاماژەن بۆ فەزای هاوبەش و کۆکەرەوەی هەموومان. لێرەدا پێناسەیەکی سەرنجڕاکێشی کەسی «کۆچەر - نۆماد» لای تۆینبی دەبینینەوە، پێناسەیەک کە دولۆز لە چاوپێکەوتنێکیدا زۆر سەرسامی خۆی بۆ نیشاندەدات. تۆینبی دەڵێت «کۆچەر بەوانە دەگوترێت کە لە جێگای خۆیان ناجوڵێن. بەوەدەبن بە کۆچەریی، کە



Scanned with CamScanner

بڕیاردەدەن لە شوێنی خۆیان هەڵنەیەن»«١». ئەو پێناسەیە بۆ هەموو پەنابەر و کۆچبەرێکی بەوەفا بۆ ماناکانی کۆچ، ڕاستە. بەشی هەرە زۆری پەنابەران، کۆچبەرن نەوەک هەڵهاتوو، هەتا کە هەڵیشدێن ڕۆحی کۆچبەر لە ناوەوە دەیانجوڵێنێت... پەنابەری ڕاستەقینەش، کەسێکە کۆچدەکات نەوەک پەنا ببات. لە ناو هەموو پەنابەرێکدا کۆچبەرێک هەیە کە ناجوڵێت، واتە هەموو جیهان بەماڵی خۆی دەزانێت و لە ساتی پێش دابەشبوونی فەزاکان و شوێنەکاندا دەژی. گەر شارستانییەت لە دابەشکردن و بەخسوسیکردنی شوێنەوە دەستی پێکردبێت، یان وەک مێرسی ئالیاد دەڵێت دابەشکردنی جێگا لە نێوان شوێنی پیرۆز و ناپیرۆزدا، شوێنێک بۆمان هەبێت لێی نزیک بینەوە و شوێنێک کە بۆمان نییە... ئەوا پەنابەر، هەوڵە بۆ گێڕانەوەی جیهان بۆ پێش وێنە سیاسییەکەی، بۆ بەر لە دابەشبوون لە نێوان جێگای موقەدەس و ژینگا «بڕوانە تێبینیەکەمان لە کۆتایی تێکستەکەدا»دا. کۆچبەر ئەو کەسەیە کە کۆچ ناکات، چونکە لە بنەڕەتدا جگە لە مانا جوگرافییەکەی شوێن، باوەڕی بە ناوێکی تر نییە بۆ شوێنەکانی ئەم ئەستێرەیە... کۆچ ناکات، چونکە لای ئەو وڵات نییە، زەوی خاکێکی بێناوە... کە وڵات نەما، نە پەنابەر دەمێنێت و نە کۆچبەر. ئەوە ڕۆحی قووڵ و ژێرەوانکێی هەموو کۆچبەرێکە، ئەو ڕۆحەی هەموو لەیادمانکردوە، یان کەپیتالیزمی مۆدێرن و ژێرخانە ناسیۆنالیستییە قووڵەکەی لە یادی بردوینەتەوە.

هەڵبەت ئەو جۆرە پەنابەرەی کە بە نیاز و هەستی وەهاوە لە ماڵ بێتەدەری بوونی نەماوە، بەڵام ئەو مانایەی سەرەوە، واتە ڕوانین لە پەنابەر، وەک سەمبولێک بۆ گێڕانەوەی دونیا بۆ دۆخی بەر لە دابەشکردنە گەورەکان، هێشتا لە جەوهەر و مانای کردەی پەنابەرێتیدایە. دابەشکردنەکانی دونیا و خاڵەکانی کۆنترۆڵ و دیوە ترسناکەکانی چەمکی «هاوڵاتی بوون» و جیابوونەوەی لە «مرۆڤ بوون». بەجۆرێک بوون بە بەشێک لە خەیاڵ و بیرکردنەوە و یادەوریمان، سنوورەکان وەک دیاردەی سروشتیان لێهاتووە و بگرە زۆر بەهێزتریش، ناتوانین بێ بیرکردنەوە لە سنوور بیر لە دونیا

بکەینەوە. دابەشکردنی دونیا بۆ ماڵ / ناماڵ هۆی سەرەکی دەرکەوتنی پەنابەر و دیاردەی پەنابەرێتییە. لێرەدا، وشەی ماڵ نەوەک نیشتیمان بە کاردەهێنم، چونکە کێشەی پەنابەر کێشەی نیشتیمان نییە، بەڵکو تێکچوونی پەیوەندییە بە شوێنەوە، دەکرێت مرۆڤ لە نیشتیمانی خۆشیدا بەجۆرێک لە جۆرەکان شتێک لە هەستی پەنابەریی بژی. کێشەم لەگەڵ تێگەیشتنەکەی هانا ئارێنتدا ئەوەیە کە کەم تا زۆر کێشەی پەنابەر دەگێڕێتەوە بۆ ململانێی شوناس کە پەنابەر تووشی دەبێت، ململانێ لە نێوان شوناسی خۆی و ئەو شوناسە جیاوازانەدا کە دەبێت وەریانبگرێت. هەڵبەت ئەمە کێشەیە، بەڵام ناتوانین پانابەریی لەم کێشەیەوە پێناسەبکەین، یاخود ناتوانین پەنابەر هەمیشە و لە هەموو چرکەساتەکانی مێژوودا بەو جۆرە پێناسەبکەین. بە بڕوای من کورتکردنەوەی ئاگامبێنیش بۆ پەنابەر لە وێنەی مەخلوقێکی کامپ نشیندا، هێندەی هەوڵێکی زۆر گەورەیە بۆ دۆزینەوەی پارادایمی شارستانییەتی خۆرئاوا، تیورەیەکی سەربەخۆ و تایبەت نییە بە پەنابەر. لە قووڵاییدا بڕوانین هەڵوێستی هانا ئارێنت لە پەنابەریی و ژیانی مەنفا، جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ دۆخی پەنابەرانی ئەمڕۆدا، وە جیاوازییەکی قووڵتریشی هەیە لەگەڵ دۆخی ڕۆشنبیرانی پەنابەری ئێستا لە دەرەوەی وڵاتانی خۆیان. بۆیە قسە لە ڕۆشنبیر و پەنابەر دەکەم، چونکە ئارێنت پەنابەرێکە بە هەندێ خەسڵەت و سیفاتی دیاریکراوەوە. ژنە، جووە، ڕۆشنبیرە، لە سەردەمی شپرزەییەکی گەورەی جیهانیدا دەژی. ئەزموونی پەنابەریی لای ئارێنت ئەزموونێکی گرنگە، لەوەشدا تەنیا نییە، فەیلەسوفێکی گرنگی دی سەدەی بیست هاوڕێ و هاوئەزموونێتی کە ئەدۆرنۆیە. ئەم ئەزموونی تاراوگەیە دواتر قووڵ بە دونیابینی ئارێنتەوە دەنووسێت، ئەزموونی پەنابەریی ئاسەوارێکی ڕۆحی و سیاسی قووڵ لە تەواوی جیهانبینی ئەودا جێدەهێڵێت. هەر دوو زاراوەی «لە جیهاندا بوون / لەدەستدانی جیهان یان بێجیهانی» کە لە بنەوەڕا زۆر لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئارێنتیان بەسروشتی خۆیان ڕەنگکردووە، ڕیشەکانیان لەو ئەزموونەوە هاتوون کە ئارێنت وەک هەڵهاتوو

یان هەڵکەنراو تیا ژیاوە. لە سەرەتای کۆچکردن و هەڵکەنَنیدا ئارێنت وەک لەم وتارەدا دەبینین زۆر لە غەمی شوناسی جووەکاندایە. پرسیاری سەرەکی لای ئەو ئەوەیە کە شوناسێکی ژێر پرسیار، کە خۆی لە بنەڕەتەوە لە ژێر مەترسیدایە و لە ئەگەر و نەگەردایە لە تاراوگە چی بەسەردێت؟. مەسەلەی شوناس لە سەرەتاوە لای ئارێنت، شوێنێکی گرنگی بووە. هەتا دەمێک لە سەرەتای گەنجیدا دەبێتە ئەندامی بزوتنەوەی زایۆنیستی، بە مەبەستی پاراستن و مۆبیلیزەکردنی جووەکان ئەو کارەدەکات. ئەو دژی هەموو جۆرە سڕینەوە و ئەسیمیلەکردنێکی جووەکان، وەک نەتەوە و گروپ، دەوەستێتەوە«٢». واتە لە سەرەتاوە مەسەلەی شوناس پاڵنەرێکی گرنگ بووە بۆ ئارێنت تا هەم کێشەی جوو و هەم کێشەی تاراوگە بوون، وەک یەک کێشە ببینێت. بەڵام ترسی ئەدۆرنۆ لە سەرەتادا جۆرێکی ترە، دوورکەوتنەوەی ئەدۆرنۆ لە ئەڵمانیا، هێندەی ترسی لە شوناسی خۆی وەک ڕۆشنبیر لا دروستدەکات، ترسی لە جوو بوون تیا ناجوڵێنێت«٣». کێشەی تاراوگە لای ئەدۆرنۆ، هەمیشە کێشەی ڕۆشنبیر بووە لەگەڵ زماندا، لەگەڵ شێوازی گوزارشتدا لە خود کە بەزمانی بێگانە ناکرێت، لەگەڵ ئەو فەزایەدا کە ڕۆشنبیر دەتوانێت تێیدا کاریگەر بێت و مەنفا بە تەواویی ناتوانێت پێشکەش و فەراهەمیبکات. هەڵبەت ئەزموونی پەنابەریی لای ئارێنت، دواتر ڕەهەندێکی بەرینتر وەردەگرێت، وەک لەو دەمەی پاریس وێستگەی تاراوگەبوونی بوو... دواتر پەنابەریی وەک دۆخێک تەماشادەکات کە میتافۆرە بۆ شوێنگەی ڕۆشنبیر و مرۆڤیش بە گشتی، وەک شوێنگە وجودییە بنەڕەتییەکەی مرۆڤ. بەڵام بە هەردیوێکدا بڕوانین، کێشە لای ئارێنت و ئەدۆرنۆ هەمیشە کێشەی شوناسە، پرسیارەکە هەمیشە ئەوەیە «پەنابەر چی بێت و چۆن بێت و چی بکات؟». ئەزموونی پەنابەریی و کێشەکانی لای ئەدۆرنۆ و ئارێنت لەگەڵ پەنابەریی ئەمڕۆدا جیاوازە، ئەوان هەڵهاتووی جەنگن، بەدوای جیهانێکدا دەگەڕێن تێیدا خۆیان وننەکەن و کاریگەرییان لەدەست نەدەن. پەنابەر لە جەنگدا وەک پەنابەر نییە لە ئاشتیدا. مێژوویی پەنابەریی



Scanned with CamScanner

له دوای جەنگی جیهانی، گۆڕانکارییەکی قووڵی بەسەردا دێت. له سەردەمی جەنگدا، وەک لای ئارێنت دەبینین، پەنابەر بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەدوای شوناسدا دەگەڕێت، دەتوانین به پێوانه سۆسیۆلۆژی و کولتوورییەکان بیخوێنینەوە. پرسیاری پەنابەری دێرین ئەوەیە ئەم بوونەوەره لەم فەزا نامۆ و نەناسراو و نوێیەدا چی بکات باشه؟. کێشەکه لای ئارێنت و ئەدۆرنۆ به جۆرێکی ریشەیی لەگەڵ ئەزموونی پەنابەرانی دواتردا جووت نایەتەوە، هەڵەیەکی گەورەیه ئێمەی پەنابەرانی سەردەمی پۆست مۆدێرنه و باڵادەستی کەپیتالیزمی لیبرالی، خۆمان به پەنابەرانی سەردەمی جەنگ بپێوین. له سەردەمی ئارێنتدا، پەنابەر مرۆڤێکی ترساوی ژێر هەڕەشه بوو که له دونیایەکی تاریکدا هێشتا بۆ مانا و کار و شوناس و چالاکی دەگەڕا... هێشتا کۆمەڵگاکان دەرهەق به پەنابەر شتێک له بێلایەنی و فەرامۆشکردنیان تێدا بوو، پەنابەر نامۆیەک بوو لەوێدا. هێشتا کێشەکه ئەوه بوو پەنابەر خۆی به کۆمەڵگای میوان دەگرت و بەو خۆی دەپێوا، هێشتا سەرنجی خانەخوێکانی ڕانەکێشابوو، نەبووبووه بەشێکی ئۆرگانی و سەنتراڵ و سەرەکی بۆ پێوانەکردنی کۆمەڵگای میواندار بۆ خۆی، نەبووبوو بەو ئاوێنەیەی که ئەویدی له ناویدا خۆی تەماشادەکات. بەڵام پەنابەری سەردەمی پۆستمۆدێرنه، بەشێکه له تۆڕێکی گەورەتر، ئەم پەنابەره نوێیه، دەسەڵاتی بەسەر ژیانی خۆیدا نامێنێت، هەموو ئازارەکانی پەنابەری کۆنی هەیه، بەڵام له پاڵیدا وەک مشکی ناو لابۆر و گیانەوەری تاقیگەکانی لێدێت، دەبێت به کەرەستەی بەگەڕکەوتنی میکانیزمێکی کۆمەڵایەتی لۆکاڵ و یونیڤێرساڵ. کۆمەڵگای میوان پێویستی به پەنابەره بۆئەوەی وێنەی خۆی لەسەر ئەو نۆرمانه دابڕێژێت که پەنابەر نایگاتێ. ئەو چیتر کەسێک نییه خۆی بەجۆرێکی سەربەخۆ و خودکار وێنەی خۆی دروستی بکات، ئازاری گونجان و نەگونجان بچێژێت، بەڵکو میکانیزمێکی ئاڵۆز ئەو وێنەیه دەبەخشێت که هیچ رەگەزێکی له ژێر کۆنترۆڵی پەنابەردا نییه، جەوهەریشی لەسەر ئەو مەحاله دروستبووه که «تۆ، من نیت». جیاوازیی نێوان پەنابەر و ناپەنابەر له



Scanned with CamScanner

سەردەمەکانی تردا، جیاوازیی کولتووری و دینی و نەتەوەییە، واتە کۆمەڵێک جیاوازییە دەکرێت بیپارێزین یاخود تێیپەڕێنن. بەڵام پەنابەر لە ئێستادا، پێتێکی جیاوازیی موتڵەقە، جیاوازییە وەک جیاوازیی، جیاوازییە بەو مانایەی هیچ کات بەتەواویی لانادرێت یاخود بەو مانایەی کۆمەڵگا چیتر بێ ئەو جیاوازییە نازی.

ئەمە ئەو دۆخەیە کە کەسانی وەک ئەدۆرنۆ و ئارێنت نەیانناسیوە و نەیانبینیوە، ئەدۆرنۆ خۆی وەک «بێ نیشتیمانێکی پرۆفیشناڵ» وەسفدەکات«٤». بەڵام تاراوگەبوون لای ئەو چەندە ئازارە، هێندەش زەمینەیە بۆ کارکردنی ڕۆشنبیرانە، تاراوگە ئەو دوورییە پێویستەیە کە ڕۆشنبیری بەرپرسیار پێویستیێتی تا بزانێت چ ئەگەرێکی پراکتیکی لە مەیداندا دەتوانێت چالاکتر و کاراتر بێت. لای ئەدۆرنۆ و لای ئارێنتیش، تاراوگە دۆخێکە بۆ بینینی باشتر، ڕوانگە و شوێنگایەکی تازەی ڕوانینە کە گۆشەیەکی تازەی سەیرکردن دروستدەکات. لای ئەوان پرسیاری سەرەکی هێشتا ئەوەیە «منی پەنابەر چی دەبینم... منی پەنابەر چۆن دەبینیم؟»». ئارێنتیش لەو ڕووەوە دەنوسێت «تەنیا کەسی بینەر ئەو ڕوانگەیەی هەیە، کە ڕێگای پێدەدات تەواوی دیمەنەکە ببینێت. ئەوەی کاردەکات و وەک بەشدار لە گەمەکەدایە، دەبێت سەرقاڵی ئەوە بێت، ڕۆڵی خۆی یاریبکات»«٥». ئارێنت لێرەدا لە نێوان «بینەر» و «بکەر»دا جیاوازی دەکات، بینەر ڕوونتر دەبینێت و باشتر تێدەگات، پەنابەریش بینەرە. کەواتە لای هەردووکیان تاراوگەبوون و پەنابەریی دوورییەکی گرنگ بە پەنابەر دەبەخشن تا ڕوونتر دونیا ببینێت. ئەو کەسێکی ئازادە، ئەو دوورییەکی پێویستی لە هەمووان هەیە، لە شوێنگەی بینەرێکدایە، دەتوانێت ڕووشنتر تێبگات، چی لە دونیادا دەگوزەرێت، ئەم بۆچوونە دواتر باوماننیش دووبارەیدەکاتەوە.

ئەم «دووری»یە، پەنابەری هاوچەرخ نییەتی. پەنابەری هاوچەرخ، فەردێکی ئازاد نییە کە لە جێگای خۆیەوە بە ئازادی سەیری هەمووان دەکات و گرنتی بەشداربوون و پراکتیک و چالاکی کردەکی نییە. پەنابەری مۆدێرن ڕادەکێشرێت و دەخرێتە ناو گەمەکانەوە، دەبێتە یاریکەر. ئەو لێرە نییە بۆئەوەی دابنیشێت و

بەیری کۆمەڵگاکان بکات و بە حوکمی ئەو دووربیە ئۆبژێکتیڤەی هەیەتی بڕیاری ڕەواتر و وێنەی دروستتر بۆ شتەکان بکێشێت. ئەو چیتر دوور نییە، بووە بە کەسێک کە بە دوای وێنەیەکدا ڕادەکات کە ئەویتر کێشاویتی، هەر ئەویش خودی پەنابەری خستۆتە سەر باندێکی ئۆتۆماتیک، تا هەمیشە بە دوای ئەو وێنەیەدا ڕابکات و نەیگرێت. پەنابەریی چیتر دووری نییە، بەڵکو خنکاندن و نوقمکردنە، ئەوەش قووڵ ئەزموونی ئێمەی پەنابەرانی نوێ، لە ئەزموونی پەنابەرانی سەردەمی جەنگی جیهانی جیادەکاتەوە. پەنابەری نوێ ئەو ئەزای دووری و ئازادییەی نییە، کە پەنابەری ئارێنتی هەیەتی. پەنابەری نوێ، ڕاستەوخۆ لەو ساتەوە کە پێدەنێتە کۆمەڵگای میوانەوە، دەکەوێتەوە ناو تۆڕێکی دارێژراو لە پەیوەندی و کارتیاکردن و قاڵبگیریی... ڕاستەوخۆ وەک مشکێکی لابوور دەبێت بە میوانی ماشێنێک کە بە ناو کۆمەڵێک لوولە و ڕێگا و تەنگەڕێی دیاریکراو و نەخشە بۆکێشراودا دەیبات. لەمڕووەوە بۆچوونی ئاگامبن زۆر نزیکترە لە دۆخی ڕاستەقینەی پەنابەر، وەک لە خوێندنەوەکانی ئارێنت و ئەدۆرنۆ. ئازاری ئارێنت و ئەدۆرنۆ، زیاتر لەوەی ئازاری پەنابەر بێت، ئازاری هەمیشەیی و دووبارەی ڕۆشنبیرانە، لەگەڵ کێشەیی نامۆیی و شوناس و مۆراڵدا.

لە ڕاستیدا ئارێنت و ئەدۆرنۆ، وێنەکەمان لە جێگایەکی دییەوە نیشاندەدەنەوە، لەو جێگایەوە کە مرۆڤ دەتوانێت لە «دەرەوە» تەماشای «ناوەوە» بکات. پەنابەر کەسێکە دەیکرێت هێندە ئازادیی بە دەست بهێنێت، فاسیلەیەکی وەها وەربگرێت، لە دەرەوە ناوەوە ببینێت.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە دوو چەمکی گرنگی ئارێنت بدەم کە نیشاندەری ڕوانینی قووڵی ئەوە لە دۆخی پەنابەر. ڕاستە ئارێنت لە ڕوانگەی جوویەکەوە دەڕوانێت کە بەرگری لە بوون و شوناس و مانای وجودیی خۆی دەکات، بەلام شتێک لای ئارێنت دەیبینینەوە و لای من زۆر گرنگە، ڕوانینێتی لە مانای یونڤێرسالی بوونی پەنابەر، بەجۆرێک زۆرجار هەست بە ناکۆکی و پارادۆکسێکی

قووڵ دەکەم لای ئارێنت لە نێوان شوناسی وەک جوو و شوناسی وەک بوونەوەرێکی یۆنڤێرسال. ئارێنت دوو زاراوەی گرنگ بەکاردەهێنێت کە دەبێت لە یادمان بێت «پاریا» لەگەڵ «پارڤینۆ». پاریا وشەیەکی تامیلییە، لەوەسفی ئەو کەسانەدا بەکاردێت کە لەسیستمی کۆمەلایەتی هیندیدا دەکەونە دەرەوەی توێژ «کاست»ـە کۆمەلایەتییەکانەوە. پاریا ئەوەیە کە سەر بە هیچ کاستێک نییە، وەک بوونەوەرێکی دەرکراو سەیردەکرێت، کەسانێک کە خراپترین کاریان پێدەکرێت و لە پیسترین ئیشەکاندا بەکاردەهێنرێن. یەکەمجار ماکس ڤیبەر ئەم زاراوەیە بۆ وەسفی جووەکان بەکاردەهێنێت. بەلام هانا ئارێنت هەردوو چەمکەکەی لە نوسەری فەرەنسی «بێرنارد لازار»ـەوە وەرگرتووە«٦». ئارێنت پێیوایە بەشی زۆری جووەکان لە سەدەی نۆزدەوە تەنیا سەرقاڵی ئەوەن چۆن لە جوو نەچن و لەوی دی بچن. ئەم دۆخە لای ئارێنت وەک «پارڤینۆ» سەیردەکرێت، دۆخی غەریبەیەک کە هەموو هەوڵێک دەدات لەو ژینگەیە نوێیەدا جێگای خۆی بکاتەوە و بخزێتە ماڵی تازەوە و بەشێک بێت لە دونیای خانەخوێ. بەلام پاریا بە پێچەوانەوە، ئەو کەسەیە کە لە دەرەوە دەمێنێتەوە، نابێتە بەشێک لەوانی تر، هەمیشە دەرکراوە و دونیای دەرکراوێک و ماناکانی دەرکراوێک دەژی. پاریا و پارڤینۆ دوو مۆدێلی پەنابەرن، هەردووکیان لە دەرەوەی ئەو جیهانە لەدایکبوون کە بۆی کۆچدەکەن. «پارڤینۆ» هەوڵدەدات جێگای خۆی بکاتەوە و خۆی وا لێبکات لەوانی دی بچێت، بەلام پاریا بە پێچەوانەوە، خۆی دووردەگرێت و ئەو ئازارە ناداتە خۆی و ئەو درۆیە لەگەڵ خۆیدا ناکات رووخساری خۆی لەبەر ئەوانی تر بگۆڕێت، یاخود وەک ئەنتۆنیا گرونبێرگ دەڵێت «بڕوا بەخۆبوونی لەوەوە دێت کە لەوانی دی ناچێت»«٧». ئارێنت ئەو دوو چەمکە سەرەتا لە کتێبەکەیدا لەسەر «ڕاهێل ڤارنهاگن» بەکاردەهێنێت و دواتر لە زۆر نوسینیدا دەچێتەوە سەری. لای ئارێنت مێژووی کۆمەلگای ئەورووپی و چارەنوسی جووەکان گەواهی ئەوە دەدەن کە پارڤینۆ دۆخی باشتر و قەبوولکراوتر نییە لە پاریا. «ریالیزمی ئەویان کەمتر یۆتۆپی نییە لە



Scanned with CamScanner

ئیبیالیزمی ئەویدیان»«٨». بەلام لای ئارێنت، پاریا هەلگری نرخێکی گەردونییە، نیشاندەرەوەی جەوهەرێکی ئینسانییە بەرابەر شوناسە لۆکالەکان، بەرابەر ئەو مرۆڤانەی شانازییان لە نەسەب و خوێن و پلەوپایەوە وەردەگرن، بەرابەر ئەوانەی کەرامەتی مرۆڤانەیان لە پێگەیانەوە هەلدەقولێت نەوەک لە خوێیانەوە. پاریا لای ئارێنت نیشانەیە بۆ هەرەسی ئەوروپا لەو ساتەدا کە لاوازترین مرۆڤەکانی خۆی دەکاتە دەرەوە و دەستیان لێ بەردەدات«٩». هەلبەت ئەم گەردونگەراییەی ئارێنت لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکات، گەردونگەرایی کەرامەتی مرۆڤە بەرابەر بە سووککردن و دەرکردن و دان پیادانەنان، جیاوازە لەو گەردونگەراییەی من لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا... گەردونگەرایی شوێن، بەرابەر بە رەهەندە سیاسییە لۆکاڵەکانی. پاریا جێگای ستایشی گەورەی ئارێنتە. وەک پەنابەرێک کە دەست بە شوناسی خۆیەوە دەگرێت و رەنجێک لەوەدا بەخەسار ئادات لەوانی دی بچێت. بە بۆچوونی ئارێنت، لە رێگای پاریابوونەوە، جووەکان دەتوانن هەم جووبوونی خۆیان و هەم گەردونی بوونی خۆیان بسەلمێنن. پارادۆکسێک لە تەواوی فیکری سیاسی ئارێنتدا بە روونی دەردەکەوێتەوە.

پەنابەری نوێ نە پاریایە نە پارفینۆ... چونکە چیتر خۆی ئەوە دەستنیشان ناکات چییە یان چی نییە. ئەوانی تر ئەوەی بۆ دەستنیشاندەکەن و بەسەریدا دەسەپێنن کە هەم پاریا بێت «بەمانای دەرکراو» وە هەم «پارفینۆ» بێت «بە مانای یەکێک کە دەبێت بەردەوام لە غەمی ئەوەدا بێت بڕواتە ژووری و نەگاتە جێ».

کێشەی گەورەی پەنابەر «بەوجۆرەی بەپێی ئاگامبن دەتوانین بیخوێنینەوە» جۆرێکی دیکەیە، ئەو چیتر ئەو کەسە نییە کە لە دەرەوە، ناوەوە دەبینێت، کۆمەلگای میوان رەتدەکاتەوە یان خۆی لەبەر ئەوان دەگۆڕێت و دەبێتە خۆشینوێن، بەلکو ئەو کەسەیە کە سەرنشینانی ناوەوە هەمیشە وەک دەرەکی دەیبینن ... پاریایە بەلام بە ژیانی پارفینۆ وە.

لەم خالەدایە کە دەکرێت هەم سوود لە ئاگامبن وەربگرین و هەم



Scanned with CamScanner

بەشێکی تێڕوانینیشی بخەینە بەر ڕەخنەوە. ئاگامبن لە پێناسەیدا بۆ تەواوی دۆخی ئەمڕۆی مۆدێرنە، سوود لە پێناسەکەی کارل شمیت وەردەگرێت بۆ «بالادەستی ـ سۆڤێرنیتەیت». بالادەستی بە پێی شمیت لە دەرەوەی ڕێکخستنی ئاسایی یاساکانە، بەلام لە هەمان کاتیشدا بەشێکە لەو ڕێکخستنە. چونکە تەنیا بالادەستی ئەو هێزەی هەیە، یاسا تەواو لە کاربخات«١٠». بالادەستی کە بە ناوی شەرعییەتی یاساییەوە دروستدەبێت، تەنیا کاتێک بالادەستە کە بتوانێت خودی شەرعییەتی یاسایی بشکێنێت و کارکردی ڕابگرێت، واتە بالادەستی تەنیا کاتێک بالادەستییە، کە هێزی لە کارخستنی دەستووری هەبێت و لە سەرو دەستوورەوە بێت. لێرەوە چەمکی «باری نائاسایی» کە چەمکێکی گرنگی ئاگامبنە، بە مانای ئەوە دێت لە نێوان «دەرکەر» و «وەدەرنراودا»، مەسەلەکە هەر دەرکردن و جودایی و لێک نەچوون نییە، بەلکو خودی سیستمی ئاسایی و دۆخی سروشتی کاتێک بەرقەرار دەبن، ئەوەی بەرقەراریان دەکات، خۆی لە دەرەوەی یاساکان و لە سەروویانەوە بێت. لای ئاگامبن «نائاسایی ـ یان دۆخی نائاسایی» شتێک نییە جارجار سەرهەلبدات، بەلکو جەوهەری مۆدێرنەیە. بە بڕوای ئەو جەوهەری بالادەستی «سۆڤێرنیتەیت» ئەوە نییە دۆخی ئاسایی بباتەڕێوە، بەلکو ئەوەیە دۆخی نائاسایی ڕابگەێنێت، ئەوە نییە کەس لە سەروو یاساوە نەبێت، بەلکو ئەوەیە تەنیا ئەو بۆی هەبێت دیاریبکات کێ لە سەروو یاسایە وە کێ لە دەرەوەی یاسایە. لێرەوە دۆخی ئاسایی و نائاسایی پێکەوە لە پەیوەندییان، بالادەستیش لە خودی ئەو پەیوەندییە دروستبووە. بۆیە لای ئاگامبن نائاسایی «وەدەرنراوێکی وەدەرنراو» نییە، بەلکو «وەدەرنراوێکی لە نێونراوە»، واتە «دەرکەر» شتێک نییە دەرکراو لە خۆی نەگرێت، بەلکو سیستمی بالادەستی لەسەر ئامێزکردنی «دەرکەر» بە «دەرکراو»دا ڕادەگیرێت. دەرکراو بەشێکی بنەڕەتی و ئۆرگانی و گرنگی دەرکەرە«١١». ئەوە ئەو تێزە سەرەکییەی ئاگامبنە کە من بۆ تێگەیشتن لە دۆخی پەنابەر، بە گرنگتری دەزانم وەک لە تێزی کامپی پەنابەران وەک «نۆمۆسی مۆدێرنە»«١٢». پەنابەر



Scanned with CamScanner

دەرکراوێکی نێوئاخنکراوە، لە پەیوەندییەکی قووڵدایە لەگەڵ مانای سەرەکی کۆمەڵگای مۆدێرندا.

ئاگامبن یەکەم کەس نییە کە بایەخ و گرنگی کەسە پەراوێزی و بێماف و ڕووتکراوەکان لە ئیشکردنی سیستەمدا زۆر بە هەند دەگرێت، بەڵام تەفسیری ئاگامبن جیاوازە لە ڕوانینەکانی پێش خۆی. بۆ نمونە تێگەیشتنی ئەو لەگەڵ کەسێکی وەک مارکوزەدا یەکناگرێتەوە کە کەسە پەراوێزییەکان، بێئیشەکان . بێجێگاکان ـ سۆزانییەکان ـ خەڵکانی ناکۆمەڵایەتی وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ تەماشادەکات، واتە هێزێک کە ماهیەتێکی چینایەتی ئەنتی کەپیالیستیان هەیە. هەروەها بایەخی ئاگامبن بە وەدەرنراوان لەوەشەوە نایەت کە ئەوانە بکەری شۆڕشگێڕن، بەڵکو لەوەوە دێت کە ئەم جیاکارییە، جیاکارییەکی چینایەتی ڕووت نییە، بەڵکو کەرتبوونی فەزای ژیانە لە کۆی کولتووری خۆرئاواییدا لە نێوان دوو هەرێمدا، هەرێمی ماف و هەرێمی ژیان. کۆچبەر و پەنابەر و دەرکراوەکان تەنیا چەوساوەیەکی فەرامۆشکراو، دەستی کارێکی هەرزان یان بێئیشێکی یەدەگ نین، بەڵکو لای ئەو ئاماژەن بۆ جیابوونەوەی کایەی «ژیان» لە کایەی «ماف». هێڵی دابەشبوونی قووڵی سیستەمن لە نێوان خۆی و هەموو ئەو شتانەی کە دەیانکاتە دەرەوە. بە بڕوای ئاگامبن، ژیانی ڕووت «ژیانی بێ ماف، کە دەکەوێتە دەرەوەی بوونی قانونییەوە»، ژیانێکی سروشتی نییە، ئەو دۆخە سروشتییە نییە کە هۆبز بۆ ساتی نەبوونی پەیمان و ڕێکەوتنی دەگێڕێتەوە. بەڵکو جۆرە بوونێکی سیاسییە، بەرهەمی ڕووتی سیاسەتە«١٣». کە دەڵێین چەمکی ژیانی ڕووت، بەرهەمی سیاسەتە، واتە لە سیاسەتدا هەمیشە پارچەیەک هەیە کە دەکرێتە دەرەوە، بۆئەوەی جەوهەری دەسەڵات و باڵادەستی لە ڕێگای ئەو وەدەرنانەوە دەربکەوێت. بە بڕوای ئاگامبن لە ناو هەناوی ئەم شارستانییەتەدا بەردەوام شوێنگەی جیاواز دەکرێتەوە بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی مافیان نییە لەوانەی مافدارن و هاوڵاتی ئاسایین، بۆ جیاکردنەوەی ئەوانەی کورتکراونەتەوە بۆ بوونەوەری زیندووی بێ ماف لە



Scanned with CamScanner

مرۆڤەکانی تر. ئاوشفیتز و گولاگی ڕوسی دوا نمونە و تاقانە نوێنەری ئەو هەرەسە ئەخلاقییە نین، بەڵکو گوانتەنامۆ و کەمپەکانی گرتن و کەمپەکانی کەمارۆدان و ناردنەوەی کۆچبەرانیش لە فرۆکەخانەکاندا هەمان شتن«١٤». بە بڕوای ئەو، پرۆسەیەک کە لە کەمپەکانی پەنابەراندا ڕوودەدات، لە بنەمادا لەسەر نەزمی هەمان پرۆسەیە کە لە کەمپەکانی قران و سووتانی نازیدا ڕوویاندەدا. بێگومان بەراوردی کەمپی پەنابەران لە خۆرئاوا، بە کەمپەکانی هۆلۆکۆست، زیادەڕەوییەکی زۆری تێدایە، ئەوە وادەکات ڕەخنەگرانی ئاگامبن لە نرخی گشتی تیۆرەکەی دابگرن. بە بۆچوونی من، هۆمۆساکەربوون لە ڕەوتی ژیانی پەنابەردا دێتە پێش، بەڵام هەموو ژیانی پەنابەر نییە. لە دونیای ئەمڕۆدا هێندەی کۆچبەر لە ماڵ دێتەدەرێ، دەبێت بە جۆرێک لە هۆمۆساکەر، لە بونەوەری بێماف، سەفەری پەنابەر لە ئێستادا سەفەری بوونەوەرێکە کە قەوارە یاساییەکەی خۆی دۆڕاندوە، بەڵام هۆمۆساکەر بوون، قەدەری هەمیشەیی پەنابەر نییە… ژیانی پەنابەرێتی کورت نابێتەوە بۆ ئەو وێستگەیەی سەرەتا، کە تێیدا پەنابەر، هەموو بوون و قەوارەیەکی قانونی خۆی لەدەست دەدات. تێگەیشتنی ئاگامبن لەم خاڵەدا هێندە گرێدراوی کایەی بیۆپۆلەتیکە، تێزەیەک نییە بۆ خوێندنەوەی ژیانی تەواوەتی پەنابەر بەکاربێت. ئاگامبن ئەوەی بۆ گرنگە لە ڕەفتاری خۆرئاوا بەرابەر پەنابەر تێبگات، تێڕوانینەکەشی لە پەنابەر وەک مەخلوقێکی کەمپنشین تەنیا لە قۆناغێکی تایبەتی ژیانی پەنابەردا دەشێت سوودی گەورەی لێ ببینرێت. لە کاتێکدا بە بڕوای من پەنابەریی دۆخێکە لە هەموو شوێنەکاندا و بەدرێژایی ژیان بەردەوام دەبێت. پەنابەر هۆمۆساکەرە بەڵام زۆربەی کات لە قۆناغی پێش کەمپدا هۆمۆساکەرە، نەوەک لە نێو کەمپدا. بە بڕوای من هۆمۆساکەر بوون، شتێک نییە تەنیا مۆدێرنە، یان خۆرئاوا بەرهەمیبهێنێن، بەڵکو سروشتی هەموو شارستانییەتەکانی مرۆڤە … هەموو مرۆڤێک بۆی هەیە لە هەموو ساتێکدا ببێتە هۆمۆساکەر. لە کولتوورەکانی ئێمەدا، کە چەمکی ماف، یان بوونی یاسایی، یاخود پێناسەکردنی مرۆڤ وەک



Scanned with CamScanner

کپانلەبەرێکی قانونی، تەواو بێزار و نائامادەیە، زۆربەی مرۆڤەکان پرۆژەیەکی هەمیشەیی هۆمۆساکەرن، هەتا گەر جیانەکرێنەوە و نەخرێنە کامپەوە و دەقێکیش نەبێت مافیان لێ بستێنێتەوە. زیادەڕەویی نییە گەر بڵێم، کۆچبەرانی بیانی و ئیشکەرانی دەرەکی لە کۆمەڵگاکانی وەک ئێمەدا پتر هۆمۆساکەرن تا ئێمەی پەنابەری خۆرهەڵاتی لە خۆرئاوا. هێندەی ئەفگانییەکان لە ئێران، هیندییەکان لە کەنداو، بەنگلادیشی و نیپالی و ئەفریقییەکان لە کوردستان، لە هۆمۆساکەرەوە نزیکن، پەنابەرانی دەرەکی لە کەمپەکانی خۆرئاوادا لە هۆمۆساکەر نزیک نین. پەنابەر بە درێژایی ئەو ڕێگایەی لە ماڵەوە تا ناو کەمپ پێیدا دەڕوات ژیانێکی ڕووتی بێمافە، هۆمۆساکەرێکی ناونەنراوە، ڕەنگە ناو کەمپ کۆتایی سەفەری هۆمۆساکەربوون بێت نەوەک سەرەتای. بە بڕوای من چەمکی هۆمۆساکەر ئێستا هێندەی لەسەر ئاستی یۆنیڤێرسال ئیشی پێدەکرێت، لە ناو هەناوی یەک کولتووردا «بەتایبەت لە خۆرئاوادا» ئیشی پێ ناکرێت. هۆمۆساکەر چیتر جیاناکرێتەوە، بەڵکو بەرەڵایە، دیاردەیەکی گەردوونییە، لە هەموو شوێنێکە، لە هەموو شارێکە... هەندێ جار لە هەموو ماڵێکیشدایە. لەسەردەمی گلۆباڵدا هۆمۆساکەر بوونەوەرێکی بێمافە کە وەک کۆچەری، وەک نۆماد بە دونیادا سەفەردەکات... پەنابەر ئەو هۆمۆساکەرەیە نابێت لە ناو کەمپدا ببینین، بەڵکو لەدەرەوە، لە ڕێگا، لە گەشتی درێژیی بە ناو کولتوورەکان و وڵاتەکان و جێگاکاندا... ئەو هۆمۆساکەرە نوێیەیە کە دەیسەلمێنێت درۆی گەورەی گلۆبالیزم، سەبارەت بەوەی جیهان بچوک بۆتەوە بۆ گوندێک، ع فیشاڵێکی گەردوونییە. پەنابەر لە ڕۆژگاری گلۆباڵدا دەیسەلمێنێت، زەوی هێشتا جەنگەڵێکی دوورودرێژ و تاریک و ترسناکە، جێگایەکە پڕە لە شورا و لە دیوار و تەلبەند و گەشت بە ناویدا کوشندەیە.

ئەوەی مانای تەواوەتی پەنابەر دیاریدەکات، کاتێ هاتنە دەرەوەیەتی لە کەمپی پەنابەران. واتە ساتی دەرچوونی لە هۆمۆساکەرێکی گەردونی، بەرەو بوونەوەرێکی خاوەن ماف. پەنابەر دوای ئەوەش کە دەبێتە هاوڵاتی، دەبێتە



Scanned with CamScanner

کەسێکی ئاسایی، دەبێتە هەڵگری هەموو ئەو مافانەی کە ئەوانی دی هەیانە، هێشتا هەر پەنابەرە. پەنابەریی وەک لەدایکبوون وایە یەکجار ڕوودەدات و ئیتر ناگەڕێتەوە دواوە. پێناسەکردنی پەنابەر لە ڕوانگەی مافەوە، نابێت ئەوەمان لە بیربباتەوە کە هەبوونی ماف، پەنابەر ناگۆڕێت بۆ ناپەنابەر. هاوڵاتییەکی ئاسایی لەو کۆمەڵگایانەدا ئەو کەسە نییە کە لە ژینگەیەکی کولتووری و زمانەوانییەوە دەچێت بۆ ژینگەیەکی تر... کێشەکەی تەنیا کێشەی شوناسی منی کۆچبەر نییە، لەگەڵ شوناسی خاوەنماڵدا، تەنیا جیاوازی نێوان چەمکی مرۆڤ و هاوڵاتی بەرجەستەناکاتەوە، کێشەیەکی سۆسیۆ سیاسی رووت نییە کە فۆرمی دەوڵەت ـ نەتەوە دروستیکردبێت.

## پەنابەر دەرناکرێت بەڵکو بەرەو ناوەوە پەلکێش دەکرێت

پەنابەر لەو ساتەدا کە گوێی لەو دەنگە دەبێت کە پێیدەڵێت «تۆ ئێمە نیت»، لە پاڵ ئەوەدا فەرمانێکی دیکەشی گوێ لێدەبێت کە دەڵێت «تۆ دەبێت ببیت بە ئێمە». ئیتر دەکەوێتە ئەو پرۆسەیەوە هەوڵبدات ببێتە «ئەویدی». هەموو ژیانی پەنابەر دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ئەو خواستەوە تا لە «ئەویدی» بچێت، تا زۆرتر لەویدیش بچێت مافی زۆرتر دەبێت. ژیانی پەنابەریی هەوڵێکی گەورەی پەنابەرە بۆ ناواخنکردنی ئەویدی لە خۆیدا، بەجۆرێک بوونی «ئۆرگینال» ی یەکەم، واتە سوبێکتی ئەسڵی ئاسەوار و بوونی نامێنێت. کێشەی پەنابەر ئەوە نییە کە دەردەکرێتە دەرەوە، بەپێچەوانەوە، کێشەکەی ئەوەیە ئەویدی بە هێزێکی ترسناکی ئەفسانەیی بەرەو ناوەوە کێشیدەکات و بەرەو ناخیشی ڕۆدەچێت. کێشەی پەنابەر ئەوە نییە کە هەمیشە لە دەرەوە دەمێنێتەوە، بەڵکو ئەوەیە فشاری ڕاکێشان بۆ ناوەوە، فشارێکی ئەبەدی و ناکۆتا و هەتاهەتاییە... ئەویدی لە جێگایەکدا ناوەستێت، جێگایەک نییە تێیدا ئەویدی بڵێت تۆ یەکێکی لە ئێمە.

پەنابەر بۆ خۆی ئەو بوونەوەرەیە کە دەبێت بەردەوام خیانەت لە خۆی بکات، ڕۆژانە بە سیستمیکی ڕەمزی و خەیاڵی و فەنتازی ئیشبکات کە سیستمی خۆی نییە، ڕۆژانە فێربێت جیهان بەوجۆرە بژی و ببینێت کە چاوی ئەویدی دەیبینێت. بەجۆرێک لە نێوان خۆی و ئەویدیدا ئیدی نازانێت سنوورەکان لە کوێدا دەست پێدەکەن و تەواودەبن. بۆ خانەخوێکانیش، بۆ ئەوانەی پانەبەریان لەسەر خاکی خۆیان وەرگرتووە، پەنابەر شتێک نییە توڕیبدەنە دەرەوە، بەپێچەوانەوە ئەو بوونەوەرێکی پێویستە تا داگیربکرێت. هەموو کۆمەڵگایەکی نوێ پێویستی بە پانەبەر هەیە، بۆئەوەی بەردەوام بەرەو ناوخۆی ڕایبکێشێت و بەردەوام پێبڵێت نەگەیشتوویت. ئەمە ئەو ململانێ گەورەیەیە کە پەنابەر والیدەکات لە ئەستی خۆیدا بەردەوام بڵێت «من دەتوانم ببم بە تۆ» «دەتوانم لە تۆ کەمتر نەبم»، وە کۆمەڵگای بەرابەریش بەردەوام دەڵێت «وەرە بەڵام ناگەیت».

کۆمەڵگای داڵدەدەر لە ڕێگای ڕاکێشانی بەردەوام و درێژکردنەوەی ئەبەدی پرۆسەی ئامێزانکردنەوە «ئەنتیگرەیشن»، ئەو وێنە ئەفسانەیی و جوان و مەحاڵە بۆ خۆی دروستدەکات کە جۆرە پێکهاتێکی وەها ڕێک و تایبەتە، ئەوانی تر ناتوانن لێی بچن و ئاسان تێکەڵی ببن. لەمرووەوە خوێنەڤینی کۆمەڵایەتی و سەرسامبوون بە خود دەگاتە ترۆپکی خۆی. پەنابەر ئەو کەسەیە کە هەموو کۆمەڵگایەک پێویستی پێیەتی تا بە خۆی بڵێت «من قەشەنگم» «ئەوانیدی دەیانەوێت وەک من بن» «بەڵام تۆ ناتوانیت ببیت بە من». لێرەوەیە بڕوام وانییە بکرێت پەنابەر تەنیا لە سنووری کامپدا بخوێنینەوە. پەنابەر دەرناکرێت، جیاناکرێتەوە، بەڵکو ڕادەکێشرێت، دەخرێتە ژێر فشارێکی تێکشکێنەوە، دەکرێتە یاری، دەخرێتە پەراوێزەوە، دەهێنرێتە پێشەوە، ڕێگای لێدەگیرێت، ڕێگای بۆ دەکرێتەوە، دەرفەتی پێدەدرێت و دەرفەتیشی لێ دەسێنرێتەوە، بەڵام کۆی ئەو گەمەیە بۆئەوەیە بگووترێت تۆ دەرگاکانت لە پێشدەمدا کراوەن، کەچی ناتوانیت بگەیتە هەمان جێگا کە دەبێت بگەیت. پەنابەر خۆی ئەم گەمەیە تا سەر ئێسقان دەژی، دەکەوێتە ژێر ئەو فشارەوە کە ڕۆژانە خیانەت لە خۆی بکات بۆئەوەی لە



Scanned with CamScanner

ئەویدی بچێت، بۆئەوەی بیسەلمێنێت دەتوانێت وەک «ئەویدی» بێت. ئەم وەک «ئەویدی» بوونە، تەنیا شتێک نییە لە کێشەی مافدا کورتبکرێتەوە، لێرەدا بەبڕوای من لاکان زیاتر دەتوانێت کۆمەکمانبکات تا ئاگامبن. ئەم «ئەویدیە» کە پەنابەر دەیەوێت لێی بچێت، ئەویدییەکی خەیاڵییە، ئەویدییەکی مەحاڵە... وێنەیەکی ناو ئاوێنەکەیە کە هەرگیز نایکرێت بەو بچێت. پەنابەر تەواو دەکەوێتە بەر فشاری سیستمی خەیاڵی و ڕەمزیی لاکانییەوە، کاراکتەری پەنابەر لە نێوان حەقیقەتی خۆی و وێنەی کامڵی ناو ئاوێنەکەدا، تووشی دووبەرەکی و ململانێیەکی نوێ دەبێت. منی ئیدیالی چیتر ئەو منە ئیدیالە نییە کە پێوەی هاتووە، بەڵکو وێنەیەکی سەرابی و دوور و ئەفسانەییە کە ئەویدی بۆمان دەکێشێت.

## بۆ پەنابەر ڕقی لە خۆیەتی؟

پەنابەر لەو ساتەوەی دەبێتە پەنابەر چیتر نە مرۆڤی یەکەمە کە ماڵاوایی لێکردوە، نە مرۆڤی دووەمیشە کە دەیەوێت ببێت. تەنیا ئەو بوونەوەرەیە کە ناتوانێت هەم خۆی بێت و هەم ئەویدی. دەبێتە سەمبول بۆ بوونێکی ناجێگیر و بێشوناس، بوونێک کە لەبەردەم هەڕەشەی هەڵوەشان و لەناوچوونی بەردەوامدایە، بوونێک دەبێتە سەمبول بۆ هەموو بێسەقامی و ناجێگیرییەک، بوونێک هیچ کات ناگات بە کەماڵ، ناگاتە ئەوەی لە هیچ جێگایەکدا دانی پێدا بنرێت. بوونەوەرێکی هەوایی، بوونەوەرێک زیاتر لە کەفی دونیای مۆدێرن دەچێت. بوونەوەرێک کە بە جەستەی خۆی گوزارشت لە نەگەیشتن دەکات. لێرەوە تەواو دەبێتە هێمای پێچەوانە بۆ هەموو ئەو بەهایانەی دونیای ئەمڕۆیان لەسەر دامەزراوە. بەهای سەرەکی کەپیتالیزمی نوێ بۆ فەردەکان گەیشتنە بە ئامانج. پەنابەر سەمبولی ئەو بوونەوەرەیە کە ناگات... ئەو بوونەوەرەی کە کۆمەڵگاکان دروستیدەکەن تا بە کوڕان و کچانی خۆیان بڵێن یەکێک هەیە هیچ



Scanned with CamScanner

کات ناتوانێت ببێت بە تۆ. یەکێک هەیە کەرچی هەموو مافێکی توی پێدراوە، بەلام چونکە منداڵی ئێرە نییە ناتوانێت وەک تو بێت. کۆمەڵگای کەپیتالیزمی مۆدێرن لە هەموو جێگایەکدا لەسەر سەندنەوەی ماف ئیش ناکات، بەپێچەوانەوە زۆرجار لەسەر بەخشندەیی لە مافدا ئیشدەکات. هەموو مافێک دەدات بە غەریبەکان بۆئەوەی بڵێت غەریبی ئێوە پەیوەندی بە مافەوە نییە، بەڵکو گرێدراوی جیاوازییەکی وجودی قووڵە، کە جیاوازی ئەبەدی نێوان «من» و «تۆ»یە. لێرەدایە کە تێزەکەی ئاگامبن دەربارەی دەرکراوی نێوئاخنکراو، گرنگی خۆی وەردەگرێت. ماف تەنیا کاتێک مانای هەیە، کە نەبێتە هۆی یەکسانی. وەک چۆن دەستوور لای ئاگامبن کاتێک مانای هەیە کە دەسەلات بتوانێت ئیشی پێ نەکات. مافیش بۆ پەنابەر کاتێک دەبەخشرێت، کە دڵنیابین یەکسانی ناهێنێت. سیستمی خۆرئاوایی لەسەر بەخشین و زەوتکردنی ماف دروست نەبووە، بەڵکو لە سەر جیاکردنەوەی مرۆڤەکان بەسیستمی ماف دروستبووە، ماف ئەو چوارچێوە شەرعییەیە کە نایەکسانیمان دەپارێزێت. دینەمۆی خولقێنەر بۆ کۆمەڵگای لیبرال ئەوەیە، هاویەکی لە مافدا لە هاویەکی ئینسانەکان لە یەکدی جیابکاتەوە. ئەوەی کەپیالیزمی مۆدێرنی دروستکردوە ئەو تێزە جەوهەرییەی لیبرالییەتە، هەموو هەمان مافمان هەیە، بەلام هەموو یەکسان نین. پەنابەریش خۆی لەو جوغزەدا دەبینێتەوە، یان دروستتر بڵێم، لە چەقی ئەو جوغزەدا.

ڕقی پەنابەر لە خۆی، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە «ئەویدی» هەمیشە جوانی و بەرزی خۆی لەسەر حیسابی «ئەو» دروستدەکات. پەنابەر هەمیشە ئەو بەشە ناشیرینەیە کە کۆمەڵگا پێویستی پێیەتی تا ساتە نەرسیسییەکانی خۆی تا کۆتایی بژی. هەموو کۆمەڵگاکانی سەر زەوی، ئێستا کەم تا زۆر پێویستیان بە غەریبەیەک هەیە، بۆئەوەی بوونی ئیدیالی خۆیان ڕابگرن. کۆمەڵگا بەبێ بوونی پەنابەر ناتوانێت عاشقی خۆی بێت، دەبێت جەمسەرێک دروستبکات کە هیچ کات نەگات بەو، دەبێت دەرکراوێک هەبێت لە ناوەوە بێت، دەرکراوەکانی دەرەوە نرخێکی ئەوتۆ گرنگیان بۆ دەستنیشانکردنی دەلالەتەکانی ناوەوە نییە

«لێرەدا کەمێک دوور لە لاکلاو دەوەستم». پەنابەر، پەنابەرە بۆ ناوەوە، یەکێکە تەنیا لە ماڵ نەهاتوتەدەری، بەڵکو بەرەو جێگایەکی دیش سەفەریکردوە، تەنیا هەڵنەهاتووە، بەڵکو خەونێکیشی هەیە. کۆمەڵگای میوان ئەوە دەزانێت، دەزانێت کۆچبەر ئاواتێکی هەیە، ئیدیالێکی هەیە ... لەسەر ئەو بنەمایە ئیش ناکات پەنابەر بکاتە دەرەوە، بەڵکو ڕێگای ناوەوەی لێ ئاڵۆزدەکات، وەک ئاگامبن دەڵێت «وەدەرنراوێکی ناواخن» کراوە. پەنابەر زیندان نییە، دابڕاو نییە، بەڵکو پتر لە سیزیفێک دەچێت کە هەرگیز ناتوانێت بەردەکەی بە تەواوی بگەێنێتە تروپک، یان لە پۆلیسیۆسێک کە هیچ کات ناگاتە ماڵ. سەفەری پەنابەر لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا لەگەڵ گەیشتنیدا بە وڵاتی نیشتەجێ، لە سەفەرێکەوە بە جوگرافیادا، دەبێت بەسەفەرێک بە مێژوودا، بۆ گەیشتن بە ئەویدی. پەنابەر ڕەنگە بتوانێت هەزاران کیلۆمەتر بە ناو ئاو و جەنگەڵ و وڵاتە شەڕانییەکاندا ببڕێت، بەڵام ئەستەمە ئەو مەودایە ببڕێت کە لە نێوان خودی ڕاستەقینەی خۆیی و ئەو وێنە ئیدیالە تازەیەدا «کە لەسەر ئاوێنە لاکانییەکە» دروستبووە. سیستمی چەوساندنەوە لە کەپیتالیزمی نوێدا، لەسەر بێمافکردن بونیادنەنراوە، لەسەر ڕاسیزمی ڕاستەوخۆ و جیاکردنەوەی ئاشکرا ڕاناوەستێت، بەڵکو لەسەر ئەستەمی لێکچوون، لەسەر گێڕانەوەی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ بونیادی ئینسانەکان، لەسەر داڕشتنی وێنەیەکی کۆمەڵایەتی و گلۆباڵ بۆ «مرۆڤی ئیدیال» «مرۆڤی سەرکەوتوو»، کە پەنابەر بە گشتی نایگاتێ. دەبێت پەنابەر هەبێت و لە ناوماندا بێت، تا ببینین لە بەرابەر بوونی بڵند و سەرکەوتووی ئێمەدا، بوونێکی تێکشکاو و ژێرکەوتوو هەیە. پەنابەر گوزارشت لە ڕۆحی نهێنی سیستمی گلۆباڵ دەکات، یەک سیستمی جیهانی، بەڵام پڕ لە ناوازە و ڕیزبەندی و دابەشکردن و نەگەیشتن. پەنابەر دەرکراوێکی ناواخنکراوە، ئەو لێبوکەیە کە پێویستمانە بۆئەوەی دڵنیابین ئەوەی شایەنی بەزەیی و ڕەحمەتە ئێمە نین. بە کورتی دۆخی پەنابەر گێڕانەوەی ڕاسیزمە بۆ جەوهەرە قووڵەکەی، وەک جیاوازییەکی وجودی لە نێوان من و تۆدا. لێرەدا پەنابەر دەبێت بە بوونەوەرێک



Scanned with CamScanner

لەناوێنەی ئەویدیدا بۆ خۆی دەگەڕێت و خۆی بۆ نادۆزرێتەوە. بەلام بە درێژایی ئەو کاتەی ئەو بۆ خۆی دەگەڕێت، بووە بە کەرەستە لە نمایشێکی گەورەتردا، لە شوێنەکی گلۆبالدا، کە تییدا ئەوانی تر خۆیانی تیدا دەبیننەوە. لەو ساتەدا کە پەنابەر لە ئاوێنەی ئەوانیدیدا بۆ ئیدیالی ونبووی خۆی ویلە. ئەوانیدی لەودا ئەو سوبێکتە تێکشکاوە دەبینن کە پێچەوانەی هەموو سوبێکتێکی ئیدیالە. پەنابەر لیبوک «مهرج» ی سەردەمی گلۆبالە. پەنابەرێکی بیماف ناتوانێت کەرەستەیەکی گرنگ بێت بۆ تێرکردنی خودئەڤینی «نەرسیسییەتی» خانەخوێکان، بۆئەوەی روونتر وەک لیبوک دەربکەوێت، پەنابەر بە چەندە ماف باردەکرێت، لەسەروو هەموویانەوە مافی ئامێزانبوونە «ئەنتیگرەیشن». پەنابەر بۆئەوە لێرەیە تا بچێتە ماراسۆنی لێکچوونەوە لەگەڵ خاوەنمالدا، بۆئەوە نەهاتووە دانیشێت و بەپێی بەها دینی یان پێداویستییە کولتوورییەکانی خۆی بژی، بەلکو مەرجی بوونی لێرە، ئامادەبوونێتی لەو گەمەیەدا. ئەو بەو مەرجە دەرگای بۆ دەکرێتەوە کە یارییکات و بدۆڕێت، ئەو دۆڕاوێکە لە کولتوورێکدا پێویستییەکی ڕۆژانە و هەمیشەیی بە وێنەی «براوە» هەیە. بە بڕوای من کەپیتالیزمی نوێ بەرابەر بە پەنابەر هێندەی بە لۆژیکی براوە و دۆڕاو ئیشدەکات، بە لۆژیکی ژیان و ماف کارناکات.

هەموو نیازی سیستمی خۆرئاوایی لەگەڵ پەنابەردا کورتدەبێتەوە بۆئەوەی، سیستم بیسەلمێنێت، کێشەی گەورەی پەنابەر لەگەڵ سیستمدا نییە، بەلکو لەگەڵ خۆیدایەتی. لەو پێناوەدا گەر پەنابەر لە هەموو شوێنەکان ئەوکەسە بێت کە «ناتوانێت ئێمە بێت». لەگەڵ خودی خۆیدا دەبێتە ئەو بوونەوەرەی کە هیچ کات ناتوانێت خۆی بێت. پەنابەر بوونەوەرێکە ئاماژەیە بۆ هەرەسی سوبێکت، بۆ بێتوانایی لە بۆ گەڕانەوەی هەمیشەیی بۆ دۆخی ناجێگیری، بێشوناسی... بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ هیچ سیستمێکی ڕەمزیدا. پەنابەر ئەو سەمبولەیە کە نە لە ڕستەی ئەوانی تردا جێگای دەبێتەوە و نەدەشتوانێت ڕستەی خۆی دروستبکات.



Scanned with CamScanner

# پارادۆکسی دژایەتی پەنابەر بۆ پەنابەر

کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی دژە پەنابەرە، لەوەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی دیکەدا نییە. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، کۆمەڵگاکانی تر وەک کورد لە دۆخی بێجێی و بێ نیشتیمانی و پەنابەریدا نەژیاون. پەنابەریی شتێکە ریشەیەکی قووڵی لە بوونی کورددا هەیە. بەجۆرێک لە هەندێ قۆناغی دوورودرێژی زەمەنیدا، خودی کوردستان بەجۆرێکی سەرتاسەری کامپێکی گەورەی پەنابەران بووە. جگە لەمجۆرە پەنابەرییە مەجازییە کە بە ڕۆحی مرۆڤی کورد و بە بوونییەوە لە جیهاندا گرێدراوە، دۆخێکی تریش هەیە، ئەو ئاوارە ناوخۆییەی کورد خۆیەتی لە نێوان پارچەکاندا، کە لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا یەکێک بووە لە نیشانە سەرەکییەکانی ژیانمان، جۆرێک لە ئاوارەیی ناوخۆیی کە زۆر زوو باوەشی یەکەم و لە ئامێزگرتنی سەرەتایی وەرگەڕاوە بۆ لاقرتی و سوکایەتی و دوژمنایەتی. بەجۆرێک دەتوانم بڵێم پرۆژەی نوسینەوەی ئاوارەیی ناوخۆیی «ئاوارەبوونی کورد لە ناو پارچەکانی خاکی خۆیدا» هەم پرۆژەیەکی گرنگە هەم ڕاستی زۆر تاڵیشمان لەسەر مامەڵەی مرۆڤی کورد لەگەڵ پەنابەردا بۆ دەردەخاتەوە. بەڵام جگە لەمە ترۆپکی کینەی کۆمەڵگای کوردی لە پەنابەر لەو کینە و ڕق و قەبووڵ نەکردنەوەیەدا بەرجەستەدەبێت کە ئەم کۆمەڵگایە بەرابەر منداڵە ئاوارەکانی خۆی هەیەتی، کە ڕۆژانە دەیان چیرۆکی نوێی لێ دەکەوێتەوە. دوا زنجیرەی ئەو ترس و کینەیەش لە پەنابەر، ئەو دۆخە ترسناکەیە کە کرێکارە بیانی و پەنابەری جێگاکانی دی لە کوردستان تێیدا دەژین، کە هەلومەرجێکی نامرۆڤانە و درندانە و بێئابڕوانەیە. هۆی چییە کە ئەو ڕقە بێسنوورەمان لە پەنابەر هەیە؟ ئاخۆ ئێمەش وەک خۆرئاوا بۆ لێبوکێک دەگەڕێین،

هەوڵبدات بگاتە ئێمە و نەتوانێت؟. ئاخۆ ئەو ڕقە بەشێک نییە لە ڕقی ئێمە لە خۆمان؟ ئایا بینینی هەموو پەنابەرێک ئەو دۆخە دێرین و هەمیشەییەی پەنابەریمان بە یاددا ناهێنێتەوە لە خۆماندا؟ ئایا پەنابەر وێنە تێکشکاوەکەی خۆمان نییە کە دەمانەوێت لە یادی ببەینەوە؟

«گووتاری مانەوە» وەک شاگووتار کە لە پشت بڕێکی زۆر سیستمی ڕەفتاری ئێمەوەیە، وێنەی مرۆڤێکی ئێدیال بۆ ئێمە دەکێشێت کە پێچەوانەی وێنەی پەنابەرە. پەنابەر کەسێکی ناجێگر - بێشوناس - دەرکراو - بێماڵ - تێپەڕ - پەراوێزییەیە کە هیچ نیشانەیەکی لەو بوونەوەرە ناچێت کە مەرجەکانی مانەوەی هەتاهەتایی و ژیانی ئەبەدیی پێویستی پێیەتی. گووتاری مانەوە وێنەی مرۆڤێکی دەوێت سەقامگیر - شوناسدار - نیشتەجێ - هەمیشەیی بێت. مرۆڤێک گوزارشت لە مانەوە بکات نەوەک توانەوە، گوزارشت لە شوناس بکات نەوەک بێشوناسی. پەنابەر بوونەوەرێکە کە لەویدیدا دەتوێتەوە، ڕۆحی گووتاری مانەوەش دژی توانەوەیە... توانەوە زاراوەی پێچەوانەی مانەوە و دۆخە دژەکەیەتی. لێرەوە گووتاری مانەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان، گووتارێکە بەگشتی جێگای پەنابەری تێدا نابێتەوە، تا ئەو کاتەی پەنابەر لە مەنفاوە دەکەوێتەوە بەکارهێنانی ئەم گووتارە. کاریگەری ئەم گووتارە لە جیهانبینی ئێمەدا زەمینەیەکی دەرونی و ئایدۆلۆژی بەهێزیی بە دژایەتی پەنابەر بەخشیوە. جگە لەوە لە دە ساڵی ڕابوردوودا ماڵی کوردی لە باشوور، بۆتە ماڵێک پێویستی بەو هەستە هەیە خۆی جوان و تایبەت و ناوازە ببینێت. ئەو هەستەی گوایە لە بەشەکانی تری عێراق و لە دەوڵەتەکانی تری دەوروبەر ناچێت، جۆرێک لە هەوای خودئەڤینی دروستکردوە، کوردستانی گۆڕیوە بۆ جێگایەک بیەوێت ئەو هەستە بداتە مرۆڤی کورد کە بۆتە خاوەن ماڵ، بۆتە خاوەنی سوبێکتێکی جیاواز و ترازاو لەوانی دەوروبەری، بوونێک دەتوانێت خۆی بەو سوبێکتە ئێدیالە بشوبهێنێت کە لە سیستمی گلۆباڵدا داواکراوە. ئەو



Scanned with CamScanner

هەستەی کە ئێستا ماڵمان هەیە، لە ناخەوە کینەیەکی دەروونی و ترسێکی دێرینمان لە هەموو بیماڵێک تیا زیندووردەکاتەوە. ترس و کینە و دژایەتی پەنابەر، لە هەستێکی ڕاسیستییەوە نەهاتووە هاوشێوەی ڕاسیزمی ئەوروپی بێت، بە پێچەوانەوە لەترسێکی گەورەوە لە وێنە دێرینەکانی خود و لە فۆبیای توانەوە و لە ناوچوونی ناسیۆنالیستییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو هەستەی وادەکات نەتەوەیەکی دڵڕەق و بێڕەحم بین بەرابەر بە بیانی و کۆچبەرەکانی میوانمان، ڕیشەکانی لەو هەستە تازەیەوە هاتووە کە چیدی ماڵمان هەیە و ناتوانین بە بەزەییەوە تەماشای بیمالان بکەین.

لەسەردەمی خەباتی ڕزگاریدا «خواستی خۆ جوان بینین» بە جۆرێکی تر خۆی دەردەخستەوە، ئەم هەستە زیاتر لە فۆرمێکی ستاتیکی و ئەدەبیدا گوزارشتی لە خۆی دەکرد، ناشیرینی و دڕندەیی داگیرکەر پێوەری جوانی و بڵندی ئێمە بوون. بەڵام لە ئێستادا ئەم خواستی «خۆجوان بینین»ـە ئاراستەی داگیرکەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە ئاوێنەیەکی ناوخۆیی هەیە، چیتر ئێمە لە باشوور جوانی خۆمان لە مانای خەباتماندا دژ بە داگیرکەر هەست پێ ناکەین، بە پێچەوانەوە، لە بڵندیی ئاستی ئابووری و سەقامگیری ژیان و دەوڵەمەندیماندا دەیدۆزینەوە، لە بەرابەر پەنابەر و ئیشکەرەکان و کرێکارە بیانییەکاندا هەستی پێدەکەین. لە بیست ساڵی ڕابوردوودا نەرسیسی کوردی، لە نەرسیسێکی سیاسییەوە بووە بە نەرسیسێکی ئابووری کە خاوەنی ماڵی خۆیەتی، لە یەکێکەوە کە عاشقی توانای خۆی بوو لەسەر خەبات، بووە بە کەسێک عاشقی توانای خۆیەتی لەسەر بەدەستخستنی پارە و دروستکردنی کۆشک و ڕاگرتنی خزمەتکار و بەگەڕخستنی کرێکاران. ئەم کۆمەڵگا نوێیەی کورد، کە هێدی هێدی هەستی خاوەنماڵی لە خۆیدا پەروەردە دەکات، پێویستی بەو تێرمەیە کە بوونەوەرانێک بدۆزێتەوە لە بەرزییەوە لێیان بڕوانێت و لە



Scanned with CamScanner

سەرەوەڕا تەماشاینبکات تا ئەو بەرزییە نوێیە تاقیبکاتەوە کە گوایە خۆی پێگەیشتووە. وەک هەموو کۆمەڵگاکان لە سەردەمی گەشەی ئابووریدا پێویستی بە کۆیلە هەیە، پێویستی بە بوونەوەرێکی نامۆ و بێماڵی وەک پەنابەر هەیە تا بتوانێت بە تێکشکاندنی هێز و جوانی خۆی تاقیبکاتەوە.

پەنابەر لە ڕوانینی کوردییەوە دەبێتە بوونەوەرێکی نەفرەت لێکراو. چونکە دەبێتە هەڵگری هەموو ڕەهەندەکانی ئەو وێنەیەی خود کە مرۆڤی کورد دەیەوێت لە بیرخۆی بەرێتەوە. هەڵگری هەموو ئەو سیفەت و وێنانەی ئەم مرۆڤە بە درێژایی مێژوو لێی ترساوە. لە نەستی مرۆڤی کورددا پەنابەریی گرێدراوی نسکۆ و هەڵهاتن و بێماڵییە. لێرەوە نەفرەت و قێزهاتنەوە لە پەنابەر و مامەڵەکردنی نامرۆڤانە لەگەڵیدا، هەوڵێکی گەورەیە بۆ چەپاندنی یەکێک لە ئەگەرە ئامادە و گەورەکانی وێنەی خود. مرۆڤی کورد لە کوشتنی غەریبە و لاوازاندا دەیەوێت وێنەیەکی تایبەتی خۆی بکوژێت. ترس و کینە بەرابەر پەنابەر لە بەشێکیدا ترس و کینەیە بەرابەر بە نیوە خنکێنراو و چەپێنراوەکەی خودی خۆی. لێرەدا کرێکارە بیانییەکان و ئیشکەرە هەژارە ئاسیایی و ئەفریقییەکان لە کوردستان لە هۆمۆساکەر دەچن، بوونەوەری بێمافن کە چەوساندنەوە و سوکایەتی و ژێرپێنانیان سزای ڕوونی لەسەر نییە. وێنەی پەنابەر وەک هۆمۆساکەر لە ڕاستیدا بۆ وێنەی پەنابەر لەدەرەوەی خۆرئاوا ڕاستە تا خۆرئاوا خۆی. بۆیە هەستدەکەم تیورەکەی ئاگامبن لەو ڕووەوە شایستەی کار لەسەر کردن و فراوانکردن و ڕاستکردنەوەی قووڵە.

نابێت ئەوەش لە یادبکەین کە شەڕانگێزی ئەم مرۆڤە بەرابەر پەنابەر، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ناخۆشی لەگەڵ ئەویدیدا. لە ڕێگای تێکشکاندنی «ئەویدی لاواز»ەوە کۆمەڵگای ئێمە دەیەوێت بەسەر ترسە ناوخۆییەکانی خۆیدا بەرابەر بە ئەویدی زاڵ ببێت. ئەویدی لە دیدی ئێمەدا هەمیشە ئەویدییەکی ترسناک و گەورە و بەهێزبووە. هێزێک

بووە ویستومانە تێکیبشکێنین و خۆمان بە تواناتر ببینین، خواستی بچووککردنەوە و تێکشکاندنی ئەویدی هەمیشە بەشێک بووە لە ئارەزووە نهێنییەکانی نەستی ئێمە. لەم دۆخە نوێیەی کۆمەڵگای کوردیدا، بوونی ئیشکەرانی میوان، هەلێکی گرنگ دەسازێنێت تا «ئەویدییەکی بچوک» بخولقێت، ئەویدییەکی لاواز کە زۆر ئاسان تێکدەشکێنرێت و تەواوی گرێ مێژووییە قووڵەکانی لەسەر تاقیدەکرێتەوە. پەنابەر ئەو کەسەیە کە لە ڕێگایەوە مرۆڤی کورد، خۆی لە شوێنی نێچیرەوە دەخاتە شوێنی ڕاوچی. نەفرەت لە پەنابەر، لە ڕاستیدا سەمبولی نەفرەتێکی سایکۆلۆژییە لە ئەویدییەک کە پتر لە خۆمان دەچێت تا لە ئەویدی گەورە. مێژووی ئێمە وێنەیەکی ئەویدی لەلامان چاندوە بەهێزبێت و لاساییبکەینەوە و ببێتە بەرزەمنمان، بەڵام ئەویدییەکی لاواز، هەر هەڵگری وێنەی ئێمەیە و بەرگی ئەویدی پۆشیوە، دیوە نەفرەت لێکراوەکەی خۆمانە و لە شێوەی غەریبەیەکدا گەڕاوەتەوە، خودە بچوکەکەمانە و سروشتێکی عەینی و کۆنکرێتی وەرگرتووە. لێرەوە دەبنە ئەو کەسەی کە مرۆڤی نوێی کورد، ئەم شەمشونە تازەیەی سەر سەحنەی مێژوو، هەموو هێزی خۆی بەرابەری تاقیبکاتەوە. کۆمەڵگای کوردی باشوور لە ئێستادا، بە ساتەوەختی سەرهەڵدانی هەمان ئەو پێداویستییەدا دەڕوات کە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان و کۆمەڵگاکانی سەردەمی گەشەی ئابووریی پێویستیان بوو، دەرکراوێکی ناوەکی، کەسانێک کە لەگەڵماندا بن و لە ئێمە نەبن. کۆمەڵگای ئێمە بەردەوام بەرەو دۆخی نائاسایی دەگوازێتەوە، ئەو دۆخەی کە تێیدا پێویستیمان بە دەرکراوێکی ناوەکی هەیە، دۆخێک تێیدا، کە قسە لە مرۆڤ دەکەین، مەبەستمان «من» «ئێمە»یە، نەوەک «ئەویدی»... دەرکراوی ناوەکی، دەرکراوێک کە لەگەڵمدایە و هیچ کات نابێت بە یەکێک لە ئێمە و ناگاتەوە بە «من». هێدی هێدی کۆمەڵگای بچوکی باشووری کوردستاندا بەرەو ئەوە دەڕوات، ئیگۆی خێڵی کوردی بە چەندەها پردەوە



Scanned with CamScanner

بەستێتەوە بە ئیگۆی پێویست و و داواکراو لای مۆدێلی لیبرال و گلۆبال. گونجاندنی دەسەڵاتی خێڵەکی لەگەڵ دەسەڵاتی گلۆبالدا، پێویستی بەوە هەیە لە ناوەوە هێزگەلێکی پەراوێزیی دروستببن کە فۆرمی لێکچوون لە نێوان «سەنتەرەکانی کەپیتالیزم» و «کەنارەکانیدا» گەر لە ئاستی لێکچوونی وەهمیشدا بووە زەقتربکەنەوە. پەنابەری کورد لە جەوهەردا خۆی هەڵگری ڕۆحە نۆماد و کۆچەرییەکەی مرۆڤی ئێمەبوو، ئەو ڕۆحە گەردونییەی زەمین بەماڵی خۆی دەزانێت، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابوردوودا ناسیۆنالیزم و گلۆبالیزم، ئەم ڕۆحە گەردونییەیان گۆڕیوە بۆ ئۆبێکتێکی بچوک کە هێمایە بۆ نەگەیشتن و تێکشکان و بێجێگەیی و ونبوون... پەنابەر لە خەیاڵی کۆمەڵایەتی ئێمەشدا هێدی هێدی وای لێدێت تەنیا ئاماژەبێت بۆ بوونەوەرێک کە شوناسی نییە، ئەمە لە جیهانێکدا کە تا دێت دیکتاتۆرییەتی شوناسە لۆکاڵ و گلۆباڵەکان دەبنە یاریدەدەر و کۆمەککاری یەک، تا هەموو بێشوناسێک تێکبشکێنن.

کینە بەرابەر پەنابەر نیشانەی تێکشکانی ڕەهەندە گەردونییەکانی ڕۆحی نەتەوەیی ئێمەیە و لە دەستدانی ئەم ڕۆحەیە بۆ لایەنە سروشتی و مرۆڤدۆستەکانی، وە دەرکەوتنەوەی دیوە شەڕانگێزییەکانی ئەو ڕۆحە تاریکەی گلۆباڵە کە بەرەو هەموو کونجێک پەلدەکێشێت.

گەر خۆرئاواییەکان لە ڕێگای پەنابەرەوە، بەهێزی خۆیان بدۆزنەوە. کۆمەڵگای ئێمە لە ڕێگای ئیشکەرە بیانییەکانەوە لە ڕابوردووی خۆی رادەکات... گەر پەنابەران لە خۆرئاوا لێبوکێکی گەردونی بن، ئەوا لای ئێمە ئەو کرێکارانەن کە کاریان ئەوەیە دوێنێمان بیربەرنەوە و یادەوریمان بسڕنەوە.



Scanned with CamScanner

تێبینی: زاراوەی ژینگا وەک زاراوەیەکی پێچەوانەی ژینگە بەکاردەهێنم، ژینگە «بيئة. ئینفایرۆنمێنتی ئینگلیزی یان ئوم فێلتی ئەلمانی» بریتییە لە جێگای بایۆلۆژی ژیان، ئەو فەزایەیە کە مەرجە بایۆلۆژی و ئۆرگانییەکانی زیندووبوونی تێدایە، بەلام مەبەستم لە ژینگا شوێنی بوونی کۆمەلایەتیمانە. کە جیاوازە لە ژینگە کە ئاماژەیە بۆ فەزای سروشتی ژیان، لەگەل موقەدەس وەک فەزای دەرکەوتنی ئیلاهی و میتافزیکی. ژینگا پێچەوانەی جێگای موقەدەسە، شوێنە ئاساییەکانە، ئەو شوێنانەیە کە موقەدەس نین، داخراو نین، دابەشکراو نین، بەلکو لە دەرەوەی شوناسی ناسیۆنالیستین. ئامێزی کۆمەلایەتی ژیانە، بەر لەوەی ئەو ئامێزە شوناسێکی داخراو ببەخشێتە خۆی.



Scanned with CamScanner

# سەرچاوەکان

1. Deleuze. Gilles. Short Cuts. Zweitausendeins Verlag,Frankfurt am Main. 2001. S.12

2. Raz-Krakotzkin. Amnon. Exil und Binationalismus: Von Gershom Scholem und Hannah Arendt bis zu Edward Said und Mahmoud Darwish Exile and Binationalism: From Gershom Scholem and Hannah Arendt to Edward Said and Mahmoud Darwish. Carl Heinrich Becker Lecture . der Fritz Thyssen Stiftung 2011. S.43

3. Arendt und Adorno. Hg.: Dirk Auer, Julia Schulze Wessel, Lars Rensmann. Suhrkamp. Frankfurt. 2003. S. 39

4. «هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٤»

5. «هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٥»

6. Wie aktuell ist Erich Mühsam ؟. Erich-Mühsam-Gesellschaft e.V. Heft 31.2008. S.87

7. Grunenberg. Antonia. Arendt. Herder Verlag, Freiburg im Breisgau 2003. S.49

8. Wie aktuell ist Erich Mühsam ؟». «هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل.٨٨

9. Grunenberg. Antonia. «هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٥٠ ـ ٥٢»



Scanned with CamScanner

10. Schmitt. Carl. Politische Theologie Vier Kapitel zur Lehre von der Souveränität. Duncker & Humblot GmbH, Berlin, 2004. S.14

11. Geulen. Eva. zur Einführung. Junius, 2009.S.74 – 75

12. Agamben. Giorgio. Homo sacer. Die souveräne Macht und das nackte Leben. Suhrkamp. 2002

13. Ndegong Madung. Otto Gusti . Politik und Gewalt: Giorgio Agamben und Jürgen Habermas im Vergleich. Utz Verlag. Münchn 2008. S.128

14. Agamben. Giorgio. «هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٨٣»



Scanned with CamScanner

# گەر نەتەوێت
# غەریبێك بیت وەك نالی

Scanned with CamScanner

قسەکردن سەبارەت پەیوەندی تاراوگە و کولتوور، بە دوو کەناڵی زۆر سەرەکیدا تێدەپەڕێت.

یەکەمیان کەناڵی پەیوەندی تاراوگەیە بە ڕۆحەوە، واتە پەیوەندی تاراوگە بە هەست و تێڕوانینە ستاتیکییەکانمانەوە بۆ دونیا. واتە قسەکردنە لەسەر ئەزموونێکی نوێی نامۆیی کە کەسی تاراوگەبوو پیادەڕوات، ئەزموونێک کۆمەڵێک سیفاتی دیاریکراو لە شێوازەکانی دیکەی غوربەت جیایدەکاتەوە، بە جۆرێک وا دەکات «غوربەتی تاراوگە» دیوێکی ناوازەتر و تایبەتیتری ناو هەموو غوربەتەکان بێت. ڕۆحی کەسی تاراوگەبووش ڕۆحێکی تایبەتتر و ناوازەتریی ناو غەریبان بێت.

کەناڵی دووەم، کەناڵی پەیوەندی تاراوگەیە بە مەعریفەتەوە. واتە قسەکردنە لە ئەزموونێک لە ڕوانین و تێگەیشتن و بیرکردنەوە کە تاراوگە پێشکەشماندەکات، لەدایکبوونی جۆرە جیهانبینییەکی ترە کە دەرەنجامی تێڕامانە لە دونیایەکی گەورەتر، بەڵام بە هەستێکی تراژیدی گەورەتریشەوە.

هەر کاتێک قسەمان لە تاراوگە کرد دەبێت ئەو دوو ئەزموونەمان لە بەردەستدا بێت، جۆرێک لە غەریبیمان هەست پێکردبێت کە دوو دەنگدانەوە قووڵی جێهێشتبێت، جارێک تاراوگە لە شێوازی هەستکردنمان بە دونیادا ڕەنگیدابێتەوە، جارێکی دیش کاریگەری تاراوگە لە شێوازی بیرکردنەوە و جۆری کەرەستەکانی بیرکردنەوەماندا دەرکەوتبێتەوە. گەر ئەم دوو جۆرە



Scanned with CamScanner

تایبەتمەندێتییە نەدۆزینەوە، ئەوا تاراوگە تەنیا گواستنەوەیەکی جەستەیی لەشمانە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دی، بێئەوەی بووبێتە گواستنەوەیەکی رۆحی لە وێستگەیەکەوە بۆ وێستگەیەکی دی، بێئەوەی بووبێتە گواستنەوەیەکی عەقڵی لە شێوەیەکی بیرکردنەوەوە بۆ شێوەیەکی دی.

تاراوگە شوێنگە و بزوێنێکی گەورەی نوێبوونەوە و داهێنانە. لە ئەدەبیاتی ئێمەدا غوربەت هەمیشە مانایەکی نێگەتیڤی هەبووە. «مەنفا» وەک شوێنێکی تاریک و « نیشتیمان» وەک خاکێکی ڕوناک و پیرۆز تەماشاکراوە. نالی دامەزرێنەری یەکەمی ئەو وێنەیەی مەنفایە، یەکەمین کەسە هەستی غوربەتی نوسیوەتەوە، شێوازی مامەڵەکردنی نالی لەگەڵ غوربەتی خۆیدا دواتر دەبێتە شێوازێک و قاڵبێکی ڕیتۆریکی کە هەموو ئەدەبیاتی ئێمە ڕەچاویدەکات. شێوازێک بە ڕای من زیانێکی کوشندە لە کولتووری ئێمە دەدات. ئەزموونی مەنفا هەمیشە دەبێت بە دوو ئاڕاستەدا بجوڵێت: ئاڕاستەیەکیان ئەوەیە کەسی تاراوگەکراو دەپرسێت: «ماهییەتی ئەو جیهانە چییە کە من جێمهێشتوە؟». ئاڕاستەی دووەمیش دەپرسێت: «ماهییەتی ئەو جیهانە چییە کە من ڕووم تێکردوە؟». ونبوونی هەر یەکێک لەم دوو ئاڕاستەیە زیانێکی کوشندە لە کۆی ئەزموونی کەسی تاراوگەبوو دەدات. نالی لە سەرەتاوە لە چامەکەی خۆیدا غوربەتمان وەک تۆفانێک لە هەست و نەستی ئاگرین بۆ نیشتیمان بۆ وێنادەکات. پرسیاری سەرەکی لای نالی ڕامانە لەو «خاکەی بەجێیهێشتووە». ئیشکردنی ئەو تەنیا بە یەک ئاڕاستەیە، لێرەوە کاریگەریی کولتووری «ئەویدی» لەسەر هەستی ستاتیکی نالی، کاریگەرییەکی نەبینراو و هەست پێنەکراوە. غوربەت لای نالی گریانە بۆ ئەو جێگایەی کە جێیدێڵێت، نەوەک سەفەرێک بێت لەو هەست و نەستانەدا کە بینینی «جیهانی بەرابەر- یان - جیهانی ئەوانیدی» لە مرۆڤدا دروستیدەکات. نالی ئەوەمان پێدەڵێت کە کەسی تاراوگەکراو لە مەنفا چی لە دەستدەدات، بەڵام ئەوەمان پێناڵێت کە لە بەرکەوتنی نێوان «من » و «ئەویدی»دا چی دروستدەبێت.



Scanned with CamScanner

ئەم جولاندنەوەیە تەنیا بە یەک ئاقار و یەک ئاراستە دەبزوێت. غوربەت لێرەدا تەنیا بە یەک شێوە ئیشدەکات، وەک نۆستالژیایەکی قوول بۆ رابوردوو بەردەکەوێت، وەک ئارەزوویەکی قوول بۆ گەڕانەوە و «لستنەوەی دارو بەرد»ی نیشتیمان، وەک پرۆسەیەک کە تەواوی «ئەرز» لە مرۆڤ «دەکات بە زیندان». بەلام بە ئاراستەی ئەودیودا جولەیەکی لاواز و نەبینراو هەیە، پرسیار لە ماهییەتی ئەویدی تەواو نائامادە و فەرامۆشکراوە. کەسی تاراوگەبووی ئێمە پتر لە پەیوەندی خۆی بە نیشتیمانەوە رادەمێنێت، ئەو پەیوەندییەش لە سنووری پەیوەندییەکی عاتیفیدا دەوەستێت، کە پڕە لە داد و بێداد و فرمێسک ڕشتنی بەردەوام. ئەمە وایکردوە ئەزموونی تاراوگەی ئێمە لە ئەزموونی باڵندەیەک بچێت کە بە یەک باڵ دەفڕێت و لەسەر یەک قاچ دەوەستێت.

گوێنەدان بە ناسینی خود، گوێنەدان بە ناسینی ئەویدی، گۆڕینی مەنفا بۆ جۆرە تراژیدیایەکی گەورە کە چارە و دەربازبوونی تەنیا لە گەڕانەوەدایە، بەشێکە لەو هۆکارە هەرە کوشندانەی کە ئەزموونی تاراوگەی ئێمەی گۆڕیوەتە سەر جۆرە «مەنفایەکی عاتیفی» بێئەوەی مەنفایەک بێت بە دەرکەوتەی عەقڵی قووڵەوە. بە بڕوای من تێپەڕاندن و بەلاوەنانی ئەمجۆرە «غوربەتە چامەییە» بەوجۆرەی لە چامەکەی نالیدا هاتووە، تەنیا ڕێگای کرانەوە و کردنەوەی دەرگای سەدەیەکی تازەیە لە بەردەم غەریبانی ئێمەدا.

غوربەتی نالی، بەو مانایەی کە «چەمکی نیشتیمان» پردەکات لە دەلالەت و مانای دینی، زیاد لە سەدەیەکە سروشت و ئاکار و ڕەفتاری غەریبانی ئێمە دیاریدەکات. وایکردوە «قودسییەتی نیشتیمان» سەنتەری سەرەکی بابەتەکانی کەسی تاراوگەبوو بێت. نالی یەکەم مامۆستای ئەو پەیوەندییە دینییەیە بە نیشتیمانەوە کە تا ئەمڕۆ ئێمە دووبارەیدەکەینەوە، لەم ساتەدا کە کۆمەڵگای ئێمە لە پێشدەم پرسیاری زۆر سەختی گۆڕان و کرانەوەدایە، کەچی تاراوگەی

ئێمە لە هەر ساتێکی دیکە زیاتر نوقمی ئەو پەیوەندیە دینییەیە. بەر لە من هەر یەک لە «ڕێبوار سیوەیلی» و «مەریوان وریا» باسی ئەو پەیوەندییە دینییەیان کردوە. ئەوەی جێگای ڕەخنەیە لە تێڕوانینی منەوە ئەوەیە کە مۆدێلی نالی بۆ تاراوگە ناکرێت وەک دۆخێکی شیعری یان لە سنووری ئەزموونی شەخسی شاعیرێکدا تەماشابکرێت، ئەم مۆدێلە دواتر دەبێت بە «شاگووتار»ێک کە تا ئەم ساتە بە جۆرێکی کوشندە ئەزموونی ڕۆحی تاراوگەبوو کورتدەکاتەوە بۆ گریانێکی نۆستالژیانە بۆ نیشتیمان. ئەو گریانەی کە لە ئەدەبیاتی شیعر و گۆرانی مەنفادا بە جۆرێکی سەیر بەرجەستەبێت، بە ئەندازەیەک بە ڕێکەوت نوسینێک یان کارێکی هونەریی یان گۆرانییەکی ئێمە دەبینین پڕنەبێت لەو هەستە نۆستالژییە. لە سەرەتای گەرمبوونی ئەزموونی غوربەتدا «نالی» وەک سەنتەری گەورەی ئەدەبیاتی ئێمە دەگەڕێتەوە، دەبێت بەو ڕەمزە بەشکۆیەی لە تەواوی ئەدەبیاتی ئێمەدا وەک هێما بۆ هەر جۆرە پەیوەندییەکی دینی بە نیشتیمانەوە بەکاردەهێنرێت.

بەڵام چی دەبێت مرۆڤ گەر جۆرە غوربەتێکی تر هەڵبژێرێت؟ چی دەبێت گەر نەمانەوێت غەریبێک بین وەک نالی؟

پێموایە دابڕان لە مۆدیلی نالی بۆ غوربەت کۆمەڵێک دەرەنجامی ڕیشەیی هەیە، کە دەشێت لە بنەوەڕا پەیوەندی تاراوگە و نیشتیمان بگۆڕێت. لە پێش هەموو ئەو گۆڕانکاریانەوە، گۆڕانی ئەو پەیوەندییە عاتیفییە - دینییەیە بە نیشتیمانەوە. نیشتیمان چیتر بە تەنیا نابێتە قیبلەیەکی پیرۆز، بەڵکو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە- مێژووییەشە کە بۆ تێگەیشتنی، پێویستیمان بە داکەندنی بەرگە دینییەکانی هەیە. چیتر خۆشەویستی نیشتیمان بە کوشتنی ڕەخنە و توانای ڕەخنەگرتندا تێناپەڕێت. چیتر ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی ڕۆمانسی ڕووت نییە بە شاخ و سروشت و کوچە و کۆڵانەکانی نیشتیمانەوە، بەڵکو دەبێتە



Scanned with CamScanner

پەیوەندیەکی عەقڵانی کە بەسەر چەندەها ئاراستەی جیاوازدا دەکرێتەوە.

لە مەنفای ئەمڕۆی ئێمەدا تەنیا عاتیفە ئێشدەکات، لێرەوە تاراوگەمان پڕە لە حەماسەت، لە توندڕەویی، لە ناعەقڵانییەتێکی کوشندە، لە پشتهەلکردنێکی ترسناک لە دونیا، لە گەڕانەوەیەکی گرینۆکانە بۆ باوەشی نیشتیمان. شتێک کە ئەم مەنفایە زۆر لێیدەترسێت «ئەویدی» یە. شتێک ئەم مرۆڤە غەریبە تەماشای ناکات غوربەتە بە مانا قووڵەکانی... وشەی غوربەت کورتدەبێتە بۆ وێناکردنی ئەو فاسیلەیەی دەکەوێتە نێوان مرۆڤ و نیشتیمانەوە، لێرەوە هەموو جۆرەکانی تری تێڕامان لە غوربەت و نامۆبوون دەمرێت و هەموو ئەگەرەکانی غوربەت لەو مەودایەدا چڕدەکرێتەوە کە لە نێوان ئێمە و نیشتیماندا دروستدەبێت. هەر کاتێک غوربەت بوو بەو فاسیلە جوگرافییەی کە تەنیا مرۆڤ لە نیشتیمان جیادەکاتەوە، کەسی داهێنەر هەموو ئەو هێزە خولقێنەرە دەدۆڕێنێت کە غوربەت پێیدەبەخشێت. ئەگەری لەدایکبوونی جۆرێکی دی لە غەریبی ئەوکات لەدایکدەبێت، کە ڕۆژێک چیتر نەمانەوێت غەریبێک بین وەک نالی. تەنیا ئەوکات ئەگەری ئەوە هەیە غوربەت ببێتە غوربەتێکی ڕادیکالتر و فرەگیرتر، لە هەڵوێستێکی سیاسی و عاتیفی ڕووتەوە ببێتە هەڵوێستێکی فەلسەفی و وجودی.

بۆئەوەی مەنفا بە هەموو قووڵییەکانییەوە بژین، دەبێت لە مانا سیاسییە ڕووتەکان پاکیبکەینەوە، لەو بارگە دینییە پاکیبکەینەوە و تێبگەین کە دەشێت تاراوگە، دەروازەی دوورکەتنەوە بێت لەو هەستە سیاسی و کۆمەلایەتییەی کە باڵادەستە. بۆئەوەی غوربەت لەو پاسیڤیستییە ڕزگاربیکەین کە لە نالییەوە دەکەوێتەوە، پێویستە ببێت بە غەریبێکی سەرتاسەر و قووڵتر لەو جۆرە غوربەتەی ئەمڕۆ، دەبێت غوربەت لەوە دەرچێت «عاتیفەی گەڕانەوە بێت بۆ نیشتیمان» و ببێتە چاوێکی دی بۆ بینینی نیشتیمان و ببێتە «ئیرادەی تێڕامان



Scanned with CamScanner

و بیرکردنەوە لە نیشتیمان». غەریبی ئێمە هێندەی بیری نیشتیمان دەکات، بیر لە نیشتیمان ناکاتەوە. ئەوەشی کولتوور دروستدەکات بیرکردنەوەیە نەوەک بیرکردن. مەنفا تەنیا کاتێک هێزێکی داهێنەرە کە لە هەستی دووریەوە لە نیشتیمانەوە ببێتە هەستی دووری لەو جۆرە قالب و نۆرم و ئەخلاقییەتانەش کە نیشتیمان پەروەردەیکردون، لە غوربەتێکی جوگرافییەوە وەرگەڕێت و ببێت بە غوربەت لە کولتووریش، چونکە هەموو گۆڕانکارییەکانی دونیا سەرەتا لە هەستکردن بە غوربەتەوە دەست پێدەکات. ئەوە کەسانی غەریبن جیهان دەگۆڕن. بەس نییە مەنفا تەنیا هەستی دووری بێت لە واقع، بەڵکو دەبێت ئاوێنەی تووڕەییش بێت بەرابەر ئەو واقعە.

غوربەتی ئێمە تا ئەم ساتە مانیفێستی تەبابوون بووە لەگەڵ نیشتیماندا، غەریبانی ئێمە تووڕەنین لە «ئەوتان - اوطان»، بەڵکو وەک مەعشوقەیەکی ئیدیال مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، مەعشوقەیەکی ون و لەدەستچوو. ئەمجۆرە مامەڵەیە کە لە ژێر ناوی «خۆشەویستی نیشتیمان»دا بەرهەمهاتووە، لە پشتەوەڕا پارێزەری هەموو ئەو قالب و فۆرمە عەقلی و عاتیفییانە بووە کە واقعی کۆمەڵایەتی بەرهەمیهێناون، ناوی نیشتیمان ڕەمزێکی ئەبستراکتی ئەو پرۆسێسە زیهنی و سیاسییە بووە کە سەدە و نیوێکە لە دونیای ئێمەدا بەردەوام هەمان شت دووبارەدەکەنەوە. مەنفاش دوو ئەگەرە، یاخود حەزێکی بێسنوورە بۆ بەشداریکردن لەو پرۆسێسەدا، یان خواستێکی گەورەیە بۆ شکاندنی ئەو پرۆسێسە.

دەبێت بڵێین کە «هەستی تراژیدیی» سەرچاوەیەکی سەرەکی سەرهەڵدان و گەورەبوونی «هەستی ڕەخنەییە». ماهییەتی «هەستی تراژیدی» دیاریکەری جۆری ئەو ڕەخنەیەشە کە لێوەی پەیدادەبێت. کاتێک تراژیدیای کەسی تاراوگەبوو تەنیا ئەوەبێت کە دوورە لە نیشتیمان، ئەمە وادەکات ماهییەتی واقع خۆی بایەخێکی ئەوتۆی بۆ ئەم مرۆڤە نەبێت. مەعریفەت و فیکریش بەرهەمی



Scanned with CamScanner

وردبوونەوەن لە چییەتی واقع. بێتوانایی تاراوگەی ئێمەش لەسەر نزیکبوونەوە لە فیکر نیشانەی ئەوەیە کە هەستی تراژیدی لای ئەم مرۆڤە لە پەیوەستیکی لاوازدایە بە هەستی ڕەخنەییەوە. گەورەترین کێشە لە مرۆڤی تاراوگەدا ئەوەیە کە هەستێکی ڕەخنەیی لاوازیی هەیە، ڕەخنەی ئەم مرۆڤە تەنیا ڕووبەڕووی ئەو بابەت و فیگەر و هێزانە دەکرێت کە وەک «دوژمنی نیشتیمان» ناوزەددەکرین. بەلام دەبێت بلێم کە لاوازیی عەقلی ڕەخنەیی چەشنێکە ناتوانێت دوژمن و سیفاتەکانی دیارییبکات. لێرەوە لە کولتووری سیاسی ئەم مرۆڤەدا وشەگەلی وەک «خیانەت» «وەفاداری» « نیشتیمان پەرەوەریی» «دۆست» «دوژمن» دەبنە کۆمەڵە وشەیەکی لاستیکی کە هیچ مانایەکی کۆنکرێت نادەن بەدەستەوە.

وەک دەبینین ئەمڕۆ ئەم وشانە جۆرە واقعێکی سیاسی و ڕۆشنبیریی کاریکاتێریان دروستکردووە، واقعێک تیایدا هەمووان لەیەککاتدا «خائینن» و « نیشتیمان پەروەر»یش. لە ڕاستیدا بێمانابوونی ئەم وشانە گەورەترین کارەساتێکە لە پازدەساڵی ڕابوردوودا کولتووری ئێمە بە خۆیەوە بینیبێت.

بەوەدا هەستی تراژیدیی لای تاراوگە هەرگیز هاوڕێی هوشیارییەکی مەعریفی نییە، واتە پتر «هەستێکی تراژیدی»یە نەوەک «هوشیارییەکی تراژیدیی» بێت، ئیدی تاکە بوارێک کە تێیدا چالاکە ئەو بوارانەن کە خروشێنەر و پڕجۆشن. سیاسەت مەیدانی سەرەکی چالاکییەکانێتی، بەلام سیاسەتێک لەسەر کۆمەڵێک بنەمای دینی و دۆگمائی دروستبووە کە پتر خزمەتی هەڵچوونە خێراکان دەکات.

»هەستی تراژیدی» و «هوشیاریی تراژیدی» لە ناو زیهنییەتی کەسی تاراوگەبوودا دوو شتی لە یەک جودان. هەستی تراژیدیی ئەو دۆخە عاتیفییەیە کە نیشانماندەدات کەسی تاراوگە بوو هێشتا نەگەیشتۆتە ساتی باوەڕهێنان بە جیابوونەوە و دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان. هەستی تراژیدیی لای کەسی تاراوگەبوو، هەستە بە جۆرە پەیوەستێکی موقەدەس کە نابێت بپسێنرێت، ڕاکردنی بەردەوامە لە جودایی، هەڵهاتنی بەردەوامە لە شۆکی جیابوونەوە. ئەم هەستە کە دەکرێت بە «فاکتەری نالی» ناوی ببەین، تەواو لەگەل هوشیاری



Scanned with CamScanner

تراژیدیدا جودایە، کە هوشیارییەکە لەسەر ئاگاداری تەواو لەو جیابوونەوەیە دروستدەبێت. غەریبی ئەوە نییە هەست بە دووری جەستەیی بکەین لە نیشتیمان، بەڵکو ئەوەیە هەست بەو فاسیلە پێویستە بکەین کە دەبێت لە نێوان کەسی غەریب و پێکهاتی زیهنی و کولتووریدا دروستبێت. غوربەت گەر نەبێتە شوێنی لەدایکبوونی جیابوونەوەیەک لە دونیای نیشتیمان و لانکەی یەکەمینی مرۆڤ، نابێتە شوێنی لەدایکبوونی جۆرە جیهانبینییەکی دی. مەنفا گەر نەگاتە هوشیاریی، گەر نەبێتە کۆمەڵێک زاراوە و تێرمی عەقڵانی کە یاریدەمان بدات ببینە خاوەنی چاوێکی تر بۆ بینینی دونیا، وەک غوربەتێک دەمێنێتەوە کە تەنیا هەست و نەست و ئیحساساتی سەرەتایی بەرهەمدەهێنێت. دەبێتە شوێنێک کە لە بری ئەوەی گۆشەنیگایەکمان بداتێ، لەوێوە هەموو جیهان لە دیدێکی نوێوە ببینین، دەبێتە خواستێکی سەرەتایی بۆ گەڕانەوە بۆ ئامێزی «دایکی وەتەن» و «لستنەوەی دارو بەردی» نیشتیمان.

ئەمجۆرە غوربەتەی کە ئێمە سەدەونیوێکە لە ناو هەست و نەستەکانیدا دەژین، مایەی کوشتن و بێنرخکردنی هەموو جۆرەکانی تری غوربەت بووە. دیارە لەو مەودایەدا هەندێک وێستگەمان هەن کە شێوازی دیکەی غوربەت تیا زاڵە، وەک چرکەساتی «مەحوی» کە جۆرێک لە غوربەتی دینی دیکە بالادەستە، غوربەتێک کە فاسیلەی ڕۆحیکی ئیمانداره لە دونیا، لە سالانی حەفتادا جۆرە غوربەتێکی وجودی قووڵ لای محەمەد عومەر عوسمان دەبینینەوە کە تا ڕادەیەک دەگمەن و بێوێنە و نامۆیە بە تەواوی ئەو سەردەمە. بەڵام جۆرە غوربەتێک کە لە جیابوونەوەی هەستێکی مەعریفییەوە سەری هەڵدابێت، دەرەنجامی کاری عەقڵێک بێت کە دەزانێت نامۆیە و دەتوانێت لە نامۆبوونیشی ڕابمێنێت، ئەوا ئەمجۆرە لە غوربەت هەرگیز ڕێگایەکی ڕاستەقینەی نەدۆزیوەتەوە و نادیدە ماوەتەوە. گەر نەتەوێت غەریبێکیش بیت وەک نالی، ئەوا غوربەت بەرەو لەدایکبوونی پەیوەستێکی ڕەخنەگرانەت لەگەڵ واقعدا دەبات ، نەوەک پەیوەستێکی دینی و عاتیفی ڕووت. نیشتیمان تەنیا شوێنی شتە موقەدەسەکان



Scanned with CamScanner

نییە کە دەبێت بە هەموو جۆرێک تەقدیسبکرێن و قەبووڵبکرێن و کولتوورە زیهنی و ئەخلاقی و سیاسییەکەشیان مۆرکێکی نەگۆڕ و ئەبەدی لە خۆ بگرێت. ئەو قودسییەتەی نیشتیمان لە تاراوگەدا وەریدەگرێت دەبێتە ڕێگایەکی گەورەی خۆدزینەوە لە بیرکردنەوە، لە هەڵهاتنێکی بەردەوام لەو مەعریفە تیژە ئەلتەرناتیڤانەی دەشێت لە مەنفاوە بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمان. نیشتیمان تەنیا پێویستی بە کۆمەڵێک عاتیفە و دروشم و فرمێسک نییە مرۆڤ لە دوورەوە بۆی بڕێژێت، بەڵکو پێویستی بە جیابوونەوەیەکی قووڵ هەیە لە ڕابوردووی خۆی. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لە کولتووری غوربەتدا دەیبینین بریتییە لە پاراستن و زیندووڕاگرتنی هەموو ئەو بونیادە ئیفلیج و بێهێزانەی ستراکتوری بیرکردنەوە و میکانیزمەکانی تێفکرینیان لە شوێنێکدا ڕاگرتووە و ناهێڵن تێپەڕێت. جۆرێک لە وێنەی کۆن و دێرینەی نیشتیمان هەیە، کولتووری ئێمە تا ئەمڕۆ هەر ئەو وێنەیە دووبارەدەکاتەوە. مەنفای ئێمە هەمیشە هەر بەسەر ئەو وێنە دێرینانەدا دێتەوە و تۆخیاندەکاتەوە، لە نالییەوە تا ئەمڕۆ ئێمە تەنیا یەکجۆرە ئیحساسات دووبارەدەکەینەوە. لە ساتێکدا ئێمە پێویستیمان بە تازەکردنەوەی شێوازی بیرکردنەوەمان بەرابەر نیشتیمان هەیە. جۆرێک لە وێنەی «نیشتیمان» هەیە دەبێت تورپیبدەین، چونکە ڕێگرە لەبەردەم تێگەیشتن لە حەقیقەتی نیشتیمان خۆیدا. جۆرێک لە عاتیفە هەیە، تەنیا ئەو بۆشاییانە پڕدەکەنەوە کە نادیاری و نائامادەگی عەقڵ دروستیاندەکات. جۆرێک لە خۆشەویستی هەیە، وەک چەکی خۆدزینەوە لە تێفکرین بەکاردەهێنرێت.

جۆرە غوربەتێک هەیە کە ئاوێنەی غوربەتی نوسەرە لە جیهان، ئەمجۆرە غوربەتە لە ئەدەبیاتی مەنفای ئێمەدا ڕەنگی نەداوەتەوە. جۆرە غوربەتێک هەیە دەرەنجامی نامۆیی فەردە لە کۆمەڵگا، ئەمجۆرە غوربەتەش ئاسەوارێکی کزی لە ئەدەبی ئێمەدا هەیە، گەر لێرەو لەوێی ناو مێژوویی ئەدەبیشماندا دەیبینین، ئەوا ئەو چرکەساتانە هەمیشە ساتەوەختی گۆشەگیر و داخراوبوون کە دەرفەتی



Scanned with CamScanner

گەشەیان کەم و بچوک بووە. جۆرە غوربەتێکی تریش هەیە کە ناویدەنێم غوربەتی ستاتیکی کە دەرەنجامی چێژ . نەبینینە لەو تێکست و مۆسیقا و کارە مونەرییانەی لەسەردەمێکدا بەرهەمدێن. دەرەنجامی جیابوونەوەی پەروەردە و چەشەی ستاتیکی نوخبەیەکە لەگەڵ پەروەردە و چەشەی ستاتیکی تەواوی کۆمەڵگادا. ئەمجۆرە لە غوربەتی ستاتیکی کە دەکرا مەنفا، ئاسان زەمینە فەرهەنگییەکەی بۆ خۆشبکات، دەبوو سەرەتایەکی گەورەی نوێبوونەوەی ئەدەبیات و کولتووری ئێمە بێت، دەبایە سەرەتای لەدایکبوونی جۆرە پەیوەندییەکی نوێ بێت بە جیهانەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە، مەنفای ئێمە ئەم چەشە و چێژ و ستاتیکایەشی بەرهەمنەهێنا، بەڵکو هەر ئەو ڕۆشنبیرانەی کە مەنفا پەروەردەیکردبوون بوونە مایەی کوشتنی ئەو چێژ و چەشەیە. مەنفای ئێمە بە سروشتە سیاسییە ڕوکەش و کەم فیکرەکەیەوە هەستە وجودییەکانی غوربەتیشی کوشت، مەنفای ئێمە لە بری ئەوەی سەرزەمینی ئەو جۆرە نامۆبوونە بێت کە گۆڕانی لێ دەکەوێتەوە، بووە بەو گەنجینە گەورەیەی ئەمڕۆ دەزگاکان و ئەحزابی ئێمە کادری پاسیڤ و ناچالاک و ملکەچی لێوە وەردەگرن.

کەسی نامۆ لە بنەڕەتدا لەو دیدەوانە دەچێت کە نەتەوەیەک دەینێرێتە دەرەوە، تا جیهانی دەوروبەری خۆی بۆ بپشکنێت، ئەگەر خۆی کۆچیکردبێت یاخود ناچار لە نیشتیمان هەڵهاتبێت، ئەرکی ئەو دیدەوانییە لەسەر شانی کەسی نامۆ نەگۆڕە و دەبێت پێیهەستێت. ئەو دیدەوانێکە ئەرکی ئەوەیە دونیای دەوروبەر بپشکنێت و بە مەعریفەتەکانییەوە بگەڕێتەوە، ئەو بە تەنیا پردی نێوان دونیاکان و کولتوورەکان نییە، بەڵکو پردی نێوان ڕابوردوو و داهاتووی کۆمەڵگاش خۆیەتی. بۆیە گەر ئەم دیدەوانە چووە ئەو دیو دەرگای شار و هەموو حیکایەت و ئەرک و فەرمانی خۆی لەوەدا کورتکردەوە کە ئەو نامۆیە و دەبێت بیری شار بکات و ڕێگای گەڕانەوە بدۆزێتەوە، ئەوە جۆرە نامۆیەکە ناتوانێت فەرهەنگ و ئەدەبیات دەوڵەمەندبکات.

دواجار من پێموایە بانگەشە بۆ غوربەتێکی ڕادیکالتر و هەمەلایەنەتر،



Scanned with CamScanner

غوربەتێک زۆر ڕەهەندی ناو دونیای ئێمە بخاتە ژێر گومانەوە، بانگەشە نییە بۆئەوەی غوربەت ببێتە دابڕانی ڕەها لە نیشتیمان و ئەزموونی تاراوگە ببێت بە ئەزموونی پچڕانی پردەکان لە نێوان کەسی غەریب و نیشتیماندا، غوربەتی ڕادیکال بانگەشەیە بۆ دروستبوونی کارلێکێکی ڕەخنەیی و فیکری لەگەڵ واقعدا، بریتییە لە هێزی کارکردن لەسەر واقع بەبێ تەسلیمبوون و توانەوە لە نێویدا. غوربەتی سەرتاسەریی ئەوە نییە کە پەیوەندیمان بە واقعەوە نەمێنێت، بەڵکو ئەوەیە هەموو شێوازە دێرینەکانی پەیوەندی بە واقعەوە بخەینە ژێر گومانەوە، بریتییە لە ئیرادە و توانای گۆڕینی ئەو پەیوەندیانە بە جۆرێک ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە دواکەوتنێکی درێژ لە تازەکردنەوەی کولتوور و مەعریفەت دروستیانکردوە.

مۆدێلی نالی بۆ غەریبان، مۆدێلێکی پاسیڤ و عاتیفییە، کە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە بۆ مۆدێلێکی تر کە ئەکتیڤ و عەقڵانی بێت بەجێیبهێڵین. مۆدێلێک کە دەتوانێت پردبێت بەرەو کولتوورەکانی تر و پردیش بێت بۆ ناوەوەی کۆمەڵگا خۆی.

Scanned with CamScanner